علي خان

# سەرخستنی مێژووی ئیسلام و سەر مەزهەبەکان و ڕێبازی پێشینان
# لە
# گفتوگۆیەکی نەرم ونیان
# لەگەڵ دکتۆر عوسمان

بەرگی یەکەم

چاپی یەکەم ١٤٣٧

بسم الله الرحمن الرحيم

بەناوی خوای خاوەن ڕەحمەتی ڕەحمەتکار

# پێشەكی

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبي الله الأمين وعلى آله وصحبه أجمعين، جعلنا الله تعالى من أتباعه. أما بعد:

خوێنەرانی بەڕێز: ڕۆژێك وتارێكی چەند دەقیقەییم بینی هی بەڕێز م. عوسمان موحەممەد، وتەكانی سەرباری ئەوەی زۆرێكی لە جێی خۆی نەبو، وشوێنی سەر مینبەر نەبو، لە هەمان كاتدا تێك دانی ڕاستیەكان وتێكەڵ كردنی هەقیقەتەكان ووێناكردنێكی نا دروست ونا تەندروستی دەكرد بۆ ئیسلام ومێژوەكەی وپێشینانی وپێشەوایانی لە چوار مەزهەبەكە وهەڵ گرانی، بە تایبەت ئەگەر ناوی وتاربێژەكەت لا بدایە زیاتر لە وتەی دژە دینەكان دەچون!!

منیش لە لاپەڕەیەكی بێدین ودژە دینەكان بینیم بڵاویان كردبوەوە بە ناونیشانێكی زەق وڕەق: «بڕوانن وسەرنج بدەن دكتۆر عوسمان چەند ڕاستیەكی لە بارەی ئیسلامەوە دركاند»، چەندین ناونیشانی لەم شێوە ونزیك لەمە.

هەڵبەت لەوانەیە ویستبێتی چاك بكات، بەڵام خراپی كرد وخراپیش شكایەوە.

بۆیە ڕۆیشتمەوە بۆ سەرچاوەی وتارەكە وگوێم لە هەمو وتارەكە گرت. وتم نەوەك قسەكەی لە چوارچێوەكەی دەر كرا بێت وبۆ مەبەستی خراپ بە

کار هێنرا بێت، بەڵام سەرەنجام ئەو تێبینیانـەم بـۆ دروسـت بـو، کـە لـەم کتێبەی بەردەستان نوسراوەتەوە.

لەم پێشەکیەشدا دوو تێبینی دەخەمە ڕوو:

١. من هیچ دوژمنایەتیەکم لەگەڵ م. عوسمان نیە، بەڵکو ناشیناسـم. جا ئەمە: «گفتوگۆیەکی هێمن وزانستی ونەرم ونیانە لەگەڵی دا» وهیچـی تر(١).

---

(١) تەنانەت کە لەبەرواری ٢٦ حوزەیران (٦)ی ٢٠١٩، دکتـۆرێکی بـەڕێز ئـەم کتێبەی لە سایتی بەندە بینی، دوای هەندێك گفتوگۆ داوای لیّ کردم ئـەو کتێبـەی بـۆ بنێرم پێش بڵاوکردنەوەی تا پیشانی د. عوسمانی بدات، وباسی ئەو ڤیدیۆیەشی کرد کـە بە ناوی منەوە بڵاو بۆتەوە وگلەییەکی پیّ گەیاندم جا نازانم هی خۆی بوو یان نا، منیش بۆم نووسی (بە دەق):

سەلامم هەیە بۆ بەڕێز دکتۆر عوسمان، مامۆستا ... ـی بـەڕێز مـن بەرپرسم لـەو نوسینەی لە سی مەقالەدا نوسیومە ولە فەیسبوکی خۆم دا بڵاو کرداوەتەوە: [ www.FB.com/mamostaalixan ]

ودواتر لە دوتوێی ئەم کتێبەدا بڵاو بۆتەوە:

www.ali-xan.com/ktebxana/٣٠

نەك لە پارچە ڤیدیۆیەکی سیّ دەقیقەیی کە کـاتی خـۆی لـە بـەرواری ٣٠ ئـازاری ٢٠١٥ ڕونکردنەوەیەکم بڵاو کردەوە ووتم من لـەو ڤیدیۆیـە بـەریم، ئەگەرچـی برایـان ئەڵێن باسی م. عوسمان ناکەم، **بەڵام من بەریم لەو قسانە بۆ هەر کەسێك بێت وباسی هەر کەس بێت**، وا لە خوارەوەش دەقەکەی دەنێرم، وماوەیەکی پێش ئێستاش هـەم لـە تێلیگرام بڵاوم کردەوە ئەویشت بۆ دەنێرم إن شاء الله. کاتی خۆیشی تەلەبە ودۆستەکانی نامەیان بـۆ نـاردم ووتیـان م. عوسمـان ڕەدەکـەتی بینیـوە، جـا پرسـیاری ئـەو پارچـە ڤیدیۆیەیان کرد، وتم: لێی بەریم وبە ئاگاداری منیش بڵاو نەبۆتەوە، ئـەو کاتـەش [وەك ئێستا] بە خوا لەسەر داواکاری کەس نەمنوسی بەڵکو لەبەر خواستی ئیمـان وقەناعـەتم

٢. هەروەها من بە ویستی خوا تەنها لەبەر ئیسلام ومێژوەکەی وسەر مەزهەبەکانی وپێشەوایانی وهەڵ گرانی بە وەڵام هاتوم، هەر بۆیە ویستومە بە ئەخلاق ورەوشت وئوسلوبی ئیسلام وئەهلی عیلم گفتوگۆی لەگەڵ دا بکەم، دوور لە هەر کاریگەریەکی تر. هەر بۆیە کە دە ئەلقەیەکی لێ بڵاو بویەوە، وماmۆستای خاوەن بانگەواز وزانست «باوکی

(إن شاء الله) پێم وتن بڵاوی بکەنەوە وتیشمان: اللهم فاشهد، وحەزم نەکرد ئەوە ببەمە قەبرەوە. سەلام وڕیزم قبوڵ فەرمون. پاشان نوسخەیەکم نارد بۆ چاپ تا بۆ ئەو برایەمانی بنێرین، وبەڵێنیشیم پێدا کە ئەگەر د.عوسمان شتێ بڵاو بکاتەوە من کتێبەکە لە چاپ نادەم، ئەویش بەڵگەی ئەوەیە مەبەستمان کەم بوونەوەی خرایەیە نەك شتی تر.






عەبدولحەق عەبدوللەتیف ئەحمەد ›› بینی بوی دەست خۆشی کرد ووتی: وەلامێکی زانستیە، بیرۆکەی بە کتێب کردنیش هی بەڕێزیان بو.

بەڵام هەندێك ڕازی نەبون بەو ئوسلوبە، چونکە هەم زیانی بۆ دکتۆر عوسمان هەبو، هەم زیانی بۆ ئەوانە هەبو حەزیان لە توندی وسنور بەزاندنە. بۆیە ڤیدیۆکی منیان بڵاو کردەوە -کە برایان دەڵێن: وەلامی ئەو نیە ووەلامی م. صدیق وهەندێکی تری هاوبیرێتی، عَلی کُلٍّ-، کردبویانە وەلام بۆ م. عوسمان! ئەگەر چی من ناوی کەس ناهێنم تێیدا، بەڵام یەکسەر ڕون کردنەوەیەکمان بڵاو کردەوە ووتمان بەرین لەو قسانە جا ئیتر باسی هەر کەس بێت. جا د. عوسمان وەلامی سی مەقالەکەمی نەدایەوە بەڵام کە ڤیدیۆکەی بینی یەکسەر وەلامێکی دایەوە خۆزگە وەلامیش بوایە.

ئێستاش فەرمون بۆ کتێبەکە وەکو خۆی بێ دەستکاری مەگەر پێویستی کردبێت لە هەندێك شوێنی کەمدا.

# دەستپێك

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله المبدئ المعيد، الفعال لما يريد، من هداه فهو السعيد، ومن أضله فهو الشقي الطريد، أحمده سبحانه وأشكره والشكر من أسباب المزيد، وأشهد أن لا إله إلا الله الواحد الأحد الصمد، لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا أحد، وأشهد أن محمدًا عبده ورسوله وصفيه وخليله، صلى الله عليه وعلى آله وصحبه، أَمَّا بعد:

بەڕێزان... هەوڵ ئەدەم -بە یارمەتی خوای گەورە- لە زنجیرە مەقالەیەکدا چەند سەرنج وتێبینیەکی خێرا لەسەر وتارێکی «د.عوسمان موحەممەد غەریب» بە ناونیشانی: «فەتوای کوشتن وکافر کردن»[(١)]، بخەمە ڕوو، کە لە بەرواری ١٥-٨-٢٠١٤ پێشکەشی کردووە، وئەم زنجیرە مەقالەیەی بەردەستت لە ئەسڵدا بریتیە لە ڕۆوس ئەقلامێك لە کاتی گوێ لێگرتنی وتارەکەدا ١٣ ڕۆژ دوای وتارەکە نوسیومەتەوە، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیەوە بەکاری تر نەم پەرژا بڵاوی بکەمەوە، داوا لە خوا سبحانە دەکەم ولێی دەپاڕێمەوە بە ناوە جوانەکانی وسیفەتە بەرزەکانی بمان کات بە بەرگری کار لە دینەکەی خۆی، ئەوانەی کە لادان وتێکدانی زیادەڕۆیانی

---

(١) لینکی وتارەکەی دکتۆر عوسمان کە تا ساتی نوسینەوەی ئەم کتێبە لێی پەشیمان نەبۆتەوە ونەیسڕیوەتەوە:

https://www.youtu.be/tbhO٨FaMZSk

لیٚ دوور دەخەنەوە، ودرۆ وبانگەشەی پوچانی لیٚ بەری دەکەنەوە، تەئویل وگۆڕانی نەزانانی لیٚ پاك دەکەنەوە[١].

**علی خان**

**شەممە**

**١٤٣٥/١١/٢٥**

**٢٠١٤/٩/٢٠ ز**

(١) وقد ورد هذا الحديث عن جماعة من الصحابة ﵃ وله طرق كثيرة وقد حسنه بعض العلماء لتعدد طرقه: «يحملُ هذا العلمَ مِن كلِّ خَلَفٍ عُدوولُهُ، ينفونَ عنهُ تحريفَ الغالينَ، وانتحالَ المُبطلينَ، وتأويلَ الجاهلينَ» «مسند البزار» (٨٦/١)، و«الضعفاء للعقيلي» (١٠/١)، و«التمهيد لابن عبدالبر» (٥٩/١)، قال ابن الوزير: «وهو حديث مشهور صححه ابن عبد البر». وروي عن أحمد أنه قال: «هو حديث صحيح». وفي كتاب «العلل» للخلال: فقيل لأحمد، كأنه كلام موضوع؟ فقال: لا، هو صحيح فقيل له: ممن سمعته؟ فقال من غير واحد...» ينظر: «العواصم والقواصم» (٣٠٨/١)، وجزم العلائي بأن الحديث حسن.

# مەقالەی یەکەم

بریتیە لە چەند سەرنجێك:

١. هەندێك قسە دەكات لە وتەی فلان وفلان دەچێت لە دوژمنانی ئیسلام، كە خوا دەزانیت ئەگەر هەر كام لە دەسەلات داران وسەرانی ئەو حیزبانە یان هەر كام لەو كەنالانە (جگە لە حیزبە ئیسلامی وكەناڵە ئیسلامیەكان) شتی وایان بگوتبایە ئێستا بەشێكی شەقام هەستا بوو، بەلام ئەگەر مێزەر بەسەر بیكات وبە ناوی ڕیش ومزگەوت وئیسلام ودینەوە بوترێ بە ئاسان بە سەر هەموو خەڵك دا دەڕوات.

٢. لە پێشەكی وتارەكەی دا لە ستایشی پەیامبەردا ﷺ ئەڵێ: ناصر الحق بالحق. واتە: سەرخەری هەق بە هەق. جا ئەڵێم لەم چەند مەقالەیە ڕوون دەبێتەوە إن شاء الله كە ئەم مامۆستایە سەرخەری هەقە بە هەق یان سەرخەری هەقە بە باتڵ.

٣. ناوبراو وا خۆی پیشان دەدات كە كەسێكی زۆر نەرمونیانە وگومانی وای بۆ دەبرێت!! بەلام لەم چەند مەقالەیەدا بۆت ڕون دەبێتەوە إن شاءالله كە تا ئێستا باسی چی نەكردووە وا نەرمونیان بووە وباسی چی بكات جل وبەرگی نەرم ونیانی لادەدا وزۆر توندە وقسەی توند دەكات.

٤. ئەو باسەی ئەو ئەگەر هەقیش بێت شوێنەكەی مینبەری جومعە نیە، كە باسەكەی بریتیە لە هێرش كردنە سەر ئیسلام وناشیر كردنی تاكی

موسڵمان ومێژوەکەی، بەبێ ئەوەی هیچ چارەسەر و ڕێگا چارەیەك بخاتە ڕوو، کە کەسێك بڕوانێت لە وتارەکانی پەیامبەر ﷺ بۆی ڕون دەبێتەوە وتاری بەو شێوازە نەبووە.

ئیبن قەییم رحمه الله لە بارەی ناوەڕۆکی وتارەکانی پەیامبەرەوە ﷺ ئەفەرموێ: «وَكَذَلِكَ كَانَتْ خُطْبَتُهُ ﷺ، إِنَّمَا هِيَ تَقْرِيرٌ لِأُصُولِ الْإِيمَانِ مِنَ الْإِيمَانِ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَلِقَائِهِ، وَذِكْرِ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ، وَمَا أَعَدَّ اللَّهُ لِأَوْلِيَائِهِ وَأَهْلِ طَاعَتِهِ، وَمَا أَعَدَّ لِأَعْدَائِهِ وَأَهْلِ مَعْصِيَتِهِ، فَيَمْلَأُ الْقُلُوبَ مِنْ خُطْبَتِهِ إِيمَانًا وَتَوْحِيدًا، وَمَعْرِفَةً بِاللَّهِ وَأَيَّامِهِ، لَا كَخُطَبِ غَيْرِهِ الَّتِي...». وتارەکانی ﷺ بریتی بوو لە باسی چەسپاندن وڕونکردنەوەی بنچینەکانی ئیمان: ئیمان بە خوا وبە فریشتەکانی وکتێبەکانی وپەیامبەرانی وگەیشتنەوە بە لیقای خوا، وباسکردنی بەهەشت وئاگر... هەربۆیە وتارەکانی دڵی پڕ دەکرد لە ئیمان وتەوحید.

هەروەها ئەفەرموێ: «وَمَنْ تَأَمَّلَ خُطَبَ النَّبِيِّ ﷺ وَخُطَبَ أَصْحَابِهِ، وَجَدَهَا كَفِيلَةً بِبَيَانِ الْهُدَى وَالتَّوْحِيدِ، وَذِكْرِ صِفَاتِ الرَّبِّ جَلَّ جَلَالُهُ، وَأُصُولِ الْإِيمَانِ الْكُلِّيَّةِ، وَالدَّعْوَةِ إِلَى اللَّهِ، وَذِكْرِ آلَائِهِ تَعَالَى الَّتِي تُحَبِّبُهُ إِلَى خَلْقِهِ، وَأَيَّامِهِ الَّتِي تُخَوِّفُهُمْ مِنْ بَأْسِهِ، وَالْأَمْرِ بِذِكْرِهِ وَشُكْرِهِ الَّذِي يُحَبِّبُهُمْ إِلَيْهِ، فَيَذْكُرُونَ مِنْ عَظَمَةِ اللَّهِ وَصِفَاتِهِ وَأَسْمَائِهِ مَا يُحَبِّبُهُ إِلَى خَلْقِهِ، وَيَأْمُرُونَ

مِنْ طَاعَتِهِ وَشُكْرِهِ، وَذِكْرِهِ مَا يُحَبِّبُهُمْ إِلَيْهِ، فَيَنْصَرِفُ السَّامِعُونَ وَقَدْ أَحَبُّوهُ وَأَحَبَّهُمْ»[١].

وهەركەس وردبیتەوە لە وتارەكانی پەیامبەر ﷺ وهاوەڵەكانی دەبینێت بریتیە لە: تەوحید وسیفاتەكانی خوای گەورە وبانگەوازكردن بۆلای وئایەت ونیشانەكانی خوای گەورە كە لای بەندەكانی خۆشەویستی دەكات وفەرمان كردن بە شوكرانەبژێری، ئیتر وای لێ دەكردن كە لە وتارەكە دەچوونەوە خوایان خۆش دەویست وخواش ئەوانی خۆش دەویست.

بەڵكو ئەو باسانەی ئیبن قەییم ئەڵێ ناوەڕۆكی وتاری پەیامبەر بووە ﷺ، ناوبراو لە وتارەكەی خۆیدا دژی دەوەستێتەوە وبە لاوەكی وتوێك باسی دەكات، كەچی باسە فیتنە خۆش كەرەكەی خۆیشی بە ناوەڕۆك وكرۆك دادەنێت.

٥. هەمو تالب عیلمێك وفێرخوازێكی زانستە شەرعی وزانستەكانی تریش ئەوە دەزانن كە ئەبێت قسە بە گوێرەی عەقڵی گوێ گر بێت، گوێ گر لێی تێ بگات، گوێ گر پێی ئەزم بكرێت. وەك لە عەبدوڵای كوڕی مسعودەوە هاتووە ئەڵێ: «مَا أَنْتَ بِمُحَدِّثٍ قَوْمًا حَدِيثًا لا تَبْلُغُهُ عُقُولُهُمْ إِلا

---

(١) زاد المعاد ( ١/٤٢٣ ).

كَانَ فِتْنَةً عَلَيْهِمْ »[١]. یانی: «هیچ قسەیەك ناكەیت بۆ خەڵك عەقڵیان بڕی نەكات وپێیان هەزم نەكرێت مەگەر ئەبێتە فیتنە وكێشە بۆیان».

هەروەها لە ئیمامی عەلیەوە هاتووە ئەڵێ: «حَدِّثُوا النَّاسَ، بِمَا يَعْرِفُونَ أَتُحِبونَ أَنْ يُكَذَّبَ، اللَّهُ وَرَسُولُهُ »[٢]. لە ڕیوایەتێكی تردا ئەفەرموێ: «أَيُّهَا النَّاسُ أَتُرِيدوونَ أَنْ يُكَذَّبَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ حَدِّثُوا النَّاسَ بِمَا يَعْرِفُونَ، وَدَعُوا مَا يُنْكِرُونَ». یانی: «ئەی خەڵكینە ئایا پێتان خۆشە خوا وپەیامبەرەكەی بە درۆ بخرێتەوە، دەی قسەكانتان با ئەو قسانە بێت كە خەڵك تێی دەگەن وپێیان هەزم دەكرێت، واز بێنن لەو قسانەی خەڵك پێیان هەزم ناكرێت ».

بوخاری لەژێر بەشی: «باب من خص بالعلم قوما دون قوم كراهية ألا يفهموا» دەیهێنێت. یانی: «هەندێ قسە بۆ هەندێ كەس بیكەیت ولە هەندێ كەسیشی بشاریتەوە نەوەك لێی تێنەگەن». ئیبن حەجەر ئەفەرموێ: «والمراد بقوله: «بما يعرفون »، أي: يفهمون. وفي رواية: «ودعوا ما ينكرون»، أي: يشتبه عليهم فهمه. وفيه دليل على أن المتشابه لا ينبغي أن يذكر عند العامة »[٣].

---

(١) مقدمة «صحيح مسلم».
(٢) «صحيح البخاري».
(٣) فتح الباري (١/ ٢٢٥).

**خــواى مــەزنيش ﷻ ئەفــەرموێ: ﴿وَلَكِنْ كُونُوا رَبَّانِيِّينَ بِمَا كُنْتُمْ تُعَلِّمُونَ الْكِتَابَ وَبِمَا كُنْتُمْ تَدْرُسُونَ﴾، بوخارى لە ڕاڤــەى** «رَبَّانِيّ» **دا ئــەڵێ:** «ويقال: الرباني الذي يربي الناس بصغار العلم قبل كباره». **وئــيبن حەجــەر ئەڵێ:** «والمراد بصغار العلم ما وضح من مسائله، وبكباره ما دق منها»[١].

**هەر بوخارى بەشێكى سەحيحەكەى خــۆى بــەم ناونيشــانەوە ناونــاوە:** «باب من ترك بعض الاختيار، مخافة أن يقصر فهم بعض الناس عنه فيقعوا في أشد منه».

**پاشان لەژێر ئەم بەشەدا حەديسەكەى عائيشە دێنێــت كــە پەيامبــەر ﷺ لەبەر عەقڵ بڕ نــەكردنى قــوڕەيش كەعبــە ناڕوخێنێــت. بۆيــە ئــيبن حەجەر ئەڵێ:** «ويستفاد منه ترك المصلحة لأمن الوقوع في المفسدة»[٢].

**بۆيە مالك وئەحمەد پێيان باش نەبووە هەندێك حەديســى ســيفات بــۆ خەڵك بگێڕدرێتەوە، هەروەها حەسەن پێى باش نەبوو حــەججاج حەديســى عورەنيەكان ببيستێت يان بــۆى بگێڕدرێتــەوە تــا نــەيكات بــە بيــانو بــۆ مەرامەكانى خۆى ... هتد.**

---

(١) فتح الباري (١/١٦٢).
(٢) فتح الباري (١/٢٢٤).

هەروەها **ئیبن جەوزی** ئـەڵێ: «ولا ينبغي أن يملي ما لا يحتمله عقول العوام»[١]. یانی: **«نابێت مامۆستا شتانێك باس بكات كـه عـەوام پێیـان هەزم ناكرێت»**.

**غەزالی -بە ڕەحمەت بێت- لە «الإحیاء»دا ئەڵێ:** «أن يقتصر بالمتعلم على قدر فهمه فلا يلقى إليه مالا يبلغه عقله فينفر أو يخبط عليه عقله، ولذلك قيل: كِلْ لِكُلّ عبد بمعيار عقله، وزِنْ له بميزان فهمه، حتى تسلم منه وينتفع بك، وإلا وقع الإنكار لتفاوت المعيار»[٢].

**ڕەبیعی قوتابی شافعی ئەڵێ:** «سَمِعْتُ الشَّافِعِيَّ يَقُولُ: لَوْ أَنَّ مُحَمَّدَ بْنَ الْحَسَنِ كَانَ يُكَلِّمُنَا عَلَى قَدْرِ عَقْلِهِ مَا فَهِمْنَا عَنْهُ، لَكِنَّهُ كَانَ يُكَلِّمُنَا عَلَى قَدْرِ عُقُولِنَا، فَنَفْهَمُه»[٣]. یانی: **«ئەگەر محمد بن الحسن بەگوێرەی عـەقڵی خـۆی قسەی بۆ بكردایەین لێی تـێ نەدەگەیشـتین، بـەڵكو بـە گـوێرەی خۆمـان قسەی بۆ دەكردین بۆیە لێی تێ دەگەیشتین»**.

هەروەها **ئیبن تەیمیە** ئەفـەرموێ: «والواجب أمر العامة بالجمل الثابتة بالنص والإجماع ومنعهم من الخوض في التفصيل الذي يوقع بينهم الفرقة والاختلاف، فإن الفرقة والاختلاف من أعظم ما نهى الله عنه ورسوله»[٤].

---

(١) الإحياء (٥٧/١).
(٢) الآداب الشرعية (١٥٥/٢).
(٣) الإحياء (٥٧/١).
(٤) مجموع الفتاوى (٢٣٧/١٢).

**یانی: ((واجبە بە شێوازێك قسە لەگەڵ خەڵكی عەوامدا بكەیت عەقڵیان بڕی بكات، ونابێت باسی ئەو تەفسیلات ووردەكاریانەیان بۆ بكرێت كە ئەبێتە مایەی پەرتەوازەیی وڕا جیاوازی)).**

**شاتبیش ئەڵێ:** «لیس كُلُّ عِلْمٍ يُبَثُّ وَيُنْشَرُ وإِنْ كان حَقًّا، وقد أَخْبَرَ مَالِكٌ عَنْ نَفْسِهِ أَنَّ عنده أَحَادِيثَ وعِلْمًا ما تَكَلَّمَ فيها ولا حَدَّثَ بها، وكان يَكْرَهُ الكلام فيما ليس تَحْتَهُ عَمَلٌ، وَأُخْبِرَ عَمَّنْ تَقَدَّمَهُ أَنَّهُمْ كانوا يَكْرَهُونَ ذلك، فَتَنَبَّهْ لِهذا الْمَعْنَى»(١). **یانی: ((هەمو زانیاریەك ناگێڕدرێتەوە وبڵاو ناكرێتەوە با هەقیش بێت)).**

**پاشان زابتی ئەم بابەتەمان بۆ باس دەكات:** «وَضَابِطُهُ أَنَّكَ تَعْرِضُ مسألتك على الشريعة، فَإِنْ صَحَّتْ في ميزانها فانظر في مَآلِهَا بالنسبة إلى حال الزمان وأهله، فَإِنْ لَمْ يُؤَدِّ ذكرها إلى مفسدة فاعرضها في ذهنك على العقول، فَإِنْ قَبِلَتْهَا فَلَكَ أَنْ تتكلم فيها، إما على العموم إن كانت مما تقبلها العقول على العموم، وإما على الخصوص إن كانت غير لائقة بالعموم، وإن لم يكن لمسألتك هذا المساغ فالسكوت عنها هو الجاري على وفق المصلحة الشرعية والعقلية»(٢). **یانی: ((هەر شتێك لە تەرازوی شەرع جێی بوویەوە، ئینجا تەماشای سەرەنجامی ئەو بابەتە بكە لەو سەردەمە**

---

(١) الموافقات (٥/ ١٧٠).

(٢) الموافقات (٥/ ١٧٢).

وله خەڵكی ئەو سەردەمە، ئەگەر خراپەی لێ نەبوویەوە... ئەوسا باسی بكە».

هەروەها قسەیەك دەكات وا هەست دەكەیت ڕوی كردۆتە ئەمسالی ئەم هاوڕێیەمان وپێی ئەڵێ: «ويتصور ذلك فيمن يتبجح بذكر المسائل العلمية لمن ليس من أهلها، أو ذكر كبار المسائل لمن لا يحتمل عقله إلا صغارها، على ضد التربية المشروعة، فمثل هذا يوقع في مصائب، ومن أجلها قال علي: حدثوا الناس...، وقد يصير ذلك فتنة على بعض السامعين، حسبما هو مذكور في موضعه من هذا الكتاب... فلا يصح للعالم في التربية العلمية إلا المحافظة على هذه المعاني، وإلا لم يكن مُرَبِّيًا، واحتاج هو إلى عالم يُرَبِّيهِ»[(١)]. یانی: «ئەوەی وا نەكات كە باسمان كرد خۆی پێویستی بە فێركردنە نەك ببێت بە مامۆستا بەسەر خەڵكەوە وخەڵك فێر بكات».

٦. ئەوەش بڵێم: سەرەتا زۆر هەوڵ ئەدا وەكو برا گەورە قسە بكات وحەكەمی بكات بەڵام كۆنترۆل لە دەست دەدات و بەلایەك لادەدا وهێرش دەكاتە سەر لاكەی تر، بەڵكو هێرش دەكاتە سەر ئیسلام لەلایەكەوە كە دڵنیام ئاگای لە خۆی نیە.

---

(١) الموافقات (٥/ ١٢٤).

٧. لەم مەقالانە بۆت ڕون دەبێتەوە کە ئەم مامۆستایە زۆر شتی دژ بەیەك ئەڵێت، تەنها لە ماوەی چەند دەقیقەیەکی کەمدا شتێك دەڵێت پاشان دژەکەشی ئەڵێت. کە زۆری تناقض ودژ بە یەکی ونەسازی بێگومان نیشانەی چیە؟ ﴿ولَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوجَدووا فِيهِ اخْتِلافًا كَثِيرًا﴾ [النساء:٨٢].

٨. پێم وایە ناوەڕۆکی ئەو وتارە، ناونیشانی: دژایەتی ئیسلام بوایە زۆر باشتر بوو. بڕیاری تۆش با دوای دەخوێندنەوەی هەموو مەقالەکان بێت...

لە کۆتاییدا ئەڵێم: من هیچ شتێکم لەگەڵ ئەو مامۆستایە نیە وبەڵکو ناشی ناسم، دوای ئەم وتارەی پرسیارم کرد وهەندێك زانیاریم دەستکەوت. بۆیە وا دەبینم لەبەر خوا ودینەکەی وپێشینان وپێشەوایانی چوار مەزهەبەکە ئەم وەڵامەم نوسیوە وخواش زاناترە بە مرۆڤ لە خۆی زیاتر.

# مەقالەی دووەم

بریتیە لە چەند هەڵوێستەیەك:

**هەڵوێستەی یەکەم:** لە سەرەتای وتارەکەی حەدیسێك دەهێنێتەوە : «من یعش منکم فسیری اختلافا کثیرا...» وەکو بەڵگە دەیهێنێتەوە لەسەر پەرتەوازە بوون وجیاوازی نێوان موسڵمانان و«ڕەشی وتاڵی» مێژوویان، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ حەدیسەکە صەحیحە ئەڵێ: ئەبو داود وتورمزی ڕیوایەتیان کردووە وتومزی ئەڵێ: «حسن صحیح».

بەڵام پاشان کە حەدیسی ئیفتراق دەهێنێت ولەگەڵ حەز وعەقڵی ئەودا ناگونجێ ئەڵێ زەعیفە.

لە کاتێکدا تورمزی هەمان حوکمی «حسن صحیح»ی بەسەر حەدیسی ئیفتراقیشدا دەدات[١].

کەواتە ئەگەر بانێك ودوو هەوا نەبێت، یان: «الکیل بمکیالین» نەبێت، ئەبێت هەردووکیان سەحیح بن، بەڵام خێرە ئەویان سەحیحە وئەمیان زەعیفە؟! لەکاتێکدا تورمزی بۆ هەردووکیان هەمان حوکم دەدا.

---

(١) تورمزی ئەڵێ: «باب ما جاء في افتراق هذه الأمة... حَدَّثَنَا الحُسَيْنُ بْنُ حُرَيْثٍ أَبو عَمَّارٍ، قَالَ: حَدَّثَنَا الفَضْلُ بْنُ مُوسَى، عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ عَمْرٍو، عَنْ أَبِي سَلَمَةَ، عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ، أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: «تَفَرَّقَتِ اليَهُودُ عَلَى إِحْدَى وَسَبْعِينَ أَوْ اثْنَتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً، وَالنَّصَارَى مِثْلَ ذَلِكَ، وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلَاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً». وَفِي البَابِ عَنْ سَعْدٍ، وَعَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو، وَعَوْفِ بْنِ مَالِكٍ. حَدِيثُ أَبِي هُرَيْرَةَ حَدِيثٌ حَسَنٌ صَحِيحٌ».

باشـــه.. دابـــنێ وایـــه لەســـەر قســـەی ئـــەم مامۆســـتایە: خـــیلاف وپەرتەوازەیی زۆر ڕودەدات، بەڵام لـە کۆتـایی وتارەکـە کـە دێتـە باسـی حەدیسی ئیفتراق دەکات ئەڵێ: «**ئەوەی بڵێ ئەم ئوممەتە خیلافی تیـدا زۆر بووە وپەرتەوازە بووە ئەوە دژی قورئانی وتوە کە ئەفـەرموێ:** ﴿كنتم خير أمة﴾ **خێریەتی ئەم ئوممەتە لە کوێدایە ئەگەر پەرتەوازە بێت بـۆ حـەفتا وسێ بەش؟!**».

**جا ئێمەش ئەڵێن:** ئەگـەر خـیلاف وپەرتـەوازەیی زۆر ڕو دەدات لـەم ئوممەتەدا -وەکو ئەو حەدیسەی دەیهێنێتەوە باسی دەکات-، وئـەو هـەمو خراپەیان تێدایە کە تۆ وتارەکەتت بۆ تەرخان کردووە، ئـیتر چـۆن دەکرێـت ﴿خير أمة﴾ بێت؟!

**هەڵوێستەی دووەم:** لە شـەرحی حەدیسـی: «من يعش منكم فسيرى اختلافا كثيرا...» ئەڵێ -ولە زاری پەیامبەرەوە ﷺ ئەیڵێ-: «**ئەفـەرموێ هەرکەسێك لە ئێوە بمێنێت لە دوای من ئـەبینێ ڕای جیـاواز دروسـت ئـەبێت، ئـەبینێت موسـڵمانان پەرتـەوازە بـون، هەریـەك بەلایەکـدا، هەریـەك بـۆ لایـەکی ڕائەکەێشـێ**» پاشـان ئـەڵێ: «**بەڕاسـتی ئـەو فەرمایشتە شیرینانەی پەیامبەر ﷺ ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبیـنین، ئەو تاڵیەی ترساندونی ئێستا تامی ئەکەین، ئەگەر سـەیری مێـژومان بکەین وسەیری سەردەمیشمان بکەین، ئەو جیاوازیە ئـەبینین، خۆزگـە**

**بەس جیاوازی بوایە، جیاوازیەکە فەتوای کوشتنی لەگەڵدایە، جیاوازیەکە فەتوای ئەوەی لەگەڵدایە کە غەیبەتی تۆ دروستە، تەفسیقت دەکات، تەبدیعت دەکات، ئەڵێ موبتەدیعە، ئەڵێ گومڕایە، ئەڵێ بۆ جەهەننەم، ئەڵێ تەنها من، ئەڵێ تەنها گروپەکەی من فیرقە ناجیەیە، تەنها ئێمە ڕزگارمان ئەبێت، پەیامبەر باسی ئێمەی کردووە ﷺ، هەر یەکێك لەو گروپانە ئاوا سەیری خۆی دەکات، ئینجا سەیری مێژوی موسڵمانان بکە بەڕاستی زۆر تاڵە، هەر ئەوە نیە تۆ ئەیبینی ئێستا لەوەیە مزگەوتێك بڕوخێنرێ، ئەگەر چەند کەسانێك بەناوی لا إله إلا الله ەوە سەر ببڕدرێ، ئەگەر تەکفیری هەندێ زانا بکرێ، ئەوە هی ئێستا نیە، لە دێر زەمانەوە هەبووە...)).** ئیتر زۆر شتی تر ئەڵێ بۆ سەلماندنی ڕەشی وتاڵی حازر ومێژووی موسڵمانان...

١. **سەرەتا ئەپرسم:** تۆ لە کام لەو گروپانەی ؟

یان هیچ کامیان، یان ئەڵێی یەکێکیان.

ئەگەر وەڵامی دووەم بێ ویەکێك بیت لەو گروپانە ئەوا تۆش بەشێکی لەو مێژووە ڕەش وتاڵەی خۆت باسی دەکەیت، وهاتوی سەرزەنشتی خۆت دەکەیت؟؟!

ئینجا مەبەستت چیە بەو خەڵکە ئەڵێی: **((هەر ئەوە نیە تۆ ئەیبینی))**؟ واتە بە خەڵکی مزگەوتەکەت ئەڵێی: ئیسلام ئاوها نیە ئێوە

لێی تێگەیشتوون، خراپیەکانیش هەر ئەو تۆزە نیە وەک ئەمڕۆ نیە کە ئێوە دەیبینن، بەڵکو زیاترە ولەم هەینیەدا نهێنیتان بۆ دەدرکێنم کە پێشتر نەتان بینیوە.

پاشان مەبەستت چیە لە باسکردنی: «مێژووی ڕەش وتاڵی ئیسلام» بۆ ئەو خەڵکە پابەند بە ئیسلامە؟ بۆ ئەو خەڵکە سەربەرز بە مێژووی ئیسلامە؟! بێ ئەوەی هیچ عوزرێک باس بکەیت وڕێگا چارەیەك وچارەسەرێك پیشانی ئەو خەڵکە بدەیت؟!

مەبەستت ئەوەیە بڵێی واز لەم دینە بهێنن مێژووەکەی ئاوها ڕەشە؟ ئەتەوێ پێیان بڵێی دینێك ١٤٣٥ ساڵ تەمەنیەتی ئێستای ومێژوەکەی ئاوها ڕەش وتاڵ بێت ئیتر ئێوە دڵتان بەچی خۆشە؟! بڕۆنەوە ماڵی خۆتان بۆچی هاتوون بۆ ئەم جومعەیە!!

خۆ ئەگەریش ئەتەوێ بڵێی ئەوان کردیان با ئێمە نەیکەین (واش ئەزانم ئەمەت مەبەست بێت)

ئەوا لە وەڵامدا ئەڵێم مێژویەك ١٤٣٥ ساڵ بەڵاری هاتبێ (وەك تۆ ئەڵێی) ئێستا بە تۆ ڕێك ناکرێتەوە!؟

بەڕاستی لە بنەڕەتدا ئەمە لە کاری دوو کەس دەچێت یان دوژمنی ئیسلام یان جاهیل ونەفام کە نازانێ چی ئەڵێ!

دیارە تۆ دەقەکانی قورئان وسوونەت بە کۆماریەکەی ئـەفلاتۆن دێتـە پێش چاوت کە هەتا قیامەت بە واقع بە چاو نایبینین.

ئیسلام دۆستی وەك تۆی بێت دوژمنی بۆچیە!

یان ئەوەیە وەلامی یەکەم هەلئەبژێریت وئەلێیت من لـە هیچـکامیان نیم.

لە وەلامتدا ئەلێم: نـەخێر تـۆش تەبـدیع وتەفسـیقی بەرامبەرەکـەت دەکەیت. ئەویش بەلگە:

لە دەقیقەی (٠٨:٣٠)دا [بە کۆمـەلێکی موسـلمانان] ئـەلێ: «**کـە لەگەل بانگخوازاندا خەواریجن، لەگەل کاربەدەستاندا مورجیئەن**».

ئێستاش دوای ئەم تەبدیعەی قسـەیەکەی خـۆی بخوێننـەوە: «خۆزگـە بەس جیاوازی بووایە، جیاوازیەکە، ئـەوەی لەگەلدایـە کـە غەیبـەتی تـۆ دروستە، تەفسیقت دەکات، تەبـدیعت دەکـات، ئـەلێ موبتەدیعـە ئـەلێ گومڕایە».

کەواتە لۆمەی ئەوانی کرد کەچی خۆیشی وایکرد!!

٢. ئایا ئەمەی تۆ دەیلێی ئەوە نیە کە «... هەلەبجـەیی» وهـاوبیرانی لە بێدینان شەو وڕۆژ هاواری بـۆ دەکـەن وتـەپلی بـۆ لێـدەدەن ومێـژووی ئیسلام بە ڕەش وتال پیشان دەدەن.

توخخوا وتەکانی بنوسنەوە وناوی مەلا عوسمانی لێبکەنـەوە وبنوسـن «... هەڵبجەیی و... پێنجوێنی»، ئەوسا بزانن لە هی مـەلا دەچـێت یـان دژە دین.

٣. پەیامبەر ﷺ کە ئەو فەرمایشتەی فەرمو ڕێگا چارەشی پیشانی هاوەڵەکانی دا، جیاواز لە تۆ کە نەتهێناوە ئیتر بە ئەنقەستت بووە یان نا:

عن أَبي نَجيحٍ العِرباضِ بنِ سَارية رضي الله عنه قَالَ : وَعَظَنَا رسولُ اللهِ ﷺ مَوعظةً بَليغَةً وَجِلَتْ مِنْهَا القُلُوبُ، وَذَرَفَتْ مِنْهَا العُيُونُ، فَقُلْنَا: يَا رسولَ اللهِ، كَأَنَّهَـا مَوْعِظَـةُ مُـوَدِّعٍ فَأَوْصِـنَا، قَـالَ: «أُوصِـيكُمْ بِتَقْـوَى اللهِ، وَالسَّـمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإنْ تَأَمَّر عَلَيْكُمْ عَبْدٌ حَبَشِيٌّ، وَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ فَسَيَرَى اختِلافاً كَثيـراً، فَعَلَـيْكُمْ بسُـنَّتِي وسُـنَّةِ الخُلَفَـاءِ الرَّاشِـدِينَ المَهْـدِيِّينَ عَضـووا عَلَيْهَـا بالنَّواجِذِ، وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأمُورِ؛ فإنَّ كلَّ بدعة ضلالة». رواه أَبو داود والترمذي، وَقالَ : «حديث حسن صحيح».

واتە: ئامۆژگاریتان دەکەم بە تەقوای خوا وگـوێ ڕایـەڵی کردنـی کـار بەدەستان ئەگەر کۆیلەیەکی حەبەشیش بو، چونکە هـەر کامتـان لـە دوای من بژی جیاوازیەکی زۆر دەبـینێ، جـا دەسـت بگـرن بـە سـوننەتی مـن وسـوننەتی خەلیفـە سـەر ڕاسـتە ڕێنمـایی کراوەکـانی دوای منـەوە وبـە کاکیلەکانتان بە توندی بیگرن، وئامان وریای شتە تازەکان بن کە لـە دیـن دادەهێنرێ چونکە هەمو داهێنانێك لە دین دا گومڕاییە.

کەواتە چارەسەر بریتیە لە: دەست گرتن بە سوننەتی پەیامبەر ﷺ وهاوەڵەکانیەوە لە چوار خەلیفەکە. کە ئێمە پێی ئەڵێین مەنهەجی ئەهلی سوننەت وجەماعەت یان مەنهەجی سەلەفی ساڵح. وهەرکەسێکیش ئەم ڕاسپاردەیەی پەیامبەر ﷺ لابدا لایداوە وئەوەشی لەسەر ئەو ڕاسپاردە بێت وبمێنێت هیدایەتدراوە.

٤. سەبارەت بە گەشی مێژووی ئیسلام ئەم خاڵەیان نامەوێت زۆر درێژەی پێ بدەم چونکە لە خۆری نیوەڕۆ رونترە کە مێژووی ئیسلام جێی شانازیە، بەس بێت دووژمنانی ئیسلام شاهیدیان بۆ داوە و«الحق ما شهدت به الأعداء» بوونی خاڵی ڕەش وڕودانی شەڕ وئاشوب ئەوە ناگەیەنێ مێژووی ئیسلام هەموی ڕەش وتاڵە.

مێژوونوسی هۆڵەندی رینهاردت دووزی لە کتێبی «نظرات في تاريخ الإسلام»دا ئەڵێ: «شعب ظهر فجأة بين تلك الصحاري التي لا يكاد يعرفها أحدٌ، شعب جديد بدأ يُمثل دوره على مسرح الحياة، بعد أنْ ظل نهبًا مقسمًا تُناوئ كلُّ قبيلة منه القبيلة الأخرى، فيحتدم النِّزاع وتقع الحرب الطاحنة، ها قد رأيناه يتحد، ويجمع شمله الشتيت للمرة الأولى... ذلكم هو الشعب الذي قلب في لحظة واحدة إمبراطورية الفُرس بعد أنْ ظلَّ السوس ينخر في عظامها قرونًا عِدَّة، وانتزع من خلفاء قسطنطين أجملَ ضواحيهم، ثم سحق مملكة جرمانية حديثة العهد تحت قدميه، وشرع يهدد بعد ذلك بقية أوروبا، بينما كان في ذلك الوقت نفسه يوالي فتوحه

وانتصارَه في الجانب الآخر من المعمورة، حتى وصلت جيوشُه الظافرة إلي الهملايا لم يكن ذلك الشعب فاتحًا فحسب، كغيره من الشعوب الأخرى، بل كان داعيًا إلي دين جديد، ومبشرًا به أيضًا...».

هەر لە بارەی ئەو مێژووە گەشەی موسڵمانانەوە ئەڵێ: «بينما أهلُ أوروبا نائمون في ظلام الجهالة لا يرون الضوء إلا من سَمِّ الخياط؛ إذ سطع نور قوي من جانب الأمة الإسلامية من علوم وأدب وفلسفة وصناعات وأعمال يد وغير ذلك؛ حيثُ كانت مدن بغداد والبصرة وسمرقند ودمشق والقيروان ومصر وفارس وغرناطة وقرطبة مراكز عظيمة لدائرة المعارف، ومنها انتشرت في الأمم، واغتنم منها أهل أوربا في القرون الوُسطي مكتشفات وصناعات وفنونًا عظيمة».

وله كتێبی : «ملوك الطوائف» دا ئەڵێ: «إننا نرى أن الإسلام قد انتشر بسرعة مدهشة بين تلك الشعوب التي غزاها، وهذه ظاهرة لم يَرَ لها العالم مثيلا من قبل، وهي تبدو لأول وهلة لُغزًا مستسرًّا، لا سبيل إلى حله وتعليله، لاسيما إذا عرفنا أن هذا الدين لم يكره أحدًا على الدُّخول فيه، وقد كان محمد يأمر بالتسامُح والاغضاء، وقد وضع للمسلمين قاعدةَ الجزية، وفرضها على كلِّ من لم يُدِنْ به من أهل الكتب المنزلة من اليهود والنصاري، فمنحهم حريتهم الدينية على أنْ يدفعوا ما فرضه عليهم من الجزية، وزاد في تسامُحه، فمنح هذه المزية لمن يقطن إقليم البحرين من المشركين.

أضف إلى هذا أن الحكمَ الإسلامي كان يتوخَّى التيسير والخير العام والبر بالشعوب المحكومة؛ فقد كان سوادُ المسيحيين في الشرق ينتمي إلى مذاهبَ لَقِيَت من اضطهاد حكومة القسطنطينية وإعناتها ما أرهق أصحابَها إرهاقًا، فلما جاء الاسلام -ومن طبيعته التسامح والإخاء- ترك لهم الحرية التامَّة في البقاء علي دينهم ما داموا يؤثرونه علي غيره من الأديان، وظَلَّلهم بحمايته، وسوى بينهم في الحقوق على اختلاف مَذاهبهم وشتَّى نحلهم، ولا تنسَ أنَّهم كانوا مضطرين إلى دفع ضرائب فادحة للإمبراطور الرُّوماني، فلما جاء الإسلام أعفاهم منها، ولم يفرض عليهم إلا جزية معتدلة لاترهق أحدًا، ومتى عرفت هذه الأسباب، زالت دهشتك وعجبك من إيثارهم حكم المسلمين على حكم الرُّومان، واندفاعهم إلى مساعدة العرب في فتوحاتهم بكل قلوبهم وقواهم، بدلًا من مناوأتِهم والتألُّب عليهم.

وقد ألمعنا آنفًا إلى ما يعود من الفائدة المادية إذا أسلموا؛ لأن إعفاءهم من الجزية على اعتدالها كان مما يُرغبهم في الإسلام، وأضف إلى هذا ما يشعرون به من الكرامة الشخصيَّة إذا أسلموا، وأصبح لهم من الحقوق ما للمسلمين على أنَّ إسلام المسيحي كان الخطوة الأولى إلى الكرامة والشُّعور بالعزة، والزَّمن وحده كفيل بتحقيق ما يليها من الخطوات، ولن يلبث ابن المسيحي أنْ يصبح مسلمًا أصيلا يتمتع بكل ما يتمتَّع به العربي من عزة وكبرياء.

ولو صح ما قاله القساوسة من أن محمدًا نبي منافق كذاب، فكيف نعلل انتصاره؟

وما بال فتوحات أتباعه تَتْرَى، وتتلو إحداها الأخرى؟

وما بال انتصاراتهم على الشعوب لا تقف عند حد؟
وكيف لا يدل ذلك على معجزة هذا الرسول؟».

سـوێند بـەخوا ئەوەنـدە قسـەی بێدینـەکان هەیـە لـەبارەی ئیسـلام ومێژووکەیی وپەیامبەرەوە ﷺ دەتوانی بیکەیتە کتێبێك. ئیتر نازانم ئـەم کەسە بۆ هەندێك خاڵی ڕەش وتاڵ وای لێکردووە ئەو ڕوبـارە گـەورە وڕوون وسازگارەی ئیسلامی پـێ تـاڵ ورەش بـبێ!! عجبًا.. «ئـەم قسـانەت لـە قازانجی کێیە لەبەر خاتری کێ ئەچێتە گیرفانی کێ؟!».

درێژەی ئەم گفتوگۆیە هەڵدەگرین بۆ مەقالەی داهاتوو بـە داواکردنـی یارمەتی لە خوای گەورە.

# مەقالەی سێیەم

٥. ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە نابێت ((گروپەکانی ناو ئیسلام))، تەبدیعی یەکتر بکەن با لە شتە بنچینەییەکانیشدا جیاواز بن، ئەوا سەیرە لە مامۆستایەکی مزگەوتەوە قسەی وا بکرێ بێ ئاگا لەو هەموو وتەیەی زانایان لە کۆن وتازە کە فەرمویانە لەسەر: تەصنیف وتەبدیع وبیدعە وفیسق وتەفسیق ولێدوورکەوتنەوە.

بەڵکو تەبدیع لە ئوسول وبنەماکانی ئەهلی سوننە وجەماعەیە:

* قال الإمام أحمد رَحِمَهُ ٱللَّهُ[1].: «أصول السنة عندنا: التمسك بما كان عليه أصحاب الرسول، ﷺ، الإقتداء بهم، وترك البدع، وكل بدعة فهي ضلالة، وترك الخصومات وترك الجلوس مع أصحاب الأهواء، وترك المراء والجدال، والخصومات في الدين».

* بەڵکو خوا سبحانه لە قورئاندا نافەرموێ: ﴿وَإِذَا رَأَيْتَ الَّذِينَ يَخُوضُونَ فِي آيَاتِنَا فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ حَتَّي يَخُوضوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ﴾.

قال الشوكاني في تفسيرها: «وفي هذه الآية موعظة عظيمة لمن يتسمح بمجالسة المبتدعة الذين يحرفون كلام الله ويتلاعبون بكتابه وسنة رسوله، ويردون ذلك إلى أهوائهم المضلة وبدعهم الفاسدة، فإنه إذا لم ينكر عليهم ويغير ما هم فيه؛ فأقل الأحوال أن يترك مجالستهم، وذلك يسير عليه غير

---

(١) في رسالته: أصول السنة.

عسير، وقد يجعلون حضوره معهم مع تنزهه عما يتلبسون به شبهة يشبهون بها العامة، فيكون في حضوره مفسدة زائدة على مجرد سماع المنكر».

* هەروەها خوا ﷻ نافەرموێ: ﴿... فَأَمَّا الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَابَهَ مِنْهُ ابْتِغَاءَ الْفِتْنَةِ وَابْتِغَاءَ تَأْوِيلِهِ.... رَبَّنَا لا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ﴾

* ئایا پەیامبەر ﷺ تەبەڕای نەکرد لە کاری ئەو سێ کەسەی کە: «یەکێکیان وتی: شەو نوێژ ئەکەم وناخەوم، وئەوی تریان وتی: من بەردەوام هەموو ڕۆژێ ڕۆژو ئەگرم، وئەوی تریان وتی: من هەرگیز ژن ناهێنم. لەسەر مینبەرەوە نەیفەرمو: من ژن دەهێنم، شەو نوێژ دەکەم ودەش خەوم، وجار وبار ڕۆژو دەگرم وجار وباریش نایگرم، جا هەرکەس پشت لە ڕێباز وسونەتی من بکا لە من نیە»[١].

ئیمامی ئەبوبەکر رضي الله عنه تەفسیقی زەکات نەدەرەکانی نەکرد؟! بەڵکو نەیکوشتن ؟!

* ئیمامی عومەر هەرکەسێك بە دوای موتەشابیهەکانی قورئاندا بگەڕایە تەمبێی نەدەکرد؟ بەڵکو دارکاری نەدەکرد!؟ خۆ چیرۆکی سەبیغی کوڕی عەسەل یان عوسەیل[٢] لەو بارەوە زۆر بەناوبانگە!

---

(١) انظر: الصحيحين.

(٢) لترجمته وطرق قصته انظر: «الإصابة في تمييز الصحابة» ٣/٤٥٨. و«مجموع الفتاوى» (٣١١/١٣) و (١٠٩/٢٨)

* ئیمامی عەلی شەڕی لەگەڵ خەوارج نەکرد بەڵکو بە کوشتنیان خۆشحاڵی دەرنەبڕی وسوژدەی شوکری نەبرد وبە «بووغات» ناوی نەهێنان؟![1]

* ئەوانەی بە ئاگر نەسوتان کە بانگەشەی ئیلاهیەتی عەلیان کرد ؟![2]

* ئیبن عومەر بە قەدەریەکانی نەوت من لەوان بەریم وئەوانیش لە من بەرین؟![3]

* ئیبن عەبباس نەیوت لەسەر زەوی ڕقم لە هیچ کەسێك نیە ئەوەندەی قەدەریەکان!؟ [4]

هاشیۆەی ئەمانەش لە کۆمەڵێکی زۆری هاوەڵانەوە هاتووە لەبەر درێژانەدرِی نایهێنمەوە.

* لە حەسەنی بەصرِی وئەبولجەوزائی بەسری دەیانی تر لە سەلەفەوە نەهاتووە کە مەترسیان لە بیدعە دەربرِیوە، لەبەر درێژانەدرِی نایهێنمەوە[5].

---

(١) بڕوانە: دەمێك لە مێژوی ئیسلام.

(٢) انظر: صحيح البخاري ٣٠١٧، وبڕوانە: دەمێك لە مێژوی ئیسلام.

(٣) انظر: صحيح مسلم.

(٤) انظر: الشريعة للآجري.

(٥) انظر: عقيدة أصحاب الحديث للصابوني.

* بەڵکو بۆ درێژەی پێبدەم: بەغەوی[١] رَحِمَهُ ٱللَّهُ ئیجماع نەقڵ ناکـات لەسەر ئەوە!؟ ناڵێ: «وقد مضت الصحابة والتابعون وأتباعهم وعلماء السنة على هذا مجمعين، متفقين على معاداة أهل البدعة ومهاجرتهم».

* وقازی «ئەبو یەعلا»ش رَحِمَهُ ٱللَّهُ ئیجماع نەقڵ ناکات لەسەر ئـەوە؟ نافەرموێ: «أجمع الصحابة والتابعون على مقاطعة المبتدعة».

* بەڵکو ئەمە ناونیشانی بەشـێکە لـە سـونەنی ئـەبوداود[٢]: «باب مجانية أهل الأهواء وبغضهم».

* ئەمەش ناونیشانی بەشێکە لە «الترغيب والترهيب»ی[٣] المنذري: «الترهيب من حب الأشرار وأهل البدع لأن المرء مع من أحب».

* ئەمەش ناونیشـانی بەشـێکە لـە کتـێبی «الإعتقاد»ی[٤] البيهقي: «باب النهي عن مجالسة أهل البدع».

* ئەمەش ناونیشانی بەشێکە لە «الأذكار»ی[٥]نەوەوی شافعی: «باب التبري من أهل البدع والمعاصي».

---

(١) شرح السنة ج١ ص٢٢٧.
(٢) (١٩٨/٤).
(٣) (٣ / ١٤).
(٤) ل٢٣٦.
(٥) ل ٣٢٣.

سوێند بەخوا بەشی یەك موجەللەد دەتوانرێ قسە وکردار وهەڵوێستت بۆ بگوازرێتەوە لە پیشینان وپاشینان لەسەر تبدیع ونەهی کردن لە بیدعە وسەر زەنشت کردنی.

ئەی ئەو حەدیسەی باسی دەکەیت: «من یعش منکم ...» لە کۆتاییەکەی نافەرموێ: «وإياكم ومحدثات الأمور فإن كل بدعة ضلالة».

اللهم یان ئاگات لێ نیە یا بڕوات پێ نیە!؟ یان مەبەستت ئەمە نیە.

پاشان ئەم مامۆستایە خۆی تەبدیعی سەلەفیەکان دەکات لە وتارەکەی خۆی لە دەقیقەی (٠٨:٣٠) پێیان ئەڵێ: «لەگەڵ بانگخوازان خەواریجن لەگەڵ کاربەدەستاندا مورجیئەن».

کەواتە ئەگەر ئیحتمالی یەکەم بێت کە نابێت تەبدیعی یەك بکەین ئەوا توشی تەناقُز ونەسازی دژ بەیەکی هاتووە: لەولا ئەڵێ نابێ، لەولاشەوە تەبدیع دەکات!!

ئەگەریش هیچکام لەم دوانە نیە ومەبەستی ئەوەیە بە مەرجی خۆی لەلایەن ئەهلی خۆیەوە خەڵکی شایستە تەبدیع بکرێت، ئەوا هیچی تێدا نیە، خۆ ئێمەش لاریمان لەمەدا نیە وبەڵکو باوەڕمان بەمە هەیە.

بەڵام قسەکانت لە وتارەکە هەردوو ئیحتیمالەکە هەڵدەگرێت، قسەکانی سەرەتای وتارەکەت بێگومان ئیحتمالی یەکەم هەڵدەگرێت ولابُدّ، وقسەکانی کۆتاییت ئیحتمالی دووەم هەڵدەگرێت ولابُدّ.

٦. ئەگەریش ئەم ئیحتیمالی دووەمە بێت کە قەیدی چیە ئەهلی خۆی بە مبتدع بڵێن موبتەدیع؟!

ئەوا بە یارمەتی خوای مەزن ئەڵێم:

پێشتر زانیت ئەم مامۆستایە خەڵك تەبدیع دەکات، ماوەتە بزانین ئەهلی خۆیەتی یان نا؟!

چونکە لەسەر فەرمایشتی خۆی، ئەبێت بۆمانی بسەلمێنێت کە ئەو ئەهلی زانستە، وبۆی هەیە خەڵك تەبدیع بکات، هێشتا قوتابی نیە!

وا بزانم قسەی کەسی لەسەر نەهێنمەوە وئەگەر قسەی خۆی لەسەر خۆی بهێنمەوە بە ویژدانتربوم لەگەڵیدا!

لە دەقیقەی (٠٩:١٦) وتارەکەیدا ئەڵێ: «**ئێمە کەس بە موعسوم نازانین لە پەیامبەر نەبێت ﷺ، ئێمە ڕێزمان بۆ هەموو زانایان هەیە بەڵام ئەشڵێین ئەوەی هەڵەیە وئەوەیان ڕاستە، ئێمە نا ئەهلی هەق ئەهلی زانست، نەك قوتابی وەکو ئێمە ئاوا بەرز بێتەوە وئاوا پۆلێن بکا فلانە کەس مورجیئەیە وفلانە کەس خەواریجە وفلانە کەس قەدەریە....**».

کەواتە ئەم مامۆستایە بە شاهیدی خۆی هێشتا قوتابیە ونابێت تەبدیعی خەڵك بکات کە ئەیکات؟!

٧. ئەڵێ: «**جیاوازیەکە فەتوای ئەوەی لەگەڵدایە کە غەیبەتی تۆ دروستە**».

باشە خۆ تۆ لەسەر مینبەرەوە یەك وتارە خەریکی غەیبەتیان دەکەیت بەڵکو غەیبەتی یەك ئوممەت ومێژووەکەشی دەکەیت؟![1]

٨. باشە من دەپرسم ئەو «قەرامیتە شیعانەی» کە ١٧٠٠ حاجیان کوشت -وەك خۆت ئەڵێی- وحەجەری ئەسوەدیان برد بۆ بەحرەین وعێراق -وەك خۆت ئەڵێی-، حەوت ساڵ نەیانهێشتووە کەس زیارەتی ماڵی خوا بکا -وەك خۆت ئەڵێی-!!

یان ئەو شیعانەی کە بە مانگایان وتوە عائیشە وهایشە وزۆر ڕقیان لە ئەهلی سوننەیە -وەك خۆت ئەڵێی-

ئەمانە لە «فرق الهالكة»ن یان لە «فیرقە ناجیە»ن؟! لەوە دەچێت بڵێی من باوەڕم بەم تەقسیمە نیە کە لە حەدیسی زەعیفەوە وەرگیراوە!!

باشە، پرسیارەکەم ئەگۆڕم: لەسەر هەقن یان لەسەر باتڵ ؟! باتڵ لە بەهەشتە یان لە ئاگر؟![2].

---

(١) تناقض.

(٢) شایستەی چوونە بەهەشتن یان چوونە ئاگر؟!!.

٩. وەكو عەیبە ونەنگیەك ئەڵێ: «**هەریەكێك لەو گروپانە تەنها گروپەكەی بە «فیرقە ناجیە» دەزانیت، ئەڵێ تەنها ئێمە كۆمەڵی ڕزگار بووین**».

سەرەتا: بێگومان ئەمە تۆمەت بار كردنی ئەهلی سوننەیە بە ناڕەوا. پاشان: ئەی خۆت لەكام لەم كۆمەڵانەیت؟! سێیەم: بێگومان ئەهلی سوننە -وەكو ئەهلی بیدەعیان نەكردووە- لە خواترسانە لە فیرقەكانی تریان ڕوانیوە وبە گۆترە وهەر لە خۆوە ولە خوا نەترسانە -وەكو بیدعەچیەكان- حوكمیان بەسەر هیچ كەس وكۆمەڵێكدا نەداوە مەگەر دووای وردبوونەوە وگەڕان ولێكۆڵینەوە نەبێت[1].

سەیرم لێ دێت پەیامبەر ﷺ نافەرموێ: «ما أنا علیه الیوم وأصحابي» واتە فیرقە ناجیە ئەوانەن كە لەسەر سوننەت وڕێگای من وهاوەڵەكانمن، ئیتر نازانم م.عوسمان نەیبنیوە كە بەشێكە لەو حەدیسەی خۆی لە وتارەكە دەیهێنێتەوە یان بینیویەتی وباوەڕی پێنەبووە؟! هەربۆیە زاناكانیش لەسەر وتەیەی پەیامبەر هاتون وەك:

---

(١) وەكو مەنهەج وپاشان بە گشتی ئەگەرنا ئەكرێ زانایەكی ئەهلی سوننە لەم بارەوە هەڵە بكات وكەسمان پێ مەعسوم نیە.

علي بن المديني ئەلّىٚ: «هم أهل الحديث والذين يتعاهدون مذاهب الرسول ويذبون عن العلم. لولاهم، لم تجد عند المعتزلة والرافضة والجهمية وأهل الإرجاء والرأي شيئا من السنن»[1].

هەروەها أحمد بن عبدالحليم الحراني ئەلّىٚ: «ولهذا وصف الفرقة الناجية بأنها أهل السنة وهم الجمهور الأكبر والسواد الأعظم، وأما الفرق الباقية فإنهم أهل الشذوذ والتفرق والبدع والأهواء، ولا تبلغ من هؤلاء قريباً من مبلغ الفرقة الناجية، فضلا عن أن تكون بقدرها»[2].

هەروەها ئەلّىٚ: «إن أحق الناس بأن تكون هي الفرقة الناجية أهل الحديث والسنة، الذين ليس لهم متبوع يتعصبون له إلا رسول الله، وهم أعلم الناس بأقواله وأحواله وأعظمهم تمييزا بين صحيحها وسقيمها، وأئمتهم فقهاء فيها وأهل معرفة بمعانيها واتباعا لها تصديقا وعملا وحبا وموالاة لمن والاها ومعاداة لمن عاداها، الذين يردون المقالات المجملة إلى ما جاء به من الكتاب والحكمة، فلا ينصبون مقالة ويجعلونها من أصول دينهم وجمل كلامهم إن لم تكن ثابتة فيما جاء به الرسول، بل يجعلون ما بعث به الرسول من الكتاب والحكمة هو الأصل الذي يعتقدونه ويعتمدونه»[3].

---

(١) روى الخطيب أيضا من طريق الترمذي وهذا في سننه (٣٠/٢) قال: قال علي بن المديني...

(٢) الفتاوى (٣٤٥/٣-٣٤٦).

(٣) الفتاوى (٣٤٧/٣).

هەروەها ئەڵێ: «وأما تعيين الفرق الهالكة، فأقدم من بلغنا أنه تكلم في تضليلهم يوسف بن أسباط، ثم عبد الله بن المبارك، وهما إمامان جليلان من أجلاء أئمة المسلمين، قالا: أصول البدع أربعة: الروافض والخوارج والقدرية والمرجئة، فقيل لابن المبارك: والجهمية؟ فأجاب بأن أولئك ليسوا من أمة محمد»[١].

١٠. دوای ئەوەی وتمان ئەهلی سوننە دوای وردبوونـەوە ولێکۆڵینـەوە وگەڕان حوکم دەدەن وبە کـەمی حـوکم دەدەن. تەنانـەت ئـەهلی سـوننەن گلەیی لەوانە دەکەن کە خەڵك لەسـەر بچـووکترین هەڵـە تەبـدیع دەکـەن. وەکو زەهەبی رَحِمَهُ ٱللَّهُ ئەڵێ: «ولو أنَّا كلَّما أخطأ إمامٌ في اجتهاده في آحاد المسائل خطأً مغفوراً له قُمنا عليه وبدَّعناه وهجَرناه، لَمَا سلم معنا لا ابن نصر ولا ابن منده ولا مَن هو أكبر منهما، والله هو هادي الخلق إلى الحقِّ، وهو أرحم الراحمين، فنعوذ بالله من الهوى والفظاظة»[٢].

جا کە حوکمیشـیان فـەرمو وبـە کۆمـەڵێکیان وت موبتودیـع ئـەوە «تحت المشيئة»یە، إن شاء الله عذبه وإن شاء غفر له، واتـە نـاڵێن هـەتا هەتایە لە ئاگرن وەکو کافرەکان بەڵکو شایسـتەی چـونە ئـاگرن ئـیتر یـان خوای میهرەبان بە میهرەبانی خۆی لێیان خۆش دەبێت یـان لێیـان خـۆش

---

(١) الفتاوى (٣/٣٤٦).

(٢) السير (١٤/٣٩ ـ ٤٠)..

نابێــت وبــه گــوێرەی تاوانەکــەیان ســزایان دەدات وپاشــان دەیانخاتــه بەهەشتەوە[١].

قال ابن تيمية رَحِمَهُ ٱللَّهُ: «وأما التكفير: فالصواب أنه من اجتهد من أمة محمد ﷺ وقصد الحق فأخطأ: لم يكفر؛ بل يغفر له خطؤه. ومن تبين له ما جاء به الرسول فشاق الرسول من بعد ما تبين له الهدى واتبع غير سبيل المؤمنين: فهو كافر، ومن اتبع هواه وقصر في طلب الحق وتكلم بلا علم: فهو عاص مذنب، ثم قد يكون فاسقا وقد تكون له حسنات ترجح على سيئاته، فالتكفير يختلف بحسب اختلاف حال الشخص فليس كل مخطئ ولا مبتدع ولا جاهل ولا ضال يكون كافرا؛ بل ولا فاسقا بل ولا عاصيا لا سيما في مثل مسألة القرآن، وقد غلط فيها خلق من أئمة الطوائف المعروفين عند الناس بالعلم والدين، وغالبهم يقصد وجها من الحق فيتبعه ويعزب عنه وجه آخر لا يحققه فيبقى عارفا ببعض الحق جاهلا ببعضه، بل منكرا له»[٢].

---

(١) بڕوانە: الإعتصام ب٢. ئەگەرچی هەندێك تاك وهەندێك کۆمەڵی زۆر کەمی ئەهلی بیدەع خیلاف لە موسڵمان بوونیان هەیە بەڵام ڕای پەسەند سەبارەت بە هەموویان ئەوەیە کـافر نـین. وەکـو جهمیە وشیعە وخوارج، ئەگەرچی کۆمــەڵێك بیروبــاوەڕی کوفریشــیان هەیــە. بــەڵام قادیــانی یــان ئەحمەدیەکان وهاوشێوەکانیان ئەوانە ئەسڵەن بە موسڵمان هەژمارنەکراون.

(٢) الفتاوى (١٢/١٨٠).

هــەروەها ئــەڵێ[١]: «فطريقة السلف والأئمة أنهم يراعون المعاني الصحيحة المعلومة بالشرع والعقل، ويرُاعون أيضاً الآلفاظ الشرعية، فيعبرون بها ما وجدوا إلى ذلك سبيلا. ومن تكلم بما فيه معني باطل يخالف الكتاب والسنة ردووا عليه، ومن تكلم بلفظ مبتدع يحتمل حقا وباطلا نسبوه إلى البدعة أيضا، وقالوا: إنما قابل بدعة ببدعة وردَّ باطلا بباطل».

هەروەها ئەفــەرموێ: «وكثير من مجتهدي السلف والخلف قد قالوا وفعلوا ما هو بدعة ولم يعلموا أنه بدعة، إما لأحاديث ضعيفة ظنوها صحيحة، وإما لآيات فهموا منها ما لم يرد منها، وإما لرأي رأوه وفي المسألة نصوص لم تبلغهم، وإذا اتقى الرجل ربه ما استطاع دخل في قوله: ﴿ربنا لا تؤاخذنا إن نسينا أو أخطأنا﴾، وفي الحديث أن الله تعالى قال: «قد فعلت».. »[٢].

١١. پاشان ئــەم قســانەی ئــەم مامۆســتايه شــتێكی زۆر نــالۆژيكی وناعەقڵانيه:

لەناو موسڵمانان‌دا چەندين بيرو بۆچوونی دژ بەيەك دروست بــووه ئــەی خۆ ناكرێ هەموی لەسەر هەق بێت.

---

(١) درء تعارض العقل والنقل (١/٢٥٤).
(٢) الفتاوى (١٩/١٩١).

شیعە وسوننە زۆر دژ بەیەكن تەنانەت لە شتە بنچـینەییەكاندا، ئـەی خۆ ناشكرێ هەردووكیان هەم دژبەیەك بن وهەم لەسەر هـەق بـن، كەواتـە یان دەبێت ئەمیان لەسەر هەق بێت یان ئەویان؟! ئەمەش شتێكی مەنتقیە وپێم وا نیە د.عوسمان لێی بێ ئاگا بێت.

ئیتر ئەو قسەیە مەحەللی لە ئیعرابدا نیە ئەوترێ خـەوارجیش دەقیـان پێیە وشیعەش دەقیان پێیە وهەمویان لە ئیسلامدا جێیان ئەبێتەوە، ئـەی خۆ كاتی خۆی دەق وئایەتیش ئەهێنرایەوە بۆ ئیشـتراكیەت وەكـو ئێسـتا مۆدێلی دیموكراتیەتە دەق وئایەتی بۆ دەهێنرێتەوە!؟

بەڵێ، ئەكرێ بڵێین كابرای «پیاوكوژ بەناوەی دین» بێدین نیـە، بـەڵام كارەكەی لە دین جێی نابێتەوە وبەڵگە هێنانەوەكەی دورە لـە مەبەسـتی دینەوە.

١٢. دوای وردبوونەوەی زۆر لە قسـەكانی هەسـت دەكـەیت ئەیـەوێ بڵـێ: شـوێنكەوتوانی سـەلەفی سـاڵەح مێژوویـەكی دوورودرێـژیان هەیـە وچەندین زانای توندڕەویان هەیە، لەوانە كوڕەكەی ئەحمەدی كوڕی حەنبـەل وجگە لەویش.

ئەمەش شتێكی سەیر ودژ بەیەكە[1]: چونكە شـەو وڕۆژ بـەو خەڵكـە ئەڵێن: ئەم سەلەفیانە یان وەهابیانە تـازە دروسـت بـوون، ولـە مەنهـەجی

---

(١) تناقض.

زانایان لایانداوە، دینێکی تازەیان هێناوە، هیچ پەیوەندیەکیان بە چوار مەزهەبەکەوە نیە، کەچی لە پڕێکدا ئەم سەلەفیانە حەنبەلی دەرچون، مێژویان ئەباتەوە بۆ سەدان ساڵی پێش ئێستا؟! فَوَا عجبًا.

## مەقالەی چوارەم

ئەڵێ: «**ئینجا سەیری مێژووی موسڵمانان بکە بەڕاستی زۆر تاڵە، هەر ئەوە نیە تۆ ئەیبینی ئێستا لەوەیە مزگەوتێك بڕوخێنرێ، ئەگەر چەند کەسانێك بەناوی «لا إله إلا الله»ـەوە سەر ببڕدرێ، ئەگەر تەکفیری هەندێ زانا بکرێ، ئەوە هی ئێستا نیە، لە دێر زەمانەوە هەبووە، ئەگەر ببینین ...**».

وەڵام: بێگومان ئەگەر تامی مێژوی ئیسلام تاڵ بێت هی قوڕگی تۆیە، ڕەنگی مێژوی ئیسلام ڕەش بێت هی چاو وچاوێلکە ودیدی تۆیە. پێشتریش باسی گەشی وشیرینی مێژووی ئیسلامم کرد ودووبارەی ناکەمەوە.

وڕودانی کوشتار وتەکفیر لە مێژووی ئیسلامدا، مێژووی ئیسلامی بە کاملی پێ رەش وتاڵ نابێت، بەلام کەسێك خۆی چاویلکەی ڕەشی بەستبێت وخۆی قوڕگی تاڵ بێت چی بلێم بەخوا هەرچی بە خۆرد بدەی بە تاڵی تامی دەکات وهەرچیشی نیشان بدەی هەر بە ڕەشی دەیبینێ.

وەکو موتەنەببی ئەڵێ:

وَمَنْ يَكُنْ ذَا فَمٍ مُرٍ مَرِيضٍ * يَجِدْ مُرًّا بِهِ المَاءَ الزّلالا

ئەوەی دەمی تاڵ ونەخۆشە * ئاوی سازگاریشی لا ناخۆشە

**هەڵوێستی دووەم:** بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر تاڵی مێژووی ئیسلام وئەڵێ : «..**ئەگەر ببینین: تەسەور دەکەن گروپێکی وەکو قەرامیتەکان کە شیعە بوون نزیکەی بیست ساڵی ڕەبەق «حجر الأسود»یان دەرهێناوە وبردوویانە، بەس لەناو حەرەمدا هەزار وحەوت سەد حاجیان سەربڕیوە، تا حەوت ساڵ نەیان هێشتوە کەس بڕوا زیارەتی ماڵی خوا بکا...**».

وەڵام :

١. ئەڵێ: «نزیکەی بیست ساڵی ڕەبەق».

«نزیکە» و«ڕەبەق» لە زمانی کوردیدا دژ بە یەکن. نزیکە: لێرە واتە دەوروبەری بیست ساڵ تۆزێ زیاد وتۆزێ کەم، بەڵام ڕەبەق واتە: بێ زیاد وکەمی وتەواو. وەکو هەژاری موکریانی رَحِمَهُ ٱللَّهُ لە هەمبانە بۆرینەکەی خۆیدا لە بەشی «ڕ ە ب»[1] باسی کردووە.

٢. بیست ساڵ نەبوو بەڵکو بیست ودوو ساڵ بوو، لە ٣١٧ بردیان لە ٣٣٩ هێنرایەوە.

٣. ئەڵێ: «بەس لەناو حەرەمدا هەزار وحەوت سەد حاجیان سەربڕیوە». سەرەتا کوشتار وقەتڵ وعامی قەڕامیتە لەناو کەعبە، وبۆ

---

(١) موکریانی لە فەرهەنگەکەی خۆیدا (ڕ) لەسەرەوە دەنوسێت، بۆ زیاتر بڕوانە پێشەکی فەرهەنگەکەی.

حەجاجەکان زیاتر لەیەك جار بووە، جاری وا هەبووە نزیکەی بیست هەزاریان کوشتوە، جا تۆش لە باسی مێژووی تاڵی ئیسلامدایت(!!) هێنانەوەی ئەم ژمارە کەمە کە باسی شیعەیە، ونەهێنانەوەی ئەو ژمارە زۆرە کە باسی سوننە دەکەیت؛ کوشتاری سوننەکان بۆ شیعەکان وشەی جینۆساید بەکاردەهێنی؟! هیوادارم مەبەست دار نەبێت!

٤ . هەروەها ئەمە چەواشەکردنی خەڵکە، بەو خەڵکە وا نیشان دەدەیت، وزۆر کەس ئەوە لە قسەکانت حاڵی دەبێت کە قەرامیتەکان موسڵمانن ولەسەر مێژووی ئیسلام هەژماردەکرێن!! لە ڕاستیدا واش نیە بە کۆدەنگی هەموو زانایان بەڵکو ئاینیەکان: ئیسلام وجولەکە وگاور: قەڕامیتەکان زندیق وبێ باوەڕن!!

## قەڕامیتەکان کێن؟

قەرامیتەکان بزوتنەوەیەکی باتنی بوون «الباطنية» زیاتر لە ڕێکخستنی نهێنی سەربازی خۆیان دەبینیوە، تا فراوان بوون، بە ڕوکەش خۆیان دەدایە پاڵ ئالوبەیت، بەڵام لە هەقیقەتدا مەبەستیان بێ دینی وبێ ڕەوشتی وڕوخاندنی دین بوو[١]. سەرەتاش پەیوەست بوون بە زەردەشتی و مەزدەکیەوە.

(١) بڕوانە : الموسوعة الميسرة.

* ساڵی ٢٩٤ك حاجیەكان لە حەج دەگەڕانەوە، ئـەوەبوو ڕێیـان لـە حاجیەكان گرت، كە بینیان حاجیەكان بە تونـدی شـەڕ دەكـەن[١]، وتیـان: نوێنەری خەلیفەتان لەگەڵدایە؟ وتیان: نەخێر، وتیـان: دەی ئیشـمان پێتـان نەماوە! ئەوانیش كەوتنەڕێ ولە خۆیان دڵنیابونەوە، ئەوسا خیانەتیان كـرد وقەتڵوعام وجینۆسایدی حاجیانیان كرد وهەموویانیان كوشـت، مێژونوسـان ئەڵێن: كوژراوەكانیان وەكو گرد وكۆما بە كۆمەڵ بەرزكردۆتەوە، ئافرەتـانی قەرامیتە بەسەر كوژراوەكاندا گەڕاون ووتویانە كێ تینیویەتی؟ بـۆ ئـەوەی هەركەسێك زیندووە بیكوژن وبە ساغ دەرنەچێ. هـەر مێژونوسـان ئـەڵێن: بیست هەزاریان كوشتوە ونزیكەی هەزار هەزار (یەك ملیۆن) دیناریـان بـە تالآن بردووە، هەرچی ئاو وبیر هەبووە بـە پاشـەڕۆ وخاشـاك وبـەرد پڕیـان كردۆتەوە! ؟

* وساڵی ٣١٢ دەردێكی كوشندەیان بەسەر حاجیانی بەغدایی هێنا لە كاتی گەڕانەوەیان بۆ بەغداد، بە تینیویەتی زۆرێكی حاجیانیان كوشت.

* ولە ٣١١ دەردێكی كوشندەیان بەسەر بەسڕەدا هێنا بـە نزیكـەی ١٧٠٠ سەربازەوە خۆیان كرد بە بەسڕەدا، خەڵك لە ترسا خۆیان ئەخسـتە ئاوەكەوە ودەخنكان، حەڤدە ڕۆژ مانـەوە هەرچـی بەردەسـتیان بكەوتایـە ئەیان برد.

(١) ئەو كاتانە ڕێگای حاجیەكان ئاسایشی پارێزراو نەبووە، بۆیە چەكیان لەگەڵ خۆیان دەهێنا.

* وهـەر لـە ٣١٢ دەردێکـی کوشـندەیان بەسـەر کوفـەدا هێنـا. هەروەها لە ٣١٥ دیسانەوە بەڵایەکی تریان بەسەر کوفەدا هێنـا، بـەڵکو ئەنبار وواستیشی پێوە بوو، تەنانەت خەڵکی بەغدا کە بیستیان قەڕامیتـە هاتووە لە ترسا شاریان چۆڵ کرد وهەڵ هاتن.

* ولە ٣١٦ بەڵایەکیان بەسەر ڕەحبە وموسڵ وشەنگال ودەوروبـەری هێنا، تەنانەت عەلی کوڕی عیسا کە وەزیر بوو دەستی لە کار کێشـایەوە لەبەر لاوازی خەلیفە، چونکە دەرەقەتیان نەدەهات.

* ولە ساڵی ٣١٧ وحەزئەکـەی بڵـێ لـە هـەموو ئەوانـەی پێشـوو خراپتر: ئەوەبوو پەلاماری کەعبـەیان دا بـە سـەرکردایەتی ئـەبو تایـەری قەڕمەتی لەناو حەوشەی حەرەم ودەوروبەری حاجیەکانیان دەکوشت، هەبوو وای دەزانی حورمەتی کەعبە دەگرن، بۆیە خۆی هەڵدەواسـی بـە کەعبـە! بەڵام سودی نەبوو! هەر دەیان کوشت -چونکە هـەر کەربـەلایان لـە دڵـدا گەورەیە وحورمەتی کەعبەیان لا نیە!؟-.

پاشان لە کوشتن بوونەوە وکوژراوەکانیان خستە ناو ئـاوی زەمزەمـەوە وقوبەکەی سەریان ڕوخاند وپاشان بەرگەکەی کەعبەیان دڕی ولەت لـەتیان کرد وپاشان ئەبو تایەری قەرمەتی فەرمانی کرد بەردە ڕەشەکە دەربهێنن!! ئەوەبو یەکێکیان بەزۆر دەریهێنا ووتی: «أین الطیر الأبابیل؟ أین الحجارة من سجیل؟» واتە: «کوا تەیری عەبابەیلێ؟ کوا بەردی ئاسمان بۆ نابـارێ؟»

ئەوەبوو ٢٢ ساڵ لایان مایەوە تا ساڵی ٣٣٩ هێنرایەوە. **فإنا لله وإنا إليه راجعون ولا حول ولا قوة إلا بالله.**

ئەمە ئەو موسڵمانانەیە کە ئەم کەسە باسیان دەکات ومێژووی ئیسلامیان پێ ناشیرین دەکات؟!

ئەمە سەرباری ئەوەی هەموو ئەوانەی باسی عەقیدەی قەرامیتەکانیان کردووە کۆکن لەسەر ئەوەی کە بڕوایان بە دوو خوا «إله-پەرستراو» هەبووە(١).

وهەموو فەرزەکانی ئیسلامیان بە سوننەت وهەمو حەرامەکان بە حەڵاڵ زانیوە. وهەمو فەرمان ونەهیەکان لای ئەوان هەقیقی نیە وبەڵکو ڕەمزە بۆ شتێك: وەك غوسل مانای خۆی هەیە وزینا مانای خۆی هەیە، حەرامەکان مانای خۆیان هەیە، نوێژ وحەج وڕۆژو بە هەمان شێوە... .

وهەروەها ئەڵێن نە بەهەشت هەیە، نە ئاگر، نە زیندوبوونەوە، زەویش هەر دەمێنێ ولەناو ناچێت، وهەرکەسێکیش بمرێت ڕوحەکەی ئەبێتە ڕوناکی وبەرەو ئەو شوێنە ئەڕوا کە لێوەی دروست بووە(٢).

هەروەها ئەڵێن: ئەوەشی لەبارەی قیامەتەوە هاتووە بەو شێوازە نیە وقیامەت نیە وڕەمزە بۆ دەرچوونی مەهدی.

---

(١) بڕوانە : موسوعة الفرق.

(٢) بڕوانە: «التنبيه والرد على أهل البدع» و«فضائح الباطنية لأبي حامد الغزالي».

هەروەها ئەڵێن: جوبریل بریتیە لە عەقڵ وقورئانیش بریتیە لە تەعبیری موحەممەد بۆ ئەو مەعریفانەی جبریل بۆی دابەزاندووە، هەروەها ئەم وەحی دابەزاندنە کاتی پێویستە هەر بە زوویی تەواو نابێت وەکو منداڵی سکی دایك چۆن یەکسەر نابێتە منداڵ ونایەتە دونیا وکاتی پێویستە، ئا بەو شێوەیە، جا ئەو نۆ مانگ وبەڵام ئەم شەش مانگی پێویستە. ئەمەش خودی عەقیدەی فەیلەسوفەکانە.

هەروەها ئەڵێن: ئەبێت لە هەمو سەردەمێکدا ئیمامێکی مەعسوم هەبێت وئەو ئیمامە وەکو پەیامبەرە لە عیسمەت و زانینی هەقیقەتی هەموو شتەکان.

وپێیان وایە موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری کوڕی محمدی کوڕی علی کوڕی حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تالب زیندووە ونەمردووە ونامرێ تا زەوی ڕزگار نەکات چونکە ئەو مەهدیە.

بەڵکو هەندێك ئەڵێن: قەڕامیتەکان لە ژێرەوە بێ بڕوان بە هەموو کتێبێك وپەیامبەرێك وئەمەش تەنها لای کەسێك ئاشکرا دەکەن متمانەیان پێی هەبێت.

هەندێکی تر ئەڵێن: قەرامیتەکان لە ئاینی جولەکە وگاور وئیسلامیشدا کافرن، بەڵکو لە جولەکە وگاورەکانیش کافرترن ولە

موسەیلەمەی درۆزن درۆزنترن، بەڵکو لە زۆرێکی موشریکەکانی کۆن کافرترن[١].

بەغدادی ئەڵێ[٢]: «اعلموا أسعدكم الله أن ضرر الباطنية على فرق المسلمين أعظم من ضرر اليهود والنصارى والمجوس بل أعظم من مضرة الدهرية».

ئەمەش بە کۆدەنگی زانایان:

شێخ ئەحمەد بن عبدالحليم الحراني ئەفەرموێ[٣]: «وهؤلاء يشهد علماء الأمة وأئمتها وجماهيرها أنهم كانوا منافقين زنادقة يظهرون الإسلام ويبطنون الكفر».

هەروەها ئەفەرموێ: «وهؤلاء «بنو عبيد القداح» ما زال علماء الأمة المؤمنون علمًا ودينًا يقدحون في نسبهم ودينهم ولا يذمونهم بالرفض والتشيع فإن لهم في هذا شركاء كثيرين بل يجعلونهم من «القرامطة الباطنية» الذين منهم الإسماعيلية الخرمية المحمرة، وأمثالهم من الكفار المنافقين»[٤].

---

(١) بڕوانە: الفتاوى (٣٥/ ١٤١-١٤٤).

(٢) لە: الفرق بين الفرق ل٨٢.

(٣) بڕوانە: الفتاوى (٣٥/ ١٢٨).

(٤) بڕوانە: الفتاوى (٣٥/ ١٣١).

هەروەها ئەفەرموێ: «فإن كفر هؤلاء وردّتهم من أعظم الكفر والردة، وهم أعظم كفرا وردة من كفر أتباع مسيلمة الكذاب ونحوه من الكذابين»[١].

هەروەها ئەفەرموێ[٢]: «فهل ينكر أحد ممن يعرف المسلمين، أن ما يقوله أصحاب رسائل إخوان الصفا مخالف للملل الثلاث؟».

وشێخ شمس الدين أبو بكر ئيبن قەييمى جەوزيە ئەفەرموێ: «ومن شر طوائف المجوس الذين لا يقرون بصانع ولا معاد ولا حلال ولا حرام: الخرمية أصحاب بابك الخرمي، وعلى مذهبهم طوائف القرامطة والإسماعيلية والنصيرية والدرزية، وسائر العبيدية الذين يسمون أنفسهم الفاطمية، وهم من أكفر الكفار، وهؤلاء لا يتقيدون بدين من ديانات العالم، ولا بشريعة من الشرائع»[٣].

وپرسيار كرا لە «اللجنة الدائمة»[٤] لە بارەى قەرامیتەكانەوە، فەرمويان: «قەرامیتەكان فڕيان بە ئيسلامەوە نيە بەڵكو كافر وزنديقن وزانايان بيروباوەڕيانيان ڕون كردۆتەوە».

---

(١) الفتاوى (٣٥/ ١٣٩).

(٢) الفتاوى (٣٥/ ١٣٤)..

(٣) إغاثة اللهفان من مصائد الشيطان ( ٢/ ٢٤٧).

(٤) وەكو لە (فتاوى اللجنة الدائمة للبحوث العلمية والإفتاء (٢/٣٥٠) الفتوى رقم (١٨٩٥٢)) هاتووە.

بەڵێ موسڵمانە خۆشەویستەکان ئەمە ئەو موسڵمانانەیە کە ئەم کەسە باسیان دەکات ومێژووی ئیسلامیان پێ ناشیرین دەکات؟!

ئەمە چەواشەکردنی خەڵك نیە؟ ئەمە ستەم کردن نیە لە موسڵمانان ومێژووەیەکەیان کە ئەم مەزدەکی وزەردەشتی وباتنیانە لەسەر مێژوویەکان هەژمار بکەی وبە کارە بەدەکانیان مێژووی ئیسلامی پێ تاڵ ورەش وبەد بکەی؟!

ئەی جا بۆ حروبی صەلیبی «جەنگی خاچپەرستان»یشت نەهێنا بۆ لەکەدارکردنی مێژووی موسڵمانان؟! خۆ بە ڕای زانایان قەرامیتەکان لە گاور وجولەکە کافرترن مادام ئەوان موسڵمانن من باب أولي جولەکە وگاوریش موسڵمانن؟!

**هەڵوێستی سێیەم:** بەڵگە دەهێنێتەوە لەسەر تاڵی مێژوومان وئەڵێ:
«... **ئینجا تەماشای کۆمەڵکوژی شیعە بکە بۆ سوننە و تەماشای سوننەش بکە چۆن شیعەیان کوشتوە، ئەبێت ئینسان بگەڕێت بەدووای هەقیقەتەکاندا، دەمارگیری نەیگرێت... لە ئەفریقا سوننەکان تەقریبەن وەکو جینۆسایدی شیعەیان کرد، لە واستدا بەهەمان شێوە لە ڕەیدا بەهەمان شێوە..** ».

وەڵام:

١. باشه بەڕێز ئەتەوێ بەو خەڵکه چی بڵێی؟! ئەتەوێ بڵێی: ئەهلی سوننه وجەماعه مەزهەبێکی ناڕەوایه؟!

یان ئەتەوێ بڵێی ئیسلام دینێکی ناڕەوایه وئەوه مێژووەکەیەتی؟!

لەسەر مینبەریشەوە؟!

لەناو خەڵکی موسڵمان وسوننی مەزهەبیشدا؟!

**لا حول ولا قوة إلا بالله**

ئافەرم! ئەمما بەخوا ئەگەر جبه ومێزەرەکەت نەبووایه خەڵك قەبوڵیان نەدەکرد!!

بەڵام چونکه بەناو ئیسلامەوە ئەیکەیت؟!

ئافەرین!! وا بە جبه ومێزەرەوە گۆڵ لەو خەڵکه دەکەیت!؟ مێژوویان عەیبدار دەکەیت؟! بەڵکو ڕەش وتاڵی دەکەیت؟! تاکەکانی بێعەقڵ دەکەیت -وەك ئێستا باسی دەکەم إن شاءالله-؟؟!

بەڕێزان ئا لەبەر ئەمەیه زۆر باسی بیدعه دەکەین! چونکه بەناوی دینەوە قسه بکەی زووتر خەڵك فریو دەخوات ووەری دەگرێت.

هەر بۆیه بە درێژایی مێژوو ئەوانەی ویستبێتیان ئیسلام ناشیرین بکەن نەیانتوانیوە به ناوی غەیرە ئیسلامەوە بیکەن، بەڵکو هاتونەتە نێو ئیسلامەوە وبە ناوی ئیسلامەوە کردوویانه ؟!

وەکو باتنیەکان وسەبەئیەکان وکۆمەڵێکی تری زۆر.

تەنانەت وڵاتانی دونیاش شەڕی ئیسلام دەکەن ناوێرن لەژێر نـاوی دژی ئیسلام بیکەن، بەڵکو ناوی تری بۆ دادەتاشن تا کۆ دەنگی لەسەر دروسـت ببێت.

هەروەها ئەو گروپانەی ئەمڕۆ کە شەیتان بە نـاوی دینـەوە بیدعـەیان پێدەکات ودینیان پیێ ناشیرین دەکات. هەمان شتە. چەند گروپ هـەن لـە گۆڕەپانەکەدا بەناوی ئیسلامەوە ئیسلام ناشیرین دەکەن؟! زۆر!

وله سەردەمی ئەمڕۆشماندا چەند مولیحـد وبێـدین وشـیوعی هەیـە؟! زۆر! کەچی هەندیکیان دیارن! باقیەکـەی تـری ئـەڵێ بـڕوام بـەخوا هەیـە وموسڵمانم، بەڵام ئیسلام ئەبێت لـە دەوڵـەت جیـا بێـت چـونکە کـەڵکی حکومداری نیە! وئیسلام ئێکسپایەر بووە! دینەکەمان! بۆکاتی خۆی شیاو بووە بۆ ئێستا ناشێت، چونکە دونیا گۆڕاوە.

دەی جیاوازی ئەم بەناو موسڵمانە لەگەڵ ئەو بە ئاشـکرا ناموسـڵمانە چیە؟!

**زۆر بە کورتی جیاوازیەکە ئەوەیە: ئـەو کاتێـك قسـە بـە ئیسـلام دەکات ئەڵێت ئیسلامەکەتان وایە. ئەم ئەڵێ: ئیسلامەکەمان وایە.**

تەنانەت ئەمساڵ لە یادی دامەزراندنی حیزبی شیوعیدا لە ڕاپۆرتێکی NRT باسی ئەوەی دەکرد کە چاودێران! ئەڵێن: لـەم وڵاتـە شـەرقیانە کـە موحافزکارن ئەبێ حیزبی شیوعی ناوەکەیی وشێوازی کاری بگۆڕێت وەکـو

حیزبەکانی تر، بەم شێوازە وبەم ئاشکراییە دژایەتیکردنی دین ناهێڵێت ئەم حیزبە سەرکەوتوو ببێت.

جا «... هەڵەبجەیی و... پێنجوێنی...» هەمان ئەو شتە ئەڵێن کە م.عوسمان ئەیڵێ (لەبارەی مێژووی ئیسلامەوە)، بەڵام «... هەڵەبجەیی» ئەڵێ مێژووی ئەم دینەی ئێوە وایە، بەڵام د.عوسمان ئەڵێ مێژووی ئەم ئیسلامەمان وایە!؟

ئێستا ئەگەر ئەم بەڕێزە، ئەفەندیەك بوایە، مێزەری لەسەر نەبووایە وبەناوی دینەوە قسەی نەکردایە، ئەسڵەن نەیدەوێرا بەو ڕاشکاویە قسەبکات، جورئەتیشی بکردایە خەڵك لێی بە دەنگ دەهاتن.

٢. تۆ وەك مامۆستایەکی مزگەوت کە گەڕاوی بە دوای هەقیقەتدا - وەك خۆت ئەڵێی- پێمان بڵێ: ئەهلی سوننە هەقن یا شیعە؟! چونکە مرۆڤ گوێ لی قسەکانت دەگرێ گومانی لا دروست دەبێت کە سوننیت یا شیعیت. بۆ نمونە: منداڵەکان لە تەنیشتمەوە بون کاتێك گوێم لە وتارەکەت دەگرت، کە گوێیان لە هەندێك لە قسەکانت بوو، وتیان: ئەم مەلایە سوننیە یان شیعیە؟! منیش بزگەیەك گرتمی!

٣. سەبارەت بەو کۆمەڵکوژیەی باسی دەکات، با ئاماژە بە سەرچاوەکەی بکات بزانین لە کوێ بووە؟ کێ کردوویەتی؟ چۆن کردوویەتی؟! ئایا ئەهلی سوننە کردوویانە یان ناصبیەکی موبتەدیعی

وەکو حەجاجی کوڕی یوسف کردوویەتی بە ئەهلی سوننەی دەلکێنی!؟ یان خوێنڕێژ وگومڕایەکی وەکو ئەبو موسلیمی خوراسانی کردویەتی؟! یا ویا..
بۆیە کوا سەرچاوەکەی!؟

# مەقالەی پێنجەم

**هەڵوێستی یەکەم: ئەڵێ: «بە بەردەوامی شیعە وسوننە شەڕیان بووە».**

وەڵام: لە کوێ ئەم شەڕانە ڕویداوە؟ لەسەر چی بووە؟ سوننی بوون یان هەر بە زۆر ئەتەوێ لەسەر ئەهلی سوننەی حیسابی بکەی؟! یان دەسەڵاتدارەکان کردویانە بۆ مەرامی سیاسی خۆیان ئەیلکێنی بە ئەهلی سوننەوە؟! کوا سەرچاوەکەی؟! ئەمەش لە هەموی گرنگترە چونکە قسەی بێ سەرچاوە منداڵی بێباوکە!

ئەمە بەبێ ئەوەی لێرەدا ئاماژە بکات بەیەك نمونەی کوشتنی شیعە بۆ سوننە. ئینصاف ئاوها دەبێت؟؟!!

**هەڵوێستی دووەم: ئەڵێ: «دوای سەیری موسڵمانانیش بکە، کاتێك ئەبینیت شیعەکان سەری گوێدرێژ ومانگایان ئەخستە سەر مزگەوتەکان وناوی تەڵحە وزوبەیر وعائیشەیان لێدەنا، تەنانەت بە لەهجەی عێراقی بە مانگا ئەوترێ هایشە هایشە لە عائیشەوە هاتووە.. بەو شێوەیە ئەوەندە ڕقیانە لە ئەهلی سوننە وئەهلی سوننەش بە هەمان شێوە».**

وەڵام: یەکەم: سەرەتا ئەبێت ئەوە ڕون بکەینەوە:

١. کە هاوەلان لە لای شیعە ئەبنە دوو بەشەوە:

**بەشی یەکەمیان:** ئەوانەن کە ڕازی بوون بە زەوتکردنی خیلافـەت لـە عەلی لەلایەن ئەبوبەکر وعومەر وعوسمانەوە، ئەمانـەش هـەمو هـاوەڵانن چەند دانەیەکی کەمیان نەبێت.

**بەشـی دووەم:** ئەوانـەن کـە بەمـە ڕازی نـەبوون ودژی وەسـتاونەتەوە وپێیان وابوە کە ئەبوبەکر وعومەر وعوسمان خیلافـەتیان لـە عـەلی زەوت کردووە لە کاتێکدا هەقی عەلی بووە

ئەی ژمارەی ئەم هاوەڵانە چەندە؟ ڕیوایەتەکانی شیعە جیاوازن، بـەڵام یەکـدەنگن لەسـەر سـیانیان کـە: میقـدادی کـوڕی ئەسـوەد وئـەبو زەڕی غیفاری وسەلمانی فارسین ﵃.

**٢.** هەروەها ئەبێت ئەوە بزانین شیعە ئەبنە چەندین بەشەوە بە چەندین ناوی جیاجیاوە. تەنانەت شارەزایان ئەڵێن هیچ مەزهەبێك ئەوەندەی شیعە گروپی لیٚ جیا نەبۆتەوە.

شیعە هەمویان بـە کـۆدەنگی ئـەڵێن: دوای پەیامبـەر ﷺ یەکسـەر عەلی پێشەوایە، بەڵام جیاوازیەکی زۆر زۆر کەوتۆ نێوانیانەوە لەسەر پـاش عــەلی وپــاش حوســێن وپــاش جەعفــەر، هــەورەها پــاش حەســەنی عەسـکەریش، بـەڵکو ئـەوەی بەناوبانگـە لـە پـاش هـەر ئیمامێـك لـە ئیمامەکان تا ڕادەیەك ڕاجیاوازی کەوتۆتە نێوانیانەوە، لـە پـاش ئیمـامی عەلی هەندێك لە شیعە وتیان عەلی نەمردوە وهەر ماوە وحەسەنی کـوڕی

عەلیان لەپاشی بە ئیمام دانەنا، بەڵام زۆربـەیان وتیـان حەسـەن ئیمامـە، دوای حەسەنیش ڕێککەوتن لەسـەر حوسـێن، بـەڵام دوای ئـەو دیسـانەوە جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە، هەندێکیان دەیـوت ئـیتر ئیمامـەت کۆتـایی پێهاتوە، هەندێکیشیان دەیوت: موحەممەدی کوڕی حەنەفیە ئیمامە، بـەڵام زۆربەیان عەلی کوڕی حوسێنیان کرد بە ئیمام، پاشـان موحەممـەدی کـوڕی عەلیان کرد بە ئیمام، پاشان: جەعفەر، دوای جەعفەر دیسـانەوە جیـاوازی زۆر کەوتە نێوانیانەوە، زۆربەیان وتیان: موسا، کۆمەڵێکی تریان دەیگوت: ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر، ئەمانەش «ئیسـماعیلیەکان»ن، هەشـیان بـوو دەیـوت: ئـیتر ئیمامـەت کۆتـایی پێهـاتووە، ئینجـا دووای حەسـەنی عەسکەری ڕاجیاواز بوون، هەندێك وتیان: ئیتر ئیمامەت کۆتایی پێهـاتوە، هەندێکیشیان وتیان: مونتـەزەر «المنتظر» ئیمامـە کـە کـوڕی حەسـەنی عەسکەریە[1]. هەندێکیشیان وتی: جەعفەری بـرای حەسـەنی عەسـکەری ئیمامە. هەر بۆیە نۆبەختی لە گەورە زانایانی شیعە لەو بارەیـەوە ئـەڵێت: دوای حەسەن شیعە جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە ودابەشبون بۆ سەر چـواردە کۆمەڵەوە، ئەمەش تەنها دوای حەسەن.

---

(١) بەڕای ئەوان، بەڕای ئێمە حەسەن منداڵی لێ بە جێ نەماوە.

بەڵام ئەوانەی تا ئەمڕۆ بە شیعە ناو دەهێنرێن وبەناوبانگن بریتین لـە: ئیمامیەکان (ئیسناعەشـەری) کـە زۆرینـەن وجەعفەریـەکان کـە کـەمن وزەیدیەکان لەوان کەمتر. ئەمانەش ئەبنە دوو بەشەوە:

أ. بەشێکیان کۆمەڵێك بیدعەیان تێدایە وهەندێك غلویان تێدایـە لـە ئالوبەیت بەبێ بوونی ئەو بیروباوەڕانەی کە ئێستا بۆ کۆمەڵی دووەم باسـی دەکەم.

ئەمانە کافر نین بێگومان. ئەمانـەش بـریتین لـە زۆربـەی زەیدیـەکان وکۆمەڵێکی جەعفەری وکۆمەڵێکی ئیسناعەشەریەکان وبـە زۆربـەی ئـەم جۆرەشیان عەوامەکانن.

ب. کۆمەڵی دووەم (کە شیعەی دووازدە ئیمامیەکانن): ئەوانەن کە:

- هەموو هاوەڵان سێ یان حەوتیان نەبێت بە مورتەدد وهەڵگەڕاوە لە دین دەزانن وتەکفیریان دەکەن.

وەکو لە «الروضة من الكافي» ل٢٤٦ هاتووە، ئەڵێ: «خەڵك هـەموی هەڵگەڕانەوە لە دوای پەیامبەر ﷺ جگە لە سێ کەس نەبێت، منیش وتم ئەو سیانە کـێن؟ وتـی: میقـدادی کـوڕی ئەسـوەد وئـەبو زەری غیفـاری وسەلمانی فارسی».

- باوەڕبوون بە ئیمامی غائیب، وبە باوەڕ پێنەبوونی ئەوا لە شـەیتان خراپتری.

ئیبن بابەوەیی قومی کە لە گـەورە زاناکانیانــە لــە إكمال الدين ل١٣ ئەڵێت: «ئەوەی باوەڕ بە ئیمامی غائیب نەکات ئەوە لە ئیبلیسی شـەیتان کافرترە».

- جوێن بە هاوەڵان دەدەن جوێنێك تەکفیری تێدایە.

- ڕوکنێکی تر بۆ أركان الاسلام زیاد دەکەن کە بریتیە لە الولاية يان الإمامة(١).

- قورئان بە دەستکاری کراو دەزانن.

نیعمەتوڵڵای جەزائیری ئەڵێت: «ئەو ڕیواتانەی هـاتوون لـەم بارەیـەوە دوو هەزار ڕیوایەت تێپەڕ ئەکات»(٢).

یەکێکی تریان ئەڵێ: «ئەو ڕیواتانەی لــە بـارەی تـەحریفی قورئانـەوە هــاتوون ئەوەنــدە زۆر وڕون ڕاشــکاوانەن، بــە ڕادەیــەك نــاتوانرێ تانــەی لێبدرێ».

- بڕوایان نە بە خوا ونە بە پەیامبەرەکەی ئەهلی سوننە نیە:

زانای فەرمودەناس ودەریای زانستیان نیعـەتوڵڵای جـەزائیری ئـەڵێت: «ئێمە لەگەڵیاندا قەت ڕێك نایەین نە لەسەر خوا، نە لەسەر پەیامبەر، نـە

---

(١) ئەمەش وەڵامێکی تری ئەو کەسە کە دەیوت هەمو گروپـە ئیسـلامیەکانی دونیـا کەسـیان ڕوکنێکی بۆ پایەکانی ئیمان وئیسلام زیاد نەکردووە.

(٢) بڕوانە: فصل الخطاب في إثبات تحريف كتاب رب الأرباب ل٢٤٨.

لەسەر پێشەوایەك، چونکە ئەوان ئەڵێن پەیامبەری پەروەردگارەکەیان موحەممەدە، خەلیفەکەشی ئەبوبەکرە، بەڵام ئێمە باوەڕمان بەو پەروەردگارە وبەو پەیامبەرەش کە جێگرەکەی ئەبوبەکر بێت. بەڵکو ئەڵێین: ئەو پەروەردگارەی کە جێنشینی پەیامبەرەکەی ئەبوبەکر بێ، نە ئەوە پەروەردگاری ئێمەیە ونە ئەو پەیامبەرەش پەیامبەری ئێمەیە»[1].

- هەرچی غەیرە خۆیانە بە کافر دەزانن:

کولەینی لە کافیەکەیدا ب١ ل٢٣٣ لە ڕەزاوە ڕیوایەت دەکات وتویەتی: «لەسەر میللەتی ئیسلام نییە جگە لە خۆمان و شیعەکەی خۆمان نەبێت».

- باوەڕیان بە ڕەجعە هەیە. کە بریتیە لە گەڕانەوەی زۆرێك لە مردوەکان بۆ ژیانی دونیا پێش ڕۆژی قیامەت، لەسەر ئەو شێوازەی کە لە دونیا لەسەری بون[2].

زۆرێك لە مردوەکان واتە: «هەمو پەیامبەران علیهم السلام، سەرجەم ئیمامە مەعصومەکان، لەگەڵ هەمو ئەوانەی پلەی بەرزیان هەیە لە ئیمان وئەوانەشی کە پلەی بەرزیان هەیە لە خراپە»[3].

---

(١) «الأنوار النعمانية» باب نور في حقيقة دين الأمامية وأنه يجب اتباعه دون غيره، (٢٧٨/٢)، ط تبريز إيران.

(٢) بڕوانە: «أوائل المقالات» ی الحر العاملي ص٥١.

(٣) بڕوانە: «أوائل المقالات» ص٥١ وص٩٥.

واته لــه ئــاخر زەمــان ئالوبــەیت زینــدوو دەبنــەوە لەگــەڵ ئەبوبــەکر وتاقمەکەی ئەوسا ئالوبەیت تۆڵەی خۆیانیان لێدەکەنەوە.

جا ئەڵێن ئەوەی باوەڕی بەم ڕەجعە نەبێت کافرە وبــەڵکو بــە دروشمــی شیعەگەرێتی دەزانــن وئیجمــاعی خۆیــانی لەســەر نــەقڵ دەکــەن. بــەڵکو شیخی موفیدیان کە لە گەورە زاناکانیانە ئەڵێ: «شیعەی دووازدە ئیمامی یەکدەنگن لەسەر واجبێتی گەڕانەوەی زۆرێك لە مردووان»[1].

ونــاوی زیــاتر لــە٢٠ بیســت کتــێبی شــیعەم لەلایــە کــە لەســەر ئیسپاتکردنی ڕەجعە نوسیویانە.

- باوەڕیان بە (البداء) هەیە، واتە: خــوا ســبحانە شــتانێکی بــۆ ڕوون دەبێتەوە کە پێشتر نەیزانیوە.

ڕیوایاتیان ئەڵێت: پەرستشی خوا نەکراوە بە هیچ شتێك وەك البداء!!

- جگە لە خۆیان نەبێت هەموو خەڵك بــە ڕەشــۆك وعــەوام ومنــداڵی زینا دەزانن.

- زیادەڕۆییەکی زۆر لە ئالوبــەیت دەکــەن، تەنانــەت شــتانێکیان بــۆ ئیسپات دەکەن کە تەنها لە دەسەڵاتی خوا هەیە سبحانە، وەکــو زانــینی عیلمــی غــەیب وعلم ما کان وعلم ما سیکون... وهــەروەها شــتانێك ئیسپات دەکەن کە تەنها بۆ پەیامبەران هەیە.

---

(١) بڕوانە: «أوائل المقالات» ص٥١.

جا ئێستا بڕۆینه سەر ئەسڵی بابەتەکە:

شیعیەك بە عائیشە بڵێ زیناکەر وخوای مەزنیش پێی بفەرموێ داوێن پاك، وقورئان بە دەستکاری کراو بزانێت وخوا سبحانه بفەرموێ من خۆم دەیپارێزم لە دەستکاریکردن، خوا سبحانه ستایشی هاوەڵان بکا ئەو بلێ مورتەددن، خوا بفەرموێ تەنها مـن علم ما کان وما سیکون دەزانم ئەو بڵێ خوا شتانێکی بۆ روون دەبێتەوە پێشتر نەیزانیوە یان بڵێ ئیمامەکانی ئێمەش علم ما کان وما سیکون دەزانن. ئیتر کوفر شاخ وگوێی هەیە. بەڵام ئەم بیروباوەڕانە کوفرن.

کەواتە: ئەو شیعە موسڵمانە کە:

کوفر نەکات وکافر نەبێت وەکو چۆن بۆ سوننیەکیش وبۆ هەمو کەسێك هەمان قسە هەر ڕاستە وئەڵێین: ئەو سوننیە موسڵمانە کە: کوفر نەکات وکافر نەبێت.

بەڵێ خیلاف هەیە لەنێوان زانایانی ئەهلی سوننەت لەبارەی شیعەوە ئایا کافرن یان موسڵمان، وئەوەی من بڕوام پێیەتی کافر نین.

بەڵام شیعەیەك عائیشە بە زیناکەر بزانێت وقورئان بە دەستکاری کراو وهتد ئەو شتانەی دژی سەریحی قورئانن بە کۆدەنگی هەمویان کافرە نەك بە خیلاف.

## هەندێك وتەی زانایانی ئەهلی سوننە سەبارەت بە شیعە.

قال ابن كثير(١): «ومن هذه الآية انتزع الإمام مالك رحمة الله عليه في رواية عنه بتكفير الروافض الذين يبغضوون الصحابة رضي الله عنهم قال: لأنهم يغيظونهم ومن غاظ الصحابة رضي الله عنهم فهو كافر لهذه الآية ووافقه طائفة من العلماء رضي الله عنهم على ذلك».

قال القرطبي: «لقد أحسن مالك في مقالته وأصاب في تأويله فمن نقص واحداً منهم أو طعن عليه في روايته فقد رد على الله رب العالمين وأبطل شرائع المسلمين»(٢).

وروى الخلال عن أحمد أنه قال: «من شتم أخاف عليه الكفر مثل الروافض»، ثم قال: «من شتم أصحاب النبي ﷺ لا نأمن أن يكون قد مرق عن الدين». وقال: «أخبرني عبد الله بن أحمد بن حنبل، قال: سألت أبي عن رجل شتم رجلا من أصحاب النبي ﷺ فقال: «ما أراه على الإسلام»(٣).

قال البخاري: «ما أبالي صليت خلف الجهمي والرافضي، أم صليت خلف اليهود والنصاري ولا يسلم عليهم ولا يعادوون ولا يناكحون ولا يشهدوون ولا تؤكل ذبائحهم»(٤).

---

(١) تفسير ابن كثير ( ٤ / ٢١٩ ).
(٢) تفسير القرطبي ( ١٦ / ٢٩٧ ).
(٣) السنة للخلال ( ٢ / ٥٥٧ - ٥٥٨ ).
(٤) خلق أفعال العباد ص ١٢٥.

هەروەها ئیبن حەزم رَحِمَهُ ٱللَّهُ کە ئەو قسەی دەهێنێتەوە لەسەر صەحیح وزەعیفی حەدیس لەکاتی موناقەشەکردنیدا لەگەڵ گاورەکان پێیان وتوە: «ئێوەش قورئانەکەتان نەپارێزراوە، ئەوەتا شیعەکان ئەڵێن قورئان دەستکاری کراوە»، ئەویش ئاوها وەڵامیان دەداتەوە: «وأما قولهم -يعني النصاري- في دعوى الروافض تبديل القرآن فإن الروافض ليسوا من المسلمين، إنما هي فرقة حدث أولها بعد موت رسول الله ﷺ بخمس وعشرين سنة.. وهي طائفة تجري مجرى اليهود والنصارى في الكذب والكفر»[1].

وقال الإمام أبو زرعة الرازي: «إذا رأيت الرجل ينتقص أحداً من أصحاب رسول الله ﷺ فاعلم أنه زنديق».

وقال السمعاني: «واجتمعت الأمة على تكفير الإمامية، لأنهم يعتقدون تضليل الصحابة وينكرون إجماعهم وينسبوونهم إلى ما لا يليق بهم»[2].

وعن أبي يوسف أنه قال: «لا أصلي خلف جهمي، ولا رافضي، ولا قدري»[3].

وقال الطحاوي: «ونحب أصحاب رسول الله ﷺ ولا نفرط في حب أحد منهم، ولا نتبرأ من أحد منهم، ونبغض من يبغضهم، وبغير الخير

---

(١) الفصل في الملل والنحل ( ٢ / ٢١٣ ).
(٢) الأنساب ٦ / ٣٤١.
(٣) شرح أصول الاعتقاد ٧٣٣/٤.

يذكرهم، ولا نذكرهم إلا بخير، وحبهم: دين، وإيمان، وإحسان، وبغضهم: كفر، ونفاق، وطغيان»[١].

وزەهەبی ئـەڵێ[٢]: «من قذف أم المؤمنين عائشة رضي الله عنها بعد نزول براءتها من السماء فهو كافر مكذب للقرآن ...».

ئیبن قودامە رَحِمَهُ ٱللَّهُ لە لومعەکەی خۆیدا ص٢٩ ئەڵێ: «فمن قذفها بما برأها الله منه فقد كفر بالله العظيم».

ئیبن حەزم لە «المحلى»[٣] دا لە باسی ئـەوەی کـە ئەنـەس وتویـەتی هەرکەس جوێن بە ئەبوبەکر وعومەر بدا قامچی لیٚ دەدریٚ، بـەڵام جـوێن بە عـائیشە بدات دەکوژرێـت، چـونکە دژی قورئـان وەسـتاوەتەوە، ئـەڵێ: «مـالکیش وتویەتی ئـەو کەسـە موخالەفـەی قورئـانی کـردووە» وپاشـان خۆیشی پشـتگیری دەکـات، بـەڵکو ئـەڵێ مورتـەددە: «قول مالك ههنا صحيح وهي ردة تامة وتكذيب لله تعالى في قطعه ببراءتها». جـا ئیشـی فوقەها وزانایانی ئەهل البیت وجگە لەوانیش لەسەر ئەمـە ڕۆیشـتوە کـە جوێندەر بە فاتیمە وعـائیشە دەکوژرێت[٤].

(١) العقيدة الطحاوية مع شرحها لابن أبي العز ص٦٨٩.
(٢) له «الكبائر» دا ص٢١٠، ت: مشهور حسن، ط:مكتبة الفرقان.
(٣) (١٣/٥٠٤)..
(٤) بڕوانه: الصارم المسلول.

کەواتە بۆت ڕوون بوویەوە: کاتێك ئـەم کەسـە ئـەڵێ: **«دوای سـەیری موسـڵمانانیش بکـە، کاتێـك ئـەبینیت شـیعەکان سـەری گوێدرێـژ ومانگایـان ئەخسـتە سـەر مزگەوتـەکان ونـاوی تەڵحـە وزوبـەیر وعائیشەیان لێدەنا، تەنانەت بە لەهجەی عێراقی بـە مانگـا ئـەوترێ هایشە هایشە لە عائیشەوە هاتووە..!!»**

کە ئەڵێ موسڵمان ونمونەکەشی بە شیعەیەك دەهێنێتەوە کە جوێن بـە دایکـە عائشـە دەدات (بـە تایبـەت لـەبارەی ناموسـیەوە) وقورئـان بـە دەستکاری کراو دەزانێت، ڕێك نایەتەوە بە قسەی زانایان ودژ بەیەکە.

**هەڵوێستی سێیەم:** ئینجا ئەڵێ -کە ئەمـە پوختەکەیـەتی-: **«ئینجا وەرە سەیری بکە عاقڵ بدۆزەرەوە لەناو ئەوانە، کـە ئـەم خەڵکـە هانبـدەن بۆ ئەوەی یەکتر قبـووڵ بکـەن، بـە موسـڵمان وناموسـڵمانەوە، چۆن ئـەو بۆگەنە هەڵنەدەنەوە ئێستا شەڕی لەسەر بکەن»**.

ئـەم قسـەیە لـەو سـیاقەی[(١)] تێیـدا وتـراوە ئـەو پەیامـە بـە مـرۆڤ دەگەیەنێت کە خەڵکی عاقڵ ئەوەی خەڵك هان بدات بۆ یەکتر قبـوولکردن لەناو شیعە وسوننە نیـە یـان دەگمەنـە. جـا هـەرکامیان بێـت بەڕاسـتی بەڵگەی بوێری ئەم کەسەیە لە ئاست ئەو هـەموو کەڵـە پیـاو وزانایانـەی ئیسلام کە موسڵمانانیان هانداوە بۆ لێبـووردەیی وتسـامح، وهـەرگیزیش

(١) سیاق : واتە پاش وپێشی قسە، یان: چوارچێوەی ڕستە وقسە.

باوەڕ ناكەم یەك زانا لە زانا ناودارەكانی ئیسلام دەستیان هەبووبێت لە فیتنە وئاژاوەكانی نێوان شیعە وسوننە ئەگەر ڕویدا بێت، یەك بەڵگەش نیە شتی وا بسەلمێنێت. ئەگەریش لەبەردەست هەیە با دریغی نەكات.

ئەم مامۆستایە وەك دەبینن لە مێژووی ئیسلام ئەگەڕێ بە دوای هەڵە وبرینەكاندا وپێوەی دەنوسێ ودەناڵێ، دەی ئەوە سیفەتێكی جوان نیە! نەك هەر ئەوە بەڵكو سیفەتی نەیارانی ئیسلامە.

**هەڵوێستی چوارەم:** كە ئەڵێ: ئینجا وەرە عاقڵ بدۆزەرەوە لەناو ئەمانە، كە ئەو خەڵكە هانبدەن بۆ یەكتر قبوولكردن بە موسڵمان ونامسوڵمانەوە، وا لەو خەڵكە بكەن ئەو مێژووە بۆگەنە هەڵنەدەنەوە وئێستا شەڕی لەسەر بكەن.

ئەڵێم: بێگومان ئەو فیكرە ودیدەی تۆ شایستەی ئەو وەسفەیە وا مێژووی گەشی ئیسلامی پێ وەسف دەكەیت. كە من سەرەتا وامزانی وا ناڵێ (چونكە قسەكەی ڕون نیە)، هەندێك دۆست وبرا وتیان: بەڵێ، ئەڵێ: «مێژوی بۆگەن»!!.

تەنانەت یەكێكیان كە گوێی گرت لەو وتەیەی بۆی نوسیبووم: «بەڵێ، ئەڵێ: مێژوی بۆگەن... دڵم توند ئەبێت حەزناكەم لەوە زیاتر گوێی لێبگرم».

بـــەڵێ ڕاســـتە واللە موســـڵمانی ڕاســـتگۆ پێـــی ناخۆشـــە مینبـــەری پەیامبـــەری ﷺ بقوازرێتـــەوە بـــۆ دژایـــەتیکردنی ئیســـلام ووەســـفکردنی مێژووەکەی بە بۆگەن وتاڵ ورەش.

# مەقالەی شەشەم

**هەڵوێستی یەکەم : ئەڵێ: «تەسەور دەکەن قەبری ئیمام ئەبو حەنیفە وشێخ عبدالقادریان دەرهێناوە وسوکایەتیان پێکردووە؟!»**.

بەڵێ ئەمە شیعە صەفەویەکان کردیان لەکاتی داگیرکردنی عێراقدا لە نۆسەدەکاندا، کەچی بە ڕاشکاوی ناڵێت شیعە کردویانە!! بەڵکو هەندێ کەس وای لێ حاڵی بوون کە ئەهلی سوننە کردویەتی.

**هەڵوێستی دووەم**: ئەڵێ: «سەیری ئەهلی سوننەش بکەن بزانن چیان کردووە بەیەکدی!؟ لەگەڵ زاناکاندا نەك خەڵکی عەوام، تەسەور دەکەن کەسێکی وەکو ئیمامی تەبەری موسڵمانان چیان لێکرد: حەنبەلیەکان چیان لێکرد؟! لەسەر ئەوەی کتێبێکی دانا بەناوی «إختلاف الفقهاء» باسی ئیمام ئەحمەدی نەکردووە تیایدا، هەر لەسەر ئەوە بەرد بارانیان کرد.. ئەوەندە بەردیان تێگرت نەیتوانی بێتە دەرەوە».

**وەڵام:**

١. من ئەم تانەیەم زۆرجار لەلای شیعەکان بینیوە ولە ئەهلی سوننەیان داوە!

٢. پاشان: بە تۆ ئەڵێم: بۆ نەمان بینی باسێکی شیعەشمان بۆ بکەی؟! کە چیان بە یەکدی کردووە؟! خێرە پەلەتە بۆ باسکردنی هەڵەی ئەهلی سوننە؟!

خــۆ ئەگــەر شــتی واش لــە ســوننیەکان وەشــابێتەوە بێگومــانم لــە شیعیەکان لەمە خراپتر وەشــاوەتەوە، ئــەوەش یاســایەکە: هــەر هەڵەیــەك سوننیەك کردی لەگەڵ دانىنان بەو هەڵەیە بەڵام بێگومانین موبتــەدیع لــەوە خراپتری هەیە:

﴿يَسْأَلُونَكَ عَنِ الشَّهْرِ الْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌ وَصَدٌّ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ وَكُفْرٌ بِهِ وَالْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِ مِنْهُ أَكْبَرُ عِنْدَ اللَّهِ وَالْفِتْنَةُ أَكْبَرُ مِنَ الْقَتْلِ وَلا يَزَالُونَ يُقَاتِلُونَكُمْ حَتَّى يَرُدووكُمْ عَنْ دِينِكُمْ إِنِ اسْتَطَاعُوا﴾

٣. ئەو نمونەی تۆ دەیهێنیتەوە هەندێك لە عەوام پێــی هەســتان نــەك زانایان -وەك بە مێژوو بۆتی دەســەلمێنم إن شاء الله-، زانایــان پشــتگیری خــەڵکیان نــەکردووە، بــەڵکو هەنــدێك لــە موجەســیمەکان وحەنبەلیــە دەمارگیرەکان ڕێگر بوون لە ڕێیدا، وەکــو زەهــەبی لــە «تاریخ الإسلام»دا ئەڵێ: «وقال أبو محمد الفرغاني: كان محمد بن جرير ممن لا تأخذه في الله لومة لائم، مع عظيم ما يلحقه من الأذى والشناعات من جاهل وحاسد وملحد. فأما أهل الدين والعلم فغير منكرين علمه وزهده في الدنيا ورفضه لها»(١).

خۆ ئەگەر بڵێی نەخێر عولــەما حەنبەلیــەکان کردیــان! ئــەڵێم: دیــارە بەناو عالمێك بووە وەك تۆ چۆن لەســەر مینبــەرەوە هێــرش دەکەیتــە ســەر

---

(١) السير (١٤/ ٢٧٤).

شێخ عەبدوولڵای کوڕی ئیمامی ئەحمەد وشێخ موقبلی زانا کە یەمەنی بە خۆری سووننەت ئاوەدان کردەوە وتاریکی شیعەگەریتی لە کۆمەڵێك ناوچەی یەمەن ڕەواندەوە، هێرش دەکەیتە سەری کە کوردستان تا یەمەنتان بەینە، کێ دەڵێ تۆش بۆت بلوایە ولەبەر دەستت بووایە هێرشت نەدەکردە سەری وبەرد بارانت نەدەکرد؟!

٤. ئەوە زوڵمە لە حەنبەلیەکان کە ئاوها بە ڕەهایی ئەڵێی حەنبەلیەکان! بەڵکو خەڵکە عەوام وڕەشۆکەکە بوون لە حەنبەلیەکان نەك هەموو حەنبەلیەکان وەکو باسمکرد.

قال ابن الأثير: «وإنّما بعض الحنابلة تعصّبوا عليه»(١).

وقال ابن كثير: «بعض عوام الحنابلة ورعاعهم»(٢).

وقال الحموي: «وركب نازوك صاحب الشرطة.. يمنع عنه العامة»(٣).

با ئەوانەشیان تێدا بێت سەرقاڵی حەدیس بووبێتن.

تەنانەت دەگێڕنەوە کە سکاڵا لای قازیش دەکرێت لەسەر تەبەری، ئەویش بۆ قازی دەنوسێت: «لا عصابة في الإسلام كهذه العصابة الخسيسة»، بۆیە ئیبن جەوزی ئەڵێ: «وهذا قبيح منه، لأنه كان ينبغي أن

---

(١) «الكامل في التاريخ» (٤٠٨/٣).

(٢) البداية (١٤٦/١١).

(٣) معجم الأدباء (٣٦٦/٢).

يخاصم من خاصمه، وأما أن يذم طائفته جميعًا وهو يدري إلى من ينتسب فغاية في القبح».

بۆیه دەڵێم بێگومـان ئـەو کۆمەڵـە خەڵکـە حەنبەلیـە سـتەمیان لـە تەبەری کرد. وەکو چۆن ئەم مامۆستایە ستەمی لە حەنبەلیەکان کـرد ولـە قسەکانیشی ڕق وکینەی زۆر بەرامبەر حەنبەلیەکان دەبینی، ئەوەنـدە زۆرە ناشاردرێتەوە وبە ئاسانی هەستی پێدەکەیت، والله أعلم.

## زانایان وستایشیان بۆ ئیبن جەریر:

قال ابن كثير[١]: «وفي شعر رأسه ولحيته سواد كثير، ودفن في داره لأن بعض عوام الحنابلة ورعاعهم منعوا دفنه نهارا ونسبوه إلى الرفض، ومن الجلهة من رماه بالإلحاد، وحاشاه من ذلك كله. بل كان أحد أئمة الإسلام علما وعملا بكتاب الله وسنة رسوله، وإنما تقلدوا ذلك عن أبي بكر محمد بن داود الفقيه الظاهري، حيث كان يتكلم فيه ويرميه بالعظائم وبالرفض».

قال أبو عبدالله الحاكم: «سمعت حسين بن علي النيسابوري: أول ما سألني ابن خزيمة قال لي: كتبت عن محمد بن جرير الطبري قلت: لا، قال: ولم قلت: لأنه كان لا يظهر، وكانت الحنابلة تمنع من الدخول عليه، فقال: بئس ما فعلت، ليتك لم تكتب عن كل من كتبت عنهم، وسمعت من أبي جعفر.

---

(١) في تاريخه مجلد ١٤ ص ٨٤٩، ت: التركي.

قال الحاكم: وسمعت أبا بكر بن بالويه يقول: قال لي: أبو بكر بن خزيمة: بلغني أنك كتبت التفسير عن محمد بن جرير؟

قلت: بلى، كتبته عنه إملاء.

قال: كله؟

قلت: نعم.

قال: في أي سنة؟

قلت: من سنة ثلاث وثمانين إلى سنة تسعين ومائتين.

قال: فاستعاره مني أبو بكر، ثم رده بعد سنين.

ثم قال: لقد نظرت فيه من أوله إلى آخره، وما أعلم على أديم الأرض أعلم من محمد بن جرير، ولقد ظلمته الحنابلة».

قال الذهبي(١): «وقد وقع بين ابن جرير وبين ابن أبي داود، وكان كل منهما لا ينصف الآخر، وكانت الحنابلة حزب أبي بكر بن أبي داود، فكثروا وشغبوا على ابن جرير، وناله أذى، ولزم بيته، نعوذ بالله من الهوى».

٥. پاشان هێرشی قەڵەم وكاغەز وزمان زۆر قورسترە لە شوێنی بۆكس وشەلاّق وشەق، كە بە شێخ موقبلی زانا ئەڵێن ڕەشۆك، بەڵكو لە زاری تۆوە دەگێڕنەوە بە شێخ موقبلت وتوە بێ ئوسلوب، لەسەر ئەوەی وەلاّمێكی قەرزاوی نوسیوە، لەو كاتەی قەرزاوی وتویەتی: «خوا لە ئاسمانەوە بێتە خوارەوە ٩٩٪ ناهێنێت لە هەڵبژاردن»!! تەنانەت كە

---

(١) في السير (١٤/٢٧٨).

پرسیارم کردی ئەم کەسە کێیـە؟ ئـەیانوت: ئـەوەی وا زۆر ڕقـی لـە شـێخ موقبیلە؟!

کەواتە ئەگەر شوێنی برینەکانی ئەوان سارێژ بێتەوە ئەوانەی تۆ نەخێر چونکە شوێنی قسە بە ئاسانی خۆش نابێتەوە -وەك کوردەواری ئەڵێن-.

٦. خێرە لەوەو پێش باسی چی گەنی وتـاڵی وڕەشـیەك دەکـەیت نـاو ناهێنیـت، کەچـی لـە پڕێکـدا وبـە قـودرەتی القـادر موسـڵمانان باریـك دەکەیتەوە بۆ ئەهلی سوننە وئەوانیش بۆ حەنبەلیەکان؟! هیـوادارم تونـدی حەنبەلیەکان لەسەر سوننەت زۆری بۆت نەهێنابێ!!

٧. ئەم جۆرە کارانە چەند حاڵەتێك بوون لە مێژوودا بە کـەمی ڕویـان داوە، ولەلایەن مەزهەبەکانی تریشەوە کراوە، بەس بۆ باسـی حەنبەلیـەکان دەکات بە تەنها وباسی مەزهەبەکانی تر ناکات؟!

٨. ئەی نمونەی ئەو فەتوایانە بۆ ناهێنیتەوە کە ئەڵێت ئەگـەر قورئـان پێچەوانەی ڕای ئەبو حەنیفە بوو، ئەوە ئەبێت تەئویل بکرێ یا مەنسوخە.

یان ئەوەی ئەڵێ: نابێت حەنـەفی لـە شـافیعی مـارە بکرێـت، بـەڵکو هەندێك لە فوقەهایانی حەنەفی وتیان: بەڵێ ئەبێت، بەڵام حیسـابی ئـەهلی کیتابی بۆ دەکەیت؟!

یان لەسەر ئەوەی زانایـان نـەیان دەوت قورئـان مەخلوقـە ئەشـکەنجە دەدران، لەلایـــەن خەلیفـــە موبتەدیعـــە موعتەزیلیەکانـــەوە، لەوانـــەش ئەشکەنجەی زۆر دران: ئیمام ئەحمەد بوو.

ئەمانە زیاتر مەبەستەکەی تۆ ناپێکن؟! بەڵێ!

ئەی ئەمانە بۆ باس ناکەیت؟!

چونکە بە خەڵك ئەڵێت ئەو مەزهەبگەرێتیەی کە ئێوە شـەڕی لەسـەر دەکەن خراپە. کە ئەمەش خاڵی داهاتومە:

٩. بـــەڵێ ئـــەو هێرشـــکردنەی ســـەر تەبـــەری، دەرەنجـــامی ئـــەو مەزهەبگەرێتیەیە کە ئێمە دژی دەوەستینەوە وئێوەش بـەرگری لێدەکـەن، ئەمەش خاڵی داهاتومە.

١٠. خێرە لەولاوە ئێمە خراپین چونکە دژی مەزهەبگـەرێتین، لێـرەش لەسەر ئەوەی مەزهەبگەرێتیمان کردووە خراپین؟![1].

١١. موسڵمانان لەو ڕۆژدەدا چەندین ملیۆن بون، دەی ئەوە ستەم نیـە لە مێژووی ئیسلام ولە ئەو ملیۆنەها موسڵمانەی ئەو سەردەمە، کە سـەد موسڵمانێکیان یان تۆ بڵێ هەزاریان کارێکیان کردبێت مێـژوی هـەمویانی

---

(١) لــەولاوە ئێمــە خــراپین چــونکە دژی مەزهەبگــەرێتین، لێــرەش لەســەر ئــەوەی مەزهەبگەرێتیمان کردوە خراپین؟! فیا للعقول أین دهبت.

پێ عەیبدار بکەیت؟! لە کاتێکدا هەمو موسڵمانان إلا ما رحم ربك ئـەو کارەیان پێناخۆشە کە بە ئیمامی تەبەری کراوە؟!

١٢. ئەڵێ : «هەر لەسەر ئەوە بەرد بارانیان کرد... ».

«هـەر» لـە زمـانی کوردیـدا واتــە: تـەنیا، بـە فارسـی وعــەرەبیش بەرامبەری «فقط»ـە.

دەی ئــەوە بوهتانــە وچەواشــەکردنەوە وشــت گــەورە کردنــە، بــەڵکو هۆکاری تر هەبوون وەکـو بـە یارمـەتی خـوای گـەورە باسـی دەکـەم لـە خاڵەکانی داهاتودا.

١٣. بەڕێزان کـەس وا نـەزانێ شـتێك هـەبووبێ لـە نێـوان تەبـەری وئەحمەدی کوڕی حەنبەلدا، بەڵکو حەمەوی[1] کە زۆر بە درێژی باسی ژیان ومیحنەتەکەی تەبەری کـردوە وزۆرێـك لـەوەوە دەیگێڕنـەوە، ئـەڵێ: کـە تەبەری هاتۆتە بەغدا ویستویەتی حەدیس لە ئەحمـەدەوە ببیسـتێ، بـەڵام ئەحمەد ئەوکاتە وەفاتی کردبو: «ثم دخل أبو جعفر إلي مدينة السلام، وكان في نفسه[2] أن يسمع من أبي عبد الله أحمد بن حنبل، فلم يتفق ذلك لموته قبيل دخوله إليها، وقد كان أبو عبد الله قطع الحديث قبل ذلك بسنين».

---

(١) معجم الأدباء (٢/٣٦٤).

(٢) ئەمە شتێکە لە دەرونی بووە؟ کەواتە حەمەوی چۆن زانی؟! ئەڵێین بێ دوو دڵی پشـت بەخوا: ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە تەبەری خۆی باسـی کـردووە وەگـەرنا کـێ ئـەزانێ چـی لـە

# میحنەتی تەبەری لەسەر کتێبەکەی

١٤. میحنەتی تەبەری لەسەر کتێبەکەی: لە سەدەکانی سێ وچواری هیجریدا مەزهەبی حەنبەلی زۆرتر باوبوو لە عێراقدا، ئەمەش بەهۆی خۆڕاگری ئیمامی ئەحمەد لە فیتنەی خەلقی قورئان، ئیتر بەوە حەنبەلیەکان پایەیان لە پێش چاوی خەڵك زۆر بەرز بویەوە ولای دەسەڵاتیش دەستیان دەچو بە هۆی ئەو ستەمەی لە سەردەمی دەسەڵاتی موعتەزیلەدا لێیان دەکرا، کە تەبەریش هاتە عێراق، دوای ماوەیەك ولە کۆتاییەکانی ژیانیدا بوو توشی ئەم میحنەتە هات، وا لە خوارە بە یارمەتی خوای میهرەبان پوختەی دیراسەی خۆم لەسەر ئەو میحنەتە دەگوشم وعەرزتانی دەکەم:

**یەکەم:** تەبەری شافیعی مەزهەب بوە تا نزیکەی بیست ساڵ، پاشان دوای فراوان بوونی زانستی مەزهەبێکی تایبەت بە خۆی هەبووە وەکو چوار مەزهەبەکە.

بەڵکو لەسەرە مەرگدا ئەڵێن: ئێمە متمانەمان پێتە لەسەر چ مەزهەبێك بین خوا لێمان ڕازی ئەبێت؟! ئەڵێ: ئەوەی لە کتێبەکانمدا نوسیومەتەوە، باوەڕم بەوە هەیە.

---

دڵەکاندایە. وەکو چۆن ئەڵێی فلان کەس ئەیویست ئەو کارە بکا، دیارە تۆ زانیاریت لە مەبەستی ئەو هەیە بە باسکردنی خۆی یان بە قەرینەکان...

بەڵکو شوێنکەوتەی هەبووە وەك چوار مەزهەبەکە بەڵام لەوەدووا نەماون.

**دووەم:** سەرباری خۆشویستنی بۆ ئیمامی ئەحمەد وبە گەورەڕاگرتنی، بەڵام وا دەردەکەوێ پلەوپایەی ئەحمەد لای تەبەری لە ئاست شافیعی وئەوزاعی ومالك وئەبو حەنیفەی وئەوان نەبووە.

**سێیەم.** ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی بە موحەدیس زانیوە نەك بە فەقیھ.

**چوارەم:** سەر مەزهەبی حەنبەلیەکان لە بەغدا ئەبوبەکری کوڕی ئەبی داود بووە، لە نێوان ئەم وتەبەریش دا کێشە هەبووە وەك چۆن لە نێوان ئەقرانەکان کێشە ئەبێت. ئەگەرچی ئەو لە ئاستی تەبەریشدا نەبووە.

**پێنجەم:** حەسودی بردن بە مەکانەتی تەبەری لەلایەن حەسودەکانەوە بەتایبەت ئەقرانەکان:

حَسَدووا الفَتى إذ لَم يَنالوا سَعيهُ      فَالقَومُ أَعداءٌ لَهُ وَخُصومُ
كَضَرائِرِ الحَسناءِ قُلنَ لِوَجهِها      حَسداً وَبَغياً إِنَّهُ لَدَميمُ

**شەشەم:** زۆرینەی خەڵکی ئەو شوێنەی تەبەری تێیدا نیشتەجێ بووە کە عێراقە حەنبەلی بوون.

**حەوتەم:** بڵاوبوونەوەی ئەوەی کە تەبەری شیعیە، لەبەر:

أ. نوسینی کتێبێك لەلایەن ئیبن جەریرەوە لەسەر ڕێگاکانی حەدیسی ((غەدیر خوم)). وەکو وەڵامێك بۆ ئیبن ئەبی داود کە جوزئێکی نوسیبوو

لەسەر زەعیفی ئەو حەدیسە، ئەمەش تەبەری وەکو بەرگری لە هەق وتبووی نەك وەك شیعەگەرێتی وڕاستیشی کرد حەدیسەکە صەحیحە[١].

**ب.** هەندێکیش ئەڵێن بوونی زانایەکی شیعیە بە هەمان ناوەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە ڕاست نیە چونکە ئەو شیعیە لە چوار سەدەکاندا بووە وئەم تەبەریە لە دوو سەدەکاندا بووە.

**ج.** بڵاوبوونەوەی ئەم پڕوپاگەندەیە بەهۆی هەندێك باسەوە بووە کە لە کتێبەکانی وروژاندویەتی.

**هەشتەم:** بوونی خیلاف لەسەر هەندێك ئایەت وهەندێك باسی ئەسمائوسیفات لەگەڵ کۆمەڵێك لە حەنبەلیەکاندا.

**نۆیەم:** نوسینی کتێبێك بە ناوی جیاوازی فوقەها «**إختلاف الفقهاء**» بەبێ ناوهێنانی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل، بە عوزری ئەوەی ئەحمەد موحەدیس بووە نەك فەقیە.

**دەیەم:** تا ڕۆژی جومعە هات وپرسیاریان لێکرد چی ئەڵێی لەبارەی دانیشتن لەسەر عەرش؟ وچی ئەڵێی لەبارەی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلەوە[٢]، ئەویش وتی: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل حسێب بۆ خیلافی ناکرێت، وتیان:

---

(١) بەڵام بەڵگەی تێدا نیە بۆ لە پێشتری عەلی ﵁ بە خیلافەت..

(٢) بێگومان وەڵامەکەی لەبارەی ئەحمەد وقوتابیەکانیەوە زانستی تەبەری خۆیەتی، وەگەرنا ناوبانگی ئەحمەد مەعروف بوە، سەبارەت بە وەڵامەکەی لەبارەی دانیشتنی سەر عەرشەوە دەردەکەوێت کە تەبەری پێکابێتی تا حەنبەلیەکان.

بەڵام زانایان وتەی دەهێننەوە لە خیلافدا، وتی نازانم کەس شتی لێوە گێڕابێتەوە، وکەسیش ناناسم لە قوتابیەکانی پشتی پێببەسترێ!

سەبارەت بە دانیشتن لەسەر عەرش شتی وا مەحاڵە، پاشان وتی:

سبحان من ليس له أنيس ولا له في عرشه جليس

ئیتر خەڵك هەرکە ئەوەیان بیست توڕە بوون، ئەویش ڕۆیشتە ماڵەوە... خەڵك ماڵەکەیان بەرد باران کرد ئەوەبوو ئەڵێن: وەکو کۆما لەبەر دەرگاکەی بەرز بۆتەوە، تا شوڕتە[١] هات وڕێگری لە خەڵکە عەوامەکە دەکرد.

بەڵام تەبەری لەوەودوا ستایشی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی دەکرد وباسی فەزڵی دەکرد، هەتا وەفاتی کرد.

بەڵام بێگومان لە ژمارە وچۆنێتی ووردەکاری ئەم چیرۆکە موبالەغە هەیە، ئەمەش لەم چیرۆکەدا ڕوونە وپێوەی دیارە، لەوانە:

* ئەڵێن: تەبەری کە چووەتە ماڵەوە ئەمەی لەسەر ماڵەکەی نوسیوە:

سبحان من ليس له أنيس ولا له في عرشه جليس

ئەوانیش سڕیویانەتەوە ولە شوێنی نوسیویانە:

لأحمد منزل لا شك عال إذا وافى إلى الرحمن وافد

فيدنيه ويقعده كريماً على رغم لهم في أنف حاسد

---

(١) شوڕتە کوردیترە تا پۆلیس..

على عرش يفلغه بطيب      على الأكباد من باغ وعاند
له هذا المقام الفرد حقاً      كذاك رواه ليث عن مجاهد

باشه، ئینجا بیهێنه بەرچاوی خۆت، ئەوەندە بەردی تێگیراوە لەدەر ماڵەکەیدا وەکو کۆما وگرد بەرز بۆتەوە!! ئێ تەبەری لە کوێوە هاتەدەر وئەو نوسینەی لەسەر ماڵەکەی نوسی.

بەڵکو تەبەری لەو کاتە ئەگەر پێی بکرایە خەڵکە عەوامەکەی هێور دەکردەوە نەك توندیان بکاتەوە لە خۆی.

بەڵگەی قسەکەشم تەماشای تەفسیری مقام المحمود بکە لە تەفسیرەکەی خۆیدا بەڕاستی ستەمی لێناکەم ئەگەر بڵێم موجامەلەی عەوامی کردوه!

بەڵگەیەکی تر هەندێك وتەی کەمی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی داخلی کتێبەکەی کردووە.

بەڵگەیەکی تر لە دوای ئەو ڕوداوەوە ستایشی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلی کردووە.

کەواتە تەبەری خەڵکی هێور کردۆتەوە نەك توندیان بکاتەوە لە خۆی وبێت لەسەر دیوار وماڵەکەی خۆی شیعرێك بنوسێت کە ئەوان هێڵی سورە لەلایان.

ئینجا چۆن وێرایەتی؟!

کەواتە یان بەردەبارانەکە درۆیە، یان شیعر نوسینەکە!؟

پاشان هەندێك خەڵکی تایبەت سەردانیان کردووە ودەرسیان لەلا خوێندووە، ئەگەر بەو شێوازە بێت چۆن ڕۆیشتون بۆلای ؟!

بۆیە والله أعلم ئەوەی ڕوون دەبێتەوە وەکو ئابلۆقە دانێك بووە ولەوەش ئەچێت هەندێك بەردی تێگیرابێت.

ئەوەی سەیرە بەلامەوە موحەققینی زانایان باسی وردەکاری ئەم میحنەتەیان نەکردووە یان هەر بە ئاماژەپێکردن ئاماژەیان بۆکردووە، وەکو: زەهەبی وئیبن کەسیر وئیبن عەساکر...

بەڵام ئەمسالی ئیبن خەلەکان ویاقوتی حەمەوی و.. باسیان لێکردووە بە وردی والله أعلم.

جا ئەو وەڵامەم بەجوانی بخوێنەوە والله أعلم لە جگە ئەم مەقالەیە لە شوێنی تردا ئاوها بە پوختی وکۆکراوەیی وڕێکخراوەیی وڕونکردنەوەی هۆکارەکان دەستت ناکەوێت. والحمد لله أولًا وآخرا، وأسأله المزيد من فضله.

# مەقالەی حەوتەم

**هەڵوێستی یەکەم** : دوای ئەو باسەی تەبەری ئەڵێ: «**سەیری نەسائی ئەکەی! سەیری حاکم ئەکەی! ئەو دوانە سزا دراون، لێدراون، لەسەر چی!؟ لەسەر ئەوەی بە زۆر وتویانە ئەبێت حەدیسێك باسی موعاویە بکەی!! ئەی کاکە نەمدۆزیوەتەوە بەلای منەوە حەدیسێك نەبووە، لە کەسم نەبیستوە ئەو حەدیسەم بۆ بگێڕێتەوە، بۆ دارکاریم دەکەیت؟!**».

**وەڵام:**

١. دیسانەوە ئەمە تانەی شیعەکانە لە ئەهلی سوننە، ئەوان باسی ئەم بەسەر هاتە دەکەن.

٢. ئەی بۆ باسی میحنەتی ئیمامی بوخاری ناکەیت؟ یان میحنەتی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل؟!

٣. ئەگەر وردبیتەوە لەم قسانەی: دەبینی باسی سێ کەس دەکات: ئەوانیش تەبەری ونەسائی وحاکمن، هەموو ئەم سیانەش «تۆمەتبارن» بە بونی تۆزێ شیعەگەرێتی تێیاندا، کەواتە خێرە ئەم سیانە ؟! یاخوا بە مەبەستەوە نەبێت!

٤. پاشان بەو شێوازە نیە ئەو باسی دەکات: بە زۆر بوو بێت، گرتبێتیان پێیان وتوبێتن: یان حەدسێکمان لەسەر موعاویە بۆ دەگێڕیتەوە یان لێت دەدەین، ئەوە شێواندنی مێژووە وچەواشەکردن وبە لاڕێدابردنی

ئەو ڕوداوەیە بۆ مەرامی تایبەت. وەك لە خـوارەوە إن شاءالله هۆکارەکـان ڕووندەکەمەوە.

٥. هـەروەها ئـەو ڕوداوە بـەو تێکدراویـەی ئـەو دەیگێڕێتـەوە لـە میحنەتەکەی ئیمامی نەسائیی دەچێت وپەیوەستی بە حاکمەوە نیە. واتە: هـەم گێڕانـەوەی ڕوداوەکـە بـەو شـێوەیە هەڵەیـە، هـەم تێکـەڵکردنی میحنەتەکەی نەسائی لەگەڵ بەسەرهاتەکەی حاکم هەڵەیە.

٦. خەڵکی عەوام ئەوەیان بەسەر نەسائی هێنا نەك زاناکان.

٧. هەروەها هەمو خـەڵك نـەبوو بـەڵکو ئـەهلی مزگـەوتێك بـوون، ئـەوەی حـاکمیش کەڕرامیـەکان بـوون. کەواتـە سـتەمە مێژوویـەکی دوورودرێژی پێ ناشیرین بکەی.

٨. ئەم نمونەی بە دەرە لـە ناونیشـانەکەی کـە بریتیـە لـە: «ئـەهلی سوننە چیان بە یەکتر کردووە؟» چونکە ئەوەی بەسەر حاکم هاتووە ئـەهلی سوننە نەیان کردووە بەڵکو کەڕرامیەکان کردوویانـە!! وەکـو ئـیبن کەسـیر باسیدەکات[١].

٩. پاشان ئەڵێ ئیمامی حاکم ونەسائی وتویانە: «لە کەسمان نەبیستوە حەدیسمان لەسەر موعاویە بۆ بگێڕێتەوە، ئیتر بۆ دارکاریمان دەکەن».

---

(١) «البداية والنهاية» (١٥/٥٦١ - ٥٦٢).

وەڵام: بێگومان ئەمەش چەواشەکردنە ئیتر نازانم مەسەلە ڕق لێبوونی موعاویەیە یان چی؟ چونکە نەسائی چەندین حەدیسی بیستوە لەسەر موعاویە، بەڵام بەلایەوە سەحیح نەبووە.

حاکمیش بە هەمان شێوە، حەدیسی بیستوە لەسەر موعاویە، بەڵام دەرونی ئۆقرەی نەگرتووە بە گێڕانەوەی. نەیوتوە کەس بۆی نەگێڕاومەتەوە، بەڵکو حەدیس لە موعاویە وعەمرەوە ئەگێڕێتەوە لە «المستدرك».

١٠. ئەوەی لە «المنتظم» (٢٧٥/٧)ی ئیبن ئەلجەوزی و«الوافي بالوفيات» (٤٢٧/١)ی «الصفدي» هاتووە لە «الحاكم» نەدراوە، بەڵکو مینبەرەکەی شکێنراوە وئەمیش لە ترسان لە ماڵ دەرنەچوە وڕێگری لێکراوە.

١١. سەبارەت بە میحنەتەکەی ئیمامی نەسائی، ئەوا تەنها یەك هۆکار نەبوو بۆ ئەو بەرخوردە، وەکو ئێستا باسی ئەو میحنەتە دەکەم إن شاء الله لە هەندێك ڕووەوە، بۆ ئەوەی ئیتر کەس بە چەواشەکاریەوە نەیهێنێتەوە بۆ فریودان:

## میحنەتەکەی نەسائی

سەرەتا کەس گومانی لە عیلم وپایەداری وشارەزایی ئیمامی نەسائی نیە، بەڵکو بە قسەی موحەقیقینی عولەما لە موسلیمی کوڕی حەجاج

لێزانتر بووە کە خاوەنی صەحیحی موسلیمە. تەنانەت کاربەدەستانی میسر کردیان بە قازی هەمو میسر، بەڵام بەهۆی فیت وپیلانگێڕی ئەقرانە ناهاوتاکانەوە ئەوەبو میسری بەجێهێشت -نسأل الله العافية-.

جا نەسائی لە شام توشی ئەم میحنەتە هات، شامیش زۆرێکی لەسەر خۆشویستنی بەنی ئومەیە گەورە بوو بوون ولادانێکیان تێدا بوو لەبارەی عەلیەوە، ئەوەبوو بۆ هیدایەتدانی خەڵکی شام وبیرخستنەوەیان، کتێبێکی نوسی لەبارەی فەزڵی ئیمامی عەلیەوە وناوی لێنا «خصائص الإمام علي» «تایبەتمەندیەکانی ئیمامی عەلی»، پاشان کتێبێکی نوسی لەبارەی فەزڵی سەحابەکانی پەیامبەرەوە ﷺ، ئەمەش گومانێکی دروستکرد کە شیعەگەرێتی بکات.

ئەبوبەکر محمدی کوڕی موسای کوڕی یەعقوبی کوڕی مەئمونی هاشمی ئەڵێ: پێم وت خەڵك وا ئەڵێن؟ ئەویش وتی: کە چوومە شام خەڵك لادانێکیان تێدا بوو لەبارەی عەلیەوە بۆ هیدایەتدانیان ئەو کتێبەم نووسی، ومن ئامادە بووم کە داوایان لێکرد فەزڵەکانی موعاویەش لە کتێبکدا دابنێت، ئەویش وتی: چی تێدا بنوسم؟ حەدیسی «اللهم لا تشبع بطنه!» تێدا بهێنم؟! ئیتر ئەو بێدەنگ بوو وکابراش بێدەنگ بوو.

ئەوەبوو ئەوانیش پەلاماریان دا ولێیان دا، کە تەمەنی زیاتر بوو لە هەشتا ساڵ وکارێکی زۆر خراپیان کرد، پاشان کۆچی کرد بۆ فەلەستین

ولەوێش **ئەڵێن** بەهۆی ئاسەواری لێدانەکەوە وەفاتی کـردووە وقەبرەکەشـی هەر لەوێیە.

لێرەوە بۆمان ڕونـەوەبوو کـە ئـەهلی مزگـەوتێك بـوون نـەك هـەموو ئوممەتی محمد ﷺ. وخەڵکی عەوام ئەم کارەیان کردووە. لەبـەر نـەهێنانی حەدیس نەبووە بەڵکو لەبەر لەکەدارکردنی موعاویە بووە -وا تێگەیشتن-.

بۆیە پوختەی ئەو هۆکارانەی بووە مایەی دروست بوونی ئەو بۆچـوونە لەسەر نەسائی رَحِمَهُ ٱللَّهُ ئەمانەی خوارەوە بوو:

أ. کتێبێکی نوسی لـەبارەی فـەزڵی ئیمـامی عەلیـەوە ونـاوی لێنـا «خصائص الإمام علي» «تایبەتمەندیەکانی ئیمامی عەلی».

ب. هـەروەها نـاوی کتێبەکـەی نـا: «الخصائص»، ئەمـەش بـۆ پەیامبەران دەوترێ، چونکە بۆ هـاوەڵان وپیاوچـاکان دەوترێـت «الفضائل» یان «المناقب» نەك «الخصائص». ئەمەش ڕایەکە پێم دوورە.

ج. پاشان کتێبێکی نوسی لەبارەی فـەزڵی سـەحابەکانی پەیامبـەرەوە ﷺ، وهیچ حەدیسێکی لەبارەی فەزڵی موعاویەوە لەو کتێبە نەهێنا.

د. خەڵکی شام زۆرێکیان لەسەر خۆشویستنی بەنی ئومەیە گەورە بوو بوون ولادانێکیان تێدا بوو لەبارەی عەلیەوە.

ه. لە ناو ئـەو خەڵکـە داوای لێکـرا حەدیسـێك بگێڕێتـەوە لـەبارەی موعاویەوە نەیگێڕایەوە.

و. لەكەداركردنی موعاویە بەوەی وتویەتی: «حەدیسی: «اللهم لا تشبع بطنه!» تێدا بنوسم؟.

ز. بڵاوبوونەوەی ئەوەی كە نەسائی شیعەگەرێتی تێدایە.

بەگوێرەی لێكۆڵینەوەی بەندە ئەمانە هەموو هۆكار بوون **-والله أعلم-**، بۆیە ستەمە كورتی بكەیتەوە لە یەك هۆكار، هەروەك چۆن ستەمە یەك ئوممەتی پێ ناشیرین بكەی. وەكو چۆن لە هەر موسڵمانێكی ئەم دونیایە بپرسیت، بێگومانم ئەم كارەی پێ ناخۆشە **إلا ما رحم ربي**.

## میحنەتەكەی حاكم

١٢. سەبارەت بە بەسەرهاتەكەی حاكم رَحِمَهُ ٱللَّهُ، وەكو ئاماژەم پێكرد لە خاڵەكاندا تێكەڵكردنی لەگەڵ میحنەتەكەی نەسائیدا هەڵەیە.

جا چی بەسەرهات؟ چۆن بوو؟ كێ بەسەری هێنا؟ هۆكارەكەی چی بوو؟

**هۆكارەكەی** بوونی هەندێك شت بوو لە حاكمدا، كە ئاماژەی شیعەگەرێتی ئەو بوون؛ لەوانە:

أ. لە بەشی: «معرفة مناقب الصحابة»ی كتێبی «المستدرك على الصحيحين»، باسی هەندێك هاوەڵ ناكات وەكو موعاویە وعەمری كوڕی عاس رَضِيَ ٱللَّهُ عَنْهُمْ لەبەرئەوەی خەصمی ئیمامی عەلی بوون، بۆیە وتیان: ئەمە كارێكی چاك نیە.

ب. هێنانی کۆمەڵێك حـەدیس کـە زیـاتر شـیعەکان دەیانهێنایـەوە، وەکـو حەدیسـی «بالّنـدە»کـە، وحەدیسـی «أنا مدینة العلم وعلي بابها» وحەدیسی: «النظر إلی علي عبادة»، وچەندین حەدیسی تر، کە سـەنەدێکی سەحیحیان نیە، چ جای سەنەدێکی وا سەحیحیان هەبێت لەسـەر مـەرجی بوخاری وموسلیم بن، بەڵکو لە کتێبێك بیاننوسیت کـە بـریتی بێـت لـەو شتانەی لە دەست ئەوان چووە ولەسەر مەرجی ئەوانیشە!؟

ئەوەبوو «فأنکر علیه أصحاب الحدیث ذلك، ولم یلتفتوا فیه إلی قوله ولا صوبوه في فعله»[1]. جا فەرمودەناسان ئەو کارەیـان پـێ بـاش نـەبوو وئاوڕیان بۆ کتێبەکەی یان ئەو حەدیسانەی نەدایەوە وئەو کارەیان پەسـەند نەکرد.

ج. چەندین حەدیسی لاواز بەڵکو هەڵبەستراوی هێنابو لەسـەر فـەزڵی ئیمامی عەلی، بەڵام حەدیسـی لەوانـە بـەهێزتر هـەبو نـەیهێنابو لەسـەر فـەزڵی موعاویـە وعـەمر، ئـیتر بۆیـە وتیـان: خێـرە بـۆ عـەلی، لاواز وهەڵبەستراوەکانیش سەحیحن، بەڵام بۆ موعاویە وعەمر سـەحیحەکانیش لاوازن؟!

د. پێیـان وتـوە: حەدیسـێك بگێـڕەوە لـەبارەی فـەزڵی موعاویـەوە؟ وتویەتی: لە دڵمەوە نایە، یان دڵم ڕێگەم نادا، یان دڵم ئۆقرە ناگرێت!

---

(١) کما في تاریخ بغداد.

بۆیــه بــەهۆی کۆمــەڵێك لــەم هۆکارانــە: کەڕرامیــەکان پــەلاماری مزگەوتەکەیان دا ومیبنەرەکەیان شکاند وئەویش لە ترســی ئــەوان لــەماڵ دەرنەدەچوو.

بە پوختی ئەمە بریتیە لە بەسەرهاتی حاکم، بۆیە بۆت ڕوون بوویــەوە ئەم مەلایە شتەکەی گەورە کردۆتەوە، زیاد وکــەمی لێکــردووە، وزۆرجــار تاوانی چەند کەسێك ئەخاتە ئەستۆی هــەموو ئوممــەتی ئیســلام، ئەمــەش ستەمە.

پەنا بەخوا دەگرین بە فەزڵی خۆی لە تاریکیەکانی ڕۆژی دوایی

## مەقالەی هەشتەم

دوای باسکردنی تەبەری وحاکم ئەڵێ: **((ئــیبن حیببــان لەشــار بــەدەر کراوە)).**

**وەڵام:** دیسانەوە لەسەر ئەم قەسەشی چەند تێبینیەکم هەیە:

## میحنەتەکەی ئیبن حیببان

١. سەرەتا وپێش هەموو شتێك گومانمان لە ئیمامەتی ئــیبن حیببــان ((ئەبو حاتیمی بووستی)) نیە، بەڕاستی دەریایەك بووە لــە زانســت، ولــەوە ئەچێت یەکــەم کەســێك بووبێــت کــە کتێبخانــە ئەوەدانەکــەی خــۆی لــە

کتێبخانەیەکی کەسیەوە کردبێتە کتێبخانەیەکی گشتی بۆ ئەوەی هەموو کەسێك سودی لێببینێت.

٢. بەڵام ئەی بۆ باسی ئەوەش ناکەیت لەسەر چی بوو وەخت بوو بکوژرێ ولەشار بەدەر بکرێ؟ هۆکارەکەی چی بوو؟

٣. لە مزگەوت بوو وتی: «النبوة: العلم والعمل» واتە: پەیامبەرایەتی زانست وکردەوەیە. ڕوکەشی وتەکەی: واتە: پەیامبەرایەتی شتێکە بە هەوڵدان بە دەست دێت، ئەویش بریتیە لە زانست وکردەوە، یانی: کەسبیە ومەوهبی نیە[1]، جا وابێت هەرکەسێك ویستی دەبێتە پەیامبەر، ئەمەش ڕای فەیلەسوفەکانە وکوفرە بە کۆدەنگی هەموو زانایان.

که ئەمەش وایکرد لایەکی مزگەوتەکە تورە بوون، وولاکەی تریشی پشتگیریان لە قسەکەی کرد!! تەنانەت حوکمی زەندەقەیان بەسەردا وسکاڵا گەیشتە قازی، وبەڵام خوا سبحانە بە ڕەحمی خۆی ڕزگاری کرد.

٤. ئەگەر کەسێك لە هەندێ ڕووەوە لەم ڕوداوە بڕوانێ بەڕاستی مێژووی گەشە نەك ڕەش، وەکو لە خاڵی داهاتوو ڕوونی دەکەمەوە.

---

(١) کە لەلایەن خواوە ﷻ بەوەی شیاوە دەبەخشرێت، بەبێ ئەوەی هەوڵی پێبەخشراوەکەی تێدا بێت، وبە زانست وکردەوە پێی بدات.

٥. بەڵگەیە لەسەر زیندوویەتی ئەم ئوممەتە، کە هەر کەس دەستدرێژی کردبێت بۆسەر دین ((بە ڕای ئەوان))، هەر پلە وپایەیەکی هەبووبێ لێیان قەبووڵ نەکردووە، ئەوە غەیرەیە لەسەر دین، لەبەر خوا، لەبەر ئیسلام، بۆیە بنچینەی کارەکە کارێکی باشە وجێی دەست خۆشیە لەگەڵ عوزر هێناوە بۆ قسەیەك کە مەحمەلی چاکیشی هەیە وەکو زانایان کردیان بۆ قسەکانی ئیبن حیببان.

٦. پیاوی بە ویژدان ئەبێت بڵێ: خۆزگە ئیبن حیبان ئەو قسەیەی نەکردایە، وهیچ پێویستیشی نەدەکرد قسەیەکی ئاوها بکا کە خەریك بوو بە هۆیەوە ژیانی کۆتایی بێت. عاقڵەکان لەم باسە ئاوها ئەڵێن. نەك بیکەنە خاڵێکی ڕەش ولە لاپەڕە سپی وگەشەکانی ئیسلام دەریبهێنن ولە لاپەڕە ڕەشەکاندا دایبنێن ولەسەر مینبەریشەوە بیگێڕنەوە.

٧. ئەم کارە دیسانەوە عەوام کردیان وزانایان پۆزشیان بۆ هێنایەوە.

٨. هەموو موسڵمانان نەبوون، بەڵکو ئەهلی مزگەوتێك بوو، بەڵکو لایەکی ئەهلی مزگەوتەکە بوو، ئیتر زوڵم نیە مێژووی ملیۆنەها خەڵکی پێ تاوانبار وناشیرین بکەی؟!

٩. ئەمە ڕاستیەکەیە، ئیتر نازانم مەگەر بانگەشە بۆ مەزهەبێك بکەیت کە بریتی بێت لە:

«با کەس هیچ بەکەس نەڵێت وکەس هەقی بەسەر کەسەوە نەبێت؟!» کەواتە پەیامبەران بۆ هاتوون؟ ئەبوبەکر بۆ وازی لە زەکات نەدەرەکان نەهێنا؟ عەلی بۆ شەڕی لەگەڵ تەڵحە و زوبەیر وموعاویە کرد؟! بۆ نەیوت با پێکەوە بژین؟! بۆ لەگەڵ خەوارجدا شەڕی کرد؟! ئەی دارەکەی ئیمامی عومەر کە خەڵکی لاری پێ ڕاست دەکردەوە؟! بۆ نەیوت با هەقمان بەسەر کەسەوە نەبێت؟! لە کۆتاییشدا ئەی ئەم کارەی تۆ ناوی چیە لەسەر مینبەرەوە دەیکەی؟! المهم پوچی ئەم مەزهەبە لە ڕۆژی دووانزەی نیوەڕۆ ڕونترە.

# مەقالەی نۆیەم

## سوتاندنی کتێبی «إحياء علوم الدين»، ڕونکردنەوەی ڕاستیەکان، وڕەواندنەوەی شوبهەکان

دوای باسکردنی تەبەری وحاکم وئیبن حیببان ئەڵێ: «**ئیمامی غەزالی: ئەمر کرا کە ئەبێت کتێبەکانی بسوتێنرێ، بەڵکو عەلی کوڕی یوسفی بنتاشفین بڕیاریدا ئەوەی کتێبی غەزالی بە دەستەوە بێت ئەبێت بکوژرێ... سەیری ئەو تاریخە تاڵە**».

لە چەند خاڵێکدا بە شێوەیەکی زانستی ودور لە هەڵچون -بە یارمەتی خوای گەورە- ئەم لاپەڕە بەزۆر ڕەشکراوە لە مێژووی ئیسلام وەکو خۆی لێدەکەینەوە ئیتر سپیە با سپی بێت وڕەشە با ڕەش بێت، تا بە تەواوی شارەزای ئەو بابەتە بیت، وبزانیت ئەم کەسە ستەم دەکات وڕاستیەکان تێك دەدات:

١. سەرەتا تەماشای بوێری ئەم کەسە بکەن: لە مزگەوتی ئیسلامدایە، جلوبەرگی ئیسلامی لەبەردایە، لەناو پەیڕەوانی ئیسلامدایە، لە جومعەی ئیسلامە، لەسەر مینبەری ئیسلامە، کەچی بە ئیسلام ئەڵێ: مێژووەکەی تاڵە، هەر بەڕاستی تۆ شایستە بووی لە مزگەوت دەربکرێیت یان ئیبن حیببان؟!

٢. سەیر لەوەیە ئەم تانەیە سۆفیەکان لە ئەهلی سوننەی دەدن.

٣. له کوێدا هاتووه بن تاشفین یەك کەسی کوشتبێ لەسەر بە دەستەوە بوونی کتێبی «الإحیاء»؟ ئەوەندەی من شارەزای مێژووی مورابیتەکانم کەس نەکوژراوە، والله أعلم. ئەگەر هەیە با بخرێتە ڕو من سوپاسگوزاری دەبم.

ئەوەی هاتوە وتویەتی: هەرکەس بیشارێتەوە ونەیهێنێت بۆ سوتاندن، ئەو سزایەی دەدەم، سزای کەسیشی نەداوە لەسەری تەنها بۆ ترساندن وای وتوە.

٤. کێ ئەو کتێبانەی سوتاند؟ ئەی ئەو کتێبەی یان ئەو کتێبانەی غەزالی چی تێدابو وا بڕیاردرا بسوتێنرێ؟ بە فەتوا وهاندانی کێ ئەو بڕیارە درا؟

باسی ئەمانە ناکات! چونکە ئەزانی ئەو پەردە هەڵدەماڵێ کە ساڵەهای ساڵە توند گرتویانە ونایانەوێ هەڵبدرێتەوە.

جا ئەگەر بووترێ گرنگ نیە چی تێدا بێت! ئەوە بەڕاستی گومڕاییە ودەرچوونە لە هەمو مەزهەبە کارپێکراوەکانی ئیسلام، بەڵکو یاسا وڕێسا کارپێکراوەکانی ئەمڕۆش -وەك باسی دەکەم إن شاء الله- چونکە هەموی کۆکە لەسەر وەلامدانەوەی گومڕایی ولادان.

خۆ ئەگەر بڵێی وەڵامدانەوە شتێکە وسوتاندن شتێکی تر، ئەوە دڵنیات دەکەمە ئەوەی لەبارەی غەزالی وکتێبەکانیەوە وتراوە لەلایەن زانایانی ئیسلامەوە زۆر لە سوتاندن خراپترە!

هەروەها لەناوبردن وسوتاندنی کتێبی خراپ لە هەمو دونیا کارپێکراوە.

## غەزالی کێیە؟

٥. غەزالی کێ یە؟ بێگومان ئەبو حامدی غەزالی زانایەکە لە زانایانی ئیسلام هەڵەی هەیە وڕاستیشی هەیە وەکو هەر زانایەکی تر، نە ئەوە چاکی کردوە وڕاستی کردوە تەبدیع وگومڕای دەکات، نە ئەوەش ڕاستی کردوە وچاکی کردوە کە ئەڵێ: «من لم يقرأ الإحياء فليس من الأحياء»!! هەرکەس «الإحياء» نەخوێنێ ئەوە حسابی مردوی بۆ بکە، ئەمەش زیادەڕۆییەکی ڕونە!

٦. بەڵام لە ڕووی زانستیەوە، زۆر شارەزای لە زانستی فەرمودەدا نەبوە، کەچی لە کتێبەکانی دا حەدیسی زۆریش دەهێنێتەوە، ئەمەش بێگومان توشی هەڵەی دەکات:

زانایـان ئـەڵێن: «ليس له من الخبرةِ بالآثار النبوية والسَّلَفية ما لأهل المعرفة بذلك... ولهذا يذكر في كتبه من الأحاديث والآثار الموضوعة والمكذوبة، ما لو علِمَ أنها موضوعةٌ لم يذكرها»[1].

خۆیشی ئەڵێ: «أنا مُزجَى البِضاعةِ في الحديث»[2].

زەهەبی لەبارەیەوە ئـەڵێ: «ولم يكن له علم بالآثار ولا خبرة بالسنن النبوية القاضية على العقل، وحبب إليه إدمان النظر في كتاب رسائل إخوان الصفا، وهو داء عضال...».

کە نزیك لەم وتەیە لە ئیبن سەلاحی شارەزوری وئـیبن تەیمیـە ومـازری وجگە لەمانیشەوە هاتووە ولەبەر درێژادرِی نەمگواستەوە چونکە لـەوەودوا گوزەرێك بەو وتانە دەکەم -پشت بەخوای میهرەبان-.

٧. بەڵام غەزالی رَحِمَهُ ٱللَّهُ بە چەند قۆنـاغێکی جیـاوازی جۆراوجـۆردا تێپەڕ بووە، ئەمەش لە نوسـینەوەی کتێبەکانیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، وای کردووە وتەی زانایان ولێکۆڵەرەوان لەسەر خۆیی وکتێبەکەی جیاواز بێت.

٨. ئایا تەوبەی کردووە لەو هەڵە ولادانانەی تێیدا بووە؟

(١) درء التعارض (١٤٩/٧).

(٢) قانون التأويل ص للغزالي نفسه، وانظر مثلاً: درء التعارض (٥/١)، ومجموع الفتاوى (١٧٦-٣٥).

بەڵێ بێگومان غەزالی تەوبەی کردوە لەو شتانە، وحاڵی چاکتر بووە ودەستی کردوە بە خوێندەوەی بوخاری وموسلم وکتێبەکانی تری حەدیس، بۆیە باسەکەم باسی غەزالی پێش تەوبەکردنە[١].

٩. کێ ئەو کتێبانەی سوتاند یان بڕیاری کێ بوو؟ بە بڕیاری ئەمیرولمؤئمنین عەلی کوڕی یوسفی بن تاشفین.

بەڵام کوا پیاوی وەك ئەو؟ حەزی لە ئیسراحەت نەکردوە، بەڵکو حەزی لە سوننەت وجیهاد کردوە لە پێناوی خوا، ئەو بوو ڕوبەڕوی هێرشی خاچپەرستان بوویەوە، بەڕادەیەك ترسان ئیتر پەلاماری ئەو ناوچانە بدەنەوە، بێگومان دۆڕانیش ڕوبدات هی تاوانە، جا زەهەبی لەبارەیەوە ئەڵێ:

«وكان شجاعًا مجاهدًا عادلا دينًا ورعًا صالحًا معظمًا للعلماء مشاورًا لهم، نفق في زمانه الفقه والكتب والفروع حتى تكاسلوا عن الحديث والآثار، وأهينت الفلسفة، ومج الكلام ومقت، واستحكم في ذهن عليٍّ على أن الكلام بدعة ما عرفه السلف فأسرف في ذلك، وكتب يتهدد ويأمر بإحراق الكتب، وكتب يأمر بإحراق تواليف الشيخ أبي حامد، وتوعد بالقتل من كتمها، واعتنى بعلم الرسائل والإنشاء وعُمِّر»[٢] اهـ.

---

(١) انظر: العقيدة الأصفهانية، ومنهاج السنة (٢٦٩/٥).

(٢) السير (١٢٤/١٠).

١٠ . به فەتوا وهاندانی کێ ئـەو بڕیـارە درا ؟ بـە فـەتوا وداواکـاری زاناکانی ئەو سەردەمە بوو لە مەغرب وئەندەلوس. ئـەم فەرمانـە لەسـەر داواکردنی زانایانی قورئان وسوننەت بوو کە ئەو کتێبەی غەزالی کتێبێکە پڕیەتی لە هەڵە وگومڕایی وئەبێت بسوتێنرێ بۆ ئەوەی کەسی پـێ گـومڕا نەبێت. دەی مەعقولە بوترێـت هـەموو زاناکـانی دەوڵـەتی المرابطون لـە مەغریب وئەندەلوس کۆك بوون لەسـەر گومڕایـەتی؟! وبـە مێـژووی تـاڵ لەقەڵەم بدرێت ؟!

«وكان عليُّ بنُ يُوسف واقفًا كأبيه عند إشارة الفقهاء وأهل العلم، قد رَدَّ جميعَ الأحكام إليهم، فلما أفتَوْه بإحراق كتاب الإحياء، وكتب إلى أهل مملكته في سائر الأمصار والأقطار بأن يُبحَثَ عن نُسَخِ الأحياء بحثًا أكيدًا، ويُحرَقَ ما عُثر عليه منها، فجُمع من نسخها عددٌ كثيرٌ ببلاد الأندلس، ووُضِعَتْ بصَحْنِ جامع قُرْطبة، وصُبَّ عليها الزيتُ، ثم أوقِد عليها النار، وكذا فُعل بما أُلفِيَ مِن نُسَخٍ بمراكش، وتوالي الإحراقُ عليها في سائر بلاد المغرب»(١).

## بۆ کتێبەکانی سوتێندران؟

١١ . ئەو کتێبەی یان ئەو کتێبانەی غەزالی چی تێـدابو وا بڕیـاردرا بسوتێنرێ؟ بێگومان کتێبەکانی غەزالی سودی زۆری تێدایە، بەڵام بـەخوا

(١) الفكر السامي.

ئەوەندە بەڵا وموسیبەت وخورافیاتیشی تێدایە -کە بە خاڵ **إن شاء الله** ئاماژە بە هەندێکی دەکەین- کە وا دەکات نەخوێندرێتەوە مەگەر کەسێك پشت ئەستور بێت بە زانستی شەرعی ڕەسەن، وشارەزا لە ڕێبازی تەسەوف وفەیلەسوفەکان.

١٢. بۆیە ئەم سوتاندنە هەق وپەیوەستی نەبووە بە بابەتی تەسکی مەزهەبی وتایەفەگەرێتیەوە[1].

١٣. لەو ڕۆژە ولە سەردەمی عەلی کوڕی یوسفی بن تاشفین، زانایەکی زۆر هەبوون، کتێبێکی زۆر هەبوون لە هەموو بوارەکاندا، خێرە تەنها کتێبەکانی غەزالی وئەو کتیبانەی بیدعە بڵاو دەکەنەوە؟! کەواتە ماسەکە بێ موو نیە:

١٤. هەروەها کتێبەکە ناوی: «إحياء علوم الدين»ـە، واتە زیندوکردنەوەی زانستە دینیەکان، کەواتە ئەبێت کتێبێك بێت باسی ئیسلام بکات وەکو ئیسلام داوای دەکات، نەك کتێبی فەلسەفە ودەروناسی وشتی خورافی وپوچ بێت، بەڵکو زۆرێکی ئەوەی لەو کتێبە دایە شتی خورافی وپوچ وحەدیسی هەڵبەستراو وزۆر شتی تر کە -**إن شاء الله**- باسی هەندێکی دەکەین، کە ئەیەوێ جلوبەرگی ئیسلام بکات بە بەری مەزهەبی فەیلەسوفەکاندا. ئەمەش مەترسی کتێبی «الإحياء»ـە:

---

(١) سەلڵابیش هەڵەی کرد کە وا ئەڵێ.

شـتانێکی تێدایـه لـەهی کەسێك دەچێت دوژمنێکـی ئیسـلام بگرێـت وجلوبەرگی «ئیسلام»ی بە بەردا بپۆشێت.

١٥. سودی زۆری وەرگرتوە لە فەیلەسوفەکان، تەنانەت زانایان ئـەڵێن نەخۆشیەکەی غەزالی شیفایە! واتە: ئەوەی نەخۆشی خسـتوە، بریتیـه لـە: «کتێبی شیفا»ی ئیبن سینا.

غەزالی زۆر بابەتی لەسەر یاسـاکانی فەیلەسـوفەکان دانـاوە، زۆر ڕای وەکو ڕای فەیلەسوفەکان بووە، لە شتانێکدا کـە بـە ڕای هـەموو زانایـانی ئیسلام بێدینی بووە، وەکو ئەوەی پەیامبەران ئەوەی بە خەڵکیان وتـوە لـە بڕوابون بە خوا وبە ڕۆژی دوایی جیاواز بووە لەوەی لە دڵی خۆیاندا هـەبووە لەو بارەوە، بۆ ئەوەی خەڵك سودی لێببینن، وەگەرنا هەقیقەتی ئەوەیان بە خەڵك بووتایە خەڵك بە «التعطیل» لێی تێدەگەشت.

هەروەها پەیامبـەران هـەقیان ڕوون نەکردۆتـەوە، وزانسـتێکی وایـان جێنەهێشتوە پیاو فێری بـبێ، بۆیـە زانسـتی ڕاسـتەقینە ئـەوەتا خۆیـان دەیزانن[1].

هەروەها پێی وایە زانستی خوایی وەکو نـاو وسـیفات وزات وکـرداری خوا شتی تەخمینین «خەملاندن»ن.

---

(١) انظر: درء التعارض (١٠/٢٧٠).

١٦. شتی زۆر نەقڵ دەكات لە حەللاج وشبلی وجگە لـەوانیش، كـە ئەمانە ناسراون بەوەی باوەڕیان وایە خوا تێكەڵی هەمو شتێك بووە، وەكـو دار وبەرد وسەرئاوەكان وهتـد... پـەنا بـەخوا، كەواتـە غـەزالی ئەیـەوێ زانستە دینیەكان بەمانە زیندو بكاتەوە؟!

١٧. ئەم كتێبە ببوە بنچینە وبنەما بۆ زۆرێكی بیدعـەكان لـە كـۆن وتازە.

١٨. بوونی هەڵە وئینحراف وشێواندن وبەڵای زۆر لە بواری عەقیدەدا لەلای غەزالی.

١٩. ئیحیائەكەی غەزالی كتێبێكە زانایان بە سێجار شۆردنی بۆیـان پاك نەبۆتەوە، سێ جار شۆراوەتەوە هێشتا پیسی وگەرد وخەوشەكانیان بـە تەواوەتی دەرنەهێناوە. بۆ نمونـە: غـەزالی نوسـیویەتی، ئیـبن ئەلجـەوزی شۆردویەتیەوە هەر پاك نەبۆتـەوە، ئـیبن قودامـەوە هـات وئـەوەی ئیـبن ئەلجەوزی دووبارە ئاوپاككردەوە، كەچی هەر پیسی پێوە ماوەتەوە، پاشـان خەڵك وموحەققین هاتن تەحقیقان كـرد هـەر تێبـینی لەسـەر ماوەتـەوە!! ئەمە چ زیندووكردنەوەیەكی زانستە دینیەكان بێت!!؟

٢٠. بوونی چەندین فەتوای هەڵە لە كتێبەكانیدا وەكو ئـیبن سـەلاحی شارەزوری شافعی ئەفەرموێ. إن شاءالله باسی هەندێكی دەكەین.

٢١. شتەکە هەر لە زانا وفەقیھ ومامۆستا ومەلاکان نەبووە بەڵکو زانا گەورە وپێشەوایانی ئیسلام ئەو شتانەی غەزالیان پێ قەبووڵ نەبووە: «وقد أنكر أئمة الدين على أبي حامد هذا في كتبه»[1].

٢٢. زۆری ژمارەی حەدیسە بێ بنەما ولاوازەکان لەلای غەزالی، کە ئەڵێن: ئەو حەدیسانەی ئەسڵ وئەساسی نیە وهەڵبەستراوە وزەعیفە بە هەزاران دەبێت. کە وای لە چەندین زانا بێت پاڵفتەی بکات لە ڕوی فەرمودەوە وتەخریجی فەرمودەکانی ناویان کرد وەك دوایی باسی لێوە دەکەین بە ویستی خوا.

٢٣. ئیبن السبكي -کە یەکێکە لەوانەی دەمارگیری زۆری هەیە بۆ غەزالی وناسراوە بە دژایەتیکردنی بۆ کۆمەڵێك لە زانایانی ئەهلی سوننە- ئەڵێ: گەڕام بە دوای حەدیسەکانی ئیحیائدا تەماشا دەکەم کۆمەڵێکی زۆر حەدیسی بێ سەنەد وبێ ئەسڵ وئەساسی تێدایە. کە موحەقیقی «سير أعلام النبلاء» ئەڵێ: حەدیسەکانی سوبووکی گەیشتۆتە نزیکەی «٩٤٣» حەدیس. ئیتر مەپرسە لە حەدیسە هەڵبەستراوەکان، ولاوازەکان؟!

٢٤. ئەمە جگە لە هێنانی چەندین ڕیوایات ووتەی زۆری سەلەفی صالّەح وپیاوچاکان کە درۆیە وهەڵبەستراوە بە ناوی ئەوانەوە.

---

(١) قاله أحمد بن عبدالحليم الحراني.

٢٥. كە باسی کتێبەکەی عەبدوڵڵای کوڕی ئیمام ئەحمەد دەکەیت ئەڵێی: شەللا نەینوسایە، لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی «١٨٣» جنێوی بە ئەبو حەنیفە تێدایە وەکو خۆت ئەڵێی[1]! دەی ئەگەر تەنها کتێبی ئیحیائی غەزالی زیاتر لە «٩٠٠» نۆ سەد حەدیسی بێ بنەمای تێدا بێت، ئەی ئەگەر سەدان حەدیسی درۆینە ولاوازی بە دەم پامیەرەوە ﷺ تێدابێت!؟ ئەی ئەگەر سەدان بیدعە وخورافاتی تێدا بێت؟!! کامیان شیاوترە بڵێی شەللا نەینوسیایە؟! بۆ ئەمیان ناڵێ: : شەللا نەینوسایە.

پاشان خێرە ئەم جیاوازی کردنە لە نێوان غەزالی وعبدالله بن أحمد؟!

٢٦. ئەگەر سوتاندنی کتێبی غەزالی بۆ ئەوەی خەڵك بەو شتە خراپانەی نێو کتێبەکەی گومڕا نەبن، نیشانەی تاڵی مێژووی ئیسلام بێت، ئەی لەوەوپێش سوتاندنی موصحەفەکانی تری قورئان لەلایەن ئیمام عوسمانەوە تا کێشە دروست نەبێت لەسەری وجیاوازی نەمێنێت، نیشانەی چیە؟!

٢٧. کتێب سوتاندنەکەی خراپە یان ئەو هەموو قسەیەی زانایان لەهەر چوار مەزهەبەکە بە کتێبەکانی غەزالی ئەیلێن؟!

٢٨. ئەو ئیجرائاتەی دەوڵەتی «المرابطون» گرتیە بەر، تا ئەمڕۆش وڵاتان باوەڕیان بە بنچینەکەی هەیە وپەیڕەوی دەکەن، بەڵام هەر وڵاتێك

---

(١) بەیارمەتی خوای گەورە لەوەودووا ئەم بووهتانە پوچەڵ دەکەینەوە.

وبە شـێوازێك، ئێستا لـە ولاّتـان هـەموو کتێبێـك پـێش لـە چاپدانی پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت وژمارەی سپاردنی پێـدەدرێت. ئەگـەر دەوڵـەت پێی ڕازی نەبێت ڕێگری لێدەکرێت، ڕێگری کردنیش شێوازی هەیە.

خـۆ ئەگـەر چـاپکرا ئینجـا دەوڵـەت پەشـیمانەوە بـوو، لـە بـازاڕ دەیکێشنەوە، دەی ئیتر خۆ دووای لە مۆزەخانەی دانانێن هەر دەیسوتێنن، یان شتێکی لێدەکەن؟!

٢٩. ئەوە هیچ بنچینە وبنەمایـەکی نیـە کـە غـەزالی دووعـای لـە مەملەکەتەکەیان کردبێت، ئیتر خوا لەناوی بردبێتن، ئەمـە ئەوانـە بـڵاوی دەکەنەوە کە لەسەر بیدعە گەورە بوون وچاویان بە سوونئەت هەڵنایەت.

٣٠. هــەروەها نابێــت نازنــاوی گــەورە فریــوت بــدات. هــەروەها کتێبەکەی با ناوی زیندوکردنەوەی زانستە دینیەکان بێت، عیبرەت بەوەیـە تا چەند ئەو ناوە ڕێکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکـەی. ئەمـەش لـە دێـر زەمانـەوە ئیشـی نەخۆشـەکان بـووە، بـۆ ڕەواجـدان بـە باتـڵ، نازنـاوی گـەورەیان بەکارهێناوە. رحمة الله تعالى على الإمام الغزالي رحمة واسعة.

٣١. ئێمـە لـەو شـتانەدا عـوزری ئـەوەی بـۆ دەهێنینـەوە کـە بـە ئەنقەسـتی نـەبووە، بـەڵکو زۆر سـەردەرنەکردنی بـووە لـە حەدیسـەکانی پەیامبەر ﷺ.

## ئەو زانایانەی وەڵامی غەزالیان داوەتەوە

٣٢. ئەو زانایانەی وەڵامی غەزالیان داوەتەوە:

أ. محمد بن علي المازري المالكي، في كتابه: «الكشفُ والانباءُ عن كتابِ الإحياء».

ب. الإلبيري محمد بن خلَف القرطبي، في كتابه: «الأمالي في النقض على الغزالي».

ج. أبو الحسن ابن سكر، في كتابه: «إحياء ميت الأحياء في الرد على كتاب الإحياء».

د. أبو الفرج عبد الرحمن بن الجوزي، في كتابه: «إعلام الأحياء بأغلاط الإحياء».

ه. عز الدين بن المنير المالكي، في كتابه: «الضياء المتلالي في تعقب الأحياء للغزالي».

و. يحيي بن حمزة العلوي، في كتابه: «عقد اللآلي في الرد علي أبي حامد الغزالي».

ز. أبو بكر محمد بن الوليد القرشى الطرطوشى المالكي، في كتابه: «الأسرار والعبر في الرد على الإحياء».

٣٣. ئەمە جگە لە کورتکردنەوەی کتێبەکەی لەلایەن چەندین زاناوە بۆ ئەوەی باشەکەی بهێڵێنەوە وخراپەکەی لێدەربکەن، وەکو ئیبن جەوزی وئیبن قودامەوە وقاسمی وهتد کردویانە.

٣٤. وچەندین زانا تەخریجی حەدیســەکانیان کـرد بـۆ ئـەوەی خـەڵك بۆیان رون بێتەوە حەدیسەکانی لە چ ئاستێکدایە وەکـو حـافزی عێراقـی و زوبەیدی وئیبن سوبوکی...

٣٥. ئەمە جگە لە چەندین زانا لە دوو توێی کتێبەکانیانـدا ڕەددیـان داوەتەوە، لەوانە ئەبو ئیسحاقی مەرغینانی هاوڕێی خۆی، وئـیبن عـەقیل وقوشەیری وئیبن ڕوشد وئیبن تەیمیە، وئیبن سەلاحی شـارەزوری وتەرتوشـی وئین ئەلعەرەبی قوتابی خۆی وهتد.. وجگە لەوانە وهەندێکی تریش کە لـە دووتوێی ئەم بابەتە بەرچاوت دەکەون.. کـە هەنـدێکیان بـاس دەکـەین إن شاء الله.

## وتەی زانایان لەبارەی غەزالی رَحِمَهُ ٱللَّهُ وئیحائەکەیەوە

٣٦. أ. ئیبن جەوزی لە پێشەکی «منهاج القاصدين»دا کـە کـورتکراوە وپوختکراوەی «إحياء علوم الدين»ــە، ئـەڵێ: «فاعلم أن في كتاب الإحياء آفات لا يعلمها إلا العلماء، وأقلها الأحاديث الباطلة الموضوعة، والموقوفة وقد جعلها مرفوعة وإنما نقلها كما اقتراها لا أنه افتراها، ولا ينبغي التعبد بحديث موضوع والإغترار بلفظ مصنوع، وكيف أرتضي لك أن تصلي صلوات الأيام ولياليها، وليس فيها كلمة قالها رسول الله ﷺ؟! وكيف أوثر أن يطرق سمعك من كلام المتصوفة الذي جمعه وندب إلى العمل به، ما لا حاصل له من الكلام في الفناء والبقاء، والأمر بشدة الجوع، والخروج إلى السياحة في غير حاجة، والدخول في الفلاة بغير زاد؟! إلى غير ذلك مما قد

كشفت عن عواره في كتابي المسمى: «تلبيس إبليس» وسأكتب لك كتاباً يخلو عن مفاسده، ولا يخل بفوائده». يـانى: «كـەمترین ئافـەت وبـەڵای کتێبی «ئیحیا» حەدیسە پوچ وهەڵبەستراوەکانە کـە دروسـت نیـە ئیشـی پێبکرێت...».

**ب.** ئیبن ئەلعەرەبی قوتابی دڵسۆزی غەزالی ئـەڵێ: «شیخنا أبو حامد دخل في بطون الفلاسفة، ثم أراد أن يخرج منهم فما قدر»[1]. یـان ئـەیوت: «شيخنا أبو حامد: بلع الفلاسفة، وأراد أن يتقيأهم فما استطاع»[2]. واتـه: «مامۆستامان ئەبو حامد: زانستی فەیلەسوفەکانی قوتدا بەڵام هەرچـی کرد بیانهێنێتەوە وبیان ڕشێنێتەوە نەی دەتوانی».

**ج.** هەندێك لە زانایانی مەغرب ئەڵێن: «ليس ذلك بإحياء علوم الدين وإنما هو إماتة علوم الدين!» بەڵکو هەندێکیان ئەڵێن: «هذا إحياء علوم دينه، أما ديننا فإحياء علومه بكتاب ربنا وسنة نبينا ﷺ!!» واتـه: «ئـەم کتێبـە زیندووکردنـەوەی زانسـتە دینیـەکان نیـە، بـەڵکو مراندنیـەتی، زیندووکردنەوەی زانستە دینیـەکانی خۆیـەتی، ئەگـەرنا زیندووکردنـەوەی زانستەکانی ئیسلام بە قورئان وسوونەت ئەبێت».

---

(١) درء التعارض.

(٢) سير أعلام النبلاء.

**د.** قازی عیاز ئـەڵێ: «**والشيخ أبو حامد ذو الأنباء الشنيعة والتصانيف الفظيعة، غلا في طريق التصوف، وتجرد لنصر مذهبهم، وصار داعية في ذلك، وألف فيه تواليفه المشهورة، أخذ عليه فيها مواضع، وساءت به ظنون أمة، والله أعلم بسره، ونفذ أمر السلطان عندنا بالمغرب، وفتوى الفقهاء بإحراقها والبعد عنها، فامتثل ذلك**»[(١)]. قازی عیاز ئەڵێ: شـێخ ئـەبو حامـد خـاوەن کتێبە خراپەکان، زیادەڕۆییکرد لە سۆفیگەرێتی، وخۆی تـەرخان کـرد بـۆ سەرخستنی مەزهەبەکەیان... بەڕادەیەك ئوممەت گومـانی خراپیـان پێـبرد ... تا فوقەها فەتوای سوتاندنی کتێبەکانیان دا...

کەواتە بە فەتوای فوقەها وزانایـانی مـەزهەبـەکان بـووە بـە تایبـەت مـەزهەبی مالیکی.

**هـ.** زەهەبی ئـەڵێ: «**أما الإحياء ففيه من الأحاديث الباطلة جملة، وفيه خير كثير لولا ما فيه من آداب ورسوم وزهد من طرائق الحكماء، ومنحرفي الصوفية، نسأل الله علمًا نافعًا...**»[(٢)].

هەروەها ئـەڵێ: «**ومما أخذ عليه، قال إن للقدر سرا نهينا عن إفشائه**». واتە: ولەو شتانە ڕەخنـەی لـێ دەگـیرا ئـەیوت قـەدەر نهێنیـەکی هەیـە، نەهیمان لێ کراوە ئاشکرای بکەین.

---

(١) «سير أعلام النبلاء» (١٩/٣٢٧).

(٢) «سير أعلام النبلاء» (١٩/٣٣٩).

هەروەها ئەڵێ: «ولم يكن له علم بالآثار ولا خبرة بالسنن النبوية القاضية على العقل، وحبب إليه إدمان النظر في كتاب رسائل إخوان الصفا، وهو داء عضال، وجرب مرد، وسم قتال، ولولا أن أبا حامد من كبار الأذكياء، وخيار المخلصين لتلف...»[١].

و. ومازريش لە «الكشف والأنباء عن كتاب الإحياء»دا ئەڵێ: «ولقد أعجب من قوم مالكية يرون مالكا الإمام يهرب من التحديد ويجانب أن يرسم رسما، وإن كان فيه أثر ما، أو قياس ما تورعا وتحفظا من الفتوى فيما يحمل الناس عليه ثم يستحسنون من رجل فتاوى مبناها على ما لا حقيقة له، وفيه كثير من الآثار عن النبي ﷺ لفق فيه الثابت بغير الثابت، وكذا ما أورد عن السلف لا يمكن ثبوته كله، وأورد من نزغات الأولياء، ونفثات الأصفياء ما يجل موقعه لكن مزج فيه النافع بالضار، كإطلاقات يحكيها عن بعضهم لا يجوز إطلاقها لشناعتها، وإن أخذت معانيها على ظواهرها كانت كالرموز إلى قدح الملحدين، ولا تنصرف معانيها إلى الحق إلا بتعسف على اللفظ مما لا يتكلف العلماء مثله إلا في كلام صاحب الشرع الذي اضطرت المعجزات الدالة على صدقه المانعة من جهله وكذبه إلى طلب التأويل»[٢].

---

(١) «سير أعلام النبلاء» (٣٢٨/١٩). وتمامه: «فالحذار الحذار من هذه الكتب واهربوا بدينكم من شبه الأوائل وإلا وقعتم في الحيرة، فمن رام النجاة والفوز فليلزم العبودية وليُدْمِن الإستغاثة بالله وليبتهل إلى مولاه في الثبات علي الإسلام وأن يتوفي على إيمان الصحابة، وسادة التابعين، والله الموفق، فبحسن قصد العالم يغفر له وينجو إن شاء الله».

(٢) سير أعلام النبلاء (٣٣٠/١٩).

ز. ومحمد بن الوليد الطرطوشي المالكي ئـهلّىّ: «أما ما ذكرت من أمر الغزالي، فرأيت الرجل وكلمته فوجدته رجلا جليلا من أهل العلم، قد نهضت به فضائله، واجتمع فيه العقل والفهم وممارسة العلوم طول عمره، وكان على ذلك معظم زمانه، ثم بدا له عن طريق العلماء، ودخل في غمار العمال ثم تصرف بمحير العلوم وأهلها، ودخل في علوم الخواطر وأرباب القلوب ووسواس الشيطان ثم شابها برأي الفلاسفة ورموز الحلاج، وجعل ينحو على الفقهاء والمتكلمين، ولقد كاد أن ينسلخ من الدين، فلما عمل كتابه سماه إحياء علوم الدين، عمد يتكلم في علوم الاحوال ومراقي الصوفية، وكان غير دري بها ولا خبير بمعرفتها، فسقط على أم رأسه، فلا في علماء المسلمين قر، ولا في أحوال الزاهدين استقر، شحن كتابه بالكذب على رسول الله ﷺ، فلا أعلم كتابا على بسيط الارض في مبلغ علمي أكثر كذبا على رسول الله ﷺ منه سبكه بمذاهب الفلاسفة ومعاني رسائل إخوان الصفاء، وهم قوم يرون النبوة اكتسابا وليس النبي في زعمهم أكثر من شخص فاضل تخلق بمحاسن الاخلاق وجانب سفسافها، وساس نفسه حتى ملك قيادها فلا تغلبه شهواته ولا يقهره سوء أخلاقه، ثم ساس الخلق بتلك الاخلاق، وأنكروا أن يكون الله تعالى من أقر منهم بالصانع يبعث إلى الخلق رسولا، ويؤيده بالمعجزات حيل ومخاريق... وما من ينصر دين الاسلام بمذاهب الفلاسفة وآراء المنطقية إلا كمن يغسل الماء بالبوول،... فإن كان الرجل يعتقد ما سطره في كتابه لم يبعد تكفيره، وإن كان لايعتقده فما أقرب تضليله.... ومعظم مَن وقَع في عِشْقِ هذا الكتاب رجالٌ صالحون، لا معرفةَ لهم بما يلزم العقل وأصول الديانات، ولا

يفهمون الالهيَّات، ولايعلمون حقائق الصفات، ولايخبُرون شياطينَ الانس الذين انتدبووا للطعن في الدِّين، وتوهينِ عَمود الاسلام وتعطيلِ الصانع وإفساد المعجزات، فمَن لم يكن عنده تمييزٌ لهذه الأبواب من الذَّبِّ عن دِين الله تعالي، ونصرة شريعته لم يَنْبَغِ له أن يَقْفُوَ ما ليس له به علمٌ، يَمدح على غير علمٍ، ويذُمُّ على غير علم والسلام»[(١)]. واته: هيچ كتيّبيّك شك نايەم لەم سەر ئەرزە ئەوەندەی ئەو كتيّبەی غەزالی درۆی بەدەم پەيامبەرەوە ﷺ تيّدا بيّت.

هەروەها ئەڵێ[(٢)] -كە باسی هۆكاری سوتاندنەكەمان بۆ دەكات-: «وَأَمَّا مَا ذكرتَ مِنْ إِحرَاق الكِتَابِ بالنار، فإنه إنْ تُرِكَ انتشر بين ظهور الخلق، ومَن لا معرفةَ له بسمومه القاتلة، و خِيفَ عَلَيْهِم أَنْ يَعتقدووا صحَّةَ ما سُطِّر فيه مما هو ضلالٌ؛... وإني لعلي عَزْمٍ أن أنفرد له[(٣)]؛ فأستخرجَ جميع هفواته، وأوضِّح سقطاتِه، وأبيِّنها حرفًا حرفًا، وفي دوونه من الكتب غُنْيَةٌ وكفايةٌ لاخواننا المسلمين وطبقات الصالحين».

ح. وقال أحمد بن عبدالحليم الحراني[(٤)]: «ولهذا كان أبو حامد مع ما يوجد في كلامه من الرد على الفلاسفة وتكفيره لهم وتعظيم النبوة وغير ذلك، ومع ما يوجد فيه أشياء صحيحة حسنة، بل عظيمة القدر نافعة، يوجد في

---

(١) سير أعلام النبلاء: (١٩/ ٣٣٩).
(٢) بڕوانە: طبقات الشافعية الكبرى: (٦/٢٤٣).
(٣) وقد فعل رَحِمَهُ ٱللَّهُ، وصنف كتابه: «الأسرار والعبر» الذي تقدم ذكره.
(٤) بڕوانە: العقيدة الأصفهانية: (١/١٦٩).

بعض كلامه مادة فلسفية وأمور أضيفت إليه توافق أصول الفلاسفة الفاسدة المخالفة للنبوة، بل المخالفة لصريح العقل، حتى تكلم فيه جماعات من علماء خراسان والعراق والمغرب؛ كرفيقه أبي إسحاق المرغيناني، وأبي الوفاء ابن عقيل، والقشيري، والطرطوشي، وابن رشد، والمازري، وجماعات من الأولين، حتى ذكر ذلك الشيخ أبو عمرو بن الصلاح فيما جمعه من طبقات أصحاب الشافعي، وقرره الشيخ أبو زكريا النووي، قال في هذا الكتاب: فصل في بيان أشياء مهمة أنكرت على الإمام الغزالي في مصنفاته ولم يرتضها أهل مذهبه وغيرهم من الشذوذ في تصرفاته». واتە: ئيبن سەلاّح لە كتێبەی خۆیدا لەبارەی زانا شافعیەکانەوە ئەڵێ: ئەم بەشە تەرخان دەکەم بۆ ئەو شتە گرنگانەی نکوڵی لە ئیمامی غەزالی کرا وهاو مەزهەبەکانی وجگە لەوانیش ڕازی نەبون لە هەڵس وکەوتە نەشازەکانی.

هەروەها ئەڵێ: «وبسبب خلطه التصوف بالفلسفة كما خلط الأصول بالفلسفة، صار ينسب إلى التصوف من ليس هو موافقا للمشايخ المقبولين الذين لهم في الأمة لسان صدق ﷺ، بل يكون مباينا لهم في أصول الإيمان، كالإيمان بالتوحيد والرسالة واليوم الآخر، ويجعلون هذه مذاهب الصوفية»[1].

هەروەها ئەڵێ: «وأما كتب الفلسفة فالباطل غالب عليها بل الكفر الصريح كثير فيها، وكتاب الإحياء له حكم نظائره، ففيه أحاديث كثيرة

---

(١) العقيدة الأصفهانية: (١/١٧٣).

صحيحة وأحاديث كثيرة ضعيفة أو موضوعة، فإن مادة مصنفه في الحديث والآثار وكلام السلف وتفسيرهم للقرآن مادة ضعيفة، وأجود ماله من المواد المادة الصوفية، ولو سلك فيها مسلك الصوفية أهل العلم بالآثار النبوية، واحترز عن تصوف المتفلسفة الصابئين لحصل مطلوبه ونال مقصوده»[١].

هەروەها ئەڵێ: «والإحياء فيه فوائد كثيرة، لكن فيه مواد مذمومة، فإنه فيه مواد فاسدة من كلام الفلاسفة، تتعلق بالتوحيد والنبووة والمعاد، فإذا ذكر معارف الصوفية كان بمنزلة من أخذ عدوا للمسلمين ألبسه ثياب المسلمين، وقد أنكر أئمة الدين على أبى حامد هذا في كتبه، وقالوا: مَرَّضَهُ «الشفاء» (يعنى: شفاء ابن سينا في الفلسفة) وفيه أحاديث وآثار ضعيفة، بل موضووعة كثيرة، وفيه أشياء من أغاليط الصوفية وترَّهاتهم، وفيه مع ذلك من كلام المشايخ الصوفية العارفين المستقيمين في أعمال القلوب، الموافق للكتاب والسنة، ومن غير ذلك من العبادات والأدب، ما هو موافق للكتاب والسنة، ما هو أكثر مما يردُّ منه، فلهذا اختلف فيه اجتهاد الناس وتنازعوا فيه»[٢].

**ط.** ئیبن سەلاحی شارەزوری ئەڵێ -هەندێکی وتەی خۆیەتی هەندێکی لە غەیرە خۆیەوە دەیگوازێتەوە-: «..واستبحر في الفقه وفي أصول الفقه.. وأما أصول الدين فليس بالمستبحر..»[٣].

---

(١) العقيدة الأصفهانية: (١٨٥/١).

(٢) مجموع الفتاوى (٥٥١/١٠).

(٣) العقيدة الأصفهانية: (١٧٠/١).

هەروەها ئەڵێ: «وقد عرفني بعض أصحابه أنه كان له عكوف على قراءة رسائل إخوان الصفا، وهذه الرسائل هي إحدى وخمسون، كل رسالة مستقلة بنفسها، وقد ظن في مؤلفها ظنون، وفي الجملة هو (يعني واضع الرسائل) رجل فيلسوف قد خاض في علوم الشرع، فمزج ما بين العلمين وحسن الفلسفة في قلوب أهل الشرع بآيات وأحاديث يذكرها عندها»[١].

هەروەها ئەڵێ: «ووجدت هذا الغزالي يعول عليه (أي على ابن سينا) في أكثر ما يشير إليه في علوم الفلسفة، حتى إنه في بعض الأحايين ينقل نص كلامه من غير تغيير، وأحيانا يغيره وينقله إلى الشرعيات أكثر مما نقل ابن سينا لكونه أعلم بأسرار الشرع منه، فعلى ابن سينا ومؤلف رسائل إخوان الصفا عول الغزالي في علم الفلسفة»[٢].

هەروەها ئەڵێ: «..فانظر إلى هذا كيف أفاده قراءة الهندسة وعلم الدوائر وأحكامها أن نقله إلى الشرع فأفتى به المسلمين..»[٣].

هەروەها ئەڵێ: «ثم تكلم المازري في محاسن الأحياء ومذامه ومنافعه ومضاره بكلام طويل ختمه، بأن من لم يكن عنده من البسطة في العلم ما يعتصم به من غوائل هذا الكتاب، فإن قراءته لاتجوز له وإن كان فيه ما ينتفع به... قال ولولا أن علمنا أن إملاءنا هذا إنما يقرؤه الخاصة ومن عنده علم يأمن به على نفسه، لم نتبع محاسن هذا الكتاب بالثناء، ولم نتعرض لذكرها،

(١) العقيدة الأصفهانية: (١٧٠/١).
(٢) العقيدة الأصفهانية: (١٧١/١).
(٣) العقيدة الأصفهانية: (١٧١/١).

ولكنا نحن أمنا من التغرير ولئلا يظن أيضا من يتعصب للرجل أنا جانبنا الإنصاف في الكلام على كتابه ويكون اعتقاده هذا فينا سببا لئلا يقبل نصيحتنا»[١]. واته: لەبەر ئەوەش نەبێت ئەزانم ئەم نوسراوە خەڵکی تایبەت ئەیبینن وعەوام نایبینن ئەوا باسی هیچ چاکەیەکی ئەو کتێبەم نەدەکرد، بەڵام لە فریوخواردن دڵنیام وهەروەها بۆ ئەوەش نەڵێن: ئینسافی نیە.

ي. قال قاضي الجماعة ابن حمدين: «إن بعض من يعظ ممن كان ينتحل رسم الفقه، ثم تبرأ منه شغفا بالشرعة الغزالية، والنحلة الصوفية، أنشأ كراسة تشتمل على معنى التعصب لكتاب أبي حامد إمام بدعتهم، فأين هو من شنع مناكيره، ومضاليل أساطيره المباينة للدين؟! وزعم أن هذا من علم المعاملة المفضي إلى علم المكاشفة الواقع بهم على سر الربوبية الذي لا يسفر عن قناعه، ولا يفوز باطلاعه إلا من تمطي إليه ثبج ضلالته التي رفع لهم أعلامها، وشرع أحكامها». ئیتر کۆمەڵێك قسەی غەزالی دەهێنێتەوە کە موچرکە بە گیاندا دەهێنێت[٢].

## مشتێك لە فەرمودە بێبنەما ولاوازەکانی ئیحیا

**٣٧. هەندێکی کەم لەو حەدیسە بێ بنەما وزۆر لاوازانەی کە لە «ئیحیا»دا هاتووە:**

أ. «اطلبوا العلم ولو بالصين».

---

(١) العقيدة الأصفهانية: (١/١٧٢).

(٢) بروانە: سير أعلام النبلاء.

ب. «حضور مجلس عالم، أفضل من صلاة ألف ركعة، وعيادة ألف مريض، وشهود ألف جنازة، فقيل: يا رسول الله، ومن قراءة القرآن، فقال ﷺ: «وهل ينفع القرآن إلا بالعلم».

ج. «لا يفقه العبد كل الفقه حتى يمقت الناس في ذات الله، وحتى يرى للقرآن وجوها كثيرة».

د. «فيحشر الممزق لأعراض الناس كلبا ضاريا، والشره إلى أموالهم ذئبا عاديا...».

ه. «من فتنة العالم أن يكون الكلام أحب إليه من الإستماع».

و. «أن رجلا جاء رسول الله ﷺ فقال: «علمني من غرائب العلم، فقال له: ما صنعت في رأس العلم، فقال: وما رأس العلم، فقال ﷺ: هل عرفت الرب تعالى؟ قال: نعم، فما صنعت في حقه؟ قال :ما شاء الله، فقال ﷺ: هل عرفت الموت؟ قال: نعم، قال: فما أعددت له؟ قال: ما شاء الله، قال ﷺ: اذهب فَأَحْكِمْ ما هناك، ثم تعال نعلمك من غرائب العلم».

ز. «ما من آدمي إلا وله ذنوب، ولكن من كان غريزته العقل، وسجيته اليقين، لم تضره الذنوب، لأنه كلما أذنب تاب واستغفر وندم فتكفر ذنوبه، ويبقى له فضل يدخل به الجنة».

ح. «الشيخ في قومه كالنبي في أمته».

ط. «إن المسجد لينزوي من النخامة كما تنزوي الجلدة على النار».

## مشتێك له بیدعه وشته پوچه‌كانی ئیحیا

**٣٨. هه‌ندێكی كه‌م له‌و بیدعه وشته پوچانه‌ی كه موچركه به گیاندا ده‌هێنن و له ئیحیادا[١] هاتووه:**

(١) سه‌ره‌تا ته‌ماشای ناونیشانی هه‌ندێك به‌شی كتێبه‌كه‌ی بكه: «كتاب آداب السماع» و«كتاب الوجد»، «كتاب رياضة النفس»، «كتاب كسر الشهوتين»..

(٢) به‌شی جیهاد له كتێبه‌كه‌یدا نیه، كه ئه‌مه‌ت زانی ئه‌وسا بزانه ناوی كتێبه‌كه‌ی: زیندوكردنه‌وه‌ی زانسته دینیه‌كانه، كه ئه‌مه‌شت زانی ئه‌وسا ده‌پرسم: تۆ بڵێی جیهاد دین بمرێنێ وا غه‌زالی نه‌یهێناوه!؟

(٣) هه‌روه‌ها غه‌زالی له «المفصح بالأحوال»دا ئه‌ڵێ: «سۆفیه‌كان له بێداریدا فریشته‌كان وڕوحی پێغه‌مبه‌ران ده‌بینن وگوێیان له ده‌نگیان ده‌بێت وبه‌ڵكو له‌وه زیاتریش كه زمان ناتوانێ باسی بكات!»، «**إن الصوفية في يقظتهم يشاهدون الملائكة وأرواح الأنبياء، ويسمعون منهم أصواتا ويقتبسون منهم فوائد ثم يترقي الحال من مشاهدة الصورة إلى درجات يضيق عنها نطاق النطق**»[٢].

---

(١) كتێبه‌كانی تریشی.

(٢) قاله ابن الجوزي في تلبيس إبليس ص٢٠٥. وهو في كتابه المنقذ من الضلال ص١٧٨، ت عبد الحليم محمود، دار الكتب الحديثة، مصر.

(٤) غەزالی لە «الأحیاء»دا ئـەڵێ ئـەم جیهانـە لەوپـەڕی وردەکـاری وجوانی وڕێکیدایە ولەوە جوانتر وڕێکتر نابێت، وئەسڵەن لە ئیمکـانی خـوا نیە لەوە جوانتر بهێنێت، وەگەرنا خوا ڕەزیلـی کـردووە ودژی سـەخاوەتیە، وستەمی کردووە ودژی دادگەرییە. ئەوەش دەقەکەی:

«وكل ما قسم الله تعالى بين عباده من رزق وأجل وسرور وحزن وعجز وقدرة وإيمان وكفر وطاعة ومعصية، فكله عدل محض لا جور فيه، وحق صرف لا ظلم فيه، بل هو على الترتيب الواجب الحق على ما ينبغي، وكما ينبغي، وبالقدر الذي ينبغي وليس في الإمكان أصلا أحسن منه، ولا أتم منه، ولا أكمل، ولو كان وادخره مع القدرة ولم يتفضل بفعله لكان بُخلا يناقض الجود، وظلما يناقض العدل»[1].

(٥) هەروەها غەزالی شتی وا ئـەڵێ کـە ئـەوە ئەگەیـەنێ قسـەکانی پەیامبەر سـودی نـەبێت، ئەمـەش بنچـینەی ئیلحـادە، ئـەڵێ[2]: «وحد الإقتصاد بين هذا الإنحلال كله، وبين جمود الحنابلة دقيق غامض لا يطلع عليه إلا الموفقون الذين يدركون الأمور بنور إلهي لا بالسماع، ثم إذا انكشفت لهم أسرار الأمور على ما هي عليه، نظروا إلى السمع والألفاظ الواردة فما وافق ما شاهدوه بنور اليقين قرروه، وما خالف أولوه، فأما من

(١) الإحياء (٤/٢٥٨).
(٢) الإحياء (١/١٠٤).

يأخذ معرفة هذه الأمور من السمع المجرد فلا يستقر له فيها قدم ولا يتعين له موقف».

(٦) هەروەها أبو المظفر يوسف سبط ابن الجوزي لـە كتـێبى «رياض الأفهام في مناقب أهل البيت» ئـەڵێ: «غـەزالى ئـەڵێ: «عومـەر هـەوا وئارەزوى زاڵ بووە بەسەريدا بۆ ئەوەى خۆى ببێتە سەرۆك، بۆيە نكوڵى لـە فەزڵى عەلى كردووە».

قال: «ذكر أبو حامد في كتابه «سر العالمين وكشف ما في الدارين» فقال في حديث «من كنت مولاه فعلي مولاه» إن عمر قال لعلي: بخ بخ، أصبحت مولى كل مؤمن ومؤمنة، قال أبو حامد: وهذا تسليم ورضى، ثم بعد هذا غلب عليه الهوى حبا للرياسة، وعقد البنود، وأمر الخلافة ونهيها، فحملهم على الخلاف فنبذوه وراء ظهورهم واشتروا به ثمنا قليلا فبئس ما يشترون، وسرد كثيرا من هذا الكلام الفسل الذي تزعمه الإمامية، وما أدري ما عذره في هذا؟ والظاهر أنه رجع عنه وتبع الحق، فإن الرجل من بحور العلم والله أعلم».

(٧) له «الأحياء»دا هاتووە: «خوا وەليـەك لـە وەليـەكانى خـۆى بـە ئاسمـان وزەويـدا سـوڕداوە، هـەمو زەوى وهـەموو ئاسمانـەكانى بينيـوە، بەهەشتى پيشان داوە وبەڵكو عەرشيشـى بينيـوە، ولەبـەر دەسـتى خـۆى دايناوە وتويەتى ئـەى عەبدەكـەم داواى چـى دەكـەى بكـە لەوانـەى كـە بينيــت!؟»: «عـن أبـي يزيـد البسـطامي قـال: (أدخلني [أي: الله] فـي الفلـك الأسفل فدورنى في الملكوت السفلى وأرانى الأرضين وما تحتها إلى الثرى،

ثم أدخلنى في الفلك العلوى فطوف بي في السموات، وأرانى ما فيها من الجنان إلى العرش، أوقفنى بين يديه، فقال: سلنى أي شىء رأيت حتى أهبه لك؟ فقلت: يا سيدى ما رأيت شيئًا استحسنته فأسألك إياه، فقال: أنت عبدي حقًا تعبدنى لأجلي صدقًا، لأفعلن بك ولأفعلن، فذكر أشياء...»[١].

(٨) زەمی «حدثنا» دەكات كە بریتیە لە زانستی فەرمودە ناسی.

(٩) بە كورتی: كۆمەڵێك كاتی پیرۆز دادەهێنێت لە ئیسلامدا پیرۆز نیە، یان پیرۆزیش بێت ئەو عیبادەتانەی تێدا نیە كە ئەو باسی دەكات تێیدا.

(١٠) كۆمەڵێك نوێژ ورۆژوو دادەهێنێت كە لە ئیسلامدا نیە.

(١١) هەندێك ئایەت دێنێت ئەڵێت ئەمە زاهیرەكەیەتی وەگەرنا خۆی ئاوهایە وپاشان تەفسیرێكی باتنی بۆ دەكات!

(١٢) بە كورتی: ئەڵێ گوێگرتن لە گۆرانی لە حەوت ڕووەوە لە گوێگرتن لە قورئان بە سودتر ودڵ جوڵێنەرتر وبە جۆش وخرۆشترە. لەبەر درێژادڕی نەبوایە قسەكانیم بە درێژی بۆ دەگواستنەوە.

(١٣) ئەڵێت قورئان وحەدیس بدە لە الكشف «كە پلەیەكە لای سۆفیەكان وكۆمەڵێك هەقیقەت دەبینن كە لە ڕاستیدا هەقیقەتی

---

(١) الإحياء (٣/٣٥٦).

شەیتانیە)) ئەگەر ڕێکی ئەو بوو ئەوا ئیقراری بکە، هەرچیش پێچەوانەی کەشف بوو تەئویلی بکە.

(١٤) ئەڵێ: ((هەرکەس پشت بە سمع ببەستێت کە بریتیە لە قورئان وحەدیس، ئەوا هەرگیز دامەزراو وپێچەسپاو نابێت وسەقامگیر نابێت، مەگەر بیدات لە الکشف)).

(١٥) لە ئیبراهیمی ئەدهەمەوە دەگێڕێتەوە کە لە ڕاهیبێکەوە فێری مەعریفە بووە.

کەواتە کتێبەکە ناوی زیندوکردنەوەی زانستە دینیەکانە یان زانستی ڕاهیبەکان؟

(١٦) ئەڵێ: هەر بەندەیەك خوا ڕقی لێبێت دونیای پێدەدا.

ئەڵێم: ئەی پەیامبەر داود وسولەیمان؟!

(١٧) ((لە خەڵوەتگرتن تەنیابە ئەگەر نەکرا شتێك بکە سەرت، با مێشکت ساف بێت. ئیتر الله الله بکە تا کەشفت بەسەر دێت وگوێت لێ ئەبێت بانگ دەکرێیت)).

(١٨) ئەڵێ: ((هەبووە لە پیاوچاکان کەسێکی بە کرێ گرتووە بۆ ئەوەی بە پێش چاوی خەڵکەوە جوێنی پێبدا وقسەی پێبکات تا فێری سەبر ببێت)).

(١٩) باسی ئەوە ئەكات كە «عابدە هیندیەكان ئەگەر تەمبەڵی بیانی گرتایە بۆ عیبادەت لەسەر یەك پێ ڕادەوەستان شەو هەتا بەیان، وهەندێ لە پیاوچاكانیش لەسەر سەریان شەو تا بەیان ڕا دەوەستان».

(٢٠) «هەندێ لە پیاو چاكان بۆ ئەوەی فێری جەربەزەیی ببێت لە زستاندا لە كاتی بەرزبوونەوەی شەپۆلەكاندا ئەچووە ناو دەریا». دەی ئەمە حەرامە.

(٢١) ئەڵێ: «ڕۆژێ ئەبو توراب بە یەكێك لە دەروێشەكانی خۆی وتوە، ئەگەر ئەبو یەزیدت ببینیایە؟! ئەویش وتویەتی: من خوام بینیوە! ئەویش وتویەتی: ئەگەر ئەبو یەزیدت ببینیایە ئەوا لە حەفتا جار بینینی خوا بۆت باشتر بوو».

(٢٢) ئەڵێ: «پیاوچاكان هەیانە ئەگەر بڵێ خوایە قیامەت هەڵمەسێنە ئەوا قیامەت هەڵناسێنێ»!!

(٢٣) ئەڵێ: لە كاتی گرتنی بەسرەدا لەلایەن بێباوەڕانەوە، چونەتە لای پیاوچاكێك، وتویانە: دوعا بكە با خوا ستەمكاران لەناو بدات، وتویەتی: پیاوچاكی وا هەیە ئەگەر دوعا بكا خوا ستەمكار نەهێڵێت ئەمشەو هەمویان نامێنن، بەڵام نایكەن! چونكە ئەوەی خوا حەزی لێنەكات ئەمانیش حەزی لێناكەن...».

(٢٤) «یەکێك لە پیاوچاکان چل حۆری پیشاندراوە، تا سوژدەی بردوە ودوعای کردوە لە پێش چاوی نەماوە».

ئەڵێم: شەیتان بە سوژدە ودوعا وبسم الله نامێنێت، یان حۆری!!؟

(٢٥) باسی شتی وا دەکات کە ئەبێت شێخ ودەروێش وبۆخوا سوڵحاو بیکات لە سەرکزی وسەرشۆڕی وبێ نرخی، هەرگیز ئیسلام شتی وای نەوتوە. تەنانەت ئەڵێ لە سەگ سەرکز تر. بۆچی بۆ ئەوەی فێری زەلیلی ببێت وموتەکەبر نەبێت.

(٢٦) ئەڵێ هەیانبوە لە ناوچەکەی خۆی بە پیاوچاك ناوی دەرکردوە، جا ئەو ناوبانگیە دڵی تێکداوە، بۆیە رۆیشتوە دزی کردووە تا گرتویانە ولێیان داوە، ئەڵێ: ئەوسا دڵی ئاسودە بووە وزەلیل بووە.

(٢٧) هەروەها بۆ ئەوەی بگەیت بەو زانستەی ئەوان «سەرانی تەسەوف» پێی گەیشتون پێویستە سەر وڕیش بتاشی وعابایەك بپۆشیت وتورەکەیەك بکەیتە ملت وپڕی بکەی لە گوێز، ئینجا بڕۆ منداڵ لە دەوری خۆت کۆبکەرەوە وبڵێ: هەرکەس یەکجار لێمبدا گوێزی پێدەدەم، ئیتر ئەمە بکە لە بازار ولەو شوێنانەی خەڵك دەتناسنەوە، تا نەفست بشکێتەوە، ئەمە ئامۆژگاری ئەبو زەیدە بۆ کابرایەك، کابراش ئەمە دەبیستێ، ئەڵێ: سبحان الله، ئەویش ئەڵێ: سبحان الله شیرکە، چونکە تەسبیحاتی خۆتت کردووە نەك خوا...!؟

سبحان الله!

(٢٨) لای غەزالی کەمتەرخەم ئەوەیە کە گوێی لە قورئان ئەبێت وەکو ئافرەت ئەگیرێ.

(٢٩) عیسا وتویەتی: هەرکەس فیردەوسی ئەوێت لە بەهەشت: با نانی جۆ بخوات ولەسەر زبڵدان لەگەڵ سەگدا بخەوێت.

(٣٠) هەروەها خوا پەرستی لە ترسی سزا وبە تەمای پاداشت ئەوا تۆ عەبدێکی باش نیت ولە عەوامی.

(٣١) خوا جل جلاله قسەی لەگەڵ ئیبن ئەدهەم کردووە.

(٣٢) ڕێبازی عابدەکان جیاوازە لە ڕێبازی پەیامبەران، «لقي نبي من الأنبياء عابدًا فقال له: إنكم معاشر العباد تعملون على أمر لسنا معشر الأنبياء نعمل عليه، أنتم تعملون على الخوف والرجاء، ونحن نعمل على المحبة والشوق».

(٣٣) داوای ڕزق وڕۆزی کردن دژی «التوكل»ـە: «ولهذا دخل جماعة على الجنيد فقال: ماذا تطلبون؟ قالوا: نطلب الرزق، فقال: إن علمتم في أي موضع هو فاطلبوه، قالوا: نسأل الله، قال: إن علمتم أنه ينساكم فذكروه، فقالوا: ندخل البيت ونتوكل وننظر ما يكون، فقال: التوكل على التجربة شك، قالوا: فما الحيلة؟ قال: ترك الحيلة».

«وقال أحمد بن عيسي الخراز: كنت في البادية فنالني جوع شديد، فغلبتني نفسي أن أسال الله تعالى طعاما، فقلت: ليس هذا من أفعال المتوكلين،

فطالبتني أن أسأل الله صبرًا، فلما هممت بذلك سمعت هاتفًا يهتف بي ويقول: ويزعم أنه منا قريب..

وأنا لا نضيع من أتانا * ويسألنا على الاقتار جهدا...

كأنا لا نراه ولا يرانا».

## زیادەڕۆیی کردنێکی زۆر لە کتێبی ئیحیا

(٣٤). زیادەڕۆییکردنێکی زۆر لەسەر کتێبی «الإحياء»دا کراوە: تەماشای ئەم چیرۆکە بکە وئەوسا بزان چەند زیادەڕۆیی کراوە لە «الإحياء»ی غەزالیدا:

کە بە کورتی پەیامبەر ﷺ لە خەودا کتێبی «الإحياء» خوێندۆتەوە ویەك هەڵەی لی نەدەر نەکردووە وبە چاکی زانیوە. عەبدولقادری عەیدەروس ئەڵێ[(١)]:

«وذكر اليافعي أيضًا أن الشيخ الإمام الكبير أبا الحسن علي بن حرزهم الفقيه المشهور المغربي كان بالغ في الإنكار على كتاب إحياء علوم الدين وكان مطاعاً مسموع الكلمة، فأمر بجمع ما ظفر به من نسخ الإحياء وهم بإحراقها في الجامع يوم الجمعة فرأى ليلة تلك الجمعة كأنه دخل الجامع فإذا هو بالنبي ﷺ فيه ومعه أبو بكر وعمر رضي الله عنهما والإمام الغزالي قائم بين يدي النبي؛ فلما أقبل ابن حرزهم قال الغزالي: هذا خصمي يا رسول الله

---

(١) وهو عبد القادر بن شيخ بن عبد الله العيدروس، وكتابه هو: «تعريف الأحياء بفضائل الإحياء» وهو بهامش كتاب الإحياء المطبوعة.

ﷺ فإن كان الأمر كما زعم تبت إلى الله، وإن كان شيئاً حصل لي من بركتك واتباع سنتك فخذ لي حقي من خصمي، ثم ناول النبي كتاب الإحياء، فتصفحه النبي ﷺ ورقة ورقة من أوله إلى آخره، ثم قال: والله إن هذا لشيء حسن، ثم ناوله الصديق رضي الله عنه، فنظر فيه فاستجاده. ثم قال: نعم والذي بعثك بالحق إنه لشيء حسن، ثم ناوله الفاروق عمر رضي الله عنه، فنظر فيه وأثنى عليه كما قال الصديق، فأمر النبي بتجريد الفقيه علي بن حرزهم عن القميص وأن يضرب ويحد حد المفتري، فجرد وضرب. فلما ضرب خمسة أسواط تشفع فيه الصديق رضي الله عنه وقال: يا رسول الله ﷺ لعله ظن فيه خلاف سنتك فأخطأ في ظنه، فرضي الإمام الغزالي وقبل شفاعة الصديق، ثم استيقظ ابن حرزهم وأثر السياط في ظهره، وأعلم أصحابه وتاب إلى الله عن إنكاره على الإمام الغزالي واستغفر، ولكنه بقي مدة طويلة متألماً من أثر السياط وهو يتضرع إلى الله تعالى ويتشفع برسول الله ﷺ، إلى أن رأى النبي ﷺ دخل عليه ومسح بيده الكريمة على ظهره فعوفي وشفي بإذن الله تعالى، ثم لازم مطالعة إحياء علوم الدين ففتح الله عليه ونال المعرفة بالله، وصار من أكابر المشايخ أهل العلم الباطن والظاهر رحمه الله تعالى».

ئەمە لە کاتێکدا پەیامبەر ﷺ خوێندەواری نەبووە: ﴿وَمَا كُنْتَ تَتْلُو مِنْ قَبْلِهِ مِنْ كِتَابٍ وَلا تَخُطُّهُ بِيَمِينِكَ إِذًا لاَرْتَابَ الْمُبْطِلُونَ﴾.

پاشان چۆن ئەکرێت یەك هەڵەی تێدا نەدیبێتەوە ﷺ؟! کتێب هەیە بێ هەڵە بێت؟!

(٣٥). قال محمد المنتصر بالله الكتاني: «وعلي بن يوسف بن تاشفين إنما أحرق كتاب الغزالي، ومنع دخوله للمغرب، استجابة لمستشاري دولته، وكلهم من الفقهاء، وما كان يسعه غير ذلك في مجتمع كان سلفي العقيدة علي مذهب مالك، يري في مذاهب علماء الكلام بكل فرقهم: أشاعرة، وماتريدية، ومعتزلة... مذاهب أحدثت في دين الله ما لم يحدثه السلف الصالح، صحابة وتابعين وأئمة مجتهدين».

(٣٦). هۆكارەكان ئەم شتانە بوون نەك سیاسی بوو بێت، وەك ڕۆژهەڵاتناسەكان وكلكەكانیان ئەیڵێن.

(٣٧) ئەمانە وجگە لە مانەش وای لە هەندێك!! كرد بڵێن: نە غەزالی حوججەتولئیسلامە ونە كتێبەكەی زیندوكرنەوەی زانستە دینیەكانە، بەڵكو زانایەكە لە زانایان، كتێبەكەشی هەڵەیەكە لە هەڵەكانی سەرباری بونی چاكی وسود تێیدا.

من ئەڵێم: دروستە پێی بوترێت حوججەتولئیسلام، بەڵام هەڵەكانیشی ببینرێت.

هەروەها بۆت روون بوویەوە كە زانایان لە هەر چوار مەزهەبەكە وەڵامی ئەو شتانەی غەزالیان داوەتەوە، ئیتر پێویست بە هێنانەوەی شوبهەی لاواز وسست ناكات.

(٣٨). لە كۆتاییدا بێگومان هەركەسێك ئیسلامی ڕەسەنی ئەوێت، ئیسلامی لە چاوگە سازگارەكەیەوە ئەوێ، ئەبێت باوەڕی بە پاككردنەوەی

ئیسلام هەبێت لەو شتانەی تێی ئاخێنراوە. ئیتر لە هەرکتێبێك هاتبێت لەلایەن هەر زانایەکەوە نوسرا بێت، ئەمەش نیشانەی گەشی مێژووی ئیسلامە نەك ڕەشی وتاڵی.

جا بە یارمەتی خوای مەزن بۆت ڕوون بوویەوە کە ئەم کارە بە چاوی ویژدان وئینسافەوە لێی بڕوانی لاپەڕەی ڕەش نیە. مەگەر کەسێك بەبێ ئینسافی و بە چاویلکەی ڕەشەوە بیخوێنێتەوە!!؟

## مەقالەی دەیەم

## باسی ئیمامی ئەبو حەنیفە رَحِمَهُ ٱللَّهُ لە کتێبی: «السنة»ی شێخ عبدالله ی کوری ئیمامی ئەحمەد.

ئەڵێ: «**کەسێکی وەکو عەبدوولڵای کوڕی ئیمامی ئەحمەد خوا لێی خۆش بێت، کتێبێکی داناوە بەناوی: «السنة» -شەڵڵا داینەنایە- ١٨٣ جنێوی تێدایە بە ئیمام ئەبو حەنیفە...**».

وەڵام: بە کورتی وا بە یارمەتی خوای نیعمەتبەخش ئەو وەڵامەی ئامادەم کردوە دەیگوشم:

١. پێش هەموو شتێك ئەمە بێ ئینسافیە، چونکە ئەم ئوسلوبە ئوسلوبی عیلمی نیە، ئوسلوبی زانستی وئینساف ئەوەیە باسی ڕوە گەش وڕوە ڕەشەکان بکەیت، بەڵام تۆ تەنها باسی یەك ڕوو دەکەیت کە لایەنە ڕەشەکانە -ئەوەش بە گومانی خۆت-. ئەمەش بێ ئینسافیە! وئەوانەشی ڕەخنە لە ئیسلام دەگرن هەر وەك تۆ دەکەن بۆیە دەکەونە ناو هەڵەی گەورەوە.

٢. هەروەها جەخت لەسەر ئەوەش بکەمەوە کە گومانمان لە پێشەوایەتی ئیمامی ئەبو حەنیفە رَحِمَهُ ٱللَّهُ نیە والحمد لله. بەڵام پارێزراویش نیە لە هەڵە وەکو هەر زانایەکی تر، هەر لە ئەبوبەکری سددیقەوە هەتا ڕۆژی دوایی.

هەرچیش وترا لەم مەقالانەدا وئەوەی لێفامرا کە تانەیە لەو پێشەوایە، ئەوا من لەو فەهمە بەریم، وتەنها لە ڕوانگەی ئیلزامی خەسمەوە هێنراوەتەوە، وەکو ئیبن تەیمیە لە کاتی ئیلزامکردنی شیعە بە کۆمەڵێ بابەت لە «المنهاج» وجگە لەویش، وای لیٚ حاڵی بوون تانە لە عەلی دەدات وواش نیە. بەڵکو لەم جۆرەیە کە عەرزمکردن.

٣. هەروەك چۆن گومانیشمان لە زانایەتی وپایەداری شێخ عبداللە ی کوڕی ئیمام ئەحمەد نیە، کە زیاتر لە ٢٠٠ شێخ ومامۆستای هەبوە ووانەی بە دەیاها لە زاناکان وتۆتەوە وەکو ئیمامی نەسائی وئەبولقاسمی بەغەوی وئەبوبەکری خەللال، وزانایان چەندین ستایشیان کردووە، وهەشتا هەزار حەدیسی بەس لە باوکیەوە بیستوە، بوە بە دادوەریش. قال ابن المنادي: «ما زلنا نرى أكابر شيوخنا يشهدون له بمعرفة الرجال وعلل الحديث والأسماء، والمواظبة على الطلب». بەڵام پارێزراویش نیە لە هەڵە...

## ڕونكردنەوەی حاڵی كەسەكان قەیدی نیە ئەگەر بە هەق بێت

٤ . هەروەها ئەبێت ئەوە بزانین ڕونكردنەوەی حاڵی تاكەكان وكۆمەڵەكان لە دینی ئیسلامدا شتێكی گرنگە، چونكە دین بەوە لە گەرد وخەوش پاك دەبێتەوە[١].

جا من وئەویش لەسەر ئەم خاڵە كۆكین، كە: ئەبێت حاڵی كەسەكان وكۆمەڵەكان ڕون بكرێتەوە، بە بەڵگەی ئەوەی: لەسەر مینبەرەوە باسی حاڵی بەشێكی زۆری ئوممەتی ئیسلام دەكات، باسی عبدالله دەكات، باسی شوێن كەوتوانی سەلەفی ساڵەح دەكات، باسی هەڵەی تاكەكان دەكات، بەڵكو تەبدیعیشیان دەكات، كە پرسیاریشی لێ بكەی بڵێی: بۆ باسیان دەكەیت؟ ئەڵێ: چونكە دین تێكدەدەن!! یان خراپ لە دین تێگەیشتوون!!...هەتا دوایی، كەواتە هەركەس دینی تێكدا یان خراپ لێی تێگەیشت..، ئەبێت:

باسی بكەین وبڵێین ئەوە هەڵەیە، ئەگەر لەسەر مینبەریشەوە بێت! ئەگەر بۆ خەڵكی عەوامیش بێت!

---

(١) بەڵام ئەمێنێتەوە لێرەدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو حوكمانەدا بكەین، بەتایبەت لەسەر كەسێكی وەكو ئیمام ئەبوو حەنیفە، كە بە هەردوو شێوازەكە حاڵی ڕونكراوەتەوە ئەوەش لە خاڵەكانی كۆتاییدا ئاماژەم پێكردووە بە یارمەتی خوای گەورە.

که ئەمەت زانی، ئەوەشت بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم کارە دیارە شتێکی ئیجتهادیە ولە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت: بۆ نمونە: م.عوسمان فلاَن زانای پیٚ باش نیە، فلاَن کۆمەڵە خەڵکی پێباش نیە، بۆیە لەسەر مینبەرەوە وتاریان لە دژ دەدا وخەڵکیان لێئاگادار دەکاتەوە!

هەروەها ئەکریٚ کەسێکی تر: ئەوەی ئەم بەڕێزە وبۆچوونەکەی پیٚ باش نەبێت.

کەواتە چار چیە؟ چۆن بزانین کیٚ هەقە؟

ئەڵێم: خوا سبحانە لەوە داناترە خەڵك بە سەرگەردانی بهێڵێتەوە، وچاریان بۆ دانەنێت، بەڵکو چارەسەری بۆ ناردون، کە بریتیە لە پەیامبەران علیهم الصلاة والسلام.

وەکو خوای مەزن لەم ئایەتە پێی ڕاگەیاندوین کە چی بکەین تا لە ((خیلاف))دا هەق بدۆزینەوە؟ وەك ئەفەرمویٚ: ﴿كَانَ النَّاسُ أُمَّةً وَاحِدَةً فَبَعَثَ اللَّهُ النَّبِيِّينَ مُبَشِّرِينَ وَمُنْذِرِينَ وَأَنْزَلَ مَعَهُمُ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ لِيَحْكُمَ بَيْنَ النَّاسِ فِيمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ وَمَا اخْتَلَفَ فِيهِ إِلَّا الَّذِينَ أُوتُوهُ مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَتْهُمُ الْبَيِّنَاتُ بَغْيًا بَيْنَهُمْ فَهَدَى اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا لِمَا اخْتَلَفُوا فِيهِ مِنَ الْحَقِّ بِإِذْنِهِ وَاللَّهُ يَهْدِي مَنْ يَشَاءُ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾، ئەم ئایەتە زۆر گرنگە پێمان ئەڵیٚ کە:

أ. پەیامبەران ﷺ وکتێبەکان نێردراون بۆ لابردنی خیلاف.

ب. بەڵام خیلاف هەر ئەبێت وئەمێنێت، بەهۆی شوێن نەکەوتنی زۆربەی خەڵك بۆ پەیام وپەیامهێنەران.

ج. ئەوانەی کە لەو خیلافە هەق دەدۆزنەوە، ئەوانەن کە شوێنی پەیام وپەیامهێنەران ﷺ دەکەون. کەواتە: هەق لە نێو ئەو خیلافەدا لەگەڵ پەیامهێنەران وپەیامەکەیاندایە.

د. ئەو هەقە ناوی ڕێگای ڕاستە «صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ» کە بریتیە لە ڕێبازی پەیامبەران ﷺ.

ه. ئەو دۆزینەوەش فەزڵ ومننەتی خوایە.

دەسا خوایەگیان! ئەی پەروەردگاری جوبرەئیل ومیکائیل وئیسرافیل! هەقم نیشان بدەیت وبمکەیتە شوێنکەوتوی، هەروەها بە م.عوسمانی وسەرجەم موسڵمانان.

بەڵێ، جا هەرکەس بەڵگەی پێبوو، کە بریتیە لەوەی پەیامبەر هێناویەتی، -کە ئێمە پێی ئەڵێین قورئان وحەدیس یان ئەهلی سوننەت وجەماعەت یان ڕێبازی سەلەفی سالح، وهیچ جیاواز نین-، ئەوا بێگومان لە دونیا ودواڕۆژ بەڵگەی هەقێتی خۆی پێیە، وەگەرنا لە دونیا ودواڕۆژ بەڵگەی دۆڕاوی خۆی پێیە. خوا بمان پارێزێت بەو پاراستنەی پیاوچاکانی پێدەپارێزێت.

جا هەرکەس لەم کۆمەڵانە کەسێکی تەبدیع کرد ئەوە هەروا بە بەلاش ناڕوا، خوا لە قیامەتدا ئەو خیلافە یەکلا دەکاتەوە، ئەگەر بەڵگەی پێبوو ئەوە خۆش لەخۆی کە بەرگری لە دینی خوا کردوە، وەگەرنا ماڵ وێران بە خۆی کە ستەمی لە خەڵك کردوە.

بەڵێ، یەکلاکردنەوەی ئەوەی کێ هەقە، لای خوایە سبحانە لە ڕۆژی قیامەت: ﴿إِنَّ اللَّهَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ﴾ واتە: خوا سبحانە ئەو خیلافانە یەکلا دەکاتەوە.

هەروەها ئەفەرموێ: ﴿وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ فَلَا تَكُنْ فِي مِرْيَةٍ مِنْ لِقَائِهِ وَجَعَلْنَاهُ هُدًى لِبَنِي إِسْرَائِيلَ وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ يَفْصِلُ بَيْنَهُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فِيمَا كَانُوا فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ واتە: «پەیامان بەخشی بە موسا، بەلام خیلاف کەوتە نێوان بەنی ئیسرائیلەوە، جا ئەی پەیامبەر! خوا لە قیامەتدا ئەو خیلافە یەکلا دەکاتەوە وقەزاوەتی بەینیان دەکات، کە کێ هەقە وکێ باتڵە؟»

بێگومان ئەمەش بۆ قەومی موسایە ﷺ لەو شتانەی کە جیاوازی هەبووە لە نێوانیان، هەروەها بۆ قەوەمەکانی تریش، لە کاری دین وژین، لە بیروباوەڕ، لە کردەوە، هەموو ئەوانە خوا سبحانە یەکلای دەکاتەوە لە ڕۆژی دواییدا.

وەکو ئەفەرموێ: ﴿إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَقُصُّ عَلَي بَنِي إِسْرَائِيلَ أَكْثَرَ الَّذِي هُمْ فِيهِ يَخْتَلِفُونَ﴾ کەواتە: بۆ چارەسەری خیلافەکە ناردویەتی، بەڵام ئایا هەموو شوێنی هەق کەوتن؟ بێگومان نەخێر.

بۆیە سەرشۆڕی بۆ ئەوەی لە کیتاب وسوننە لادەدات وشوێنی ڕێبازە لاڕێکان دەکەوێت.

٥. کتێبی سوننەی عبداللە ی کوڕی ئەحمەد لەبەر ئەوەی «١٨٣» جنێوی بە ئەبو حەنیفە تێدایە -لەسەر قسەی خۆت-، ئەڵێی: شەللا نەینوسایە! دەی تەنها لە کتێبی «الإحیاء»ی غەزالیدا پێنج قات ئەوە، یانی: ٥×١٨٣، هەڵە ولادان ودرۆ وشتی پوچ وبیدعە وحەدیسی بێ بنەما وهتد... تێدایە، بەڵکو زیاتریش!! شتی وای بە پیاوچاکان تێدایە لە جنێویش خراپترە! بەڵکو -بە دیدی تۆ بێ جنێوی بەخواش جل جلالە تێدایە- خێرە بۆ ئەمیان شەڵلا نەینوسایە، بەڵام بۆ ئەویان شەللا نەیان سوتاندایە؟!

٦. پاشان تەماشا بکەن: لەو «١٨٣» جنێوە، خراپترینی ناویان بە نمونە دەهێنێتەوە! ئەمەش بێ ویژدانی وبێ ئینسافیە.

## لێکۆڵینەوە لەو ڕیوایەتانەی هاتون لەبارەی ئەبو حەنیفەوە رَحِمَهُ ٱللَّهُ

٧. ئینجا کە تەماشای سوننەی عبداللّٰه دەکەیت، ئەو وتانەی لەسەر ئیمامی ئەبو حەنیفە دەیهێنێتەوە لەبەشێکدا دەیهێنێت لە ژێر ناونیشانی: «ما حفظت عن أبي وغيره من المشايخ في أبي حنيفة» واتە: «ئەوەی لە باوکم وجگە لەویشەوە بیستومە سەبارەت بە ئەبو حەنیفەوە»، وڕیوایەتی ترت لە شوێنی تر لەو کتێبە بەرچاو ناکەوێت لەسەر ئیمامی ئەبو حەنیفە مەگەر لە یەك یان دوو شوێنی تر نەبێ.

جا من بە وردی دیراسەی ڕیوایەتەکانی ئەو بەشەم کرد، هەم لە ڕووی سەحیحی ولاوازیەوە، هەم لە ڕووی ژمارەیانەوە، هەم لە ڕووی دووبارەبوونەوەوە وئاستی تانەدانی لە ئیمامی ئەبو حەنیفە...، تەماشا دەکەم هەموو ڕیوایەتەکانی بە دووبارە وساغ ولاوازیەوە بریتیە لە: « ١٧٤ » سەد وحەفتا وچوار ڕیوایەت. ئەمەش بەپێی سێ نوسخەی ئەو کتێبە:

**یەکەمیان:** ئەو نوسخەیەی کە «د.محمد بن سعد القحطاني» تەحقیقی کردووە، «دار ابن القيم» کە لە لاپەڕە « ١٨٠ »ەوە ڕێك دەست پێدەکات ولە لاپەڕە « ٢٢٩ » کۆتایی پێدێت.

**دووەمیان:** ئەو نوسخەیەی کە «أبو مالك الرياشي» تـەحقیقی کـردووە، «مكتبة الإمام البخاري»» کە لە لاپەڕە «١٠٨»ەوە ڕێك دەسـت پێـدەکات ولە لاپەڕە «٢٢٧» کۆتایی پێدێت.

**سێیەمیان:** ئەو نوسخەیەی کە لە «المكتبة الشاملة» هەیە.

هەموو ئەم نوسخانە هەمان ئەو ژمارەیە کە باسم کرد.

دەی کەوابو ئەگـەر هـەر ڕیوایـەتێك جنێوێـك بێـت -کـە وا نیـە-، وهەمویشی سەحیح بێت -کە وا نیە-، وهەمویشی لەسـەر ئـەبو حەنیفـە بێت -کە وا نیە-، ئەوا ئەکاتە: ١٧٤ سەد وحـەفتا وچـوار جنێـو! نـەك «١٨٣»

٨. لەم ١٧٤ سەد وحەفتا وچوار ڕیوایەتە کە لەو بەشەدا هـاتووە، -کە وتمان جگە لەو بەشە ناوی ئیمـامی ئـەبو حەنیفـە ناهێنێـت یـەك دوو جارێك نەبێ-، نزیکەی ٨٠ هەشتا ڕیوایەتی لاوازە.

٩. لەم ١٧٤ سەد وحەفتا وچـوار ڕیوایەتـە، ئـەوەم جیـاکردەوە کـە بەجنێو لێك دەدرێتەوە، تەنها ٢٧ بیست وحەوت ڕیوایەتی مایەوە!! لـەو ٢٧ بیست وحەوتەش لاوازەکانم جیاکردەوە، تەنها ١٣ ڕیوایـەتی سـاغی مایەوە!

١٠. ئەمە بێجگە لە ڕیوایەتی یەکەمی ئەو بەشـە کـە دەکرێـت بـە ستایشی ئەبو حەنیفە لێك بدرێتەوە زیاتر.

١١ . ئەمە بێجگە لە چەند ڕیوایـەتێك لـەو بەشـە کـە باسـی ئـەبو حەنیفە ناکات.

١٢ . ئەمە بێجگە لە ڕیوایەتە دووبارەبوەکان، جاری وا هەیە نزیکەی دە ڕیوایەت یەك ڕستەیە ودووبـارە دەبێتـەوە، بـەڵام هـەر ڕیوایـەتێك لـە ڕێگایەکەوەیە وهەر ڕیوایەتێك لە یەکێك لە پێشینەوەیە.

١٣ . ئەمە بێجگە لەوەی ڕیوایەتـەکان ئەگـەر بـە هـەمان ڕسـتەش دووبارە نەبنەوە، بەڵام بە ناوەڕۆك زۆرێکی دووبارەیـە، مـن لـە ژێـر ١٣ ناونیشان -بە یارمەتی خوای گەورە- تـوانیم ١٤٢ ڕیوایـەت -لـە کـۆی ١٧٤ ڕیوایەت- کـۆ بکەمـەوە. ناونیشـانەکانیش بـۆ نمونـە یـەکێکیان: تۆمـەتبارکردنی بـە ئیرجـا وبـاوەڕبوون بـە خـروج، تۆمـەتبارکردنی بـە عەقیدەی جەهمیەکان و...هتد.

١٤ . ئەگەر بڵێی: کە لاوازە بۆ دەیهێنێت؟! منیش ئەڵێم: ئەمـە یـان نەزانینە، یان ئەوپەڕی دەمارگیری وکوێر بوونە بۆ ئیمـامی ئـەبو حەنیفـە ڕەحمەتی خوای لێبێـت! ئەگـەرنا ئـەی بـۆ باسـی ئـەو هـەموو ڕیوایـەت وفەرمودە لاواز وهەڵبەسـتراوانە ناکـەی کـە بەشـێکی گـەورەی توراسـی ئیسـلامی داگـیر کـردووە، وبـە نیشـانەی ناشـیرینی مێـژووی ئیسـلام نایهێنیتەوە کە جوێنی بەوە تێدایە تۆ خۆشتەوێ، هەر لە چوار خەلیفەکـە وباقی هاوەڵانەوە تێیدایە، بەڵکو بە پەیامبـەرانیش! هەمویشـی دراوەتـە

پاڵی پەیامبەرەوە وبەناوی ئەوەوە وتراوە ﷺ، خۆ قابیل ئیمامی ئەبو حەنیفە ڕەحمەتی خوای لێبێت لە هەمو ئەوانە بەڕێز تر بێت!؟

سەبارەت بە هۆکاری ڕیوایەتکردنی حەدیسی لاواز وهەڵبەستراو، ئەوە کۆمەڵێك خاڵە ئێستا بواری شیکردنەوەیمان نیە.

١٥. پاشان دێم وئەڵێم قوربان «ئەم قسانە لە قازانجی کێیە؟ ئەچێتە گیرفانی کێ؟» مینبەر کەی جێی باسکردنی ئەو جۆرە شتانەیە؟!

بەڵێ بەڕێزان: وا لەسەر میبنەرەوە وبۆ ئەو خەڵکە کە لە هەمو جۆرێکی تێدایە، ئەم وتاربێژە ئەڵێ -ئیتر ئاگای لە خۆیەتی یان نا!-: زاناکانمان بە یەکتر قسەیان کردووە، چوار مەزهەبەکە قسەیان بە یەکتر کردوە وڕوحی یەکتر قەبووڵکردنیان نەبووە، وهەندێك نمونەی زۆر خراپیش دەهێنێتەوە

توخخوا وتاربێژی دلسۆز شتی وا دەکات! پیاوی دانا دەرگای لەم جۆرە دەکاتەوە؟! اللهم مەگەر کەسێك بیەوێ: بە دین لە دین بدا! یان کەسێك نەزانێ چی ئەکا!! وأحلاهما مر.

١٦. وا دابنێ ئەم قسانە هەقن، ئایا چ ژیرێك، بە دروستی دەزانێ قسەی وا لەسەر مینبەرەوە بکرێ؟!

١٧. دیسانەوە بگەڕێن بەڕێزان.. بزانن لە شیعەکان زیاتر، کێ ئەم تانەیە لە ئەهلی سوننە دەدات؟!

ئای چەند عەیبە ببیت بە زمانحالْ ووتەبێژی شیعە لە تانەدان لە ئەهلی سوننە، لە کاتێکدا پۆشاکی ئەهلی سوننەتیشت پۆشی بێت؟!

١٨. باشە چ جیاوازیەك هەیە لە نێوان ئەو کە هەڵەیەکی لە کۆمەڵێ موسڵمان بینیوە، وهاتوە باسیان دەکات، وپێیان ئەڵێ: مورجیئە، پێیان ئەڵێ: خەوارج.

چ جیاوازیەك لە نێوان ئەو وپێشەوا عبداللە ی کوڕی ئیمام ئەحمەد هەیە -بە دیدی تۆ-، کە کۆمەڵێ ڕیوایەتی پێگەیشتووە لەسەر هەڵەکانی ئیمامی ئەبو حەنیفە وهاتووە لە کتێبێکدا نەك لەسەر مینبەرەوە باسی کردووە!؟

لەو کتێبە ئەگێڕێتەوە کە بە ئەبو حەنیفە وتراوە مورجیئە، ئەی خۆ ئومەتی ئیسلام کۆکە لەسەر ئەو شتە.

بەڵام تۆ بە کۆمەڵێکی زۆری موسڵمانان وحەنبەلیەکان ئەڵێی مورجیئە، تەنها تۆ وجەماعەتەکەت وهاوبیرانتان شتی وا ئەڵێن وهەموو ئومەت وا ناڵێن.

پێیان ئەڵێی: خەوارج!! لەو کتێبەی عبداللە بە ئەبو حەنیفە نەوتراوە خەوارج!!

ئەمەش دژ بەیەکیەکی تری تۆیە، لەو چەندین دژ بەیەکیەت کە لە وتارێکی چارەکیدا تێی کەوتوی!! لەولاوە زەمدەکەی لەسەر کاریْ، کەچی

خـۆتیش تیـێـی دەکـەوی، ئەمــەش إن شاء الله ناونیشــانی بەشـێکی ئــەم مەقالانەمانە: «دژ بەیەکیەکانی (التناقضات) م.عوسمان».

لا تَنْـهَ عَـنْ خُلُـقٍ وَتَـأْتِيَ مِثْلَـهُ          عَــارٌ عَلَيْــكَ إِذَا فَعَلْــتَ عَظِــيمُ

عەیب نیە نەهی لە کارێ بکەیت          کەچی خۆشت بڕۆیت ئەنجامی بدەیت

١٩. هەروەها ئەبێت ئەوە بزانین کە لە سـەرەتاوە ئــەم جـۆرە قسـانە دەگێڕدرانەوە: لە وەکیعەوە، لە سـەوریەوە، ولـە فـلان وفلانـەوە، لەسـەر ئیمام ئەبوحەنیفە. بەلام دوای ئـەو سـەردەمانە، وەکـو ئیمـامی تـەحاوی ئەڵێ: یەکدەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە ئەو شتانە نەگێڕنەوە لە خێر زیـاتر نەبێت، بە تایبەت دوای سەدەی چوار ولەوەودوا.

٢٠. «خاوەن عـەقڵەکان، خاوەن تێگەیشـتنەکان، ژێـر ووردکارەکـان، ئەم شتانە ئەیپێچنەوە ونایگێڕنەوە»، بەڵگـەی ئـەوەش تەماشـا دەکـەیت هەموو خەڵك تەنانەت کۆمەڵێکی زۆر لە مەلا ومامۆستاکانیش -کە مـن وردە ڕاپرسیەکم کرد- ئەو شتانەیان نەبیستوە، کەواتە هی ئەوەیـە زانایـان مراندویانە. تەنانەت خودی م.عوسمـانیش ئامـاژە بـەوە دەکـات کـە ئـەم مەسەلانە خەڵك نایزانن ونەیان بیستوە.

بەلام ئەم کاکەیە نایەوێ! وبەم کارەی زانایان ڕازی نیـە، بـەڵکو هـەر ئەیەوێ بە زۆر زیندوی بکاتەوە وبەو خەڵکە بڵێ ها سەیری ئیسـلام بکـەن چۆن بەر دەبنە گیانی یەکتر!؟

خۆ ئەگەر ئەڵێی ئەوە شێخ موقبیلە زیندوی کردۆتەوە، لە وەڵامتدا ئەڵێم:

أ. ئەو کردی تۆ بۆ کردت!؟ ئەو هەڵە بو، ئەی تۆ چی؟

ب. لای هەمو ژیرێك زانراوە ئەوەی لە کتێب دەوترێت لەسەر مینبەرەوە ناوترێ.

ج. شێخ موقبیل کتێبەکەی بە سەنەدەوە نوسیوەتەوە، کەواتە بۆ تایبەتەکان نوسراوە وەگەرنا عەوام چ لە سەنەد دەزانێت؟! بەڵام تۆ بەزۆری بۆ عەوامی دەگێڕیتەوە.

د. شیخ موقبل هەڵەش بێت پێشینی هەیە لەسەر ئەو کارەی، پێشینی وا کە بە ڕای من وتۆش ئیمامن، بەڵام تۆ کێ پێشینتە لەم کارە، اللهم مەگەر شیعە ڕافزیەکان!! کە لەسەر مینبەرەوە دێی باسی حەسودی بە یەکتر بردن وقسە بە یەکتر وتنی نێوان زانایان دەکەیت، وهەیبەت وسام وگەورەییان دەشکێنیت لە دڵی خەڵکدا، کە ئەمە ئیشی بێدینەکانە: ئەدەن لە زانا ومامۆستا وڕەمزەکان لەلای جمهوری موسڵمانان، تا ڕەمزەکان بخەن، ئیتر کە زانا وڕەمزەکان کەوتن دینیش دەکەوێت!!

٢١. دیسانەوە ناڵێت ئەو جوێنانە! قسەی عبداللە خۆی نیە وهەموی لە پێشینانەوە بە سەنەدەوە دەگێڕێتەوە.

تاوان ئەوان دەیکەن وئەم دەبێت باجەکەی بدات؟!

غيري جني وأنا المعاقب فيكم    فكـــــأنني ســـــبابة المتنـــــدم

كەواتــە ئــەی بــۆ ئــەيلكێنيت بــە عبــدالله ەوە؟ چ مەبەســتێكی لــە پشتەوەيە؟ ياخوا بۆ لێدانی حەنبەلیــەكان ومالكیــەكان وئــەهلی حــەديس نەبێت، كە توندن لەسەر سوننەت.

واش دیارە ئەو توندیە زۆری بۆ هێناوە. چونكە كتێبەكەی غــەزالی — كە باسی دەكات- بە زۆری مالكیەكان سـوتاندیان، تەبـەری -كـە باسـی دەكات- حەنبەلیەكان توشی میحنەتیان كرد، ئـەبو حەنیفـە -كـە باسـی دەكات- كۆمەڵێك لە ئەهلی حەدیس قسەیان لەسەر كرد.

٢٢. باشە دەپرسم: خێرە ئەو ئیمامانە كە ڕیوایەتمان بۆ بكـەن باسـی نوێژ و ڕۆژ وزەكات وهتد... بكەن، سەنەدەكانی سـەحیحە و وەردەگیرێـن، بەڵام باسی ئەبو حەنیفە بێت نەخێر لاوازە و وەرناگیرێ!؟؟ (١)

## بۆچی قسە بە ئیمامی ئەبو حەنیفە كرا لەلایەن هەندێكەوە

٢٣. دیسانەوە نـاڵێ: بـۆ، وبــەهۆی چـیەوە لەلایـەن كۆمــەڵێك لـە زانایانی پێشینەوە وا بــە ئیمــامی ئــەبو حەنیفــە ڕەحمــەتی خــوای لــێبێ وتراوە؟!

---

(١) بڕوانە خاڵی «٢».

سەرەتا من نکوڵی ناکەم کۆمەڵێك لەو قسانەی پیشینان سەبارەت بە ئەبو حەنیفە وتراوە سنور بەزاندنی تێدایە[1] بەڵام ئیجتهادیان کردوە وپاداشت دەدرێنەوە إن شاء الله لەسەر ئەو ئیجتهادەیان کە بۆ دین وتویانە نەك بۆ نەفسی خۆیان، بە بەڵگەی ئەوەی ئەگەر یەك ودوو کەس بوایە، دەموت: «کلام الأقران یطوى ولا یروى» بۆیە ناکرێ هەر هەمویان لەبەر نەفسیان بووبێت، لە کاتێکدا زۆربەیان ئەگەر نەڵێم هەموان، ئیمامەکانی ئەم دینەن! هەروەها سەرمەشقن لە عیبادەت وخواناسی ودونیا نەویستی. بۆیە ئیجتهادیان کرد ومأجورن إن شاء الله.

بۆ سنور بەزاندنی هەندێکیشیان، وەڵامێکی تێروتەسەلت -بەیارمەتی خوای گەورە- لە خاڵەکانی کۆتایی بەرچاو دەکەوێت.

جا من لەم بارەوە تەنها وتەیەکی ئیبن عەبدولبەڕی مالکی دەهێنمەوە چونکە ئەوترێ ئیبن عبدالبر لە هەموی بە ویژدانتر قسەی کردووە لەسەر ئەم بابەتە، ئەمەش کورتە ومەغزاکەیەتی:

زۆرێکی زانایان لەبەر خاتری جەنابی پەیامبەر ﷺ وحەدیسە پیرۆزەکانی، قسەیان بە ئیمامی ئەبو حەنیفە کردووە، چونکە پێیان وا بووە ئەبو حەنیفە حەدیس دژی بۆچوونی ئەو بووبێت ڕەدی کردۆتەوە، بۆ

(١) على حد تعبير ابن عبدالبر.

نمونە ئەڵێن: وتویانــە ئــەبو حەنیفــە وا مــەڵێ! چــونکە پەیامبــەر ﷺ وا ئەفەرموێ! وتویەتی: ئەم حەدیسە خورافاتە! (١).

یان لێوەی ئەگێڕنەوە: وتویەتی: ئەگەر پەیامبەر ﷺ منی ببینیایــە، ئیشی بە زۆرێك لە بۆچوونەکانم دەکرد(٢).

بە کورتی: پێیان وابوە ڕا ودید وبۆچوونی خۆی پێش حەدیس خســتوە، ئەمــەش دەرگــای شــەڕ وخراپــە لــە خــەڵك دەکاتــەوە. جــا دینــیش بــۆ ئیشپێکردن هاتووە نەك بدرێت لــە تــەرازوی بۆچــوونەکان، جــا بۆچــوونی کەسەکانیش جیاوازە، ولە کەسێکەوە بۆ کەســێکی تــر دەگۆڕێــت، ئەوســا دیــن ئەبێتــە یــاری بــە دەســتی خەڵکــەوە. ئــیتر لــەو پێنــاوەدا ئــەکرێ سنوریشیان بەزاندبێ وزیادەڕۆیشیان کردبێت.

ئیتر لەبەر ئەوە بێت کە ئەم زیاتر لەوانەی پــێش خــۆی «قیاس ورأي» بەکارهێناوە، کە کەس ئەوەندەی ئەم بۆچــونی خــۆی بەکارنــەهێناوە، یــان کەمتر سەری بە حەدیسدا کردوە وکەمتر سەری لە حــەدیس دەرچــوە، یــان

---

(١) وەڵامی خێرای من بۆ ئەمە، ئەوەیە: ئیمامی ئەبوو حەنیفــەی پێــی وا نــەبووە حــەدیس بێت وسابت بوویێت، وەگەرنا لێی ناوەشێتەوە، پێی وابێــت حەدیســی صــەحیح بێــت، وڕەددیشــی بکاتەوە، بەڵکو پێی وا بووە ناکرێ شتی وای فەرمو بێت.

(٢) ئەمەش لەگەڵ دونیا نەویستی وتەقوا وخواناسی ئەبوحەنیفە رَحِمَهُ ٱللَّهُ ناگونجێت بەڕاستی، بۆیە بڕواناکەم سەحیح بێت.

پـــێم باشـــەیان زۆر بـــەکارهێناوە، یـــان پێچـــەوانەی ســـەلەفی ســـاڵەحی زۆرکردووە.. الله أعلم.

ئەوەش دەقەکەیەتی: «وأفرط أصحاب الحديث في ذم أبي حنيفة رحمه الله، وتجاوزوا الحد في ذلك، والسبب الموجب لذلك عندهم: إدخاله الرأي والقياس علي الآثار واعتبارهما، وأكثر أهل العلم يقولون: إذا صح الأثر من جهة الإسناد بطل القياس والنظر، وكان رده لما رد من الأحاديث بتأويل محتمل، وكثير منه قد تقدمه إليه غيره وتابعه عليه مثله ممن قال بالرأي، وجل ما يوجد له من ذلك ما كان منه اتباعا لأهل بلده كإبراهيم النخعي وأصحاب ابن مسعود، إلا أنه أغرق وأفرط في تنزيل النوازل هو وأصحابه، والجواب فيها برأيهم واستحسانهم، فيأتي منهم من ذلك خلاف كثير للسلف وشنع هي عند مخالفيهم بدع، وما أعلم أحدا من أهل العلم إلا وله تأويل في آية أو مذهب في سنة، رد من أجل ذلك المذهب بسنة أخرى بتأويل سائغ أو ادعاء نسخ، إلا أن لآبي حنيفة من ذلك كثيرا وهو يوجد لغيره قليلا».

## تووڕە بوون بۆ لەو ئیمام تر دادگەرانە ترە

٢٤. هەروەها ئەڵێم: کە کەسێك بۆ ئیمام ئەبو حەنیفـە تـوڕە ئـەبێت وپێی ناخۆشە قسەی پێدەکرێت، ئەبێ ئەوەش بزانرێت کە عبدالله ی کوڕی ئیمام ئەحمەد وخەتیبی بەغدادی وئیبن ئەبی شەیبە وشێخ موقبیـل وجگـە لەوانیش، لەبەر ئەو هەموو ئیمامە توڕە بونە کە تانـەیان لـە ئیمـام ئـەبو حەنیفە داوە، کە زۆرێك لەو ئیمامانە لـە ئـەبو حەنیفـە ئیمـامتر وزانـاتر

وگەورەتر ولەپێشتر وبەتەمەنترن، وهەشیانە هاوشانیەتی. کەواتە ئەگەر ئێمە ئیمامەکانمان بەڕاستی خۆش ئەوێ، ئەوا ئەبێت هەردوو ئەوانەمان خۆش بووێ کە بە هەق بەرگری لەو زانایانە دەکەن.

٢٥. هەروەها پێت ئەڵێم: بۆ پەیامبەر ﷺ وحەدیسەکانی بۆ تورە نابی؟!

جارێکیان! مامۆستایەکی! میسری لە کەناڵی ئەلجەزیرە، ئافرەتێك تەلەفۆنی بۆ کردوە وگلەیی لێکردوە لەسەرئەوەی قسەی بە مامۆستایەکی! تر کردوە بەناوی «عەمر خالد». ئەویش وتی: من بۆیە قسەم پێوت، چونکە قسەی بە پەیامبەر ﷺ کردوە، وبە پەیامبەری خوای ﷺ وتوە: فەشەلی هێناوە، بۆیە لەبەر پەیامبەر ﷺ تورە بوم وقسەم پێکرد. پاشان وتویەتی: تۆ بۆ عەمر خالد تورە ئەبی، بەڵام بۆ پەیامبەر ﷺ بۆ تورە نابی؟!

جا منیش هەمان شت بە تۆ ئەڵێم.

من پێشەوا وئیمامی ئومەتی ئیسلام: ئیمامی ئەبو حەنیفە ناشوبهێنم بە کەسێکی وەك عەمر خالد وبەڵکو لە بەراودیشدا نین، بەڵام «المثل يضرب ولا يقاس عليه» نمونە دەهێنرێتەوە، بەڵام قیاسی لەسەر ناکرێت، وەك لای ژیرەکان زانراوە(١).

---

(١) بڕوانە خاڵی ژمارە «٢».

٢٦. پاشان تۆ خۆت ئەڵێی: قەیدی چیە ئەهلی خۆی هەڵـەی زانایـان ڕون بکەنەوە، دەی مادام وایە، **الحمد لله عبدالله** ئەهلی ئەوەیـە **إن شاءالله**، ئەوانەی لە خاڵەکانی داهاتودا ناویـان ئـەهێنم ئـەهلی ئـەوەن **إن شاء الله**. ئیتر کەوابو ئەمە چ نەنگیەکی تێدایە؟!

## ناوەڕۆکی کتێبی: «الرد على الجهمية»

٢٧. هەروەها تەماشای ناو وناوەڕۆکی کتێبەکەی عبداللّه بکە:

کتێبەکـەی کـە نـاوی: «**الرد على الجهمية**»یـە، باسـی جەهمیـەکان ومورجیئـە دەکـات، ولەبـەر ئەوەشـی هەنـدێك ڕیوایـەت هـەبوە لەسـەر ڕێکبونی بۆچوونی پیشەوا ئەبو حەنیفە لەگەڵ جەهەمیەکان بۆیـە باسـیان دەکات[١]:

سەرەتا بەو ڕیوایەتانە دەسـت پێـدەکات: کـە قورئـان مـەخلوق نیـە وئەوەی بڵێ مەخلوقە حوکمی چیە؟ پاشان باسی نامەکەی ئیمامی ئەحمەد دەکات کە بۆ خەلیفە المتوکل ناردوویەتی، کـە ئایـەت وحـەدیس ووتـەی پێشیانی تێدایە لەسەر ئەوەی قورئان مەخلوق نیە، ئینجا دێتە سەر باسـی اللفظ، ئینجا باسی بیشـری مەریسـی وجـەهمی کـوڕی سـەفوان دەکـات

---

(١) «ئیمام ئەحمەد ئەڵێ لای ئێمە سابت نەبووە کە جەهمی بو بێت» وەك دوایـی بەرچـاوت دەکەوێت إن شاءالله.

وڕیوایەتەکان لەسەریان دەهێنیتەوە، ئینجا باسی نکوڵی کردن دەکات لە سیفەتی «الكلام»، ئینجا باسی «الواقفة)کان دەکات، ئینجا دێتە سەر باسی ئەو وتانەی سەلەف کە لەسەر ئەبو حەنیفە وتویانە. ئینجا دێتە سەر باسی مەسەلەی «الرؤية»، ئینجا باسی هەندێك سیفاتی تر دەکات وپاشان دێتەوە سەر «الجهمية»، ئینجا دیتە سەر مەسەلەی «الكرسي» ئینجا دێتە سەر باسی ئیمان ووەڵامدانەوەی مورجیئە، ئینجا باسی قەدەریەکان وقەزا وقەدەر دەکات، ئینجا باسی دەجال دەکات، ئینجا باسی کۆمەڵێك سیفاتی تر دەکات لە قورئان وحەدیس کە ڕەددی جەهمیە دەداتەوە، ئینجا باسی خیلافەتی چوار خەلیفەکە دەکات ووەڵامی شیعە ڕافزیەکان دەداتەوە، ئینجا دێتە سەر باسی سزای گۆڕ وئینجا دێتە سەر باسی خەوارج.

## ئەو کەسانەی قسەیان لەسەر پێشەوا ئەبوحەنیفە کردوە

٢٨. ئەگەر ئەو قسانەی عبدالله یان حەز ئەکەی بڵێ ئەو «ڕیوایەتکردن»ەی عبدالله، نیشانەی ڕەشی وتاڵی مێژووی ئیسلام بێ، ئەوا با قسە وڕیوایەتکردن گێڕانەوەکانی ئەم پیاوانەش نیشانەی ڕەشی وتاڵی مێژووی ئیسلام بن کە هەمویان قسەیان لەسەر ئەبو حەنیفە هەیە یان لێیانەوە گێڕدراوەتەوە، زۆرێکیان لە ئیمامی ئەبو حەنیفە ئیماتر وپێشەنگتر وزاناترن:

• ڕەقەبەی کوڕی مەسقەڵە (وەفاتکردن: ١٢٩ ك)، کە وەسف دەکرێ بە: ئیمام، عالم، سیقە. ولە رجالی «الجماعة»یە[١]. بەڵام ئیبن ماجە لە التفسیر لێوەی دەگێڕێتەوە.

• وموغیرەی کوڕی میقسەم (وەفات: دەوری ١٣٣ بۆ ١٣٦ ك)، ئیمام، عەللامە، سیقە، فەقیه، لە رجالی «الجماعة»یە.

• وعەبدوولڵای کوڕی عەونی موزەنی (٦٦ - ١٥٠ ك)، ئیمام، سەرمەشق، زانای بەسرە، حافز[٢]، قال هشام بن حسان: لم تر عيناي مثله، وقال الأوزاعي: إذا مات ابن عون وسفيان استوى الناس. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وقەیسی کوڕی ڕەبیع (لە دایك بوون: دەوری ٦٠ — وەفاتکردن: دەوری ١٦٠ وقسور)، ئیمام، حافز.

• وئەیوبی سەختیانی (٦٦ – ١٣١ ك). ئیمام، عابد، حافز، گەورەی فەقیهەکان.. قال شعبة: ما رأيت مثله. لە رجالی «الجماعة»یە.

---

(١) واتە: هەر شەش ئیمامەکە: بوخاری، وموسلم، وئەبوداود، وتورمزی، ونەسائی، وئیبن ماجە، حەدیسیان لێوە گێڕاوەتەوە، لای زانایان پێی ئەوترێ رجال مسلم بۆ نمونە رجال البخاری.. هتد.

(٢) حافز نازناوی فەرمودەناسێکە ئەوەی دەیزانێ لە حەدیس وپیاوانی زۆرترە لەوەی نایزانێت.

• وئەعمەش سولەیمانی کوڕی مهران (٦١ – ١٤٧ یـان ١٤٨ ك)، ئیمـام، سـیقه، شیخ الإسلام، شـێخی فەرمودەناسـەکان، المقريء، أحد الأعلام. له رجالی «الجماعة»یه.

• وشەریکی کوری عەبدوڵڵای نەخەعی (وەفاتکرن: ١٧٧ یـان ١٧٨ ك)، عەللاّمە، حافز، قازی بووە، أحد الأعلام. لـه رجـالی «الجماعة»یـه. بەڵام بوخاری بە تەعلیق.

• وشـوعبەی کـوڕی حـەجاج (٨٢ - ١٦٠ ك)، ئیمـام، حـافز، خواپەرست، ئەمیری ئیمانداران له حەدیس، زانا وشێخی خـەڵکی بەسـڕە، له رجالی «الجماعة»یه.

• وئەوزاعی (٨٨ – ١٥٧ ك)، شیخ الإسلام، حافز، دونیانەویست، فەقیـه، کـه هـەموو موسـڵمانان کۆکن لەسـەر ئیمامـەتی. لـه رجـالی «الجماعة»یه.

• سەعیدی کوڕی عبدالعزیزی تـەننوخی (٩٠ – ١٦٧ ك)، ئیمـام، سەرمەشـق، ومـوفتی وزانـای دیمەشـق، هاوشـانی ئـەوزاعی لـه رجـالی «الجماعة»یه، بەڵام بوخاری له «الأدب المفرد».

• وحەممادی کوڕی سەلەمەی بەسڕی (دەوری ساڵی ٩١ - ١٦٧ ك)، پێشەوا وسەرمەشق، شیخ الإسلام، عابد، ئەگـەر پێـت بگوتبایـه سـبەی

دەمریت لەوە زیاتری نەبوو بیکا، أحد الأعلام لە رجالی «الجماعة»یە. بەڵام بوخاری بە تەعلیق.

• وئەبو عوانەی واسیتی (٩٠ وقسور - ١٧٥ یان ١٧٦ ك)، ئیمام، حافز، فەرمودەناسی بەسرە، لە رجالی «الجماعة»یە..

• وئیمامی مالکی کوڕی ئەنەس (٩٣ – ١٧٩ ك). ناساندنی ناوێ، لە رجالی «الجماعة»یە.

• وسوفیانی سەوری (٩٧ – ١٦١ ك)، حافز، شیخ الإسلام، ئیمامی حافزەکان، گەورەی عالمە عاملەکانی سەردەمی خۆی، دونیانەویست، مجتهد. قال ابن المبارك: ما كتبت عن أفضل منه، وقال ورقاء: لم ير سفيان مثل نفسه، لە رجالی «الجماعة»یە.

• وحەممادی کوڕی زەیدی ئەزدی (٩٨ – ١٧٩ ك)، ئیمام، فەقیه، عەللامە، حافز، فەرمودەناسی سەردەمی خۆی، أحد الأعلام. قال ابن مهدي: ما رأيت أحدا لم يكن يكتب أحفظ منه، لە رجالی «الجماعة»یە[1].

• وحەسەنی کوڕی صاڵحی کوڕی حەیی هەمدانی (١٠٠ – ١٦٩ ك)، یەکێکە لە پێشەوایانی ئیسلام، فەقیه، دوونیا نەویست، کە ئەبو

---

(١) کە ئەم ناوانە دەخوێننەوە هەقی خۆتانە بڵێن: خوا سەبەبکارەکە بگرێت. ئەگەرنا خوا ئاگادارە من پێم ناخۆشە.

نوعـــەیم ئـــەڵێ: لـــە ٨٠٠ فـــەرمودە ناســـەوە حەدیســـم نوســـیوەتەوە ئـــەم باشترینیان بووە.

• وئەبوبەکری کوڕی عەییاش (٩٥ یان ٩٦ یان ١٠٠ – ١٩٢ یان ١٩٣ یان ١٩٤ ك)، المقريء، فقيه، شيخ الإسلام، بقية الأعلام، عابد.

• وعبدالوارث ی کـــوڕی ســـەعیدی عەنبـــەری (١٠٢ – ١٨٠ ك)، ئیمام، حافز، المقريء، لە رجالی «الجماعة»یە.

• ویەحیای کوڕی حەمزەی حەدرەمی (١٠٣ – ١٨٣ ك)، ئیمـامی گەورە، زانایە زانایە، دادوەر بووە لە دیمەشق. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وئەبو موعاویەی سەلەمی هوشەیمی کوڕی بەشـیر (١٠٤ – ١٨٣ ك)، لە گەورەی ئەتباعی تابعینـــە، ئیمـــام، شـــيخ الإسلام، فـــەرمودەناس وحافزی بەغداد. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وسوفیانی کوڕی عویەینــە (١٠٧ – ١٩٨ ك)، ئیمـامی گـــەورە، فەقیه، حافزی سەردەمی خۆی، شيخ الإسلام. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وبیشـــری کـــوڕی موفـــەددەل (دەوری ١٠٧ - ١٨٦ یـــان ١٨٧)، ئیمام، حافز، عابد. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وئەبو ئیسحاقی فـــەزاری (دەوری ١٠٨ - ١٨٥ یـــان ١٨٦ یـــان ١٨٨ ك)، ئیمامی گەورە، حافز، شيخ الإسلام، تێکۆشەر.

• وئەبو یوسف قوتابییە ناسراوەکەی ئیمام ئەبو حەنیفە یەعقوبی کوڕی ئیبراهیم (١١٣ – ١٨٢ ك)، ئیمام، مجتهد، عەللامە، فەرمودەناس، ئەڵێن یەکەم کەس بووە پێی وتراوە قاضي القضاة.

• وسولەیمانی کوڕی حەییان (١١٤ - ١٨٩ یان ١٩٠ ك)، ئیمام، حافز. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وعبداللّه ی کوڕی نومەیری هەمدانی (هەمدان قەبیلەیە بەڵام هەمەزان شارە) (١١٥ – ١٩٩ ك)، حافز، ئیمام، سیقە، لە رجالی «الجماعة»یە..

• وفەدڵی کوڕی موسای سینانی (١١٥ – ١٩٢ ك)، ئیمام، حافز، لە رجالی «الجماعة»یە.

• وحەفسی کوڕی غیاس (١١٧ - ١٩٤ یان ١٩٥ ك)، ئیمام، حافز، عەللامە، سیقە، فەقیە، قازی بووە. لە رجالی «الجماعة»یە.

• عبداللّه ی کوڕی موبارەك (١١٨ – ١٨١ ك)، ئیمام، شیخ الإسلام، زانای زەمانی خۆی، پێشەوای تەقواکارانی سەردەمی خۆی، حافز، شێخی خوراسانیەکان، فەقیە، سەخی، تێکۆشەر، هەمو ئاکارە جوانەکانی تێدا کۆبووەوە، أحد الأعلام، لە رجالی «الجماعة»یە.

• وموعازی کوڕی موعازی عەنبەری (١١٩ – ١٩٦ ك)، ئیمام، حافز، إليه المنتهى في التثبت بالبصرة، قازی بووە.

• وئەبو عبدالرحمن ی موقریء (دەوری ١٢٠ - ٢١٣ ك)، ئیمام، زانا، حافز، المقريء، شێخی حەرەم، شێخی بوخاریە، لە رجالی «الجماعة»یە.

• ویەحیای کوڕی سەعیدی کوڕی قەتتان (١٢٠ – ١٩٨ ك)، ئیمامی گەورە، ئەمیری ئیمانداران لە حەدیس، حافز، سەرمەشق، پێشەوا لە زانست وکردەوە، ئیامی سەردەمی خۆی. قال أحمد: ما رأيت مثله. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وعبدالله ی کوڕی ئیدریس (١٢٠ - ١٩٢ ك)، ئیمام، حافز، المقريء، سەرمەشق، شیخ الإسلام، فەقیهێکی عابدە. لە رجالی «الجماعة»یە.

• ونەدر (النضر)ی کوڕی شومەیل (١٢٢ – ٢٠٤ ك)، عەللامە، ئیمام، حافز، زانای خەڵکی «مەرو»، لە رجالی «الجماعة»یە.

• ووەکیعی کوڕی جەڕراح، (١٢٨ یان ١٢٩ - ١٩٦ یان ١٩٧ ك)، ئیمام، حافز، فەرمودەناسی عێراق، أحد الأعلام. قال أحمد: ما رأيت أوعى للعلم منه ولا أحفظ، كان أحفظ من ابن مهدي، وقال حماد: لو شئت لقلت: إنه أرجح من سفيان. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وفـەزڵی کـوڕی دووکـەین ئـەبو نوعـەیم (١٣٠ ك - ٢١٨ یـان ٢١٩ ك)، حافزی گەورە، شـیخ الإسلام، شـێخی بوخاریـە، لـە رجـالی «الجماعة»یە.

• وعبدالرحمن ی کوڕی مەهدی (نزیکەی ١٣٥ – ١٩٨ ك)، سیقە، حافز، شارەزا بە حەدیس ورجالی حەدیس، ئیمام، زانا، کـەس لـەو زانـاتر نەبینراوە لە زانستی فەرمودە وپیاوانیـدا. قال الذهبي: كان أفقه من يحيى القطان. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وحومەیدی شەیخی بوخاری: عبـداللە ی کـوڕی زوبـەیر (وەفـاتکرن: ٢١٩ ك)، ئیمام، حافز، فەقیە، شێخی حەرەم، کە بوخاری حەدیسـی تـا لەوەوە دەست بکەوێت لە کەسی تر نایگێڕێتەوە، أحد الأعلام، قال أحمد: الحميدي عندنا إمام. لە رجالی «الجماعة»یە.

• وسـولەیمانی کـوڕی حـەرب (١٤٤ – ٢٢٤ ك)، ئیمـام، سـیقە، حافز، شیخ الإسلام، شارەزای پیاوانی فەرمودە، قازی مەککـە بـووە. لـە رجالی «الجماعة»یە.

• وئیمامی شافیعی (١٥٠ - ٢٠٤ ك). لەوە ناسراوترە بیناسـێنین، لە رجالی چوار ئیمامەکەیە، وبوخاریش بە تەعلیق.

• ویــەحیای کــوڕی مــەعین (١٥٨ – ٢٣٣ ك)، ئیمــام، حــافز، پێشەوای جەرح وتەعـدیل، شـێخی فەرمودەناسـان، أحد الأعلام، فضائله كثيرة، أحد الأعلام، فضائله كثيرة، لە رجالی «الجماعة»یە.

• وئیبن ئەبی شەیبە (١٥٩ – ٢٣٥ ك)، حـافز، ئیمـامی نـاودار، گەورەی حافزەکان، هاوشانی ئەحمەدی کـوڕی حەنبـەل وئیسـحاقی کـوڕی ڕاهەوەیە وعەلی کوڕی مەدینیە لـە تەمــەن ولەبەرکردنـدا، قال عمرو بن علي الفلاس: ما رأيت أحدا أحفظ من أبي بكر بن أبي شيبة، لـە رجـالی «الجماعة»یە، تەنها تورمزی نەبێ.

• وعەمری کوڕی عەلی فەللاس، (دەوری ١٦٠، وەفات: ٢٤٩ ك)، حافز، ئیمام، لە رجالی «الجماعة»یە.

• وئیمــامی ئەحمــەدی کــوڕی حەنبــەل (١٦٤ – ٢٤١ ك). لــەوە ناسراوترە بیناسێنین، لە رجالی «الجماعة»یە.

• وئــیبن ســەعد (١٦٨ – ٢٣٠ ك)، خــاوەن کتــێبی «الطبقات»، حافز، عەللامە.

• ویــەعقوبی کــوڕی شــەیبە (دەوری ١٨٠ – ٢٦٢ ك)، حــافزی گەورە، عەللامە، بێ وێنە. خاوەنی «المسند الكبير».

• وئەحمەدی کوڕی محمـدی کـوڕی عیسـای بیرتـی (١٩٠ وقسـور – ٢٨٠ ك)، حافز، عەللامە، سیقە، عابد، قازی بووە، وحەنەفیشە.

• وبوخاری (١٩٤ - ٢٥٦ ك)، خـاوەنی سـەحیحی بوخـاری، جبل الحفظ، ئیمامی دونیا لە تێگەیشتنی حەدیس، ئیمام، مجتهد، تاك بووە لە زانست وعیبادەت.

• وئیبراهیمی حەربی (١٩٨ – ٢٨٥ ك)، ئیمام، حافز، عەلڵامـە، پێشەوا لە زانست، لە دوونیا نەویستی، فەقیە، پێی ئەوترێ شیخ الإسلام.

• وئەبو زورعەی ڕازی: (نزیکەی ٢٠٠ – ٢٦٤ ك)، ئیمام، گـەورەی حافزەکان، فەرمودەناسی ڕەی، أحد الأعلام، باسـی مەنقەبـەکانی درێـژە ئەکێشێ. لە رجالی «الجماعة»یە. تەنها بوخاری وئەبو داود نەبێت.

• وموسلم (٢٠٤ – ٢٦١ ك)، خاوەنی سەحیحی موسلم، ئیمـامی گەورە، حافز، ڕاستگۆ.

• ونەسـائی (٢١٥ – ٣٠٣ ك) خـاوەن سـونەنی نەسـائی، ئیمـام، حافز، شیخ الإسلام. کە پێشتر فرمێسکی بۆ دەڕشت! بزانین دوای ئەمە...

• وئـیبن حیببـان (٢٧٠ وقسـور – ٣٥٤ ك)، ئیمـام، عەللامـە، حافز، شێخی خوراسانیەکان. ئەوەی وا پێشتر فرمێسکی بۆ ڕشت...

• وئـیبن عـەدی (٢٧٧ – ٣٦٥ ك)، خـاوەنی کتـێبی «الکامل» ئیمام، حافز.

• وحاکمی نەیسـابوری (دەوری ٢٩٠ – ٣٧٨ ك)، حـاکم، ئیمـام، حافز، عەللامە، فەرمودەناسی خوراسان.

• ودارەقوتنی (٣٠٦ - ٣٨٥)، ئیمـام، حـافز، شیخ الإسلام، علم الجهابذة، المقريء، فەرمودەناس.

• وخەتیبی بەغدادی شافعی (٣٩٢ - ٤٦٣)، عەلڵامـە، مـوفتی، فەرمودەناسی زەمانی خۆی، حافز، الإمام الأوحد، خاتمة الحفاظ.

• وحوسەینی کوڕی ئیبراهیمی جەورەقانی هەمەزانی بە ڕەگەز کـوردە (وەفـاتکردن ٥٤٣ ك)، ئیمـام، حـافز، کتێبێکـی هەیـە لـەبارەی «الموضووعات»ەوە کە ئیبن الجوزی کتـێبی «الموضووعات»ەکـەی خـۆی لەسەر بوونیادناوە.

• وئـیبن جـەوزی بەغـدادی (٥٠٩ یـان ٥١٠ - ٥٩٧ ك). الشيخ الإمام العلامة المفسر، مفخر العراق.

• وزەهەبی (٦٧٣ – ٧٤٨ ك)، حـافز، ئیمـام، عەللامـە، شـێخی فەرمودەناسان، مێژوونوس.

• وئەحمەدی کوڕی عەلی ئەببار، کـە حـافزێکی بەناوبانگـە. بۆیـەش دووام خست چونکە ناوی چەندین کەس دێنێـت کـە وەڵامـی ئیمـام ئـەبو حەنیفەیان داوەتەوە، لەوانە:

«أيوب السختياني، وجرير بن حازم، وهمام بن يحيي، وحماد بن سلمة، وحماد بن زيد، وأبو عوانة، وعبد الوارث، وسوار العنبري القاضي، ويزيد بن زريع، وعلي بن عاصم، ومالك بن أنس، وجعفر بن محمد، وعمر بن قيس، وأبو عبد الرحمن المقريء، وسعيد بن عبد العزيز، والأوزاعي، وعبد الله بن

المبارك، وأبو إسحاق الفزاري، ويوسف بن أسباط، ومحمد بن جابر، وسفيان الثوري، وسفيان بن عيينة، وحماد بن أبي سليمان، وابن أبي ليلي، وحفص بن غياث، وأبو بكر ابن عياش، وشريك بن عبد الله، ووكيع بن الجراح، ورقبة بن مصقلة، والفضل بن موسي، وعيسي بن يونس، والحجاج بن أرطأة، ومالك بن مغول، والقاسم بن حبيب، وابن شبرمة».

لەگەڵ دەیەها زانای تر کە لەبەر کورتبڕی نەمهێنان وزیاتر ویستم ناسراو وگەورەکان بهێنم...

جا ئەگەر ئەو قسانەی عبداللّٰە یان ئەو قسە گێڕانەوەی عبداللّٰە، نیشانەی ڕەشی وتاڵی مێژوو بێ، ئەوا با قسە وقسە گێڕانەوەکانی ئەم زانایانەش لەبارەی ئیمام ئەبو حەنیفەوە نیشانەی ڕەشی وتاڵی مێژووی ئیسلام بن! ئیتۆ بۆچی گرتویەتی بە حەنبەلیەکانەوە؟!

دەی ئەگەر ئەم پیاوانە خراپ بن ئیتر کێ مایەوە، ئیتر دین لە کێیەوە وەربگرین؟ ئەگەر سەرنجت دابێت زۆربەیان پیاوانی بوخاری وموسلیمن، کە ئەمانە زۆربەیان ئەگەر نەڵێم هەمویان لە پێشەوایانی ئیسلامن ونوێژ وڕۆژ وزەکات وجیهاد وهتد... ئەم کەڵە پیاوانەوە بۆمانی دەگێڕنەوە!

## ئەو کتێبانەی ڕیوایەتیان لەسەر پێشەوا ئەبوحەنیفە هێناوە

٢٩. هەروەها ئەڵێم: ئەگەر ئەو کتێبەی عبداللّٰە کە هەندێك ڕیوایەتی تێدایە لەسەر ئەبو حەنیفە دەیگێڕێتەوە، نیشانەی ڕەشی وتاڵی

مێژووی ئیسلام بێ، ئەوا با ئەم کتێبانەش نیشانەی ڕەشی وتاڵی مێـژووی ئیسلام بن کە باسی هەڵەکانی ئەبو حەنیفە دەکەن یان ڕیوایەتی دەکەن:

- «الأباطيـل والمنـاكير والصـحاح والمشـاهير» لعبـد الله بـن الحسـين الجورقاني الهمذاني.
- «آداب الشافعي ومناقبه» لابن أبي حاتم.
- «الأسامي والكنى» لأبي أحمد الحاكم.
- «الإنتقاء في فضائل الأئمة الثلاثة الفقهاء» لابن عبدالبر.
- «تاريخ أبي زرعة الدمشقي».
- «تاريخ جرجان» لأبي القاسم الجرجاني.
- «التاريخ الكبير» للبخاري.
- «التاريخ الأوسط» للبخاري.
- «التاريخ الصغير» للبخاري.
- «تاريخ بغداد» للخطيب.
- «جامع بيان العلم وفضله» لابن عبدالبر.
- «الجرح والتعديل» لابن أبي حاتم.
- «حلية الأولياء» لأبي نعيم.
- «ديوان الضعفاء والمتروكين» للذهبي.
- «سنن الترمذي».
- «السنن الكبرى» للبيهقي.
- «سير أعلام النبلاء» للذهبي.

- «شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة» لهبة الله بن الحسن اللالكائي.
- «الضعفاء الكبير» للعقيلي.
- «الضعفاء لأبي زرعة الرازي في أجوبته علي أسئلة البرذعي».
- «الضعفاء والمتروكين» لابن الجوزي.
- «الضعفاء والمتروكين» لابن الجارود
- «الضعفاء والمتروكين» للنسائي
- «العلل» للساجي
- «العلل ومعرفة الرجال» لأحمد بن حنبل رواية الـمَرْوَزي.
- «قيام الليل والوتر» لمحمد بن نصر المروزي.
- «الكامل» لابن عدي.
- «سؤالات حمزة بن يوسف السهمي لأبي الحسن الدارقطني».
- «المجروحون» لابن حبان.
- «المستصفى» للغزالي.
- «مشكل الحديث» لابن قتيبة
- «المصنف» لابن أبي شيبة. تەماشا دەکەیت لە بەرگی چواردەدا یــەك بەش تەرخان دەکات بە ناونیشــانی: «کتاب الرد علي أبي حنيفة»، ٤٨٥ ئەسەر ڕیوایەت دەکات، کە ١٢٢ مەسەلەی لەخۆگرتووە لەو مەســەلانەی کە ئیمامی ئەبو حەنیفە موخالەفەی حەدیسی تێدا کردووە.

چۆن ئەم مامۆسایە تورە بوە وهێرش دەكاتە سەر عبدالله كورِ ئیمام ئەحمەد ئاوهاش كەوسەری كتێبێك دەنوسێت لەسەر ئەمە هێرش دەكاتە خەتیبی بەغدادی وئیبن ئەبی شەیبە.

- «المعرفة والتاريخ» للفسوي.
- «المنخول من تعليقات الأصول» للغزالي.
- «ميزان الاعتدال» للذهبي.

جا ئەگەر ئەو كتێبەی عبدالله، نیشانەی رِەشی وتاڵی مێژووی ئیسلام بێ، ئەوا با ئەم كتێبانەش كە رِیزم كردن وهەیانە زۆر وهەیانە كەم وهەیانە زۆرتر لەوەی عبدالله رِیوایەت لەسەر ئەبو حەنیفە دەهێنێتەوە، با نیشانەی رِەشی وتاڵی مێژووی ئیسلام بن!!

٣٠. وەكو باسمان كرد تەنها عبدالله نیە هەستا بێت بە هێنانەوەی قسەی پیشینان لەسەر ئیمامی ئەبو حەنیفە، بەڵكو جگە لەویش لە زانا گەورەكان ئەم كارەیان كردووە، كەواتە: ئەمە بێئاگاییە: بە هۆی وتەیەكەوە یان كتێبێكەوە مێژوی ئیسلام رِەش دەكەیت، بێئاگا لەوەی جگە لەویش، وتەی لەو چەشنە وكتێبی لەو چەشنەی هەیە، كەواتە: بەو قسەیە بێت، یەك بەڵگە نیە لەسەر رِەشی مێژووی ئیسلام! بەڵكو بەڵگەی زۆر هەیە! ئەمەش ئەو دەرەنجامەیە كە تەنها دوژمنانی ئیسلام دڵی پێ خۆش دەكەن.

٣١. هەروەها ئەو ئیبن حیببانەی رَحِمَهُ ٱللَّهُ کە پێشتر فرمێسکی بۆ دەڕشت وبەئەسەف بوو بۆی! کە بینی کۆمەڵێك لە حەنەفیەکانی سەردەمی خۆی گومڕا وسەرلێشێواون وپێشیان ئەڵێی: بۆ وا دەکەن؟ ئەڵێن: ئیمام وتی! ڕۆیشت دوو کتێبی نوسی، یەکێکیان لەسەر زەمی ئەبو حەنیفە، یەکێکی تر بۆ وەڵامی ئەو مەنقەبانەی ئەدرێتە پاڵی و وتی ئەوانە مەناقب نین مەسالبن!!

بەڵێ لە ڕاستیدا کارێکی باشی نەکرد. بەڵام یانی چی؟ بێین لەسەر مینبەرەوە تەشهیر بە ئیبن حیببان بکەین وباسی هەڵەی بکەین؟ کە ئەمەمان کرد ئەوا یان بێدینین ئەمانەوێ بە دین لە دین بدەین! پەنا بەخوا، یان نەزانئاسا، نازانێت دەرەنجامی ئەو قسانە چەند خراپە.

## هۆکارەکانی تانەدان لە پێشەوا ئەبو حەنیفە

٣٢. عبداللە لەبەر ئیرجاء، ولە بەشێکی کتێبێکدا، وهەندێك ڕیوایەت لەسەر ئەبو حەنیفە ئەهێنێتەوە، تۆش لەبەر تۆمەتی ئیرجاء و خروج، لە زۆرێکی وتارێکدا، قسەی زۆر بە لایەکی ئەم ئوممەتی موحەممەدە ﷺ دەکەیت ئەگەر نەڵێم هەموی.

کەواتە جیاوازی تۆ وعبداللە رَحِمَهُ ٱللَّهُ چیە؟! ئەوەی بە عبداللە ئەڵێی شەللا نەیکردایە خۆت کردت.

٣٣. ئەم خاڵەش دەتوانی بە دوو خاڵی دایبنێیت: زۆربـوونی بیدعـە، وتوندبوونی سیراع وململانێ.

بەڵێ، دەوترێ: ئەو کتێبەی لە ڕۆژگارێکدا نوسیوە کـە بیدعـە تێیـدا بازاڕی گەرمبووە، بەتایبـەت فیتنـەی خـەلقی قورئـان، بەتایبـەت: ئـەو سەردەمە گەرمەی وەرگێڕانی کتێبە یۆنانیەکان بووە، کە زۆر لە عەقیـدەی ئەهلی بیدەع لەو کتێبانەوە سەرچاوەی گرتووە، وبە هـۆی ئـەو کتێبانـەوە ملی دەقەکانیان باداوەتەوە، ودەعوەی ئەهلی سوننەش لەگەرمـەدا بـووە، ئەمەش سیراعەکەی توند کردووە، سیڕاعەکەش لە نێوان ئـەهلی سـوننەی ئەو کاتە کە زۆربەی زانایان وفوقەها لـەو سـەردەمە ڕابەرایـەتیان دەکـرد لەگـەڵ ئـەهلی بـدەع وئـەهلی کـەلام وبۆچـوون کـە موعتەزیلـەکان وهاوشێوەکانیان ڕابەرایەتیان دەکرد. جا ئەوانـەی لـە بـەرەی دووەم بـوون هەندێك وتەی ئیمامی ئەبو حەنیفەیان بە بەڵگـە دەهێنایـەوە وکۆمـەڵێك شوبهەیان دەهێنایەوە ودەیاندایـە پـاڵ ئـەبو حەنیفـە وبەڕاسـتی ئـەو لـە زۆرێکی بەری بوو -دوواتریش بە قسەی ئیبن تەیمیـە ئەمـە دەسـەلمێنین إن شاءالله-، هەر لـەو سـەردەمەش ئیمـام ئەحمـەد هەنـدێك ڕەددی دانـەوە، لەوانە:

وتی: لەلای ئێمە سابت نەبووە ئەبو حەنیفە وتبێتی قورئان مەخلوقـە. بەڵام کۆمەڵێك ڕیوایەتیش هەبوون لەسەری کە سەحیح بوون ولە ڕۆژگـاری

خۆیدا بە ئەبو حەنیفە وترابو بەهۆی هەندیك بیروباوەڕەوە كە هەیبووە، بۆیە ئەمیش هات وهێنایەوە، وەكو ئەوەی بڵێ: ئەوە ئەبو حەنیفەیە وڕیوایەتەكان وای لەبارەوە ئەڵێن، ئیتر با بشڵێ قورئان مەخلوقە! با بڕواشی بە ئیرجا هەبێت...هتد.

جا لە توند بوونەوەی ململانێكەدا عبدالله ئیجتهادی كرد وئەو ئاسارانەی هێنا، جا ئەگەر ئەو شتانە واش بێت ولەو ڕۆژگارە دەوری خۆی گێڕا بێت لە پوچكردنەوەی شوبهەی بیدعەكاران، ئەوا ئەمڕۆ الحمد لله خیلاف نیە وهەموو ئەڵێن: ئەبو حەنیفە ئیمامە.

وەكو چۆن ئێستا سیڕاعەكە توند بووە، ئەم كەسە دەبینن ئەوەی نەشێت لەسەر مینبەرەوە بە زانایانی (ئیسلام)ی دەكات، دەی جیاوازی لە نێوان زەمكردنی ئەحمەدی كوڕی حەنبەل وعبدالله ی كوڕی لەگەڵ زەمكردنی ئەبو حەنیفە چیە؟! هەردووكیان سەر مەزهەب نین!؟؟

٣٤. هۆكارێكی تر بۆ تانەدانی ئیمامەكانی پێشین لە ئەبو حەنیفە، ئەوە بووە لە ئیماندا عەقیدەی ئیرجائی هەبووە وبەرگریشی لێكردووە[1]. ولێوەی نەچەسپاوە پاشگەز بووبێتەوە لەمە. بەڵام ئەوەش بزانە، مورجیئە چەندین جۆرن ئەم لە جۆرە زۆر خراپەكانی نیە، بۆیە پێیان ئەوترێ مورجیئەی فوقەها.

---

(١) بڕوانە: التاريخ الكبير (٨١/٨).

سەبارەت بەو وتەیەی ئەبو حەنیفە کە ئەڵێن بە سەحیحی لێوەی هاتووە، ئەڵێ: ئیمانی ئەبوبەکر وئیمانی ئیبلیس وەکو یەکە، ئەو وتویەتی: یا رب، ئەمیش وتویەتی: یا رب!!

ئەڵێم: بەڕاستی ئەبو حەنیفە لەوە گەورەترە شتی وا بڵێ.

ئەگەر بشڵێی سەحیحە! ئەڵێم: پاشگەز بووەتەوە إن شاءالله. والله أعلم.

٣٥. هۆکارێکی تر بۆ تانەدانی ئیمامەکانی پێشین لە ئەبو حەنیفە، بریتیە لە: ڕەدکردنەوەی حەدیسە سەحیحەکان وڕووبەڕوبوونەوە ولەدژ وەستانەوەی بە بۆچوون وقیاس(١).

بێگومان کە ئەوەش وترا ئەبێت شاهیدی دووربینی ووردتێگەیشتن بۆ ئەبو حەنیفە بدرێ کە بەڕاستی فەقیهێکی کەم وێنە بووە، بەڵام ئەکرێ خوا سبحانە ئەو بەشەی لە تێگەیشتن پێی بەخشیوە، لە حەدیس پێی نەبەخشی بێت.

شافعی رَحِمَهُ ٱللَّهُ ئەڵێ: «من أراد أن يعرف الفقه، فليلزم أبا حنيفة رَحِمَهُ ٱللَّهُ وأصحابه، فإن الناس كلهم عيال عليه في الفقه»(٢).

وئیبن تەیمیە ئەڵێ: «كما أن أبا حنيفة وإن كان الناس خالفوه في أشياء وأنكروها عليه، فلا يستريب أحد في فقهه وفهمه وعلمه، وقد نقلوا عنه

---

(١) بڕوانە: التمهيد (١٤/١٣-١٤).

(٢) تاريخ الخطيب (١٣/٣٤٦).

أشياء يقصدون بها الشناعة عليه، وهي كذب عليه قطعا، مثل مسألة الخنزير البري ونحوها»[١].

بەڵام گومانیشمان نیە إن شاءالله ئەبو حەنیفە ئەگەر دژی حەدیسێك وەستا بێتەوە، بە ئەنقەستی نەبووە، بەڵكو لێوەی چەسپاوە حەدیسی لاوازی خستۆتە پێش قیاسەوە.

ماشاء الله تعالى بەڵكو بڕوانە: أعلام الموقعين (١/٧٧) تا ئیبن قەییم چەندین نمونەشت بۆ بهێنێتەوە لەسەر ئەمە.

بۆیە تەماشای هەردوو قوتابییەكەی: محمد بن الحسن وئەبو یوسف دەكەیت، لە زۆر قسەدا پێچەوانەی ئەبو حەنیفەیان وتووە، تەنانەت ئەمەی كۆتایی ئەڵێ: ئەگەر هاوەڵەكەم ئەوەی ببینایە كەمن بینیم ئەوەی دەوت كە من دەیڵێم[٢].

ئیبن عبدالبر ئەڵێ: «وهذا مما عيب به أبو حنيفة وهو أكبر عيوبه وأشدُّ ذنوبه عند أهل الحديث الناقلين لمثالبه، باعتراضه الآثار الصحاح ورده لها برأيه، وأما الارجاء المنسوب إليه فقد كان غيره فيه أدخل وبه أقول، لم يشتغل أهل الحديث من نقل مثالبه ورواية سقطاته مثل ما اشتغلوا به من مثالب أبي حنيفة، والعلة في ذلك ما ذكرت لك لا غير، وذلك ما وجدوا له من ترك

---

(١) «منهاج السنة» (٢/٦١٩-٦٢٠).
(٢) بڕوانە: «مجموع الفتاوى» (٢٠/٣٠٤).

السنن وردها برأيه، أعني: السنن المنقولة بأخبار العدول الآحاد الثقات، والله المستعان».

بۆیه کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان بەرگریان لێکرد، وەکو ئیبن تەیمیە وئیبن قەیم وموحەممەدی کوڕی عبدالوهاب.

ئیبن تەیمیە ئەڵێ: «وكذلك أبو حنيفة رحمة الله عليه فإن الاعتقاد الثابت عنه في التوحيد والقدر ونحو ذلك، موافق لاعتقاد هؤلاء، واعتقاد هؤلاء هو ما كان عليه الصحابة والتابعون لهم بإحسان، وهو ما نطق به الكتاب والسنة»[١].

هەروەها ئەڵێ: «إن الأئمة المشهورين كلهم: يثبتون الصفات لله تعالى، ويقولون إن القرآن كلام الله ليس بمخلوق، ويقولون إن الله يرى في الآخرة، هذا مذهب الصحابة والتابعين لهم بإحسان من أهل البيت وغيرهم، وهذا مذهب الأئمة المتبووعين؛ مثل: مالك بن أنس، والثوري، والليث بن سعد، والأوزاعي، وأبي حنيفة، والشافعي، وأحمد بن حنبل»[٢].

هەروەها ئەڵێ: «ولكن من رحمة الله بعباده المسلمين أن الأئمة الذين لهم في الأمة لسان صدق، مثل: الأئمة الأربعة، وغيرهم: كمالك والثوري والأوزاعي والليث بن سعد، وكالشافعي وأحمد وإسحاق وأبي عبيد وأبي حنيفة وأبي يوسف ومحمد؛ كانوا ينكرون على أهل الكلام من الجهمية

---

(١) مجموع الفتاوى (٥/٢٥٦)..
(٢) منهاج السنة (٢/١٠٦).

قولهم في القرآن والإيمان وصفات الرب، وكانوا متفقين على ما كان عليه السلف من أن الله يرى في الآخرة، وأن القرآن كلام الله غير مخلوق، وأن الإيمان لا بد فيه من تصديق القلب واللسان»[(١)].

هەروەها شێخ موحەممەدی کوڕی عبدالوهاب ئەڵێ:

«وأما ما ذكرتم من حقيقة الإجتهاد، فنحن مقلدون الكتاب والسنة وصالح سلف الأمة وما عليه الإعتماد من أقوال الأئمة الأربعة؛ أبي حنيفة النعمان بن ثابت، ومالك بن أنس، ومحمد بن إدريس، وأحمد بن حنبل رحمهم الله تعالى»[(٢)].

٣٧. هەروەها هۆکارێکی تر ئەڵێن: باوەڕی بە خەلقی قورئان هەبووە، ئەمەش لای هەندێکیان باوەڕ پێ کراو بووە وهەندێکشیان ڕەدی کردۆتەوە وپێی وا بووە شوێن کەوتوەکانی وا بوون نەك خۆی[(٣)].

بەڵام ئەوەی زیاتر وای کردووە باوەڕ بکرێ والله أعلم، بڕازا موبتەدیعەکەی بووە: کە وتویەتی: باوەڕ بوون بە خەلقی قورئان دینی خۆم وباو باپیرمە. جا ئەم قسەشی کاریگەری خۆی هەبووە، وەك دواجار باسی دەکەم.

المهم ئەگەر ڕاستیش بێت، إن شاءالله لێی پەشیمان بۆتەوە چونکە:

---

(١) الفتاوى (٤٠٣/٧).

(٢) «الدرر السنية في الأجوبة النجدية» (٩٧/١).

(٣) بڕوانە: «الرد على الجهمية» (١٠٤-١٠٥) هی ئیمام ئەحمەد خۆی.

أ. له كتێبەكانی ئەوە ڕەتكراوەتەوە وباوەڕی بەوە نیە[١].

ب. هەروەها تەكفیری جەهمی كردوە[٢].

ج. هەروەها بە سەحیحی لە ئەحمەدەوە هاتووە ڕەدی كردۆتەوە لە ئەبو حەنیفەوە شتی وا چەسپا بێت[٣].

د. پرسیار كراوە لە ئەبو یوسف: ئەبو حەنیفە باوەڕی بەوە هەبووە قورئان مەخلوقە؟ وتویەتی: پەنا بەخوا! منیش باوەڕم وا نیە. وتویانە: ئەی باوەڕی بە قسەكانی جەهم هەبووە؟ وتویەتی: پەنا بەخوا ا! منیش باوەڕم وا نیە[٤].

ه. ئەبو یەسف ئەڵێ: یەك ساڵی ڕەبەق گفتوگۆمان كرد لەسەری، تا هەردووكمان كۆك بووین: هەر كەس بڵێ مەخلوقە كافرە[٥].

و. هەروەها لە عبدالله ی كوڕی موبارەكەوە هاتووە: سوێند دەخوا ئەبو حەنیفە كە مردوە باوەڕی بەمە نەبووە[٦]. ئەمەش دوو سودی تیایە: پێشتر باوەڕی پێبوە، هەروەها تەوبەی كردوە لە دواداویی تەمەنی. والله أعلم.

---

(١) بڕوانە: «الفقه الأكبر» ئەگەر چی خیلافیش هەیە ئەو كتێبە هی ئەوە یان نا.

(٢) بڕوانە: مختصر كتاب العلو (١٥٦).

(٣) بڕوانە: تاريخ بغداد (١٣ | ٣٧٨).

(٤) بڕوانە: الأسماء والصفات للبيهقي (٦١١/١) وقال: رواته ثقات.

(٥) بڕوانە: الأسماء والصفات للبيهقي (٦١١/١) وقال: رواة هذا كلهم ثقات.

(٦) بڕوانە: شرح اعتقاد أهل السنة والجماعة (٢٩٨/١).

ز. تەحاویش ئەمە دووپات دەکاتەوە، کە عەقیدەی بە گشتی سـەلەفی بووە.

ح. لالەکائی لە کاتێکدا ئیجماع دەهێنێتەوە، وتـەی ئـەبو حەنیفـەش دەهێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە قورئان کەلامی خوایە و مەخلوق نیە.

٣٨. هـەروەها هۆکـارێکی تـر بـاوەڕی بـە دەرچـوون هـەبووە لـە دەسەڵاتدار. ئەمەش کۆمەڵێك ئەسەری سەحیحی لێوە هاتووە.

بەڵام کتێبێك هەیە کە «أطروحة»ی دکتۆرایە، بە ناونیشـانی: «أصول الدين عند الإمام أبي حنيفة» لـە لاپـەڕە (٥٦٤-٥٦٩) ئەگاتـە ئـەو دەرەنجامەی کە ئەبو حەنیفە پاشگەز بووەتـەوە لـەم بـاوەڕەی، والحمد لله. والله تعالى أعلم بالحقيقة.

٣٩. هەروەها هۆکارێکی تر، کۆمەڵێك حەنـەفی دەمـارگیر هـەبوون، هەنـدێکیان لـە ئـەبو حەنیفـە بـردوە، هەنـدێکیش لـە کەڕرامیـەکان، هەندێکیش لە موعتەزیلەکان، هەندێکیش لـە کوللابیـەکان و...، پاشـان داویانەتە پاڵ ئەبو حەنیفە[١].

---

(١) بڕوانە: مجموع الفتاوى.

٤٠. هۆكارێكی تر ئەبو حەنیفە سەرەتا لە عیلمی كەلام زیاتر دەركەوتو بووە، بێگومان ئەمەش كاریگەری زۆر گەورەی هەبووە[1]، بەڵام پاشان وازی هێناوە ورێگای سەلەفی سالحی گرتوە[2].

٤١. هەروەها -وەك باسم كرد- ئەبو حەنیفە كوڕە زایەكی هەبووە، زۆر بیدعەی كردووە، كە پێیان وتوە؟ وتویەتی: ئەمە دینی وخۆم باو باپیرمە!! ئەمەش كاریگەری خراپی هەبووە.

٤٢. هەروەها ئەو كاتە مەزهەبەكان وەكو ئەمڕۆ یەكلا نەبوونەوە لەسەر چوار مەزهەب، بەڵكو تەنها ئەوترا ئەبو حەنیفە وا ئەڵێ، ئەوزاعی وا ئەڵێ، سەوری وا ئەڵێ، مالك وا ئەڵێ، ئیبن المبارك وا ئەڵێ،... وهتد، مەزهەبێك وقوتابخانەیەكی تایبەت بە خۆیان نەبووە وەك لەوەدووا دروست دەبێت ...

٤٣. ئەم خاڵەیان هەندێك وردە وپێویستی بە تێفكران هەیە: ئەویش ئەوەیە زانایان كە ببینن زیادەڕۆیی لە كەسێك دەكریت، ئەوكاتە شتانێك ئەڵێن وەكو تانە بێتەوە، بۆ ئەوەی خەڵك زیادەڕۆیی نەكەن. جا زیادە

---

(١) بڕوانە: تاريخ بغداد (١٣/٣٣٣).

(٢) بڕوانە: الحجة في بيان المحجة للأصبهاني (١/١١٥-١١٦).

ڕۆیی زۆر دەکرا لە ئیمامی ئەبو حەنیفـە، پێیـان دەوت: ئیـامی ئـەعزەم (پێشەوای هەرە گەورە)[١].

تەنانەت ئەیانوت لە تەورات وەسفی ئەبو حەنیفە کراوە!

وپەیامبەر ﷺ بە ناوهێنان نـاوی هێنـاوە و وتویـەتی: «چـرای ئـەم ئوممەتەیە». لەگەڵ کۆمەڵێك حەدیسیتر، لەوانە:

«گــەورەترین مـــوعجیزەی پەیامبـــەر ﷺ دووای قورئـــان: ئـــەبو حەنیفەیە».

هەروەها: «عیسا کە دێت ئیش بە مەزهەبەکەی ئەم دەکات».

هەروەها: «هەموو پەیامبـەران شـانازی بـە منـەوە دەکـەن ومنـیش شانازی بە ئەبو حەنیفەوە دەکەم، هەرکەس ئەوی خۆشبووێ مـنی خـۆش دەوێ، هەرکەس ڕقی لە ئەو بێت ئەوا ڕقی لە منە».

ئەوەبوو زانایان شتانێکیان وت بۆ ئـەوەی زیـادەڕۆیی نـەمێنێت والله أعلم، بۆ نمونە:

• نەسائی کە ڕۆیشتە شام باسی چـاکەکانی موعاویـەی ڕەزای خـوای لێبێت نەدەکرد تەنها چاکەکانی عەلی نەبێت، چونکە نەصب[٢] زیاتر بـوو لـە شـام. تەنانـەت داوایـان لێکـرد فەزڵـەکانی موعاویـە لـە کتێبکـدا

---

(١) ئەگەرچی پێویستە مێژوی بەکارهێنانی ئەم نازناوە بزانین.

(٢) واتە ڕق لێ بوونەوەی ئال وبەیت.

بنوسێتەوە، ئەویش وتی: چی تێدا بنوسم؟ حەدیسی «اللهم لا تشبع بطنه!»؟! کە ئەمەش ڕوکەشەکەی تانەیە لە موعاویە ڕەزای خوای لێبێت، بەڵام بۆ ئەوەی خەڵك غلو نەکەن لە موعاویە(١).

• سەوری ئەڵێ: ئەگەر لە شام بوویت باسی مەناقبی علی بکە، ئەگەر لە کوفە بوویت باسی مەناقبی ئەبوبەکر وعومەر بکە(٢).

• هەر لەوەوە هاتووە ئەڵێ: شیعە نەیانهێشت باسی مەناقبی عەلی بکەین!(٣). چونکە ئەوان خۆیان نەخۆش بوون، ئەمانیش حەدیسیان لەوبارەوە بگێڕیایەتەوە ئەوەندەی تر نەخۆشیان ئەخستن.

• لە یەحیای کوڕی مەعینەوە هاتووە، ئەڵێ: هەر کاتێك عەلی کوڕی مەدینی بهاتەیە بۆلامان خۆی بە سوننی پیشان دەدا، کە بڕۆشتایە بۆ بەسرە خۆی وەك شیعەگەر پیشان دەدا(٤). زەهەبی ئەڵێ: لە بەسرە بۆیە وای دەکرد تا فێری خۆشویتنی عەلیان بکات، چونکە بەسرە عوسمانی بوون(٥).

---

(١) بڕوانە: مەقالەکانی پێشوو.
(٢) «الحلية» لأبي نعيم (٧/٢٧).
(٣) «الحلية» لأبي نعيم (٧/٢٧).
(٤) «تاريخ بغداد» (١١/٤٦٠).
(٥) ميزان الإعتدال (٣/١٣٩).

• له شوعبەوە هاتووە، له ماڵەكەی خۆی له كوفه وتویـەتی: حەكـەم، له عبدالرحمن ی كوڕی ئەبو لەیلاوە، لـه عەلیـەوە لـه پەیامبـەرەوە ﷺ شـتێكی بـۆ گێڕاوینەتـەوە ئەگـەر بۆتـانی بگێڕمـەوە والله لـه خۆشـیان هەڵدەپەڕن، بەس بەخوا هەرگیز له منی نابیستن(١).

• هەروەها تەماشای ئیمامی شافعی دەكـەیت لـه هەنـدێك شـوێندا شتانێك ئەڵێ كه لەكـەداركردنی مـالكی تێدایـە، لەكاتێكـدا بەناوبانگـە شافعی چەند مالكی به گەوره تەماشاكردوە.

• هەروەها تەماشای پێشەكی سـەحیحی موسـلیم دەكـەیت شـتانێك ئەڵێ لەسەر به مەرج گرتنی زانینی بەیـەك گەیشـتن، كـه لەكـەداركردنی بوخاری تێدایه، له كاتێك دا بوخاری شەیخی موسلیمه وئەڵێن: موسـلم بـە بێ بوخاری هاتو چۆی نەدەكرد.

• هەروەها ئەبو ساڵەحی فەڕراء ئـەڵێ: بـۆ یوسـفی كـوڕی ئەسـبات شتێكم له وەكیعەوە گێڕایـەوە لـەبارەی فیتنـەوە، وتـی: ئەمـە هـەر لـە مامۆستاكەی ئەچێت! وتم: باشه ناترسی ئەمه غەیبـەت بێـت، وتـی: بـۆ ئەی بێ عەقڵ؟ من له دایك وباوكیان باشترم بۆیان، من نـەهی لـە خـەڵك دەكەم كه شوێنی ئەو زیادانه بكەون ئەوان دایان هێناوە، وەگەرنا ئەو كاته

---

(١) العلل لعبدالله بن أحمد (٥٥٦٩)، والحلية (١٥٧/٧)، وتاريخ بغداد (٢٦١/٩)، الكامل لابن عدي (١٥٢/١).

خراپەکانیان هەموو بۆ دەڕۆیشت، جا بەڕاستی هەرکەس ستایشـان بکـات زەرەریان لێدەدات[1].

ئەمانەش کە وتم مەنهەجی سەلەفی ساڵحە **إن شاءالله**، وەکو پیشـتریش وتمان لەوە دیندارترن ئەو شتانەی بۆ هەڵبوواسن، جا ئەو شتانە لای ئـەوان جەسپاو بووە، بـەڵام پاشـگەز بۆتـەوە. وزۆرێکیشـی نەچەسـپاوە لێـوەی. **والحمد لله** کـە هیدایـەتی داویـن بـۆ مەنهـەجی ناوەنـد کـە مەنهـەجی پەیامبەرانە.

٤٤. کەواتە بەڵێ: ((لە نێـو سـەلەفدا دوو بـۆ چـوون هـەبوە لەسـەر ئیمامی ئەبو حەنیفە رَحِمَهُ ٱللَّهُ: بۆچوونێکیان تەزکیەی کردووە، بۆچـوونێکی تر: تەجریحیان کردووە، بەڵام: ئەوانەی تەزکیـەی دەکـەن زۆرتـرن لەوانـەی تەجریحی دەکەن))[2].

٤٥. هەروەها گرنگـە ئامـاژە بـە خاڵێـك بکـەم، زاناکـانی ئـەهلی سوننەت ئەمڕۆ هەمویان ئەبو خەنیفە بە ئیمـام دەزانـن ولـە خێـر نـەبێت لێوەی ناگێڕنـەوە، ئیجتهـادی زانایـەکیش لـە نێویانـدا، ئـەو بنچـینەیە ناگۆڕێت، وەکو ژیرەکان هەموو کۆکن لەسەر: (شاز یاسا ناگۆڕێت).

---

(١) میـزان الإعتـدال (٤١٠/١)، الضـعفاء الكبيـر (٢٣٢/٤)، تهـذيب التهـذيب (١٩٠/١)، سـير أعلام النبلاء (٣٦٤/٧)..

(٢) ئەمەش وتەی ئیبن عەبدوولبەڕی مالکیە، حافزی مەغریب.

هەربۆیە کاتێك کتێبی «السنة» چاپدەکرێت زانا گـەورەکان یەکـدەنگن کە ئەو بەشەی باسی ئیمامی ئەبو حەنیفەی تێدایە لابرێـت. ئەمـە جگـە لەوەی لەوەو پێش لەلایەن شێخ عبدالله بن حسن ئالی شیخ -وەچەی شـێخ موحەممەدی کوڕی عبدالوهابەوە- ئەو کتێبە بە چاپ گەیەنرا، ئەو بەشـەی تێدا لادراوە. کە ئەوکاتە بەرپرسی قازیەکانی مەککە بووە.

تەنانەت کە کەسێك هەڵدەستێ بە چاپکردنی ئەو کتێبە وئەو بەشـەی تێدا لانادات (لە کاتێکدا ئەو کەسە بـەرگری لـە ئیمـام ئـەبو حەنیفـەش دەکات)، بەڵام هەر بۆچوونی شێخ بن باز وشـێخ فـەوزان وگـەورە زانایـان لەسەر ئەوە بووە کە ئەو بەشە چاپ نەکرایە. ئەمـەش دووای کۆکردنـەوەی شێخ فەوزان هاتووە بۆ گەورە زانایان لە ماڵی خۆیدا وهەمویان بۆچـوونیان وا بووە.

هەربۆیە شێخ فەوزان ئەڵێ ئەبو حەنیفە ئیمامە، کێ پێی خۆشە پێـی خۆش بێ وکێش پێی ناخۆشە هـەر پێـی نـاخۆش بێـت. وهـەروەها شـێخ زەیدی مدخەلی ئەڵێ: ئەوە هەڵەیە کە ئەڵێ ئەبو حەنیفە گومڕایـە، ئـەبو حەنیفە یەکێکە لە چوار ئیمامەکە بەڵکو بە تەمـەنترینی نێویانـە، وهـیچ کەسێکیش لە هەڵە پارێزراو نیە، بۆیە حەرامە پێی بووترێ ئەبو جیفە.

ئیتر نازانم ئەم م.عوسمانە ئەم لاپەڕە پێچراوانە بۆ هەڵی دەداتەوە؟! بـە قازانجی کێ؟ وئەچێتە گیرفانی کێ؟

٤٦. پوختەی ئەو تانانەی کە لە ئیمامی ئەبو حەنیفە دراون:

أ. تانەدان لێی لە ڕووی ڕیوایەت وکەم زەبتی وسەردەرنەکردنی لە حەدیسی ساغ ولاواز، ئەمەیان ڕاستە وابزانم نیمچە کۆدەنگیەك هەیە لەنیوان زانایاندا لەسەر ئەمە.

ب. تانەدان لێی لە ڕووی عەقیدە وپرسە بنچینەییەکانەوە، ئەمەیان بێگومان جگە لە پرسی ئیرجاء نەبێت هیچ نەچەسپاوە لە ئەبو حەنیفەوە کە عەقیدەی جیاواز بێت لە عەقیدەی سەلەفی ساڵح، وەکو خەلقی قورئان، وتەئویلی ناو وسیفاتەکان.. هتد، ئەگەر چەسپاویش بێت لێیەوە، دژەکەشی چەسپاوە.

ج. تانەدان لێی لە ڕووی ئەوەی ڕاوبۆچوونی خستۆتە پێش حەدیسەوە، ئەمەیان ئێستا کاتی درێژە پێدانی نیە وپێشتر هەندێك ڕونکردنەوەم عەرزکردن.

د. تانەدان لێی لە هەندێ ڕووەوە کە بەڕاستی هەڵەیە تانەی لەو شێوازە لە ئیمامی ئەبو حەنیفە ولە غەیرە ئەبو حەنیفە بدرێ. چونکە لە ئاکاری ئیسلامەوە دوورە، وەکو تانەدان لە شکل وشێوەی وهتد یان هەندێك نازناو بۆ دانانی کە خوای گەورە نەهی لێکردون لە ناوناتۆرە دانان ...

٤٧. له كۆتاييدا ئەڵێم -كە پوختەكەیم لە دوو تــوێی ئــەم مەقالاّنــە عەرز كردن-: هەر تۆمەتيك بدرێتە پاڵ ئيمـامی ئــەبو حەنيفــە جگــە لــە ئيرجــاو نــەبێت هيچــی نەچەســپاوە، ئەوەشــی چەســپاو بێــت، پەشــيمان بوونەوەكەشی چەسپاوە إن شاءالله. جا زانايەكە لە گــەورە زانايــان وبــوونی هەندێ هەڵەش إن شاء الله لە دەريای چاكەيدا نوقم دەبێت، ئەمەش عەيبە نيە ونەنگی نيە كە بە ئەنقەستی نەبووە وكەسيش پــارێزراو نيــە، ئــەوەش عەيبە نيە بووترێ هەڵەی كردووە، عەيب لەوەدايە ئەم شتانە بــە مێــژووی ڕەش بزانيت، خوا لە ئێمە ولــە ئيمــامی ئــەبو حەنيفــە وهــەر ســێ ســەر مەزهەبەكەی تريش وباقی پێشەوايانی ترمان ببوورێت وشــادمان بكاتــەوە پێيان لــە بەهەشــتاكاندا لەگــەڵ پەيامبــەران. والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات.

# مەقالەی یازدەهەم

ئەڵێ: «**کەسێکی وەکو عەبدوڵڵای کوڕی پێشەوا ئەحمەد خـوا لێـی خۆش بێت، کتێبێکی داناوە بە ناوی السنة -شەڵڵا داینەنایـە-، ١٨٣ جنێوی تێدایە بە ئیمام ئەبو حەنیفە، پێـی وتـراوە: ئـەبو جیفـە، پێـی وتراوە: زندیق، پێی وتراوە: مارق، پێـی وتـراوە: مولحـد، پێـی وتـراوە: لەعنەتی خوای لێبێت، پێـی وتـراوە: یەکپارچـە ئـاگرە قـەبری ئـەبو حەنیفە، پێی وتراوە:** ما ولد مولود أشر ولا أشأم من أبي حنيفة».

وەڵام:

## لێکۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «أبو جيفة»

**هەڵوێستی یەکەم:** لەسەر ئەوەی ئەڵێ: (پێی وتراوە: ئەبو جیفە).

پێش هەموو شتێك لەم ڕۆژەدا زانایان وتنی ئەو وتە بە ئـەبو حەنیفـە بە حەرام دەزانن. هەر قسەیەکیشماڵی ڕۆژی خۆیەتی.

**دووەم:** ئەوە لاپەڕەیەکـە ئـەبێت بپێچـرێتەوە، نـەك لەسـەر مینبـەر هەڵبدرێتـــەوە. ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلاَ تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾.

**سێیەم:** تەماشا بکەن ئەڵێ: (پێی وتراوە)، دەی پێی بڵێن: ئـەو بکـەر نادیارە کێیە؟ بۆ دەیشاریتەوە؟! باشە بۆ نـاڵێی کێیـە وای پێئـەڵێ؟ پێـی

بلێن: ئەوە خێر بوو کە باسی کتێبەکەت کرد، بەدەنگی بەرز وتت، عبدالله ی کوڕی ئیمامی ئەحمەد نوسیویەتی، تەنانەت ناوی باوکیشیت هێنا، بەڵکو ناوی کتێبەکەتیش هێنا کە «السنة»یە، ئەی بۆ کە قسەکان لەسەر ئەبو حەنیفە دەهێنیتەوە، ناڵێی کێ وای پێوتوە؟!

**بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە، بزانە:**

زۆربەی ئەو قسانەی لەسەر ئەبو حەنیفە دەیهێنێتەوە خاوەنەکانیان لە ئەبو حەنیفە ئیمامتر وگەورەترن، بەڵکو هەشیانە خاوەن مەزهەبەکانە، وەکو مالك وئەحمەد، دەی تەسەور بکە ئەم کەسە لەسەر مینبەرەوە ئەڵێ -بزانێ یان نەزانێ-: مالك بە ئەبو حەنیفەی وای وتوە! ئەحمەد بە ئەبو حەنیفەی وای وتوە!! ئایا ئەم قسە دژی مەزهەبەکان نیە.

بەڵێ، من پێتان ئەڵێم کێیە بە ئەبو حەنیفە وای وتوە، ئەوە حەمادی کوڕی سەلەمەیە ئیمامی دوونیا، ئەو حەمادەی کە یەحیای کوری مەعین وعەلی کوڕی مەدینی ئەڵێن: هەرکەس قسەی بە حەماد دەکرد تۆمەتباری بکە. ئەو حەمادەی کە پێت بگوتبایە سبەی دەمریت زیاتری نەبوو بیکات ئەوەندە خواپەرست بووە، ئەو حەمادەی کە نەبینراوە پێبکەنێ، هەمیشە سەرقاڵ بووە: یان حەدیسی گێڕاوەتەوە، یان قورئانی خوێندووە، یان زیکر وتەسبیحاتی کردووە، یان خەریکی نوێژکردن بووە، لە ڕۆژدا ئەمە ئیشی بووە، ئەو حەمادەی، زەهەبی لەبارەیەوە ئەڵێ -لە سیر أعلام النبلاء-:

«الإِمَامُ، القُدووةُ، شَيْخُ الإِسْلامِ... كَانَ بَحْراً مِنْ بُحُورِ العِلْمِ.. وَقَالَ وُهَيْبُ بنُ خَالِدٍ: حَمَّادُ بنُ سَلَمَةَ سَيِّدُنَا وَأَعْلَمُنَا... وقَالَ مُوْسَى بنُ إِسْمَاعِيْلَ التَّبووذَكِيُّ: لَوْ قُلْتُ لَكُم: إِنِّي مَا رَأَيتُ حَمَّادَ بنَ سَلَمَةَ ضَاحِكاً، لَصَدَقْتُ، كَانَ مَشْغُوْلا، إِمَّا أَنْ يُحَدِّثَ، أَوْ يَقْرَأَ، أَوْ يُسبِّحَ، أَوْ يُصَلِّي، قَدْ قَسَّمَ النَّهَارَ عَلَى ذَلِكَ».

**چوارەم:** دیسانەوە سەرنج بدەن، نالێ: بۆ وای پێ وتراوە...، هۆکارەکەی چی بووە؟ بۆیە پێی بڵێن:

بڵێن: ئەوە خێر بوو باسی میحنەتەکەی تەبەریت کرد وتت: لەبەر باسنەکردنی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بوو؟! باسی حاکم ونەسائیت کرد کە چیان پێکراوە؟ وتت: لەبەر نەگێڕانەوەی حەدیس بووە لەسەر موعاویە؟! بڵێن: ئەوە خێرە کە باسی غەزالی وئیبن حیببان وقسەکردن بە ئەبوحەنیفە دەکەیت وەکو پێشتر باسی هۆکارەکەیمان بۆ باس ناکەیت؟!!

بەڵێ بەڕێزان... لەهەر کوێ لێدانی ئەهلی حەدیس بێت ئەم کەسە دەستپاریزی ناکات، بە دەنگی بەرز ئەیڵێ!! لەهەرکوێ ببێتە هۆی دەرخستنی عەیب وعەواری پەردە لەسەر دراوی ساڵانەیان، کشت ومات هیچ ناڵێ!؟

جا بەڕێزان.. حەماد لەبەر ڕەدکردنەوەی حەدیسی پەیامبەر ﷺ وغەیرەیەك بۆ دینی خوا وای وتوە. یانی وەکو دین وتویەتی ولە دڵسۆزیدا

بووە بۆ خەڵك، بۆ ئەوەی خەڵك بــە هەڵــەی زانایــەك بــە هەڵــەدا نــەڕۆن، کەواتە ئەوپەڕەکەی ئەوەیە بڵێی: اجتهد فأخطأ!

**پێنجەم:** مەبەستی لەوەش نیە ئــەبو حەنیفــە خــۆی جیفەیــە، بــەڵکو مەبەستی مەســەلەی: ڕاوبۆچــوون خســتنە پــێش حەدیســەوە بــووە. یــان مەسەلەی خەلقی قورئان بووە، یان ئیرجــا بووە،...هتــد.. هــا بەکەســێك ئەڵێن فکرەی بۆگەنی هەیە!؟ خۆ هەموو بۆچوونەکانی بۆگەن نیە؟!

**شەشــەم:** ئەو دوو ڕیوایەتەی لەم بارەوە دەیهێنێ لــە عوســمانی بیــتتی وحەمادەوەیە هەردووکی لاوازە والحمد لله، ئەگەریش ســێیەمیان ســەحیح بێت، ئەوە تەوجیهەکەی بەو شێوەیەیە کە باسم کرد. وبالله التوفیق.

## لێکۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «زندیق»

**هەڵوێستی دووەم:** لەسەر ئەوەی ئەڵێ: (پێی وتراوە: زندیق).

پێش هەموو شتێك هەموو زانایەك لەم ڕۆژەدا وتنی ئەو وتە بــە ئــەبو حەنیفە بە حەرام دەزانێت.

**دووەم:** ئەوە لاپەڕەیەکە مایەی پێچاندەوەیە، نەك لێپێچینەوە.

**سێیەم:** باشە بۆ نایڵێی کێیە وای پێ ئەڵێ؟ چــی مەبەســتێکت هەیــە لەمەدا؟! بەڵێ، ئەوە حەمادی کوڕی سەلەمەیە وای پێ ئــەڵێ، کــە تــۆزێ پێش ئێستا باسم لێوەکرد.

**چـوارەم:** باشە بۆ باسی ئەوە ناکەیت هۆکارەکەی چیە وای پـیێ ئـەڵێ؟ بۆ ڕوونی ناکەیتەوە؟! وەکو ئەوەی هیچ هۆکارێك نەبێت، هەر لە خۆیانـەوە بە ستەم وتوبێتیان؟

بەڵێ، لەبەر مەسەلەی خەلقی قورئان وا دەڵـێ، جـا ئەتـەوێ بزانـی؟ ئەوا چاوێك بخشێنە هەر بەو کتێبەی **عبدالله** تا بزانی هـەر کـەس وتبـێتی قورئان مەخلوقە، ئەوا چەند لە ئیمامەکان پێیان وتوە: زندیق.

**پێنجـەم:** ئەوپەڕەکـەی ئەوەیـە بڵێـی: **اجتهد فأخطأ**. نـەك لەسـەر مینبەرەوە تەشهیر بکەیت.

**شەشەم:** لە کۆتاییدا، ئەو ڕیوایەتەی لەم بارەوە دەیهێنێ لە حـەمادەوە لاوازە **والحمد لله**. وهەرکەس بە ڕیوایەتی لاواز بڵێ فـلان ئـەوەی وتـووە، ئەوە بوهتانی بۆ کردووە.

## لێکۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «مارق»

**هەڵوێستی سێیەم:** لەسەر ئەوەی ئەڵێ: (پێی وتراوە: مارق).

سەرەتا هەموو زانایانی ئەمڕۆ وتنی ئـەو وتـە بـە ئـەبو حەنیفـە بـە دروست نازانن.

**دووەم:** ئـەوە لاپەڕەیەکـە مایـەی پێچـاندەوەیە، نـەك لێپێچـینەوە، ولەسەر مینبەر هەڵدانەوە.

**سێیەم:** باشە بۆ نـایلێی کێیــە وای پــێ ئـەڵێ؟ کـە حـەمادی کـوڕی سەلەمەیە.

**چوارەم:** باشە بـۆ نـایلێی بـۆ وای پـێ ئـەڵێ؟ لەبـەر ئـەوەی ئـەوەی فەتوایەکی زۆر سەیریان بۆ هێنـاوە، پێیـان وتـووە: ئـەبو حەنیفـە ئاوهـا ئـەڵێت!! ئـەویش ئـەو قسـەیەی کـردووە، جـا لەبـەر لادان لـە حـەدیس ورەدکردنەوەی بووە. **والله أعلم**.

**پێنجەم:** مارق یانی چی؟ لە زماندا ئـەوترێ: «مَرَقَ السهمُ من الرَمِيَّةِ مُروقاً، أي خرج من الجانب الآخر». ئیتر وشـەیەکە بـەپێی بـەکارهێنانی زمـان دەگۆڕێـت، ئـەوترێ: «مَرَقَ السهم، ومَرَقَ من الدين، ومَرَقَ في الأرض، ومَرَقَ القدر، ومَرَقَ الصوف والشعر.. ومَرَقَ الإهاب، ومَرَقَ الصبغ.. ومَرَقَ فلانا...»[(١)].

کەوابو ئەم نەیوتوە مارق لە دین، تەنها وتویەتی مارق. جـا پێویسـتە وتەی زانایان هەتا هەڵدەگرێ مەحمەلی چاکی بـۆ بدۆزینـەوە، بـە تایبـەت ئەگەر مەحمەلی چاکی هەبوو، ئەمە سەرباری ئەوەی مارق بە واتـای کـافر نایە. ئیتر ئەمە نە فەتوای تەکفیری ئەبو حەنیفەیـە، نـە کوشـتنی، -وەك ناونیشانی وتارەکەی ئەو کەسەیە-.

---

(١) معجم الوسيط: م ر ق..

**شەشـەم:** وەکو دین ودڵسۆزی وتراوە، بۆیە ئەوپەڕەکـەی بڵێـی: اجتهد فأخطأ.

## لێکۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «مولحید»

**هەڵوێستی چوارەم:** لەسەر ئەوەی ئەڵێ: «پێی وتراوە: **مولحید**».

من لە کتێبی السنە، شتی وام نەدۆزیەوە، بۆیە لەوانەیە مەلا عوسمان لەوکاتـەدا بـەهۆی توڕەبـوون وهەڵچـونەوە، سـەیتەرەی[1] بەسـەر خۆیـدا نەمابێت وئەو قسەیەی کردبێت..

بەڵام وشەی «کافر» ئەوا:

بەڵێ، لە سێ شوێندا وای پێ ئەوترێ.

**دووەم:** کەس لە زانایان پێوتنی ئەو قسە بە ئەبو حەنیفـە بـە دروسـت نازانن، وبەڵکو ئەمڕۆ کەسێك بیڵێ دەگەڕێتەوە بۆ خۆی والعلم عندالله.

**سێیەم:** ئەوە لاپەڕەیەکە مایەی پێچاندەوەیە..

بەڕێزان..

تێـڕامێنن.. وردبنـەوە... دەکـرێ لەسـەر مینبـەرەوە بڵێـی: خـاوەن مەزهەبەکان بەیەکتریان وتووە: ملحد وکافر!؟ کەسی ژیر شتی وا دەکات؟!

إنا لله وإنا إليه راجعون.

---

(١) لە وشەی کۆنترۆڵ کوردیترە.

**چوارەم:** باشە بۆ نایڵێی کێیە وای پێ ئـەڵێ؟! ئـەوە حـەممادی کـوڕی ئەبی سولەیمانە، شـێخ ومامۆسـتای ئیمـام ئـەبو حەنیفـە خۆیـەتی، ئـەو مامۆستایەی کە هەمیشە ئەبو حەنیفـە پەیوەسـت بـووە پێـوەی. لـە دوو شوێنی ئەو کتێبە وای پێ ئەڵێت، ئایە شایەتی مامۆسـتا بـۆ تەلەبەکـەی وەرناگیرێت!؟

**پێنجەم:** باشە بۆ باسی ئەوە ناکەیت بۆ وای پێ ئەڵێ؟! بـەڵێ، لەمـەڕ پرسی خەلقی قورئان بووە، بە سوفیانی وتووە: «بڕۆ بەو کافرە بڵـێ -یـانی ئەبو حەنیفە-، ئەگەر پێت وایـە قورئـان مەخلوقـە نزیکـی دەرسـەکانمان نەکەویتەوە».

**شەشەم:** وەکو دین وتراوە، نەك بۆ خۆشی، کەواتە: اجتهد فأخطأ.

**حەوتـەم:** بـەڵێ زانایـان ئـەڵێن: هـەر کـەس بڵـێ قورئـان مەخلوقـە بێباوەڕە، وتەی ئیمامەکان لەم بارەوە زۆرن.

**هەشتەم:** مەبەستی کوفری گەورە نیە، بەڵکو کوفری بچووکە.

**نۆیەم:** لەچیرۆکەکەوە دەردەکەوێت قسەیەکی هاکەزایی بوە.

**دەیـەم:** ئـەو ڕیوایەتـەی لـەم بـارەوە دەیهـێنێ لـە حـەممادەوە لاوازە ودەقەکەشی «**منكر**»ـە:

**سەبارەت بە دەقەکەی:**

**أ.** حەمماد بەناوبانگە: کە باوەڕی بە ئیرجا هەبووە، ومورجیئەش لەسەر تەکفیر زۆر سستن، وئەشڵێن ئەبوحەنیفە ئیرجائی لەوەوە وەرگرتوە، کەواتە ئەگەر مورجیئەیە چۆن تەکفیری ئەبو حەنیفە دەکات؟!

**ب.** حوکم لەسەر گومان بوونیاد نانرێت، چۆن ئەکرێ بڵێ: (بڕۆ بەو کافرە بڵێ: ئەگەر پێت وایە قورئان مەخلوقە...) ئەگەر دڵنیا نیە وای وتبێت، چۆن تەکفیری دەکات؟! حوکم چۆن بە گومانەوە دەدرێت؟! بەتایبەت تەکفیرکردنیش؟! بەتایبەتتر لەلایەن پیاوێکی وەکو ئیبن ئەبی سولەیمانیشەوە!!؟ بۆیە ئەمانە بەڵگەی ناڕاستی ئەم ئەسەرەیە.

**سەبارەت بە سەنەدەکەشی:**

«أبو الجهم الكوفي» تیێدایە کە لاوازە.

خۆ ئەگەر ئەڵێی خەتیبی بەغدادی بە سەنەدێکی تر ڕیوایەتی کردووە، بۆ ئەویش مژدەت پێدەدەم، کە سەنەدەکەی «ضرار بن صرد»ی تێدایە ئەویش درۆزنە.

ئەگەریش ئەڵێی: لالەکائیش ڕیوایەتی کردووە! ئەڵێم: ئەویش هەر مژدە بێت، لەڕێگای «مؤمل بن إسماعيل»ەوە ڕیوایەتی کردووە، «مؤمل»یش «منكر الحديث»ە. والحمد لله.

**ڕیوایەتی دووەم:** کە هەر هی حەممادی شەیخی ئەبو حەنیفەیە، لە باسی زیندیقدا ڕوونمان کردەوە.

کەواتــە دوو ڕیوایــەتی هــی شــەیخەکەی خۆیــەتی!! ئەمەنێنێتــەوە ڕیوایەتی سێیەم:

**ڕیوایەتی سێیەم:** لە ئەبو جەعفەری کوڕی سولەیمانەوە ئەیهێنێت، ئەم ئەسەرەش دەقەکەی «منکر»ە وسەنەدەکەشی لاوازە:

**سەبارەت بە دەقەکەی:**

**أ.** ئەڵێ: «والله ئەبو حەنیفە کافرە». دەی بە ئیجماع کــافر نیــە. کــە ئەمەت زانی ئەوەش بزانە نازانرێ ئەبوجەعفەر کێیــە؟ ئەمــەی وا تــەکفیر دەکات! نازانرێ کێیە؟

**ب.** ئەڵێ: «ئەبو حەنیفــە جــەهمی بــووە»، بــەڵام بــە ســەحیحی لــە ئیمامی ئەحمــەدەوە هــاتووە -وەکــو خــەتیب ڕیوایــەتی دەکــات- ئــەڵێ: نەچەسپاوە لەلامان ئەبو حەنیفە بۆچوونی جەهمیــەکانی هــەبووبێت -کــە بڵێ قورئان مەخلوقە-. هەروەها لە مختصر العلو هــاتووە، ئــەبو یوســف ئەڵێ: شەش مانگ گفتوگۆم لەگەڵ ئەبو حەنیفەکرد تــا دوایــی بۆچــوونمان کۆك بوو لەسەر ئەوەی هەرکەسێك بڵێ: قورئان مەخلوقە، کافرە. ئەمــەش زیاتر ڕونکرایەوە لە خاڵەکانی پێشتر. والحمد لله أولًا وآخرًا.

ج. ئەڵێ: «بۆچوونی بیشری کوڕی موسای هەبووە، بیشریش بۆچوونی خەوارجی هەبووە». ئەڵێم: ئەوەی وەك موتەواتیری لێهاتووە ئەبو حەنیفە بۆچوونی ئیرجائی هەبووە نەك خەوارج[١].

**سەبارەت بە سەنەدەکەشی، چەند دەردێکی هەیە:**

**دەردی یەکەم:** عبداللە ئەڵێ: «أُخبرت»، دەی نازانرێ، کێیە بۆی گێڕاوەتەوە، بەمەش حەدیسەکە پچڕاو دەبێت[٢]، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی حەدیسی لاواز وبێهێز.

**دەردی دووەم:** فەزڵی کوڕی جەعفەر ژیاننامەی نەدۆزراوەتەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی لەبارەی ئەبو جەعفەریشەوە هەمان شت دەوترێت.

کەواتە ئەم ئەسەرە لاوازە. والحمد لله.

## لێکۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «نەفرەتی خوای لێبێت»

**هەڵوێستی پێنجەم:** لەسەر ئەوەی ئەڵێ: «پێی وتراوە: لەعنەتی خوای لێبێت».

---

(١) بەڵێ، ئەکرێ کەسێك مورجیئە بێت لە ڕویەکەوە، وخەوارجیش بێت لەلایەکی ترەوە، بەڵام لە ئەبوو حەنیفەوە نەچەسپاوە..

(٢) ئیتر «معلق» بێت کە لە سەرەتاکەیەوە پچڕاو بێت، یان «معضل» کە دوو ڕاوی لێپچڕا بێت بەدووای یەك، یان «مرسل» بێت کە لە کۆتاییەکەوە لە سەروی تابعین پچڕاو بێت، یان «منقطع» بێت کە وەکو «معلق» و «معضل» و «مرسل»نەبێت، هەر لە جۆرەکانی لاوازن.

ئەم کەسە باش دەزانێ، هەموو زانایـان پێـوتنی ئـەو قسـە بـە ئـەبو حەنیفە بە حەرام دەزانن، بەڵکو ئەمڕۆ کەسێك بیڵێت دەگەڕێتەوە بۆ خـۆی إن شاءالله.

**دووەم:** ئەوە لاپەڕەیەکە مایەی پێچاندەوەیە..

**سێیەم:** باشە بۆ باسی ئەوە ناکەی کێیە وای پێ ئەڵێ؟! ئەوە ئیمـامی شوعبەی کوڕی حەججاجە[1]، ئەمیری ئیمانداران لە حەدیس. ئەو دەریـای زانسـتە، کـە هاوشـانی ئـەوزاعی ومەعمـەر وسـەوریە لـە زۆر حـەدیس گێڕانەوە، کە شـافعی ئـەڵێ: ئەگـەر شـوعبە نەبووایـە کـەس حەدیسـی نەدەناسی لە عێراق، حاکم ئەڵێ: ئیمامی ئیمامەکانە لەناسـینی حـەدیس لـە بەسـڕە. چوارسـەد شـێخی بـەس لـە تـابعین هەیـە، ئەنەسـی کـوڕی مالکیشی بینیوە.

ڕۆژێ ئەبو نوحی بینیـوە، قەمیسـێکی لەبـەردا بـوە، وتویـەتی: بـە چەندت کڕیوە؟ وتویەتی: بە هەشـت درهـەم، وتویـەتی: مالـّت ئـاوا بـێ! لەخوا ناترسـی! چـوار درهەمیـەکت بسـەندایە وچـوارەکەی تـرت بـەخێر بکردایە بۆت باشتر نەبوو؟!

هەروەها وتیان: بۆ وازت هێناوە لە حەدیسەکانی ئـەبو الـزبیر؟ وتـی: بینیم کێشانەی ئەکرد، قورس ئەیکێشا، بۆیە وازم لێهێنا.

---

(١) لە حەممادی کوڕی سەلەمەشەوە هاتووە.

بەڵێ بەڕێزان.. ئەمانە ئەو ئیمامە مەزنانەن، ئەو کەڵـە پیاوانـەن کـە لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلامیان گەشاندۆتەوە. بەڵێ بێگومان کەسـیش لـە هەڵە پارێزراو نیە، بەڵام توخخوا بێ ئینسافیش نیە بە هەڵەیـەك ودڵـۆپێ ڕەشی وتاڵی، دەریایەکی گەورەی چاکە تاڵ وڕەش بکەیت!؟

**چوارەم:** باشە بۆ باسی ئەوە ناکەیت بـۆ وای پـێ ئـەڵێ؟ بێگومـانم - وەکو لە کۆی ئەو ڕیوایەتانە دەفامرێ- بەهۆی هەڵەیەکی گەورەوە بـووە - وا پێیان گەیشتووە-، کە ئەوەی هێناوە وای پێ بڵێن. جا ئـەو هەڵەیـەش یان بەهۆی قیاس وبۆچوون وپێیم باشەوە بووە، یان بەهۆی خەلقی قورئانەوە بووە... هتد.

یانی تۆ گومان ئەبەیت بە پیاوێکی وەکو شەعبی هەر بـۆ خۆشـی بـە ئەبو حەنیفە بڵێ لەعنەتی لێبێت..!؟ شتی وا زۆر دوورە.

**پێنجـەم:** خۆ ئەمان یەکەم کـەس نـین لەعنـەتکردنیان لـە موبتـەدیع داهێنابێت، وکەسی تری پێش ئـەمان بـۆ کـەس لـە موبتەدیعـە بـەکاری نەهێنایێت!

**شەشەم:** وا دابنێ ڕاستە، ئەی نابێ عوزریان بـۆ بهێنینـەوە، ئەگـەرنا بێ ویژدانی نیە عوزر بۆ هەڵەکانی پێشەوا ئەبوحەنیفە بهێنرێتـەوە، بـەڵام بۆ هەڵەی ئەم کەڵە پیاوانە کە لە ئەبو حەنیفـە ئیمـاتر وگـەورەترن عـوزر

نەهێنینەوە!! خوایە لە دەمارگیری بمان پارێزیت. بۆیــە بــا بــووترێ: اجتهد فأخطأ.

**حەوتــەم:** لەعنــەت لــە دیــاریکراوێکی شــیاو، لەســەر ڕای دروســتی زانایان، بە مەرجی خۆی دروستە.

**هەشتەم:** ئەو ڕیوایەتەی لــەم بــارەوە دەیهــێنێ لــە مەنســوری کــوڕی سەلەمەی خوزاعی دەیگێڕێتەوە، ئەمیش لە دوو کەسەوە، یــەکێکیان: لــە حەمادی کوڕی سەلەمەوە، ئەڵێ: گــویم لێبــوو نــەفرەتی دەکــرد لــە ئــەبو حەنیفە.

**دووەمیش:** ئەڵێ: «جا شوعبەش لەعنەتی دەکرد لە ئەبو حەنیفە».

سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی حەماد ئەوە سەنەدەکەی سەحیحە.

سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی شوعبە ئەوە ئەبێت بسەلمێنرێت کە:

لە شوعبەی بیستوە.

یان هاوشاری یەکبوون وهاوسەردەمی یەکبوون

یا ئیمکانی ئەوە هەبووە بگەن بە دیداری یەك.

یان ئەو کەسە کێیە لێوەی بیستوە.

وەگەرنا ئەم ئەسەرە بە دەردەداری دەمێنێتەوە وهێزی نابێت هەڵسێتە سەر پێ. چونکە شوعبە لە تەبەقەی حەوتە ولەگەورەی ئەتباعی تابعینــە، ولە (٨٢ لە دایك بووە- ١٦٠ ك وەفاتی کردووە)، لە بەسڕە بووە، بــەڵام

مەنسور بەغدادیە، ئینجا لەدووای ١٤٠ ك لە دایك بووە، کەواتـە کـەی گەورە بوو وکەی هات بۆ بەسرە وکەی شتی لە شوعبەوە بیست؟ پاشان لـە تەبەقەی دەیە، ولە دەوری ٢١٠ بۆ ٢٢٠ وەفاتی کردووە.

جا بەکورتی: ئەگـەر ئـەوە سـەلمێنرا، ئـەو ڕیوایەتـەش دەسـەلمێنرێ. ئەوکاتەش تەوجیهەکەی بەو شێوازەیە ڕونم کردەوە. جا با دیراسە بکرێ.

## لێکۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «یەکپارچە ئاگرە قەبرەکەی»

**هەڵوێستی شەشـەم:** لەسەر ئەوەی ئەڵێ: (پێی وتراوە: یەکپارچە ئاگرە قەبری ئەبو حەنیفە).

ئەڵێم:

لە پێش هەموو شتێك: دەق وقسەی وا لەو کتێبەدا نـەهاتوە، ئـەوەی هاتوە، عبداللە ئەڵێ: «حدثني هارون بن سفيان، حدثني عزرة الخراساني، حدثنا الفضل بن موسي السيناني، قال: سمعت سفيان الثوري يقول: ضَرب الله عز وجل على قبرِ أَبِي حنيفةَ طاقًا منَ النّار». واتە: «سەوری وتویـەتی: خـوای گـەورە بازنەیـەك (پشـتێنەیەك) ئـاگری داوە لـە قەبرەکـەی ئـەبو حەنیفە».

جا وەرگێڕانی «طاقًا منَ النَّار» بـە: «یەکپارچـە ئـاگرە قـەبری ئـەبو حەنیفە» گەورەکردنەوەیەکی ڕۆشنە بۆ چەواشـەکرنێکی ئاشـکرا، چـونکە

«طوق»، لێرە بە واتای بازنە وكەوانە وپشتێنە وئەو واتایانــە دێـت لێـرەدا كە نزیك بێت لە دەورەدانەوە.

**دووەم:** ئەوە لاپەڕەیەكە ئەبێت بپێچرێتەوە...

**سێیەم:** زانایان پێوتنی ئەو قسە بە ئــەبو حەنیفــە بــە حــەرام دەزانــن وبەڵكو بانگەشەكردنی غەیبە.

**چوارەم** : ئەو قسە ئەگەر ڕاسـتیش بێــت، بــە مانــای دووعایــە نــەك خەبەر وهەواڵدان، یانی دوعا دەكات: خوایە پشتێنەیەكی ئاگرین بدەی بــە دەوری قەبری ئەبو حەنیفە، بەهۆی ئــەوەی بەســەر ئــەم دینــەی هێنــا لــە زیادەڕۆییكردن لە بۆچوون وقیاس وهتد!!

نەك هەواڵدان بێت وبڵێ: خوا ﷻ پشتێنەیەكی ئاگرینی داوە بــە دەور قەبرەكەی ئەبو حەنیفــەدا. نــەخێر هەواڵــدان نیــە، چــونكە ئــەوە غــەیبــە وبێژەكەی لە كوێوە زانی؟! ئەشكرێ لە بابی ئومێدەوە وتــرا بێــت، یــانی: ئومێد دەكەم..

**پێنجەم:** باشە بــۆ باســی ئــەوە ناكــەی كێیــە وای پــێ ئــەڵێ؟! ئــەوە ســوفیانی ســەوریە، ئیمــامی دوونیــا، **شیخ الإسلام**، ئیمــامی زاناكــان، سەرمەشقی زانا عاملەكان، دونیا نەویست، ئــەو ســوفیانەی كــە خۆیشــی وەكو خۆی نەبینیوە لە دینداری ودونیا نەویستی دا. ئــەو ســوفیانەی ئــیبن ئــەلموبارەك ئەفــەرموێ: «لــە زیــاتر لــە ١١٠٠ شــێخەوە حەدیســم

نوسیوەتەوە، کەسیان لە سوفیان باشتر نەبوون)) هەروەها ئەڵێ: ((وەسفی هەرکەسم بۆکرا بێت وبینیبێتم، تەماشا ئەکەم بە گوێرەی وەسفەکە نەبووە، تەنها سەوری نەبێ)).

یونسی کوڕی عوبەید ئەڵێ: ((لە سەوری باشترم نەدیوە، وتیان: ئیبن جوبەیر وئیبراهیم وعەتا وموجاهیدت بنیوە چۆن وا ئەڵێی؟! وتی: هەر ئەوەیە کە پێتان ئەڵێم: لە سەوری باشترم نەدیوە)).

سەختیانی ئەڵێ: ((هەرگیز کوفیەکم نەبینیوە لە سوفیان باشتر بێت)). بەڵکو ئەڵێن لە ئیمام مالك حافزتر بووە، ئەوە سوفیانە: عالمی ئەم ئوممەتە، عابدی ئەم ئوممەتە. شارەزاترین کەس بە حەڵاڵ وبەحەرام، ئەبو ساڵەحی مەککی ئەڵێ: ((واللە لە ئەبو حەنیفە شارەزاتر بوو، وبە ڕاشکاوی وبەئاشکرا نکوڵی لە دەسەلاتداران کردووە))، بەڵام باوەڕی بە خروج نەبووە.

بیشری حافی ئەڵێ: ((سەوری لای ئێمە ئیمامی خەڵکە، وئەو بۆ سەردەمی خۆی وەکو ئەبوبەکر وعومەر وابو بۆ سەردەمی خۆیان)).

ئەو سوفیانەی کەس لەو زیاتر یادی مردنی نەکردوە، هەروەها کە بینراوە خەڵك بیری مردنی کەوتۆتەوە.

بەڵێ بەڕێزان.. ئەمانە ئەو ئیمامە مەزنانەن، ئەو کەڵە پیاوانەن کە لاپەڕەکانی مێژووی ئیسلامیان گەشاندۆتەوە. بەڵێ، بێگومان کەسیش لە

هەڵە پارێزراو نیە، بەڵام بێگومان بێ ئینسافی وبێ ویژدانیشە بە هەڵەیەك ودڵۆپێکی ڕەش وتاڵ، دەریایەکی گەورەی چاکە تاڵ وڕەش بکەیت!!

ئەبێ ئاوها گەورەبن لە پێش چاومان، وئاوهاش عوزریان بۆ بهێنینەوە بەبێ ئەوەی بڵێین: بێ هەڵەن ومەعسومن، یا هەڵەکانیان گەورەوە بکەین.

**شەشەم:** باشە بۆ باسی ئەوە ناکەیت بۆ وای پێ ئەڵێ؟ وەکو باسمان کرد سوفیان لەوە دیندارترە لە بۆ خۆشی شتی وای پی بڵێ، بەڵکو بەهۆی قیاس وبۆچوون وپێم باشە زۆرەکانەوە ئەوە وتراوە، هەروەها ئەو شتە زۆرانەی تێکەڵی دین کرابون لەڕێی ئیجتهادی پشت ئەستور بە بۆچوون وقیاس، هەروەها بوونی عەقیدەی ئیرجا، هەروەها بەهۆی بڕوا بوون بە خەلقی قورئان..هتد. واللە أعلم.

لە خاڵەکاتی پێشو ولەکۆتاییشدا بە یارمەتی خوا ئەو تۆمەتانە وەڵام دراونەتەوە، کە دەدرێنە پاڵ ئیمامی ئەبو حەنیفە رَحِمَهُ ٱللَّهُ تعالی.

**حەوتەم:** ئەوپەڕەکەی ئەوەیە بڵێین: اجتهد فأخطأ. وەکو چۆن نەبیز «النبیذ»ی بە حەڵاڵ زانیوە، هەروەها هەندێك «تشیع»ی تێدا بووە، هەروەها عەلی بەسێیەم داناوە دوای پەیامبەر ﷺ، جا ئەمەش بە هەمان شێوە! خۆ ئەمە لەوانە گەورەتر نیە؟!

**هەشتەم:** ماوەتەوە بڵێم: ئەو ئەسەرە لاوازە، وسابت نەبووە سوفیان شتی وای وتبێت، ئەم خاڵەش هەمیشە دوادەخەم تا فێر ببێت عوزر بۆ زانایان بهێنێتەوە -ئەمە ئەگەر سەحیح بوو-، تا فێر ببێت ڕێزی زانایان بگرێت وبەو توراسەی بەجێیان هێشتووە، پاك وپیسی نەكا بە پێوەرێكی نا عادیلانە بۆ غەزالی: شەللا نەیان سوتاندایە، وبۆ عبدالله شەللا نەینوسیایە!!

جا سەنەدەكە «عزرة الخراساني» تێدایە، تەرجەمەی نەدۆزراوەتەوە، بەمەش سەنەدەكە حوكمی پچڕاوی هەیە وبەمەش ئەسەرەكە دەردەدار دەبێت وهێزی نیە هەستێتە سەر پێ. وبەمەش هەركەس بڵێ سوفیان وای وتوە درۆ وبووهتانی بۆ كردووە وەكو سەنەد. والحمد لله.

## لێ كۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «ما ولد مولود أشر ولا أشأم من أبي حنيفة!»

**هەڵوێستی حەوتەم:** لەسەر ئەوەی ئەڵێ: «پێی وتراوە: ما ولد مولود أشر ولا أشأم من أبي حنيفة».

سەرەتا ڕیوایەتی بەو دەقە، لە كتێبی «السنة»دا نیە، وەكو چۆن «مولحید وپڕ گۆڕەكەی بكا لە ئاگر» نەبوو؟!

بەڵكو تێهەڵكێشكردنی دوو ڕیوایەتە لەسك یەك، كە یەكێكیان سەحیحە ویەكێكیان لاوازە، ئاماژەشی بۆ نەكردووە، ئەمەش لای ئەهلی خۆی جۆرێكە لە جۆرەكانی چەواشەكردن وگزی كردن وخیانەت(١).

پاشان، ئەگەر ئەو زانایایە وای زانیبێت وایە، ئەوا ئەمڕۆ زانایان ئەڵێن: ئەو وتەیە بەو شێوازە نیە وخوا لە ئێمە وئەوانیش ببورێت.

**سێیەم:** ئەوە لاپەڕەیەكە ئەبێت بپێچرێتەوە، نەك لەسەر مینبەر هەڵبدرێتەوە، ﴿تِلْكَ أُمَّةٌ قَدْ خَلَتْ لَهَا مَا كَسَبَتْ وَلَكُمْ مَا كَسَبْتُمْ وَلا تُسْأَلُونَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ بەڵام بەداخەوە!

**چوارەم** : ئەو قسە ئەگەر ڕاستیش بێت، ئەی بۆ باسی ئەوە ناكەیت بۆچی وایان پێوتوە؟!

**پێنجەم:** ئەو قەسەیە بەو مانایە دێت، كە هەر كەسێك زیانێكی بۆ ئیسلام هەبووبێت، ئەوەندەی ئەو كەسە زیانی نەبووە كە هەم بڕوای بە خەلقی قورئانە، هەم عەقیدەی ئیرجائی هەیە، هەم خروج بە دروست دەزانیت، هەم بۆچوونی دەخاتە پێش حەدیسەوە، قیاس زۆر بەكار دەهێنێت، هەر پرسیارێكی لێبكەی وەڵام دەداتەوە بەبێ ئەوەی پێش خۆی

---

(١) بەڵێ لە ناو ڕواتی فەرمودە تێهەڵكێشكردنی دوو ڕیوایەت یان زیاتر هەیە، بەمەرجێك سەنەدی هەموی سەحیح بێت، وەكو لە سەحیحی بەخاری بە ڕاشكاوی لەسەرەتای حەدیسی چیرۆكی «الإفك» دا بەرچاوت دەكەوێت، بەڵام تێهەڵكێشی سەحیح ولاواز بكەیت هەرگیز مەقبوول نیە وشتی وا حەڵاڵ نیە.

کەس فەتوای لەو شێوازەی دابێت... ئەو کەسەش بەناوبانگە وخەڵکی زۆر بە قسەی دەکەن... بۆیە بەڕاستی لە ئیسلامدا هیچ کەس لـەوە خراپترتـر وشومتر نیە، وزانراوە لە ئوسوڵدا: «**الحكم على الشيء فرع عن تصوره**».

بەڵام ئایا ئیمـامی ئـەبو حەنیفـە وابـوە؟! ئـەوەیان بـە دڵمـەوە وبـە دیراسەوە ئەیڵێم: نەخێر **إن شاءالله**.

**شەشەم:** ئەو قسەیە نە فـەتوای تـەکفیر ونـە فـەتوای کوشـتنی ئـەبو حەنیفەیە!!

**حەوتەم:** باشە ئێوە چەند جار وتوتانە: کەس ئەوەندەی ئەمانـە زەرەری لە ئیسلام نەداوە؟! کەس ئەوەندەی ئەمانە بەڵای بەسـەر ئوممـەتی ئیسـلام نەهێناوە، مەبەستتان شوێنکەوتوانی سوننەت بـووە، دەی بەڕاسـتی هـەر ئەوە مانای قسەکەی سەلەفی ساڵحە لەسەر ئەبو حەنیفە -ئەگـەر سـەحیح بێت کە سەحیح نیە-.

**هەشتەم:** باشە بۆ باسـی ئـەوە ناکـەی کێیـە وای پـێ ئـەڵێ؟! ئـەوە سوفیانی سـەوریە، کـە باسمـان کـرد، ئـەوە ئەوزاعیـە، کـە لـە سـوفیان بەتەمەنتر وگەورەترە، ئەوە سوفیانی کوڕی عویەینە، وەکو ئیمامی مالـك وایە، ئەوە ئیمامی مالکە، پێویست دەکات مالك بناسـێنم؟! ئـەوە ئـیبن عەونە، کە هاوسەردەمەکانی خۆی وتویانە: ئەگـەر ئـیبن عـەون وسـوفیان مردن ئیتر خەڵك هەموو وەکو یەکن.

پیاوێکـه لـه تابعیەکانـه، ئیمامـه، سەرمەشـقە، زانـای دوونیایـە، هیشامی کوڕی حەسسـان ئـەڵێ: چـاوەکانم هـەرگیز وەکـو ئـیبن عـەونی نەبیناوە.

بەڵێ، ئەمانە هەموویان لە ئەبو حەنیفە ئیمامترن ئەگەرنا وەکو ئـەون! خێرە لەبەر خاتری تاکە کەسێك تۆمەتباری هەموویان بکەین؟!

**نۆیـەم:** وا دابنێ ڕاستە، ئەی نابێ عوزریان بۆ بهێنینەوە، ئەگەرنا بـێ ویژدانی نیە عوزر بۆ هەڵەکانی پێشەوا ئەبوحەنیفە بهێنرێتـەوە، بـەڵام بـۆ هەڵـەی ئـەم کەڵـە پیاوانـە کـە لـە ئـەبو حەنیفـە ئیمـاتر وگـەورەترن نەهێنرێتەوە!!

**دەیەم:** بۆیە ئەوپەڕەکەی ئەوەیە بڵێین: اجتهدوا فأخطأوا. نەك بووترێ: بۆ خۆشی وتویانە وتەشهیریان پێبکرێ.

**یازدەهەم:** ماوەتـەوە بڵـێم، ئـەو ئەسـەرانە زۆرێکـی لاوازە، وسـابت نەبووە شتی وایان وتبێت: چونکە من هـەموو ئـەو ڕیوایەتانـەی کـە بـەم شێوازە بوو لە کتێبی «السنة» کۆمکردنەوە، گەیشتە نزیکەی دە ڕیوایەت: ئەم دە ڕیوایەتەش تـەنها لـە پێـنج کەسـەوە بـوو، ئـەوانیش: ئـەوزاعی، وسوفیانی سەوری، وسوفیانی کـوڕی عویەینـە، وئـیبن عـەون، وئیمـامی مالك.

**سەبارەت بە ڕیوایەتەکانی ئەوزاعی:**

**أ.** ڕیوایەتێکیان: لە ڕێگەی «أبو حفص التنيسي» دەیگێڕێتەوە، جا تینیسی لاوازە. وئەوەی ڕاست بێت «عبدالله ی کوڕی یوسف» نیە، وەکو القحطاني ئەیڵێ، نەخێر، بەڵکو «عەمری کوڕی ئەبی سەلەمە»یە ئەمەش دووای گەڕان ڕون بوویەوە والحمد لله.

**ب.** ڕیوایەتێکی تریان: «عيسي بن يونس» دەیگێڕێتەوە، سەنەدەکەی «أبو جعفر الحراني» تێدایە، جا ئەگەر «عبدالله بن محمد بن علي بن نفيل» نەبێت کە سیقەیەکی حافزە، ئەوا لاوازە وسابت نابێت.

**ج.** ڕیوایەتێکی تریان: «ئەبو ئیسحاقی فەزاری» دەیگێڕێتەوە لە ئەو وسوفیانەوە، ئەمەیان سەحیحە. چونکە هەردووکیان شێخی ئەبو ئیسحاقن.

**د.** ڕیوایەتێکی تریان: «محمد بن مصعب» دەیگێڕێتەوە لە ئەوەوە، ئەمیش سەحیحە.

**سەبارەت بە ڕیوایەتەکانی سەوری:**

**أ.** یەکێکیان «ئەبو ئیسحاقی فەزاری» دەیگێڕێتەوە، باسمان کرد کە سەحیحە.

**ب.** ڕیوایەتێکی تریان: «ئەسمەعی» دەیگێڕێتەوە، ئەمەش وەکو ئەیبینی ئەسمەعی یەکسەر لە سوفیانەوە ئەیگێڕێتەوە، بەڵێ، تەحسین

کراوە بە ڕیوایەتەکانی پێش خۆی، بەڵام لە پێیش خۆی ئەو زیادەیەی تێدا نیە کە جێی مەبەستە. والله أعلم.

ج. ڕیوایەتێکی تریان: ((سەعلەبە)) دەیگێڕێتەوە، سەنەدەکەی ((محمد بن حميد الرازي)) تێدایە، ئەڵێن درۆزنە، جا شتی وا بە قسەی درۆزن چۆن دەچەسپێت؟!

## سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئیبن عویەینە:

سەنەدەکەی ((محمد بن أبي عمر)) ی تێدایە، ئەمەش ئەگەر ((محمد بن أبي عمر)) ی عەدەنی نەبێت ئەوا نەچەسپاوە ولاوازە. والله أعلم.

## سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئیبن عەون:

سەنەدەکەی ((مؤمل بن إسماعيل))ی تێدایە باسمان کرد کە بوخاری ئەڵێ: ((منكر الحديث)). کەواتە نەچەسپاوە.

## سەبارەت بە ڕیوایەتەکانی ئیمامی مالك:

((إسحاق بن إبراهيم الحُنَيْنِيّ)) دەیگێڕێتەوە، لە ((ئیمامی مالك))ەوە، جا حونەینیش، بوخاری لەبارەیەوە ئەڵێ: ((فيه نظر))، ونەسائیش ئەڵێ: ((ليس بثقة)). ولە ((تهذيب))یشدا هاتووە، ئەڵێ: ((ضعيف)). وزەهەبی ئەڵێ: ((ضعفوه)). کەواتە نەچەسپاوە. والحمد لله.

کەواتــە بۆمــان ڕون بوویــەوە، کــە: لــەو دە ڕیوایەتــە چــواری لــە ئەوزاعیەوەیە، سیانی لــە ســەرویەوە، ســوفیانی کــوڕی عویەینــە، وئــیبن عەون، وئیمامی مالکیش یەکی یەك ڕیوایەت.

هەروەها بۆمان ڕون بوویەوە، کە: نە ســوفیانی کــوڕی عویەینــە، ونــە ئیبن عەون، ونە ئیمامی مالکیش لێیانەوە سابت نەبووە. تــەنها ئــەوزاعی وسەوری نەبێت.

بۆ تەوجیهی ئەم وتەیەش بڕوانە: خاڵەکانی پێشوو.

# مەقالەی دوازدەهەم

ئینجا دوای باسکردنی «عبدالله بن أحمد بن حنبل»، دێتە سەر باسکردنی: «شێخ موقبل»، ئەڵێ: «**ئینجا کەسێکی دیکەش وەکو موعاصیر: موقبیلی بن هادی وادعی هاتووە، کتێبێکی داناوە ٤٠٠ لاپەڕەیە، لە سەرەتاوە تا کۆتاییەکەی پڕە لە جنێودان بە ئیمام ابن الوزیر**[١]**، ئەمە تازە نەك کۆن، ئەم کەسەشە بە هەزارەها خەڵك شوێنی ئەکەون**».

وەڵام:

١. پێش هەموو شتێك، ئەوەی لە باسی «عبداللە ی کوڕی ئیمام ئەحمەد» کردم، زۆرێکی بۆ وەڵامی ئەمەش دەشێت، بەڵام لەبەر کورتبڕی دووبارەی ناکەمەوە وتەنها ئیحالە دەکەم.

٢. خاڵی دووەم ئەمەوێ ئەوە دووپات بکەمەوە کە تۆ ساغ نیت بەرامبەر بە زانایانی ئەهلی سوننە وجەماعەت وئەهلی حەدیس، ئەگەرنا خێرە تەنها باسی حەنبەلی ومالکی وشافعیەکان وئەهلی حەدیسە، بۆ حەنەفیەکان کە سەر بە ئەهلی سوننەن هیچی لەو جۆرەیان نەکردووە؟! بۆ ئەشعەریەکان؟! وشیعەکان؟! وموعتەزیلەکان هیچی لەو جۆرەیان

(١) وا ئەڵێ! بەڵام مەبەستی ئیمام ئەبوو حەنیفەیە، دیارە بەهۆی توڕەبوون وهەڵچوونەوە سەیتەرە لەدەست دەدات وسەهو دەکات.

نەکردووە؟! بۆ مێژووی کۆمەڵە گومڕاکان ئەوەندە پاکە وا هیچت دەست نەکەوتوە بە نمونە بیهێنیتەوە، وا مر الکرام بەسەریدا دەڕۆیت ولە چەند سانیەیەکی کەمدا ئاماژەیەکی خێرایان پێدەکەیت، بەبێ ئاماژەکردن بە گروپەکانی تر. ئەمەش نیشانەی بێ ئینسافیتە، ئیتر نازانم بۆ زۆر پەلەتە وخێرا خێرا خۆت دەخەیتە نێو دەریای ئەهلی سوننەوەوە وقوتێکی دوورودرێژ -وەکو غەواص- دەخۆیتەوە، بەرەو بن دەریای زانست وگەش وپڕ مەعریفەی ئەهلی سوونە -بە شاهیدی دوژمنانیان- بەشکو شتێکی خراپ بدۆزیتەوە، تا بەو دڵۆپە ڕەش وخراپانە دەیدۆزیتەوە ئەو دەریا سپی وگەشەی ئەهلی سوننەت ناشیرین بکەی، جا خوا بە میهرەبانی خۆی میهرەبانیت لەگەڵ بکا وهیدایەتت بدات وهەق بخاتە سەر زوبانت...[١]!

٣. پاشان هەر لەو شتانەی بەڵگەی بێ ئینسافیتە، نمونەی زۆر لەوەی شێخ موقبیل ڕەشتر وتاڵتر هەیە!

باشە چاوت ئەو هەمو کتێبەی نەبینی کە سوکایەتی بە مالك وشافعی وئەحمەد دەکات، باشە کتێبی: «تأنیب الخطیب»ی زاهیدی کەوسەریت نەبینیوە؟ بۆ بە نمونە نەتهێنایەوە، کە لە وەڵامی ئەو کتێبەی «عبداللە» و«خەتیبی بەغدادی»، نوسیویەتی تانە لە هەر سێ سەر مەزهەبەکە وزۆربەی پێشەوایانی ئەهلی سوننە دەدات، بەڵام چونکە لە

---

(١) ئەمەش گومانی خێری منە، وەگەرنا گومانە خراپەکە ئەوەیە بووترێ بە ئەنقەستتە.

فروعدا حەنەفیە وبیروباوەڕی موعتەزیلیـە، بـە نمونـە ناهێنرێتـەوە، بـەڵام نمونـەی «الـوادعي» دەهێنێتـەوە چـونکە شـوێنکەوتەی ڕێبـازی سـەلەفی ساڵحە، ئەو وادعیەی کە بە بانگەوازی سوونнەت یەمەنی ئاوەدان کـردەوە وتەلەبەکانی بە هەموو دوونیا بڵاوبوونەتەوە.

«الوادعي» چی ئەڵێ؟ وا هەرایەکی ناوەتەوە لەسـەری، ئـەی زاهیـدی کەوسەری چی ئەڵێ؟ وا کشت وماتە وناڕواتە سەری:

## لە نێوان زاهیدی کەوسەری وموقبیلی وادعی

ئەوەی لە کتێبەکەی زاهیدی کەوسەری حەنەفیدا هاتووە:

• ئەوەندە جوێنی تێدایە مەپرسە. ئەمە وهەرچـی تـرت بـینی بزانـە تەنها لەبەر بەرگریکردنیەتی لە ئیمـامی ئـەبو حەنیفـە، بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕیوایەتانە بە درۆ بخاتەوە لەسەر ئیمامی ئەبوحەنیفە هاتووە.

• تانە دەدات لە زیاتر لە ٣٠٠ سـێ سـەد لـە زانایـان وپیشـەوایان وپیاوچاکان وهەواڵخوانان، کە هەمویان سیقەن ونزیکەی ٩٠ نەوەدیشـیان پێشەوا وحافزن. لە کاتێکدا «الوادعي» تەنها تانەی لە یەك کەس داوە لەو کتیبەیدا یان سیان.

• زۆرێك لەوانەی کەوسەری تانـەیان لێـدەدات پێشـینەی نیـە. بـەڵام «الوادعي» پێشینەی هەیە.

• تانــه دەدات لــه ئەنەســی کــوڕی مالــك. بــڕۆن نــەك لــه «نشر الصحيفة»ی «الوادعي» بەڵکو له هەموو کتێبەکانیدا بگـەڕێن بـزانن یـەك تانەی لەو شێوەی تێدایە، به ئەنەس یان هەر هاوەڵێکی تر.

• بۆچوونی ئەبو حەنیفه دەخاته پێش حەدیسی ئاحادەوە.

• به هیشامی کوڕی عوروه ئەڵێ درۆزنه.

• تانه دەدات له ئیمامی «الشافعي».

• تانه دەدات له ئیمامی مالك. خاوەن مەزهەبی مالکی.

• تانه دەدات له ئەحمەدی کوڕی حەنبەل. خاوەن مەزهەبی حەنبەلی.

• ئەڵێ: حەدیس: «أبو حنيفة سراج أمتي» مەقبووله.

• به ڕاوی وا ئەڵێ چاکه به ئیجماع خراپه، به هی واش ئـەڵێ خراپـه به ئیجماع چاکه، بەڵکو ئیمام وپێشەوایه.

• خەتیبی بەغدادی وەسـفدەکات بـه: مـەیخۆر. تـەنها لەبـەر ئـەوەی حەدیسەکانی لەسەر ئیمام ئەبو حەنیفه هێناوەتەوە.

• ئەڵێ: ئیمام ئەحمەد فەقیهـ نیه، لەکاتیکدا شافعی ئەڵێ: «أفقه أهل بغداد».

• تانەدانی له کتێبی «المصنف» لابن أبي شيبة.

• تانەدان له حەممادی کوڕی سەلەمە.

• تانه وتەشەری ناڕاستەوخۆ له مەزهەبی سەوری وئەوزاعی.

• تانەدان لە زمان ورەوانبێژی شافعی کە لێزان نەبووە. لەکاتێکدا بەلاغەتی شافعی لە هەمو دونیا بلاوە.

• تانەدان لە ڕەچەڵەکی شافعی کە قورەیشی نیە. بۆ وا دەکات کەوسەری؟ تەنها لەبەر ئەوەی بە ئەبو حەنیفە وتراوە نیبتی، ئەمیش ئەیەوێ بیسەلمێنێ شافعیش عەرەب نیە -هەر بە زۆر-.

• درۆکردن بە دەم شافعیەوە.

• زۆر هەوڵدەدات بڵێ: شافعی سیقە نیە.

• زۆر هەوڵدەدات بڵێ: زۆرێکی عیلمی شافعی هی خۆی نیە ولە ئەبو حەنیفە بۆی ماوەتەوە.

• تانەدان لە ئیمامی بوخاری.

• تانەدان لە ئیمامی تورمزی.

• تانەدان لە حاکم خاوەن المستدرك.

• تانەدان لە ئیبن حیببان.

• تانەدان لە ئیمانی «ئیبن یوسف الفریابی».

• ئەڵێ: «نعیم بن حماد» -کە یەکێکە لە ئیمامەکان- درۆزنە.

هەتا کۆتایی وڕێنەکانی.

جا توخخوا بەڕێزان.. کـام لـەو دوو نمونەیـە زیـاتر شـیاوە بـۆ یـەکتر قەبوولنەکردن، وکامیان شیاوە بە نمونە هێناوە لەسەر مینبەرەوە، کامـەی لایەکی ئەم ئوممەتە بە خراپ دەزانێت؟!

بەراودری بکە لەگەڵ کتێبەکەی «الوادعي» دەبینی لە بـەراورد کـردن هەر نایە.

کەواتە: بۆ «الوادعي»؟ تەنها لەبـەر ئـەوەی لەسـەر ڕێبـازی سـەلەفی سالحە، تا لەو ڕێگەیەوە شوێنکەوتوانی ئەو ڕێبازە ناشیرین بکات.

٤. ئەڵێ: (ئەو کتێبە ٤٠٠ لاپەڕەیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، پڕە لـە جنێو بەم ئیمام ئەبو حەنیفە).

دەی وانیە، نە ٤٠٠ لاپەڕەیە، نە پڕە لە جنێو، نە لـە سـەرەتاوە تـا کۆتایی باسی ئەبو حەنیفەیە.

ئەمـەش بەڵگەیـەکی تـرە لـە بـێ ئینسـافی وشـت گەورەکردنـەوە وچەواشەکاری تۆ.

بەڵکو بەم شێوازەیە إن شاءالله کە ئێستا ڕوونی دەکەمەوە:

هەر لەسەرەتاوە هەتا نزیك لاپەڕە ١٣٠ سەد وسـی، یـەك ڕیوایـەت ناهێنا لەسەر ئەبو حەنیفە.

لە نزیـك ل١٣٠ ئـیتر دەسـت دەکـات بـە هێنانـەوەی ڕیوایەتـەکان لەسەری، -کە هی عبدالله وئیبن ئەبی شەیبەن-، هەتا نزیکی ل١٥٠.

کەواتە: لە ل١ هەتا نزیك ١٥٠، تەنها نزیکـەی ٢٠ بیسـت لاپـەڕە باسی ئەبو حەنیفەیـە، لـەوێوە (لـە ل١٥٠) ئـیتر بریتیـە لـە کۆمـەڵێك حەدیس، تەنها حەدیس، لەسەر ١٢٥ مەسەلە کە بۆچوونی ئەبو حەنیفـە تێیدا پێچەوانەی حەدیس بووە، وهیچ شیوەیەك باسی ئەبو حەنیفە ناکـات ئەوەنـدە نـەبێت پـاش باسـکردنی هـەر مەسـەلەیەك وهێنانـەوەی هـەر حەدیسێك، ئەڵێ: بەڵام ئەبو حەنیفە لەسەر ئەم مەسەلەدا وای وتووە.

دەی ئەمە کوێی جنێوە؟ ئیتر ئەمەش درێـژە ئەکێشـێ هـەتا نزیکـی لاپەڕەی ٢٢٧. ئینجا ڕاستەوخۆ هـەر دوای ئـەوە ئـەڕوا تـەخریجی ئـەو حەدیسانە دەکات کە ئیبن ئەبی شـەیبە هێناویـەتی، بـە هـیچ شـیوەیەك باسی ئەبو حەنیفە ناکات، ئەمەش درێژە ئەکێشـێ هـەتا نزیکـی لاپـەڕە ٣٠٠.

کەواتە لە لاپەڕە ١ یەکەوە هـەتا نزیکـی لاپـەڕە ٣٠٠ سـێ سـەد، تەنها بیست لاپەڕەیەك باسی ئەبو حەنیفەیە.

ئینجا نزیکەی دە لاپەڕەی کۆتاییشی باسی ئەبو حەنیفە نیە.

کە ئەمەت زانی ئەوەش بزانە، بەسەنەد دەیهێنێت، جـا دیـارە سـەند چەندێکی لاپەڕەکە ئەبات؟

هەروەها ئەوەش بزانە هەر لاپەڕەیەك ژیاننامەی ئەو کەسـەی تێدایـە کە قسەکەی لێوە دەگێڕێتەوە.

بەڵکو تەرجەمەی ڕاویەکانیشی تێدایە.

هەروەها ئەوەش بزانە کە جنێو نیە بەڵکو کۆمەڵێك ڕەخنەیە لە ئەبو حەنیفە گیراوە، نەك جنێو.

کەواتە: م.عوسمان ڕاست ئەکات ئەڵێ: پڕە لە جنێو؟! نە بەوخوا مەزنەی کە ڕاگرتنی ئەو نەبێت ئاسمانەکان بەر ئەبێتەوە.

کەواتە «٤٠٠ لاپەڕەیە پڕە لە جنێو بە ئەبو حەنیفە» ئەم قسەیە ناو بنێین چی؟ زیادەڕۆیی وموبالەغە، گەورەکردنەوە، بێ ئینسافی وبێ ویژدانی، هەر بە زۆر وایە، چەواشەکاری، خیانەت، خۆڵکردنە چاو... هی تریش، بەڵام ڕەوشتمان ڕێگەمان نادا بۆ لەوە زیاتر. **والحمد لله رب العالمین**.

٥. ئەڵێ: «ئەمە تازە نەك کۆن». مەبەستی ئەوەیە: ئەوە «**عبدالله بن أحمد بن حنبل**» کۆن بوو، بەڵام خۆ ئەمە تازەیە.

جا ئەڵێم: ئەوە بەڵگەیە لەسەر ئەم شتانە:

- بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەزهەبی جرح وتعدیل کۆنە.

- هەروەها بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕێبازی سەلەفیەت مێژوویان کۆنە بە کۆنی ئەهلی حەدیس وئەهلی هەق وزانایان وفوقەهاکان وڕەدکردنەوەی هەڵەکان.

- وئەم قسەیەی پێمان ئەڵێ: درۆیان کرد ئەوانەی دەیـان وت ڕێبـازی سەلەفی سالّەح تازە دروست بووە، یـان ئـەم شـتانەی ئەیکـەن داهێنـراوی خۆیانە، یان داهێنراوی سعودیەیە، یان ئەم شتە لـە مەزهەبەکانـدا بـوونی نیە. بەڵکو هەبووە وکۆنیشە!

٦. ئەڵێ: (ئەم کەسەشە بە هەزارەها خەڵك شوێنی ئەکەون).

ئەڵێم: سەرمەزهەبەکان وگەورە زاناکانیان بە ملیۆنەها شـوێنکەوتویان هەیە تۆ شەرم ناتگرێ وتانـەیان لێـدەدەیت، لەسـەر مینبەریشـەوە، دەی ئێسـتا شـەرمی وادعـی دەتگرێـت، کـە شـوێنکەوتوی وەك خـاوەن مەزهەبەکان زۆر نیە؟!

# مەقالەی سیازدەهەم

ئەڵێ: «ئەمە تازە نەك كۆن، ئەم كەسەشە -یانی شـێخ موقبیـل- بـە هەزارەها خەڵك شوێنی ئەكەون، فەتوای لەوە سەیر وسـەمەرەتر: هـەر لـە كتێبێكی دیكەدا بـە نـاوی «ریاض الجنة» یـاخود «تحفة المجیب» دوو كتێبن، تێیدا هاتووە ئەڵێ: واجب وئـەركی سەرشـانی موسـلمانانە ئـەبێت قوببەی پەیامبەر هەڵتەكێنن، ئەبێت لە نـاوی بـەریت چـونكە بیدعەیـە، زەلالەتە گومڕاییە، شیركە، موسڵمانان موشریكن كە ئەچن زیـارەتی ئـەو قوببەیە ئەكەن، زیارەتی پەیامبەر ئەكەن ﷺ!».

**وەڵام:**

ئەم بووهتان وچەواشەكاری وگەورەكردنەت پێویست دەكات لە چەندین ڕووەوە هەڵوێستەی لەسەر بكەین، بە یارمەتی خوای گەورە:

١. سەرەتا قوببە بریتیە لەو گومەزە سەوزەی سـەر قـەبری پەیامبـەر ﷺ. جا پەیامبەر ﷺ، لە ژورەكـەی عائیشـە نێـژرا كـە لـە تەنیشـتی مزگەوتەكەوە بوو، پاشان لەسـەردەمی «وەلیـدی كـوڕی عبـدالملك»دا لـە ساڵی «٨٨» ژورەكەی دایكە عائیشە داخلی مزكەوتەكە كـرا، ئەگەرچـی مەبەستیان ئەوە نـەبوو بـەڵكو مەبەسـتیان فراوانكردنـی مزگـەوت بـوو، چونكە وەلید حەزی لە ئاوەنكردنەوەی مزگەوت دەكرد، ئـیتر هـەتا دەوری ساڵی «٦٧٠» كۆچـی پـیرۆز ولەسـەردەمی مـەلیك مەنسـور قـەڵاوونی

ساڵحیدا، فەرمانی کرد بە دروستکردنی قوببەیەك لەسەر قەبری پەیامبەر ﷺ. ئەمەش دوای ئەوەی بینی کەنیسەکان ڕازاوەن، چاوی لەوان بڕی، وەکو چۆن وەلید چاوی لێبڕین لە ڕازاندنەوەی مزگەوتدا، جا سەرەتا ڕەنگی خەشەبی «دار ئاسا» بوو، پاشان کرا بە سپی، پاشان کرا بە شین ولە سەردەمی «محمدی کوڕی عبدالوهاب»دا شین بوو، پاشان لە سەردەمی «سوڵتان عبدالحمید»دا کرا بە سەوز، لەو ڕۆژەوە تەنها نۆژەن دەکرێتەوە وبە یەکجاری نە گۆڕدراوە.

٢. ئەم هات وهاوارەت بۆ ئەو قوببەیە لەبەر کێیە؟ بە قازانجی کێیە؟ ئەچێتە گیرفانی کێ؟ ئەو قوببەیە نە پەیامبەر ﷺ فەرمانی بە دروستکردنی کردوە، نە خەلیفەکان کردویانە، نە تابعین ونە ئەتباعی تابعین کردویانە، نە چوار مەزهەبەکە کردویانە، نە پیاوچاکان کردویانە، شەشسەد ساڵ، شەش سەدە دوای وەفاتی پەیامبەر ﷺ دروستکراوە! ئیتر ئەگەر وتبێتیشی ئەبێت لابرێت شتێکی سەیری وتووە؟!

٣. هەندێك ئەڵێن: ئەوانەی قوببەکەیان دروست کردووە، بێگومان ئەو کارەیان پێ نەکراوە بە سەرکەوتنە سەر قەبرەکە نەبێت بە پێویستیەکانی وەستاوە بۆ بوونیاد نانی قوببە، دەی ئەوە ڕێزنەگرتنە لە خاوەن قەبرەکە، بۆیە سەمهودی ئەڵێ: ئەو کەمال ناوەی دروستی کردووە خوا سزای داوە ولەگەڵ یەکێك لە کاربەدەستەکان بووە بە دەمەقاڵێ بۆیە بڕیاری داوە لێی

بدرێت وموسادەرەی ماڵەکەی کردوە وخەزێنەکەی بـردوە. ئەمــەش سـزای ئەو بێ ئەدەبیەی بـووە بەرامبــەر بــە پەیامبــەر صلى الله عليه وعلى آله وسلم. ت.و بە دەستکاریەوە.

## شێخ موقبیل بە تەنها نیە

٤. شێخ موقبیل بە تەنها نیە کە بوونی ئـەو قوببەیــەی بــە دروسـت نــەزانیبێت، وا لێـت کـردوە بــە هــەرا وەکـو ئـەوەی شـتێکی کردبێـت، بیدعەیەك بێت کەس نەیکردبێت، بەڵکو زانایان لە کۆن وتازە ولە سەرجەم مەزهەبەکان نکوڵیان لێکـردوە هــەر لــە دروسـتکردنیەوە هــەتا ئــەمڕۆ، مەرجیش نیە هەر زانایەك هیچی لێوە نەهاتبوو ڕازی بووبێت بەو قوببەیــە وئەمەشمان لە شەرحی «تطهير الإعتقاد» دا بە تێر وتەسەلی ڕونکردۆتەوە بە یارمەتی خوای گەورە.

جا لەو زانایانە هەر بە نمونە:

- ئیبن تەیمیــە (٦٦١ بـۆ ٧٢٨هــ) لــە «اقتضاء الصراط المستقيم» ئەفەرموێ: «..وبني كذلك لما احترق المسجد والمنبر سنة بضع وخمسين وستمائة، وظهرت النار بأرض الحجاز التي أضاءت لها أعناق الإبل ببصرى، وجرت بعدها فتنة الترك ببغداد وغيرها. ثم عمر المسجد والسقف كما كان، وأحدث حول الحجرة الحائط الخشب ثم بعد ذلك بسنين متعددة بنيت القبة

على السقف، وأنكره من كرهه». كەواتــە هــەر لەوكاتــەوەی دروســتكراوە كۆمەڵێك لە زانایان بە منكریان زانیوە وپێیان باش نەبووە.

- ئەمیری سەنعانی یەمــەنی (١٠٩٩ بــۆ ١١٨٢ هــ) لــە «تطهير الإعتقاد» دا ئەڵێ: «فإن قلت: هذا قبرُ الرسولِ ﷺ قد عُمرت عليه قبةٌ عظيمةٌ انفقت فيها الأموالُ؟ قلتُ: هذا جهلٌ عظيمٌ بحقيقةِ الحالِ، فإن هذه القبةَ ليس بناؤها منهُ ﷺ، ولا من أصحابهِ، ولا من تابعيهم، ولا من تابعِ التابعين، ولا علماء الأمةِ وأئمة ملتهِ، بل هذه القبةُ المعمولةُ على قبرهِ ﷺ من أبنيةِ بعضِ ملوكِ مصر المتأخرين، وهو قلاوون الصالحي المعروف بالملكِ المنصورِ في سنةِ ثمانٍ وسبعين وست مئة، ذكرهُ في «تحقيقِ النصرةِ بتلخيصِ معالمِ دارِ الهجرةِ»، فهذه أمورٌ دولية لا دليليةٌ». کەواتــە بــونی ئــەو گومــەزە بکرێتــە دەلیل بەڵگەی جەهلێکی گەورەیە وەك سەنعانی ئەڵێ.

- عبد العزيز بن باز.

- محمد العثيمين. بەڵکو ئەڵێ: هەموو زانایان پێیان وایە جـائیز نییــە «هذه القبة لاشك أنها غلط ولا أحد يقرها، جميع العلماء لايرون أنها جائزة، لكن قد يتخلفون عن هدمها لأسباب أخرى».

- ناصرالدين الألباني.

- عبد الرزاق العفيفي.

- حماد الأنصاري.

- شمس الدين الأفغاني الحنفي. وزۆرێکی تریش.

**٥. بۆ لەلایەن زانایانەوە دانانی ئەو قوببە بە باش نەزانراوە؟**

لەبەر ئەوەی دژی حەدیسی پەیامبەر خۆیەتی ﷺ وەکو لە حەدیسەکەی ئەبو هەییاجی ئەسەدی هاتووە: عەلی پێی وتووە: ڕەوانەت نەکەم بۆ ئیشێك کە پەیامبەر منی بۆ ڕەوانە کرد؟ هەر پەیکەرێکت بینی پانی بکەرەوە، وهەر قەبرێکی بەرزت بینی ڕێکی بکەرەوە.

هەروەها لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە ﷺ نەهی کردووە لە بینا وخانوو دروستکردن لەسەر قەبر، وبێگومان قوببە دروستکردن جۆرێکە لەبینا، وەکو چۆن محەجەر بۆدانانی یان دیوار بۆکردنی یان کەپر لەسەر کردنی جۆرێکە لە بینا.

هەروەها هۆکارە بۆ بە «مسجد» کردنی ئەو گۆڕە، کە هەتا مردووە ﷺ ئاگاداری کردوینەتەوە لێی.

هەروەها چاو لێ کەری گۆڕ پەرستانە کە خزمەتی گۆڕی پەرستراوەکانیان دەکەن وقوببە وبینای لەسەر دروست دەکەن، وپەیامبەریش ﷺ دایك وبابم بە قوربانی بیت هەتا ڕوحی پاکی سپاردووە، هەر لەوە ترساوە. وەکو لە سەحیحی بوخاری وموسلیم وجگە لەوانیش هاتووە.

**٦. کەوایە بۆ دانراوە، ئینجا بۆ لەو هەمو سەردەمە لانەبراوە؟**

**سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکە** وەڵامـان دایـەوە کەئیشـی پەیامبەر ﷺ وهاوەڵان وچوار مەزهەبەکە وپیاوچاکان نیە، بـەڵکو ئیشـی پاشایەك بوە لە پاشاکان.

**سەبارەت بەوەی بۆ لەو هەمو سەردەمە لانەبراوە؟ ئەمەش هۆکـاری خۆی هەبووە:**

**أ.** زۆربەی ئەوانەی کاربەدەستی مەدینە بوون زانا وشارەزا وپابەنـد بـە سوننەت نەبوون.

**ب.** هەروەها ئەوانەشـی پابەنـد بـە سـوننەت بـوون ترسـی فیتنـەیان هەبووە، بۆیە نەیان ڕوخاندووە، ترساون پێیان بوترێ: ڕقـی لـە پەیامبـەرە ﷺ، ئەوەتا زانایان نەیان ڕوخاندوە وایان پـێ وتـراوە، ئـەی ئەگـەر بیـان ڕوخاندایە؟!

هەربۆیە ئەو کارەی هـەردوو دەوڵەتەکـەی سـعودیە دەوڵـەتی یەکـەم وئەمەی ئەم دووایییەش کردیان کارێکی دروستبوو، چونکە ئەو بانگەوازەی «محمد بن عبدالوهاب» گۆڕ پەرستەکان ئەوەیان بۆ هەڵدەواسی کە ڕقی لـە پەیامبەرە ﷺ جا ئەوەشیان بکردایە، زۆر خـراپ بەسـەر ئـەو بانگـەوازە دەشکایەوە، تەنانەت لەکاتی چوونە مەدینە خەڵك چاوەڕێیان کرد کارێکی وا بکرێ وئەوسا یەکلا بێتەوە ولە دیعایەوە ببێتـە ڕاسـتی کـە ڕقیـان لـە پەیامبەرە ﷺ، بەڵام ئەوەبوو ئەمیرەکەیان فـەرمانی کـرد بـە پاکردنـەوە

وخاوێنکردنەوە وبۆنخۆشکردنی مزگەوتی مەدینە، بەوەش زۆرێك دەمکوت بوون والحمد لله.

ئەمەش بە پێچەوانەی ئەوانەی ئـەڵێن: خراپیـان کـردوە، بـەڵکو ئـەو کەسانە سیاسەتی شەرعی وحیکمەت نازانن، جا بە ڕاستی منـیش بوایـەم هەر وام دەکرد وبڕواشمان هەر بەوە هەیە.

٧. أما بعد: بـەڕێزان... دووای هـەمو ئەوانـەی کـە عـەرزم کـردن، کتێبی «تحفة المجیب»م لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی هەمو خوێنـدەوە. واللّه ئەوەم تێدا نەبینی کە باسی دەکات. وبوهتانێکی ئاشکرایە بـۆ «الوادعي». دەی لەخوا بترسـە کـە بووهتـان بـۆ زانایـان دەکـەیت؟! گۆشـتی زانایـان ژەهراویە ودەتکوژێت.

٨. ولە کتێبی «ریاض الجنة»شدا باسی قوببەی هەر تێدا نیە.

٩. بەڵکو لە کتێبی «حکم قبة المبنیة علی قبر الرسول صلی الله علیه وعلی آله وسلم»دا، شێخ موقبـل باسـی قوببەکـە دەکـات، ئـەویش بـەو شێوازەی ڕوونی دەکەینەوە نەك بەو شێوە بـێ ئیناسـفی وچەواشـەکاریەی ئەو باسی دەکات، جا ئەم کتێبە لەگـەڵ کتـێبی «ریاض الجنة» چـاپکراوە وبەشێك نیە لـەو کتێبـە، بـەڵام ئـەو ئـەم ڕاسـتیەش نازانێـت، وەك لـە وتارەکەدا دەردەکەوێت.

١٠. ناو براو له نەقلەکەی دا، زیادەڕۆیی وموبالەغــە وچەواشــەکاری وبێ ئینسافی وناڕاستی زۆر دەکات که له ئیسلامدا حەرامە.

١١. کەسێك گوێی لێدەگرێ وا دەزانێ شێخ موقبــل وئــەو زانایانــەی باوەڕیان بەو مەسەله هەیە، بێ ئەدەبیان کـردووە بەرامبــەر بــە پەیامبــەر ﷺ، بەتایبەت که گوێت لێبێ ئەڵێ: «الوادعی» وتویەتی: «موســڵمانان موشریکن که ئەچن زیــارەتی پەیامبــەر ئەکــەن ﷺ». لەکاتێکــدا شــێخ موقبیل له پێشەکی ئەو کتیبەدا بەشیکی داناوە بەناونیشــانی: کەرامــەت وڕێزی پەیامبەر ﷺ لەلای خوا سبحانه. جـا ئــەڵێ: بۆیــە بەمــە دەســتم پێکرد با کەس وا نەزانێ ئەمە شکاندنی شکۆی پەیامبەرە ﷺ.

کەچی ئەوەی شێخ له خۆی دووری خستەوە، پیوەی لکێنرا.

١٢. هەروەها ئەڵێ: «الوادعی» وتویــەتی: «موســڵمانان موشــریکن که ئەچن زیارەتی ئەو قوببەیە ئەکەن، زیارەتی پەیامبەر ئەکەن ﷺ».

ئاوها ئەڵێ، جا مــن دڵنیاتــان دەکەمــەوە ئــەوە بووهتانــە بــۆ شــێخ موقبیل. نە وتویــەتی ئــەوەی ســەردانی قوببەکــە بکـات موشـریکە. نـە وتویەتی ئەوەی سەردانی پەیامبەر ﷺ بکات موشریکە.

وەگەرنا بۆ ئێمە وجەماوەرەکەشت بیسەلمێنە که تۆ بووهتانت نــەکردوە بەدەم شێخ موقبلەوە:

یان دەقی وتەکەی لە کتێبەکە لەگەڵ لاپەڕەکەی بۆمان بهێنەوە، یان بەوەی بڵێ:

بەر لەعنەتی خوا بکەوم ئەگەر مقبل بن هادی الوادعی ئەم قسەیەی نەکردووە: «موسڵمانان موشریکن کە ئەچن زیارەتی ئەو قوببەیە ئەکەن، زیارەتی پەیامبەر ﷺ ئەکەن».

١٣. شێخ موقبل لە کتێبەکەیدا قوببەکە بەم شتانە وەسف دەکات: زیادەڕۆیی، بیدعە، پێچەوانەی ڕێبازی پەیامبەر ﷺ وخەلیفەکانی رضي الله عنهم.

ئەمە شێخ موقبیل، بەلاَم ئیبن باز وجگە لەویش تەنها ئەڵێن: زەریعەیە بۆ شیرك، واتە: هۆکار وسەبەب وڕێگا ووەسیلەیە بۆ شیرك.

کەواتە ناڵێن خودی کارەکە شیرکە، چ جای ئەوەی بڵێن خاوەنەکەی موشریکە.

سبحان الله لەو بوهتانە ولەسەر مینبەریشەوە هەڵی بواسی وڕۆژی هەینیش بێت ومێزەر بەسەریش بیت؟!

١٤. هەروەها ئەم قسەیەی «الوادعی» نە فەتوای تەکفیری تێدایە، نە فەتوای کوشتن. کەواتە هێنانەوەی ئەو نمونە هیچ پەیوەستی بە ناونیشانی بابەتەکەتەوە نیە کە بریتیە لە فەتوای تەکفیر وکوشتن.

١٥. «الوادعی» لەو کتێبەیدا نالێت، هەر ئێستا وهەر ئەمڕۆ واجبە لەسەر موسڵمانان بڕۆن بیگۆڕن وهەڵی تەکێنن وەکو لە ڕوکەشی قسەکەتەوە دیارە.

هەرکەسیش وا بڵێ بووهتانێکی بۆ کردووە لە ڕۆژی نیوەڕۆ ڕونتر وڕوناکتر. بەڵکو مەبەستی حوکمی شەرعی لەسەر ئەو بابەتە ئەوەیە وبەپێی توانا جێبەجێ دەبێت، یانی هەرکاتێك توانا هەبوو ئەوسا ئەو قوببەیە لادەبرێت کە زیاتر لە ٦٠٠ساڵ دووای وەفاتی پەیامبەر ﷺ دروستکراوە. وەکو ئەوە وایە بڵێی واجبە لەسەر موسڵمانان لەهەر کوێ خراپەیەکیان بینی نەیهێڵن ئەمەش بەپێی توانایە.

١٦. دابنە هەڵەیە لەوە زیاتر هەیە ئیجتیهادێك بێت ونەپێکابێت؟ ئەوە دەهێنێت لەسەر مینبەرەوە خۆتی بۆ سور بکەیتەوە وبە نمونە بیهێنیتەوە بۆ فەتوای کوشتن وکافر کردن؟! کە نە ئەو کارەی بە کوفر داناوە ونە فەتوای کوشتنی بۆ دەرکردوە.

## مەقالەی چواردەهەم

**هەڵوێستی یەكەم:**

دوای هێنانەوەی قسەیەكی هەڵبەستراو بە دەم شێخ موقبلەوە لەسەر قوببە سەوزەكە، ئەڵێ: «**ئا بەو شێوەیە ئەمان ترسێنن، ئاوا ئەمان تۆقێنن**».

وەڵام:

یانی كە وادعی وسەنعانی وبن باز و...هتد، بەو قوببە وتویانە «منكر»ە چونكە زەریعەیە بۆ شیرك، خەڵكیان تۆقاندوە وترسادنویانە؟! یانی ئەو زانایانەی لە كاتی دروستكردنی ئەو قوببەیەدا بە «منكر»یان زانیوە -وەك شێخ ئەحمەد باسیكرد- خەڵكیان تۆقاندوە؟! كەواتە: پەیامبەر ﷺ كە ئەفەرموێ: «من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فإن لم يستطع بلسانه، فإن لم يستطع فبقلبه..». ئەمە تۆقاندنی خەڵكە؟! پەنا بەخوا.

باشە یانی ئیمامی عومەر كە داری «رضوان» كە بەیعەتی لە ژێردا وەرگیرا، لە ڕیشە دەركرد چونكە بە زەریعەی زانی بۆ شیرك وبۆ ئەوەی خەڵك توشی شیرك نەبن، خەڵكی ترساندوە وتۆقاندوە؟!

كە لەگەڵ قوببەكە هیچ جیاوازی نیە؟!

یانی ئێوه كـه بـه‌م سـه‌له‌فیانه ئـه‌ڵێن: مورجیئـه وخـه‌وارج، وده‌یـان فه‌توای توندیان له‌سـه‌ر ده‌رده‌كـه‌ن، وه‌كـو عـه‌میل وپیـاوی ده‌سـه‌ڵاتدار، خزمه‌تكاری ئال سعود، وجاسوس ومبتدع و..هتد، بـه‌م شـتانه خـه‌ڵكتان تۆقاندوه وترساندوه ؟!

ئه‌وه نیه له‌سه‌ر مینبه‌ره‌وه پێیان ئه‌ڵێن: خوارج ومورجیئه.

ئه‌وه خێره سه‌له‌فیه‌كان مونكه‌رێك ببینن ونكوڵی لێبكـه‌ن، خـه‌ڵكیان تۆقاندوه وترساندوه، به‌ڵام ئێـوه «مونكـه‌ر»ێـك ببیـنن لـه سـه‌له‌فیه‌كان ونكوڵی لێبكه‌ن وخاوه‌نه‌كانی بـه خـه‌وارج ومورجیئـه‌ش بـده‌ن لـه قه‌ڵـه‌م چه‌پكه گوڵتان پێشكه‌ش كردون؟! مالكم كیف تحكمون؟!

ئه‌مه‌ش نمونه‌یه‌كی تر له باری خه‌رمانی بێ ئینسافیت.

جا به‌م قسانه‌ی تۆ بێ -كـه خـۆتیش پێـوه‌ی پابه‌نـد نیـت-، ئه‌گـه‌ر مونكورێك بینرا نابێت بڵێیت: ئه‌مه مونكه‌ره، ئه‌بێ لاببرێـت؟! نابێـت وا بڵێیت؟

ئه‌گه‌ر شته‌كه كوفر بوو نابێت بڵێی كوفره؟ شیركیش بـوو یـان ترسـی سه‌ركێشانی بۆ شیرك تێدا بوو هه‌ر نابێ فه‌توای ئه‌وه ده‌ربكرێ كـه شـیركه یان سه‌رده‌كێشێ بۆ شیرك؟!

بیدعه‌ش بـوو، كـپ، نـابێ هـیچ بڵێـی؟! تـا م.عوسمـان وهـاوبیرانی نه‌تۆقێن؟! ئه‌گه‌ر وامان كرد ئه‌وا خه‌ڵكمان تۆقانـدوه؟ له‌به‌رئـه‌وه‌ی كـه‌س

نەترسێ وکەس تەتۆقێ؟! چونکە ئەوە خەڵك ئـەتۆقێنێ ونیشـانەی یـەکتر قەبوڵنەکردنە؟! پەنا بەخوا لەم دینە تازەیە.

بەڵێ بێگومان ئێمە باوەڕی تەواومان بە بەکارهێنانی ئەدەب ورەوشت هەیە لەگەڵ بەرامبەردا، بەڵکو ئەگەر بێدینیش بوو فەرمانمان پێکراوە کـە بە ﴿أحسن﴾ چاکترین شێوە گفتوگۆی لەگەڵ بکەین. بەڵام ئەمـە باسـێکە وئینکاری مونکەریش باسـێکی تـرە، کـە ئـەبێت هـەردوو ئـەم حـەدیس وئایەتە جێبەجێ بن، بەبێ ئەوەی هیچـیان لەسـەر حسـابی ئـەوی تریـان بێت. واتە: پێکەوە هەم فەرمان بە چاکە دەکەیت، هـەم نـەهی لـە خراپـە دەکەیت بەڵام بە جوانی وبە چاکی.

**هەڵوێستی دووەم:**

ئەڵێ: «**ئینجا وتویەتی -یانی شێخ موقبیل-: ئـەو کەسـانەی کـە باسم دەکەن وئەڵێن ئەو کتێبەت بـۆ نوسـیوە؟ [ئـەڵێم:] ئێمـە ڕەددی مبتدعە** و«ضال ومضل»**ـەکان ئەدەینەوە وەکـو کەسـێکی وەکـو ئـەبو حەنیفە**».

**وەڵام:**

دیسانەوە ئەڵێم: ناوی ئـەو کتێبـە چـیە؟ لـە لاپـەڕە چـەندە؟ ئەگـەر هێنات ڕاست دەکەیت. وەگەرنا بـۆ ئـەوەی گومـانی بوهتـان کردنـت بـۆ نەبەین، بڵێ: لەعنەتی خوام لێبێت ئەگەر مقبل بـن هـادی الـوادعی ئـەم

قسەیەی نەکردووە: ((ئێمە ڕەددی «مبتدعة» و«ضال ومضل»ەکان ئەدەینـــەوە وەکو کەسێکی وەکـــو ئـــەبو حەنیفـــە)). وەگـــەرنا ئـــەوە چـــەندەم جـــارە تـــۆ بووهتانی بۆ دەکەیت ولە کتێبەکانیشیدا بەرچاومان نەکەوتوە.

# مەقالەی پازدەهەم

**ئەڵێ:** «سەیری ئێستا بکە بزان چ زانایەك لە دەست وزوبانی ئەوانە [سەلامەتە؟!] ».

**وەڵام:**

**سەرەتا:** ئەمە ئەسڵی وتارەکەتە، کابرا ئەڵێ: خڕ ودەوری ئەمەت بو لەکەیەوە.

**ئینجا ئەڵێم:** ئەوە بووهتانێکی گەورەیە، قسە بە یەك زانا نەکراوە، زانایەکیش هەڵەیەکی ڕاستکرابێتەوە هیچی تێدا نیە، بەڵکو ئەوەی قسەی پێکراوە چەند کەسێکن بەهۆی قسە وهەڵوێستی لاڕێوە قسەیان لەسەر کراوە، لێرەشدا تەنها نمونەی یەکێکیان دەهێنمەوە چونکە لە زۆربەیان ئەو لارڕێیانە بە تەمەنترە وشارەزاترە، ئەویش «د.یوسف قەرزاوی»ـە، خوا هیدایەتی من وئەویش بدات بۆ ڕێگای ڕاست. جا بەڵێ قسەی پێکراوە، بەڵام لەسەر چی؟

- لەبارەی گاورەکانەوە ئەڵێ: یەك ئوممەتین، ومن پێیان ئەڵێم برا مەسیحیەکان، ئێمە ئیمانداریین، ئەوانیش ئیماندارن لە ڕویەکی ترەوە.

ئەمەش دژی دەقی قورئانە، بەڵێ لە ئیسلام لە گەردنیان نادەی بەڵام بە ئیمانداریان نازانین.

- لەبارەی قیبتیەکانەوە ئەڵێ: هەزاران شەهیدیان داوە لەبەر ئەوەی مەزهەبیان جیاوازە.

ئەمەش دژی قورئان وحەدیسە وشەهید بەس بۆ موسڵمانە.

- لەبارەی خۆشویستنی کافرانەوە ئەڵێ: خۆشویستنی موسڵمان بۆ غەیرە موسڵمان هیچی تێدا نیە.

ئەمەش دژی سەریحی قورئانە.

- هەروەها پێی وایە دوژمنایەتی نێوان موسڵمانان وجولەکە بە تەنها لەسەر خاکە، نەك لەسەر دین. وئەڵێ: لەسەر عەقیدە نیە لەسەر خاکە.

لەکاتێکدا کێشەی موسڵمانان وجولەکە پێش کێشەی فەلەستین کێشەیەکی عەقەدیە وەك قورئان پڕە لەو باسە.

- وئەڵێ: ئایەتی: ﴿لتجدن أشد الناس عداوة للذين آمنوا اليهود..﴾، لەسەردەمی پەیامبەر بوە ﷺ نەك ئێستا.

ئەمەش گاڵتەکردنە بە قورئان.

- هەروەها لەسەر ئایەتی: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لا تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء﴾، ئەڵێ: ئەم ئایەتە بە ڕەهایی هەمو جولەکەیەك وهەموو گاورێك وهەمو کافرێك ناگرێتەوە.

- وئەڵێ: دروستە جولەکە وگاور بکرێنە کاربەدەست ووەزیر.

ئەمەش خیلافی جەماهیری عولەمایە لە سەلەف ولە خەلەف.

- وئەڵێ: ئەمڕۆ ئەبێت جیزیە هەڵبگیرێت لەسەر گاور وجولەکەکان. ئەمەش دژی دەقی قورئانە.

- هەروەها ئەڵێ: ئەگەر محمد جارێکی تر بنێردرێتەوە، ئـەوا دەسـتی دەخستە نێو دەستی ناتۆ. لە زاری وەزیری ئەقافی فەلەستینەوە.

- هەروەها ئەڵێ: واجبمانە سەرەخۆشی لە ئومـمەتی مەسـیحی وزانـا مەسیحیەکان بکەین لە فاتیکـان وشـوێنەکانی تـریش لـە جیهانـدا، کـە هەندێکیان هاوڕێشمانن،... سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەیان بکەین بـەهۆی وەفاتی ئەم پاپاوە (یـانی یوحـەننای دووەم کـە پاپـای فاتیکانـە)،.. زۆر موخلص بوو لە بڵاوکردنـەوەی دینەکـەی خـۆی وچـالاك بـوو، سـەرباری تەمەنە گەورەکەی، چالاك ومخلص بوو بۆ دینەکـەی خـۆی.. ویەکێکـە لـە هەرە چالاکەکان لەبڵاوکردنـەوەی بانگەوازەکـەی، وکۆمـەڵێك هەڵوێسـتی سیاسی هەبوو کە لـە حەسـانەتیدا تۆماردەکرێـت.. **هیچمان پێناکرێت مەگەر ئەوە نەبێت کـە داوا لـە خـوا بکـەین ڕەحمـی پێبکـات وپاداشـتی بداتەوە لەسەر ئەو خێرەی پێشکەشی مرۆڤایـەتی کـردووە، وئـەو کـردەوە چاکانەی جێی هێشتووە، وسەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی مەسـیحیەکانی هەمو جیهان وهاوڕێیانمان لـە ڕۆمـا وهاوڕێیانمـان لـە جەمعیـەی سـانت تیدیو لە ڕۆما دەکـەین، وداواکـارین خـوای گـەورە جێگـەی بـۆ ئوممـەتی مەسیحی پڕ بکاتەوە بە خێر.**

له كاتێك دا به كۆ دەنگی زانایان نابێت داوای لـێ خۆشـبون بـۆ بـێ باوەڕ بكرێت.

- سەبارەت به جیهاد، ئەوە ئەگەر له قسەكانی ورد بیتەوە جیهادێـك دروست دەبێت كه كەس نەیوتوە.

- هەروەها ئەڵێ: ئەگەر خوا خـۆی عەرزكاتـه سـەر خـەڵك ودەنگـی پێبدرێت ٩٩٪ ناهێنێت.

- هەروەها ئەڵێ: ئێمـه شـەڕ ئەكـەین لـه پێنـاوی دیمـوكراتی ولـەو پێناوەدا تێدەكۆشین.

- هــەروەها ئیســلام ئەكاتــه دوو بەشــەوە ئیســلامی حــەزارەت وسەقافەت، لەگەڵ ئیسلامی عەقیـدە، بۆیـه مەسـیحیەكانمان لـه جـۆری یەكەمن.

- ئەڵێ: جیهاد بۆ دیفاعه.

- سەبارەت به ئەهلی بیدەع:

- ئەوە بڕوای به ڕەددانەوەی مبتدعەكان كه تەئویلی ناو وسـیفاتەكان دەكەن وهتد... هەر نیه.

- پێی وایه ئەوەی شیعه ڕافزیەكان دەیكەن له: جنێودان بـه هـاوەڵان وبه دەستكاری كراو زانـینی قورئـان وبەمەعسـوم زانـینی ئیمامـەكانیان وحەجكردن بۆ مەزارەكان، شتێكه له پەراوێزی عەقیدەدایه، ئەمە شـیعە،

بەلاّم ماتوریدی «الماتُرِیدیة» وئەشعەریەکان ئەوانە ئەهلی سوننەن ومەجالی گفتوگۆی نیە.

- بەشداری مەراسیمی ساڵ یادی وەفات کردنی خومەینی کرد.

- سەبارەت بە سوننەت: هەر حەدیسێك عەقڵی بڕی نەکات ڕەدی دەکاتەوە. بەڵکو ئەڵێ: هەرچی دژی عەقڵ بێت ڕەددی دەکەینەوە با لە شەش کتێبەش هاتبێت.

- فەرمودەی «یؤتی بالموت کهیئة کبش أملح» لە سەحیحی بوخاری وموسلمدا هاتووە. ئەڵێ: مەعلومە عیلمی یەقین کە عاقڵەکان وئیسلامناسان لەسەری کۆکن کە مردن نە بەرانە ونە مانگایە ونە ئاژەڵێکە لە ئاژەلاّن!

- فەرمودەی «لن یفلح قوم ولوا أمرهم امرأة» لە سەحیحی بوخاری وموسلمدا هاتووە. ئەڵێ: تەنها بۆ ئەو سەردەمە بووە کە پیاو سالاری بووە بەلاّم ئەمڕۆ نەخێر.

- فەرمودەی «ما رأیت من ناقصات عقل ودین أسلب للب الرجل الحازم من إحداکن» لە سەحیحی بوخاری وموسلمدا هاتووە. ئەڵێ: پەیامبەر ﷺ بۆ گاڵتە وتویەتی!

- فەرمودەی «لا يقتل مسلم بكافر» لە سەحيحی موسلمدا هاتووە. ئەڵێ: ئەوەی پەسەندە موسڵمان بە كافر دەكوژرێ، ئەم بۆچوونە بۆ ئەم سەردەمە گونجاوە!

دیارە بۆ ئەو سەردەمە نەگونجاو بووە.

- سەبارەت بە ئافرەتان، ئەڵێ جیاكردنەوەی ژنان وپیاوان لە موحازەرەكاندا بیدعەیە ودابونەریتێكە لە ئیسلام دا نیە. بەڵكو ئەڵێ: بە داخەوە من لە حەفتاكانەوە سەردانی ئەمریكا دەكەم بۆ بەشداریكردن لە كۆنگرە ئیسلامیەكان، كەچی ئافرەتان لەلایەكن وپیاوانیش لەلایەكی تر، جا توندڕەوی باڵی كێشاوە بەسەر ئەو خەڵكانەی ئەوێ، وكۆمەڵێك دابونەریتیشان سەپاندووە بەسەر گۆمەڵكا عەرەبیەكاندا، بەڕادەیەك ڕۆیشتون فەتوا توندەكانیان وەرگرتووە وفەتوا پەسەند وڕاجحەكانیان(!!) واز لێهێناوە، وای لێهاتووە شوێنی پیاوان جیاوازە لە شوێنی ئافرەتان.

لە كاتێك دا پەیامبەر لە نوێژیش دا جیای دەكردنەوە وئەوان لە دوای پیاوانەوە بون، بەڵێ بە دەق نەهاتوە بخرێنە قاتێك یان نهۆمێكی تایبەت.

- بەڵكو ئەڵێ: قسەم كردووە بۆ ئافرەتان پیاوێك بەرنامەكەی پێشكەش كردووە، وتمە تۆ چی ئەكەی لێرە؟! مەفروز وایە ئافرەتێك لە شوێنەكەت بێت وئەو پرسیارم لێبكات، بەمەش ڕایان دەهێنین لەسەر قیادە.

سەبارەت بە فەتوا شازەکانی تری:

- نکوڵی دەکات لە «طب النبوي». وئەڵێ: پەیامبەر ﷺ نەنێردراوە بۆ چارەسەرکردنی لاشەکان ئەوە ئەهلی خۆی هەیە.

- دروستە ئیش بکەیت لە بانکەکان وکۆمپانیاکانی دڵنیایی.

- ئەڵێ مۆسیقا وسینەما حەڵاڵە وشتێکی چاکە.

- ونکوڵی دەکات لەو هونەرمەندانەی کە تەوبە دەکەن، واز لە هونەر دەهێنن. بەڵکو هانیان دەداتەوە دەست بکەنەوە بە کارەکەیان!! بەڵکو ئەڵێ: برۆن بۆ پێشەوە لەسەر بەرەکەتی خوا وهەوڵتان زایە ناکات «فسيروا على بركة الله والله معكم ولن يتركم أعمالكم».

- بەڵکو جار وباریش گوێ لە گۆرانیەکانی: شادیە وئوم کەلسوم وفەیروز وجگە لەمانەش ئەگرێت، هەروەها ئەڵێ: «بە خۆشەویستیەوە گوێ دەگرم لە دەنگی فایزە ئەحمەد وزۆریش کاریگەرم پێی، کە گۆرانی بۆ خێزان ئەڵێ: ستِّ الحبايب، ويا حبيبي يا خُويا ويا بوعيالي، وبيت العزِّ يابتنا علي بابك عنبتنا، زۆر خۆش ئەیچڕێ».

- بەڵکو موتابەعەی فیلم وزنجیرەکانیش دەکات، وەکو «الإرهاب والكباب»ی عادل ئیمام، -کە گاڵتەیە بە دین وموتودەینەکان-، وفیلمی «ليالي الحلمية» وفیلمی «رأفت الهجان» وفیلمەکانی غەووار، ونوری شەریف ومەعالی زاید وهی تریش.

كە ئەگەر فیلم دروستیش بێت بە مەرجی خۆی دروستە نەك ئافرەتی نیمچە ڕوتی تێدا بێت وەك ئەو فیلمانەی ئەو سەیریان دەكات.

- هەروەها ئەڵێ: ڕەجم كردن كار بەدەست دەتوانێ هەڵی بووەشێنێتەوە.

- وهەڵ گەڕانەوە ئەكاتە دوو جۆرەوە، ئیتر بە ئارەزوی خۆی دابەشی ئەكات، ئینجا هەر بە ئارەوزی خۆی كۆمەڵێك مەرج بۆ هەردووكیان دادەنێت، ئینجا بە ئارەزوی خۆی ئەڵێ ئەمیان ئەكوژرێ وئەویشیان ناكوژرێ.

- هەروەها ئەڵێ: سفور دروستە.

ئاخر بوترێ: دەوڵەت خەڵك مەجبور ناكات، قسە هەڵ دەگرێت بەڵام بڵێ: دروستە؟!

- ودەست دان لەگەڵ ئافرەت دروستە.

ئەمە مشتێكە لە خەرمانی هەڵەكانی قەرزاوی.

تخخوا چ ژیرێكی موسڵمان بە دروستی دەزانێت لە ئاست ئەمانە بێدەنگ بیت وڕونی نەكەیتەوە؟!

توخخوا ئەگەر ئەندامێكی یەكگرتو یان كۆمەڵ بەو ڕێژەیە لادانی هەبێت لە پرۆگرامی حیزبەكەی هەبێت، هیچی لەگەڵ ناوترێ؟! بەڵكو دەرناكرێ؟!

نەك چەواشە بكەیت وبڵێیت: هیچ زانایەك لە دەستیان سەلامەت نەبووە.

كەواتە، بەڵێ قسەیان كردووە، بەڵام لەسەرچی؟ وەگەرنا ئەگەر دەتوانی، فەرمو لەسەر مینبەرەوە بەو خەڵكە بڵێ: بە قەرزاوی قسە دەكەن بەڵام لەبەر یەك ودوو وسێ و..هتد، ئەوسا بزان خەڵك پشتگیری قەرزاوی دەكەن یان لە بەرگری كارانی ئیسلام.

خوایە بە میهرەبانی خۆت لێت دەپاڕێمەوە ڕینمویم بكە و گومڕام نەكەی وبمپارێزە وبمكە بەرگریكاری دینی خۆت بە هەق ولە د. عوسمانیش خۆش ببە.

آمین والحمد لله رب العالمین

## مەقالەی شازدەهەم

ئەڵێ: «کە بەڕاستی لەگەڵ بانگخوازەکاندا خەوارجن لەگەڵ حوککام دا مورجیئەن، لەگەڵ بانگ خوازەکان دا خەوارجن لەگەڵ حوککام دا مورجیئەن بەو شێوەیە (دو جار دوبارەی ئەکاتەوە). زوبانیان درێژ کردوە! خوا خوایانە تۆ هەڵەیەك بکەیت [تا] حەیا وناموست بەرن، باشە.. ئەمە لە قازانجی کێیە؟ ئەمە لە سودی کێدایە؟ ئەچێتە گیرفانی کێ؟!»

**هەڵوێستی یەکەم:**

**لە وەڵامدا ئەڵێم:**

سەرنجت داوە چۆن تەبدیعیان دەکات؟! دەبینی چۆن پێیان ئەڵێ مورجیئە وخەوارج؟!

کە ئەمەت زانی ئەوسا لەگەڵ مندا فەرمو ئەم چەند قسەیەی مەلا عوسمان لە هەمان وتار بخوێنەوە وپاشان دێینەوە خزمەتتان إن شاءالله ووەڵامەکە تەواو دەکەین:

ئەڵێ: «بەڕاستی ئەو فەرمایشتە شیرینانەی پەیامبەر ﷺ [کە لەبارەی خیلافەوە هاتوون] ئێستا بە چاوی خۆمان دەیبینین، ئەو تاڵیەی ترساندوونی ئێستا تامی ئەکەین، ئەگەر سەیری مێژومان بکەین وسەیری سەردەمیشمان بکەین ئەو جیاوازیە ئەبینین خۆزگە بەس جیاوازی

بووایە... جیاوازیەکە فەتوای ئەوەی لەگەڵدایە کە غەیبەتی تۆ دروستە، تەفسیقت دەکات، تبدیعت دەکات..)).

بینیوتانە بەڕێزان؟! خۆزگە بەس جیاوازی بوایە؟! ئەوەتا فەتوای ئەوەی لەگەڵدایە کە لەسەر مینبەرەوە ئەم کەسە غەیبەتی یەك ئوممەتی گەورە لە موسڵمانان دەکات، بەڵکو تەبدیعیان دەکات، وبە خەوارج ومورجیئە لە قەڵەمیان دەدات.

کەواتە ئەوەی لۆمەی ئەهلی سوننەی کرد لەسەری، خۆی تێی کەوت.

باشە ئەم کەسە بڕوای بە تەبدیع کردن هەیە یان نیە؟! ئەوا لەبەشەکانی پێشوتردا خاڵم لەسەر پیت دانا لەسەر ئەم بابەتە بە یارمەتی خوای گەورە ودووبارەی ناکەمەوە

**هەڵوێستی دووەم:**

بۆچی ولەبەر چی ئەم وەسفە زاڵمانەیان بەسەردا دەدات کە لەگەڵ حوککامدا مورجیئەن ولەگەڵ بانگخوازەکاندا خەواریجن؟!

لەبەر ئەوەی ئەڵێن با موسڵمانان خروج مەکەن لە کاربەدەستەکانتان، بۆ ئەوەی پشێوی وفیتنە وخوێن ڕێژی دروست نەبێت، یانی ئەگەر دژی خوێن ڕشتن وتۆقاندنی وخەڵکی بێتاوان بین مورجیئەین؟!

سەبارەت بەوە ئەی بۆ خەوارجین؟! لەبەر ئەوەی ئەڵێن: فلان داعی وبانگخواز قسەی بە عوسمان وعەمر وموعاویە لە هاوەڵان وموسا لە

پەیامبەران کردوە؟! لەبەر ئەوەی ئەڵێین: فلان داعی باوەڕی بە فلان شیرك وبیدعە هەبووە، فلان داعی وا و وای وتوە؟! یانی هەڵەکان باس بکرێ وخەڵکیان لێ وریا بکرێنەوە ئیتر خەواریجن؟!

باشە ئەوەی ئەوان خروج بوو! ئەی ئەوەی تۆ باسی هەڵەی زاناکان دەکەیت وەکو عبداللە بن أحمد وئیبن تەیمیە ووادعی وجگە لەوانیش.

ئەی ئەمەی تۆ چیە؟!

**هەڵوێستی سێیەم:**

ئەم قسە لە ڕویەکی ترەوە زوڵمە: ئەڵێ: لەگەڵ حوککامدا. جا بەو ڕەهاییە ستەمە، بەڵکو لەگەڵ حاکمی موسڵماندا نەك کافر. کەواتە ئەم هەمو بووهتان وچەواشەکاریە لەبەر خاتری چی وئەچێتە گیرفانی کێ؟!

## مەقالەی حەڤدەهەم

**هەڵوێستەی یەکەم:**

ئەڵێ: «**ئێمە کەس بە معصوم نازانین لە پەیامبەر نەبێت ﷺ، ئێمە ڕێزمان بۆ هەموو زانایان هەیە بەڵام ئەشڵێین ئەوەی هەڵەیە وئەوەیان ڕاستە، ئێمە نا ئەهلی هەق ئەهلی زانست، نەك قوتابی وەکو ئێمە ئاوا بەرز بێتەوە وئاوا پۆلێن بکا فلانە کەس مورجیئەیە وفلانە کەسە خەواریجە وفلانە کەس قەدەریە... ئەمە کێ ئەم سەلاحیەتەی دا بە جەنابت ئەم تەرازوەت بە دەستەوە بێت، فلانە کەس لە ئەهلی سوننە وجەماعە دەربکەی وئەوەکەش بخەیتە ناو ئەهلی سوننەت وجەماعەت بەس گروپەکەی خۆی؟! باشە پەیامبەر فەرمویەتی بەس جەماعەتەکەی تۆ ئەهلی سوننە وجەماعەتە؟! نااا ئەڵێ پەیامبەر فەرمویەتی:... تۆ سەیر چۆن شتەکان تێکەڵ دەکرێت؟!**».

وەڵام:

١. ئەگەر ڕێزی بۆ هەموو زانایان هەبوایە قسەی بە عبدالله بن أحمد وشێخ موقبل نەدەکرد کە هەتا مرد جیهادی کرد لە پێناوی خوا ویەمەنی بە نوری سوننەت ڕوناك کردەوە. ئەوسا لەبەر ئەو سوننەتەی کە بەرگری لێ کردووە شەرم دەی گرت وقسەی پێ نەدەکرد.

٢. ئەوە تۆی قوتابیت لەسەر مینبەرەوە پۆلێن دەکەیت وتەبدیع دەکەیت ئەم بە خەوارج لە قەڵەم دەدەیت وئەو بە مورجیئە!! باشە ئەی کێ ئەو سەڵاحیەتەی دا بە جەنابت کە ئاوا شەلم کوێرم ناپرێزم خەڵك لە ڕێگای ڕاست بکەیتە دەرەوە وئەمیان بکەی بە مورجیئە وئەویان بکەیت بە خەوارج؟!

٣. نەمانوتوە تەنها جەماعەتەکەی ئێمە ئەهلی سوننەیە بەڵکو وتومانە: هەرکەس پەیڕەوی قورئان وفەرمودە ڕاستەکان بکات بە تێگەیشتنی پێشین وپێشەوایان، ئەوە ئەهلی سوننە وجەماعەیە، ئیتر هەرکەس خۆی بە هەرچی بزانێت بەڵام ئەوە پەیڕەوی بێت ئەهلی سوننەیە إن شاءالله، وەکو چۆن هەرکەسێك پەیڕەوی مەزهەبی سەلەف نەکات ئەهلی سوننە نیە إن شاءالله ئەگەر ناوی سەلەفیشی لەخۆشی نابێت، یانی عیبرەت بە ناو نیە بە ناوەڕۆکە.

جا حەنەفی وشافعی ومالکی وحەنبەلی وئەهلی حەدیس وئەهلی فیقە وجگە لەوانیش کە پەیڕەوی قورئان وحەدیسیان کردووە وشوێنی هەق کەوتون هەمویان ئەهلی سوننەن إن شاءالله. بەڵام خەوارج وشیعە وموعتەزیلە وجگە لەوانیش کە پەیڕەوی قورئان وحەدیسیان نەکردووە وشوێنی هەق نەکەوتون بەڵکو شوێنی هەوا وئارەزوو کەوتون هەمویان ئەهلی هەوا وئارەزو وبیدعەن إن شاءالله.

کەواتە ڕوون بوویەوە: ئەو قسەیەی ناوبراو لە بوهتانێك زیاتر هیچی تر نیە.

**لێرەش تێ بینیەکی زۆر زۆر گرنگ هەیە عەرزی هەمو لایەکی بکەم:**

خوێنەرانی بەڕێز! ڕێبازی سەلەفی سالّەح کە بڕوامان پێیەتی وبە دینی خوای دەزانین، بریتیە لە پەیڕەوکردنی ئەوەی لە دوو تویێی ئەو قورئانەدا هاتووە کە ئەم ئوممەتە کۆکە لەسەری، لەگەڵ ئەوانەی لە دوو تویێی کتێبە حەدیسیەکاندا هاتووە وبە سەحیحی چەسپاوە لە پەیامبەرەوە ﷺ، ئەمانەش بە تێگەیشتنی پێشینان وپاشینان لە پێشەوایانی ئیسلام، وەك سەرانی چوار مەزهەبەکە وهاوشێوەکانیان، لەگەڵ ئیجماعی ڕاستدا، لەگەڵ قیاسی دروستدا. ئەوە بیروباوەڕمانە، ئیتر هەرکەس ئەو بڕوایەی هەبێت وهاوڕا بێت: بە ئەهلی سوننەی دەزانین. با نەشی ناسین، وبا لەوپەڕی دوونیا بێت، با لە دوورگەیەك بێت خۆی بە تەنها، با پێشی نەوترێ سەلەفی ئەوە خودی سەلەفیەتە **إن شاءالله**.

**کەواتە:**

وتەی پێشینان خۆی بۆخۆی بەڵگە نیە وتەنانەت قسەی هاوەڵانیش - علی الصحیح- تەنها ئەوە نەبێت حوکمی فەرمودەی هەبێت. هەروەها

ئەو تێگەیشتنەیانەمان مەبەستە وەکو ئـەوەی کـۆك بـوون لەسـەری یـان زۆربەیانی لەسەر بووبن بەبێ موخالەفە...

یانی کەسێك چاو لە ئیمامی عوسمان بکات ودوو بانگ بەرز بکاتـەوە لە جومعـەکان وکەسـێکیش چـاو لـە عـەلی بکـات ویـەك بـانگ بـەرز بکاتەوە[١] هیچ کامیان بە لادەر نازانین ئەگەر بە شوێنکەوتنی هـەق بێـت نەك ئارەزو وهەوا.

جا بەم نمونەم ئەو وتەیەی پێشو لێـك بـدەرەوە لـە مەبەسـتەکەم تـێ دەگەیت وئەوسا ئیتر تۆمەتی ناڕەوا بەخشرایەوە باوەڕ ناکەیت إن شاء الله.

لێرەشەوە بۆت ڕون بوویەوە ئینتیساب وخۆدانە پاڵ سەلەف تـەنها بـە ناو نیە، ئەوەنـدەی مەبەسـتمانە خـەڵك بـە کـردەوە پـەیڕەوی مەزهـەبی سەلەف بکەن.

کەواتــە پێــوەر لامــان پابەندبوونــە بــە قورئــان وفــەرمودە بــە شیکردنەوەیەکی دروستەوە. نەك لەگەڵمانی یان نـا ؟! لـە جەماعەتەکـەی ئێمەی یان نا !؟ وەکو وتم ئێمە خۆمان بـە شـتێك نـازانین بـەدەر بێـت لـە قورئان وفەرموده وڕێبازی ئەهلی سوننەت، ئەگەر لەسـەر ئـەو مەنهەجـە

---

(١) ئەگەرچی سەرەتا لە شێخی ئەلبانیەوە ئەوەم دەگواستەوە، ولە کتێبی جومعەکەشدا لێوەی گواستمەوە، بەڵام بەڕاستی دووای گەڕان ولێکۆڵینەوە بۆم ڕون بوویەوە لە قورتبیەوە نـەقڵی دەکـات لە تەفسیرەکەی خۆیدا، ئەویش بە بێباوك هێناویەتی بۆیـە ناکرێت پشـتی پێببەسـترێ وتەنانـەت پێشی بووترێ لاوازە.

بێت بە برا وهاوڕا وهاوبیر وهاوکار ودۆستی خۆمانی دەزانین، وەگەرنا بەریئین لە هەر کۆمەڵێك مەنهەجەکەی پێچەوانەی قورئان وفەرمودە بێت ئەگەر سەلەفیش بێت ناوی لەخۆی نابیت سەلەفی.

المهم نامەوێ بڕۆمە سەر باسی عەقیدەی سەلەف وئەهلی سوننە وجەماعە، بەڵکو مەبەستم بوو چەند هێڵێکی گشتی لەوبارەوە بخەمە ڕوو تا بزانرێ مەزهەبی سەلەف وسەلەفیەت چیە.

**هەڵوێستەی دووەم:**

ئەڵێ: تۆ بزان چۆن شتەکان تێکەڵ دەکرێت!؟ ئەڵێم: خەڵك گوێی لە قسەکانی تۆ ومنیش بوو جا با خەڵك بڕیار بدات تۆ شتەکان تێکەڵ دەکەیت یان ئەوان.

## مەقالەی هەژدەهەم

ئەڵێ: «ئەڵێن پەیامبەر فەرمویەتی: -تۆ سەیر چۆن شتەکان تێکەڵ دەکرێت؟- ئەم ئوممەتە دابەش دەبێت بەسەر حەفتاو سێ گروپ هەموی لە ئاگردایە تەنها یەکێکیان نەبێت. ئینجا ئەوە کێیە؟ ئەو تەنها گروپەی کە ئەچێتە بەهەشتەوە کێیە؟! بەس خۆمانین، بەس خۆمانین، زۆربەی زۆری ئەم ئوممەتە بۆ جەهەننەمە، زۆربەی زۆری ئەم ئوممەتە کە هەندێ شتی وردی ئەم عەقیدە نازانن، پەیامبەر ﷺ کابرایەك هاتووە بۆلای وتویەتی: یا رسول الله ﷺ ئیمانم فێر بکە! لە دوو سێ دەقە ئیمانی فێر کردووە ئیتر دوو سێ کتێبی بۆ دانەناوە، وەکو ئێستا ئێمە وردەکاریمان بۆ داناوە، ئەگەر هەر کەسێك ئەم عەقیدەیە لە ئەلیفەوە تا یا لەبەری نەبێت ئەچێتە جەهەننەمەوە وئەوەی نەیزانێت ئەچێتە جەهەننەمەوە ئەگەر ئەسما وسیفات بە وردەکاریەوە، ئایا «هل الصفات هي عين الذات أو خارجة عن الذات أو لا هي هو ولا هي غيره» ئا ئەم بەزمانە ئەگەر ئەمانە هەر هەموی نەزانێ، ئەگەر نەزانێ وەڵامی قەدەریە بداتەوە ئەگەر نەزانێ وەڵامی مورجیئە بداتەوە ئەگەر نەزانێ وەڵامی کەرامیە بداتەوە، [ئەگەر نەزانێ وەڵامی موعتەزیلە بداتەوە، [ئەگەر نەزانێ] وەڵامی ئەمانە بداتەوە ئەوە ئەوا

**گروپەکەی لە دەست دەدات، ئەوا ڕزگـاری نابێـت لـە ڕۆژی قیامـەت، ئینجا با بێنە سەر ئەو فەرمودەیەی کە باسمان کرد..»**.

**وەڵام:**

پێش ئەوەی بڕۆینە سەر ئەوە فەرمودەیەی باسی دەکات، بـا وەڵامـی بەشێك لە چەواشەکاریەکانی تا ئێرە بدەینەوە بە پشتیوانی خوای گەورە.

١. سەرەتا ئەڵێم: «**سبحانك هذا بهتان عظيم**» واللە ناڕاستیەکی شـاخ دارە، وەگەرنا مـن داوا دەکـەم، ئەگـەر ناڕاسـتی نیـە بـە دەمیانـەوە بـا بیهێنێت لە نوسراو یان بینراو یان بیسـراوێك دا زانایـەکی ئـەهلی سـوننە وتبێتی تەنها خۆمانین؟! ئەگەرنا ئەوە ڕەوا نیە درۆ بـە دەم موسـڵمانانەوە بکرێ؟! بەڵکو موسڵمانان توخخوا ڕەوایە درۆ بە دەم کافرانـەوە بکـەین چ جای موسڵمانان؟!

٢. سـەبارەت بـەوەی وتبێتیـان: زۆربـەی زۆری ئـەم ئوممەتـە بـۆ جەهەننەمە. ئەڵێم هەرکەس گوێی لە وتارەکەی تۆ بێت دەبینێ ئەوە تـۆی وێنای ئوممەتێکی بۆ دەکەی کە زۆر خراپ وخوێن ڕێژ وخوێن مـژ ودڵـڕەقن بەرامبەر بە یەکتر، کە ئەوەی کردویانە کافریش بە موسڵمانانی نـەکردووە. -ئەم خاڵەش دێمەوە سەری إن شاءالله-.

جا ئێستا خێرە هاتووی ئەو گۆزەی خۆت پڕت کردووە بەسـەر ئێمـەی دەڕێژی؟! ئەو دەردەی بە تۆوەیە، دەینێی بە ئێمەوە وبۆی دەردەچیت.

٣. سەبارەت بـەوەی عەقیـدەیان ورد کردۆتــەوە ووتویانــە هەرکـەس وردەکاری عەقیدە نەزانێت ئەوە لە ئاگرە. ئەوە بوهتانێکی تـری گەورەیــە ویەك زانام نەبینیوە لە کۆن وتازە لە زانایانی ئـەهلی سـوننەت شـتی وای وتبێت، بەڵکو رێك بە پێچەوانەوە ئەوەم بینیوە کە موبتەدیعەکان وردیـان کردۆتەوە وخەڵکیان لەسەر کافر کردووە. بەڵکو زانایـانی سـەلەف وشـوێن کەوتوانیان لــە کــۆن وتــازە خــەڵکیان هانـداوە بـۆ قـوڵ نەکردنــەوە وورد نەکردنەوەی ئەو بابەتانە، تەنانەت وتویانە ئەو بابەتانە چۆن هاتووە هــەروا بەڕێی بکەن. ئەوە موبتەدیعەکان بوون هاتن وردیان کردەوە وپاشان وتیـان هەرکەس باوەڕی بەم شتانە نەبێت کافرە یان لە ئاگرە.

سبحان الله ئەوە ئەهلی سوننە بوون وتویانە: پەیامبەر ﷺ کابرایــەك هاتووە بۆلای وتویەتی: یا رسول الله ئیمانم فێربکـە! لــە دوو ســێ دەقــە ئیمــانی فێرکــردووە ئــیتر ورد وقــوڵی نەکردۆتــەوە وەکــو ئــەهلی بیــدەع کردویانە. جا ئەوە قسەی ئەهلی سوننەتە بە فەزڵی خوا.

بەڵگەیەکی نزیکی ئەو قسەیەشم کە ئێستا لەیادمە کاتێـك جـوەینی وڕازی تەوبە دەکەن ودێنەوە سەر ڕێگای سەلەفی ساڵەح چی دەڵێن؟ ئـەڵێن: «ليتني أموت على عقيدة عجائز نيسأبور». واتە: «خۆزگە هەر ئەو بیروبـاوەڕە ڕەسەنەمان وەربگرتبا کە ئافرەتە پیرەکـان هەیانــە». یـانی ئەوەنـدە قـوڵ ووردمان نەکردایەتەوە وئیمانمان هەر بە سادەییەوە وەربگرتبایە.

بەڵکو ڕازی چی ئەڵێ؟ ناڵێ:

نِهَايَـةُ إِقْـدَامِ الْعُقُـولِ عِقَـالُ وَغَايَـةُ سَعْيِ الْعَـالَمِينَ ضَـلالُ
وَأَرْوَاحُنَا فِي وَحْشَةٍ مِنْ جُسُومِنَا وَحَاصِـلُ دُنْيَانَـا أَذَيٍ وَوَبَـالُ
وَلَمْ نَسْتَفِدْ مِنْ بَحْثِنَا طُولَ عُمْرِنَا سِوَى أَنْ جَمَعْنَا فيه قيل وقالوا

هەر ڕازی ناڵێ؟:

قَدْ تَأَمَّلْتُ الطُّرُقَ الْكَلامِيَّةَ، وَالْمَنَاهِجَ الْفَلْسَفِيَّةَ، فَمَا رَأَيْتُهَا تَشْفِي عَلِيلا، وَلا تُرْوِي غَلِيلا، وَرَأَيْتُ أَقْرَبَ الطُّرُقِ طَرِيقَةَ الْقُرْآنِ، اقْرَأْ فِي الإِثْبَاتِ: ﴿الرَّحْمَنُ عَلَى الْعَرْشِ اسْتَوَى﴾ [طه:٥]. ﴿إِلَيْهِ يَصْعَدُ الْكَلِمُ الطَّيِّبُ﴾ [فاطر:١٠]. وأقرأ في النَّفْي: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ﴾ [الشُّورى:١١] ﴿وَلا يُحِيطُونَ بِهِ عِلْمًا﴾ [طَه:١١٠]. ثُمَّ قَالَ: «وَمَنْ جَرَّبَ مِثْلَ تَجْرِبَتِي عَرَفَ مِثْلَ مَعْرِفَتِي».

شەهرستانی ناڵێ:

لَعَمْرِي لَقَدْ طُفْتُ الْمَعَاهِدَ كُلَّهَا وَسَيَّرْتُ طَرْفِي بَيْنَ تِلْكَ الْمَعَالِمِ
فَلَمْ أَرَ إِلا وَاضِعًا كَفَّ حَائِرٍ عَلَى ذَقَنٍ أَوْ قَارِعًا سِنَّ نَادِمِ

ئەی شەمسەدین خەسرۆشاهی ناڵێ -کە یەکێکە لە قوتابییە گەورەکانی فەخرەدینی ڕازی-: «کە جارێکیان پیاوێك سەردانی دەکات، پێی ئەڵێ: بیرباوەڕت چیە؟ ئەڵێ: ئەوەی موسڵمانان باوەڕیان پێیەتی! وتی: ئەی دڵت ئۆقرەیە ودڵنیای لێی؟ یەقینت پێ هەیە؟! وتی: بەڵێ، وتی: دە سوپاسی خوا بکە، بەڵام والله من نازانم بیر وباوەڕم چیە؟ والله

من نازانم بیروباوەڕم چیە؟ واللە من نازانم بیروباوەڕم چیە؟ ئیتر ئەوەندە گریا هەتا ڕیشی تەڕ بوو)).

یانی ئەوندە قوڵی کردۆتەوە و زیادەڕۆییان تێدا کردووە وگومانی بۆ دروست بووە، لە عەقیدەکەی دڵنیا نەبووە.

بۆ مەگەر ئەو هەموو زەم کردنەی ئەهلی کەلام لە کتێبی ئەهلی سوننەتدا لە کۆن تازەدا دەبینی، وەکو شافیعی وهتد.. رحمهم الله تعالی، بەهۆی چیەوەیە؟ بە هۆی ئەو قوڵ کردنەوە وورد کردنەوانە نیە؟!

ئەی غەزالی؟ پێش مردنی پەشیمان نەبووەوە وسەحیحی بوخاری لەسەر سنگی نەنا؟!

خێرە ئەوەی موبتەدیعەکان وتویانە دەیکەیت بە ملی ئەهلی سوننەوە، ئینجا لەسەر قسەیەك كە نەیانك ردووە دادگایەکت بەستووە لە دژیان ومەحکەمەیان دەکەیت؟!

ئیتر ئەم چەواشەکردنە لەچی ولە قازانجی کێیە ودەچێتە گیرفانی کێ؟!

٥. بۆیە دەبینی موبتەدیعەکان شتەکانیان ورد کردۆتەوە وباسی ((هل الصفات هي عين الذات أو خارجة عن الذات أو لا هي هو ولا هي غيره)) یان کردوە، ئەوەش زانایانی ئەهلی سوننەن تەنها ڕون کردنەوەیان داوە لەسەر ئەو وتانە کە کوێی ڕاستە وکوێی چەوتە.

تێکەڵ کردنەکەشی لەوێدایە ئەمە قسەی موبتەدیعەکانە ئەیداتە پاڵ زانایانی ئەهلی سوننەت وبەمەش موبتەدیع وسوننی تێکەڵ دەکات.

بەڵێ ئەوە موبتەدیعەکان وردیانکردۆتەوە وباسی شتی وایان کردووە کە لە کیتاب وسوننەتدا نەهاتووە وەکو ئەوەی لە کتێبی عەقیدەکانی خۆیاندا لەبارەی خوای بێ هاوتاوە ئەڵێن: «لَيْسَ بِجِسْمٍ، وَلا شَبَحٍ، وَلا جُثَّةٍ، وَلا صُورَةٍ، وَلا دَمٍ، وَلا لَحْمٍ، وَلا شَخْصٍ، وَلا جَوْهَرٍ، وَلا عَرَضٍ، وَلا لَوْنٍ، وَلا رَائِحَةٍ، وَلا طَعْمٍ، وَلا بِجشْةٍ، وَلا بِذِي حَرَارَةٍ، وَلا بُرُودَةٍ، وَلا رُطُوبَةٍ، وَلا يُبووسَةٍ، وَلا طُولٍ، وَلا عَرْضٍ، وَلا عُمْقٍ، وَلا اجْتِمَاعٍ، وَلا افْتِرَاقٍ، وَلا يَتَحَرَّكُ، وَلا يَسْكُنُ، وَلا يَتَبَعَّضُ، وَلَيْسَ بِذِي أَبْعَاضٍ وَأَجْزَاءٍ وَجَوَارِحٍ وَأَعْضَاءٍ، وَلَيْسَ بِذِي جِهَاتٍ، وَلا بِذِي يَمِينٍ وَلا شِمَالٍ وَأَمَامٍ وَخَلْفٍ وَفَوْقٍ وَتَحْتٍ، وَلا يُحِيطُ بِهِ مَكَانٌ وَلا يَجْرِي عَلَيْهِ زَمَانٌ، وَلا يَجُوزُ عَلَيْهِ الْمَمَاسَّةُ وَلا الْعُزْلَةُ وَلا الْحُلُولُ فِي الامَاكِنِ، وَلا يُوصَفُ بِشَيْءٍ مِنْ صِفَاتِ الْخَلْقِ الدَّالَّةِ عَلَي حُدووثِهِمْ، وَلا يُوصَفُ بِأَنَّهُ مُتَنَاهٍ، وَلا يُوصَفُ بِمِسَاحَةٍ، وَلا ذَهَابٍ فِي الْجِهَاتِ، وَلَيْسَ بِمَحْدُوودٍ، وَلا وَالِدٍ وَلا مَوْلُودٍ، وَلا تُحِيطُ بِهِ الاقْدَارُ، وَلا تَحْجُبُهُ الاسْتَارُ».

ئەم شتە پوچانە لە کتێبەکانی ئەهلی سوننەت دا ڕەد دەکرێتەوە وەك عەقیدە تەحاوی.

دەی تۆ بێ منەت بە ولە کتێبەکانی زانایانی ئەهلی سوننەتدا لە کۆن وتازە شتێکمان بۆ بهێنە لە قورئان وحەدیس دا نەهاتبێت وجێی نەبێتەوە

لەژێریاندا ووتبێتیشیان هەرکەس باوەڕی بەوە نەبێت ئەوە کافرە یان ئەڕواتە جەهەننەمەوە؟! بێ منەت بە!!

٦. ئینجا ئەڵێ: «وەکو ئێستا ئێمە وردەکاریمان بۆ داناوە». ئەڵێم: ئەگەر مەبەستت ئەهلی سوننەتە، سەلماندم نەخێر وا نیە، ئەگەریش مەبەستت ئەهلی بیدعەیە، بەڵێ ڕاستەکەیت. والحمد لله...

## کۆتایی بەرگی یەکەم

## والحمد لله رب العالمين

# پێڕستی بابەتەکان

**پێشەکی** ........................................ ٣
**دەستپێك** ........................................ ٧
**مەقالەی یەکەم** ........................................ ٩
**مەقالەی دووەم** ........................................ ١٨
**مەقالەی سێیەم** ........................................ ٢٨
**مەقالەی چوارەم** ........................................ ٤٢
**قەڕامیتەکان کێن؟** ........................................ ٤٤
**مەقالەی پێنجەم** ........................................ ٥٦
**هەندێك وتەی زانایانی ئەهلی سوننە سەبارەت بە شیعە.** ............ ٦٤
**مەقالەی شەشەم** ........................................ ٧٠
**زانایان وستایشیان بۆ ئیبن جەریر:** ........................................ ٧٣
**میحنەتی تەبەری لەسەر کتێبەکەی** ........................................ ٧٨
**مەقالەی حەوتەم** ........................................ ٨٤
**میحنەتەکەی نەسائی** ........................................ ٨٦
**میحنەتەکەی حاکم** ........................................ ٨٩
**مەقالەی هەشتەم** ........................................ ٩١
**میحنەتەکەی ئیبن حیببان** ........................................ ٩١
**مەقالەی نۆیەم** ........................................ ٩٥
**سوتاندنی کتێبی «إحياء علوم الدين»، ڕونکردنەوەی ڕاستیەکان،**
**وڕەواندنەوەی شوبهەکان** ........................................ ٩٥
**غەزالی کێیە؟** ........................................ ٩٧

**بۆ كتێبەكانی سوتێندران؟** ........................ ١٠٠
**ئەو زانایانەی وەڵامی غەزالیان داوەتەوە** ........................ ١٠٧
**وتەی زانایان لەبارەی غەزالی** رَحِمَهُ ٱللَّهُ **وئیحائەكەیەوە** ........................ ١٠٨
**مشتێك لە فەرمودە بێبنەما ولاوازەكانی ئیحیا** ........................ ١١٧
**مشتێك لە بیدعە وشتە پوچەكانی ئیحیا** ........................ ١١٩
**زیادەڕۆیی كردنێكی زۆر لە كتێبی ئیحیا** ........................ ١٢٧
**مەقالەی دەیەم** ........................ ١٣١
**باسی ئیمامی ئەبو حەنیفە** رَحِمَهُ ٱللَّهُ **لە كتێبی: «السنة»ی شێخ عبدالله ی كوری ئیمامی ئەحمەد.** ........................ ١٣١
**ڕونكردنەوەی حاڵی كەسەكان قەیدی نیە ئەگەر بە هەق بێت** ........................ ١٣٣
**لێكۆڵینەوە لەو ڕیوایەتانەی هاتون لەبارەی ئەبو حەنیفەوە** رَحِمَهُ ٱللَّهُ .. ١٣٨
**بۆچی قسە بە ئیمامی ئەبو حەنیفە كرا لەلایەن هەندێكەوە** ........................ ١٤٥
**توڕە بوون بۆ لەو ئیمام تر دادگەرانە ترە** ........................ ١٤٨
**ناوەڕۆكی كتێبی: «الرد على الجهمية»** ........................ ١٥٠
**ئەو كەسانەی قسەیان لەسەر پێشەوا ئەبوحەنیفە كردوە** ........................ ١٥١
**ئەو كتێبانەی ڕیوایەتیان لەسەر پێشەوا ئەبوحەنیفە هێناوە** ........................ ١٦٢
**هۆكارەكانی تانەدان لە پێشەوا ئەبو حەنیفە** ........................ ١٦٦
**مەقالەی یاز دەهەم** ........................ ١٨٣
**لێكۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «أبو جيفة»** ........................ ١٨٣
**لێكۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «زنديق»** ........................ ١٨٦
**لێكۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «مارق»** ........................ ١٨٧
**لێكۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «ملحيد»** ........................ ١٨٩

**لێکۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «نەفرەتی خوای لێبێت»** ............... ١٩٣
**لێکۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «یەکپارچە ئاگرە قەبرەکەی»** .......... ١٩٧
**لێ کۆڵینەوە لەوەی پێی وتراوە: «ما ولد مولود أشر ولا أشأم من أبي حنيفة!»** ............................................. ٢٠١
**مەقالەی دواز دەهەم** ............................................. ٢٠٨
**لە نێوان زاهیدی کەوسەری وموقبیلی وادعی** ......................... ٢١٠
**مەقالەی سیاز دەهەم** ............................................. ٢١٧
**شێخ موقبیل بە تەنها نیە** ........................................... ٢١٩
**مەقالەی چوار دەهەم** ............................................. ٢٢٧
**مەقالەی پازدەهەم** ............................................... ٢٣١
**مەقالەی شازدەهەم** ............................................... ٢٤٠
**مەقالەی حەڤدەهەم** ............................................... ٢٤٣
**مەقالەی هەژدەهەم** ............................................... ٢٤٨
**پێڕستی بابەتەکان** ............................................... ٢٥٥
**چاوەڕێی ئەم بەرهەمانە بن إن شاء الله تعالى:** ........................ ٢٥٨

## چاوەڕێی ئەم بەرهەمانە بن إن شاء الله تعالى:

- «چرای ڕوناك له سیرەی پەیامبەری ڕاستگۆی دەستپاك». تەواو بوە، خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بكات..

- «تسهيل الرحبية». تەواو بوە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بكات.

- «جیاوازی نێوان موسڵمانان، هۆكار وچارەسەر». تەواو بوە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بكات.

- «تەبەڕوك كردن وجۆرەكانی». تەواو بوە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بكات.

- «پەروەردەكردنی منداڵان وبەرپرسیارێتی دایكان وباوكان». تەواو بوە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بكات.

- «جیهانی جنۆكەو شەیتانەكان». خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بكات.

- «ڕونكردنەوەی ناوە چاكەكانی خوای گەورە». تەواو بوە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بكات.

- «وەفا وئەمەكداری پەیامبەری خوا ﷺ». تەواو بوە خوای میهرەبان له چاپدانی ئاسان بكات.

- «چیرۆکی پەیامبەر یوسف ﷺ لە قورئان وفەرمودەدا». تەواو بوە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

- «ئایا پەیامبەری خوا ﷺ سیحری لیکراوە؟!» تەواو بوە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

- «هەڵسەنگاندنی وتەی فەلسەفەخوازێك لە تەرازوی عەقڵ ومەعریفە وواقعدا». «وەڵامی فاروق ڕوفیق». تەواو بوە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

- «دوعا وپاڕانەوە». تەواو بوە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

- «کارەکانی دڵ». خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

- «نەخۆشیەکانی دڵ». خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

- «ڕۆژهەڵاتناسی وڕۆژهەڵاتناسان». «نامیلکە» خوای میهرەبان تەواو بونی ئاسان بکات.

- «داوێن پیسی هۆکارەکانی، کاریگەریەکانی، چارەسەر». خوای میهرەبان تەواو بونی ئاسان بکات.

- «شرح الکبائر» للذهبي. خوای میهرەبان تەواو بونی ئاسان بکا.

- «ڕیبا چیە؟» خوای میهرەبان تەواو بونی ئاسان بکا.

- «أين نحن من أخلاق السلف؟» به كوردی. خوای میهرەبان تەواو بون ولە چاپدانی ئاسان بکات.

- «رياض الصالحين». به كوردی. خوای میهرەبان تەواو بون ولە چاپدانی ئاسان بکات.

- «حوکمی وێنەگرتن لە فیقهی ئیسلامیدا» تەواو بوە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

- «گۆشتی بەراز خۆشە یان وشتر؟!» «گفتوگۆیەك لەگەڵ مەلا بەختیارس» (نامیلکە) تەواو بوە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.

- «ئەمە ئیبن تەیمیەیە» «وەڵامی پلاتفۆرمی دابڕان» تەواو بوە خوای میهرەبان لە چاپدانی ئاسان بکات.